
# لاوان

45
یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
ڕەشەممەی ٢٧١١ی کوردی (١٣٩٠)
دەوری دووهەم، ساڵی یازدەیەم

- رزگاری گەلانی ئێران بایکۆتی ڕێژیمە بەگشتی...
- بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازاد لە دنیای دێمۆکراتیک دا
- هەڵبژاردن، دێمۆکراسی، ئازادی
- حیزبەکان و هەڵبژاردن لە ئێران دا
- ئاوڕێک لە خەباتی پارڵمانی و یاسایی لە کوردستان دا
- گەندەڵی پەتایەکی کوشندە
- زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی
- وتووێژ دەگەڵ ئەحمەد عەزیزی
- ئیبراهیم یوونسی،
ناسێنەری شوناس و مێژووی نەتەوەی کورد

فایلی ژمارە....

## "هەڵبژاردنەکان لە ئێران دا"



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان

میوانە بەڕێزەکان!
هاوڕێیانی شۆڕشگێر و نیشتمان پەروەر!
خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

بە بۆنەی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە ڕێبەری پێشەوا قازی محەمەد, لە لایەن یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان , پیرۆز بایی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان,زیندانیانی سیاسی و سەرجەم ژنانی تێکۆشەری گەلەکەمان و لاوانی بەهەستی گەلی کورد و ئێوە میوانە بەڕێزەکان دەکەین.

بەسەرنج دان بە مێژووی پڕ سەروەری گەلی کورد, دەبینین کە یەکێک لە مەزنترین دەسکەوتەکانی نەتەوەکەمان دامەزرانی کۆماری کوردستان بووە. کۆماری کوردستان ٦ مانگ دوای دامەزرانی حیزبێکی نەتەوەیی و شۆڕشگێر, واتە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ڕێبەری پێشەوای زانا, قازی محەمەد ی هەمیشە زیندوو لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ لە شاری مەهاباد لە دایک بوو. کۆماری کوردستان گرینگیەکی تایبەت بە خۆی هەبوو لەو کەش و هەوایەی ئەو سەردەمەدا. لە سەردەمێکدا کە ڕاگەیاندنی گشتی دەوری نەبوو و بۆ لێک نزیک بوونەوەی خەڵک لەدەوری یەک و کۆبوونەوەی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تاکە شتێک کە دەیتوانی هەموو لە شوێنێک دا کۆ بکاتەوە, دامەزرانی حکومەتێکی کوردی بوو.

هەر ئەوە بوو بە هۆی لێک نزیک بوونەوەی کوردەکانی باشووری کوردستان بە ڕێبەری بارزانی نەمر و هەڤاڵانی لە دەوری پێشەوا قازی محەمەد بۆ دامەزرانی کۆماری کوردستان.

ئەگەر چی تەمەنی کۆمار زۆر کەم بوو بەڵام لە عەینی حاڵ دا کۆمەڵێک دەسکەوتی بەنرخی لەو ماوەدا بەدەست هێنا کە ئەوە خۆی نیشاندەری گەورەی و بلیمەتی پێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی بوو.

لە سەردەمێک دا کە گرینگیەکی ئەوتۆ بە ژنان نەک هەر لە کوردستان بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان نەدەدرا و زۆربەیان نەخوێندەوار بوون, پێشەوا قازی محەمەد کەوتە بیری هەوڵێکی مرۆڤ دۆستانە و نیشتمان پەروەرانە کە بتوانێ ژن ولاوی کورد لەو قەیرانە ڕزگار بکات.دوو هەوڵی بەنرخ و مێژووی کە لە دەسکەوتە بەنرخەکانی کۆماری کوردستان هەژمار دەکرێن, دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بوو. دامەزرانی ئەم دوو ڕێکخراوە لەو سەردەمە دا توانی هەستی نەتەوایەتی و پێشکەوتن خوازی لاوان و ژنانی کورد ببزوێنێ و هانیان بدا کە لە مەیدان دا خۆیان نیشان بدەن و تواناکانیان بخەنە گەڕ. هەر ئەوە بوو کە ژنان و لاوانی کورد هاتنە مەیدان و سەلماندیان کە گەلی کورد بە هەموو چین و توێژەکانەوە سەرکەوتووە و دەریانخست کە کۆماری کوردستان تایبەت بە چینێک نیە و هەموو بەشدارن. بایەخ دان بە لاوان و ژنان لە لایەن کۆماری کوردستانەوە دەنگدانەویەکی بەسوودی بۆ گەلی کورد هەبوو و پێشکەوتنخوازی گەلی کوردی بۆ وڵاتانی دەور و بەر نیشان دەدا.ئێستا کە ٦٦ ساڵ تێپەڕ دەبێ بە سەر ئەو ڕۆژە مێژوویەدا, دەسکەوتەکانی کۆمار نەک هەر لە یاد نەکراون بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان گرینگیی تایبەت بەخۆی پێدراوە و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو پێشتر دەچێ.یەکیەتیی ژنان دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە حزوریان لە مەیدان دا ئەو ڕاستیەیان سەلماندوە.

لاوان و ژنانی ئازادیخواز !

بە نزیک بوونەوە لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ئێران و هەڵبژاردنی شۆڕای شارەکان, دەبێ بزانین کە ئەرکی ئێمە لەو پێوەندیەدا چیە. لەم هەل و مەرجە دا کە زۆر لە وڵاتانی دەرەوە تەحریمیان لە سەر حکومەتی ئێران داناوە و تەنانەت لە نێو بەشەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران, ناکۆکی و ناتەبایی پێوە دیارە و لە نێو خۆی ئێرانیش دا ئیسلاح تەڵەبەکان هیچ ئومێدێکیان بە چاک سازی و گۆرانکاری نەماوە.هەروەها زۆربەی حیزبە ڕۆژهەلاتیەکان ئەم هەڵبژاردنانەیان بایکۆت کردووە.

ئێمە وەک دوو ڕێکخراوی لاوان و ژنان پشتگیری خۆمان لە بایکۆتی هەڵبژاردنی شوراکان دەکەین و داواش لە خەڵکی دڵسۆزو نیشتمان پەروەر دەکەین کە بە بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنە هاودەنگی خۆیان بخەنە پاڵ هاودەنگیەکەی حیزبە ڕۆژهەلاتیەکان و بۆ جارێکی دیکە نارەزایەتی خۆتان لە بەرابەر دیکتاتۆریەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرببڕن.

پیرۆز بێت ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان.

سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان وپێشەوا قازی محەمەد و هاوڕێیانی.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاری خوازانەی گەلی کورد.

کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

٢ڕێبەندان١٣٩٠ بەرابەر بە ٢٢/ژانویە/٢٠١٢

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژمارە: ٤٥
ڕەشەمەی ٢٧١١ی کوردی (١٣٩٠)
مارسی ٢٠١٢ی زایینی

دەوری دووهەم، ساڵی یازدەیەم
یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکات

# پـێـرست


**ســەروتار**

**سیاسی:**
- ئاورێکی گشتیی بەسەر .... ٤
- هەڵبژاردن لە نیزامی ..... ٧
- ڕزگاری گەلانی ئێران ..... ٩
- بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازاد ..... ١١
- هەڵبژاردن دێموکراسی ئازادی ١٣
- میزەبکان و هەڵبژاردن..... ١٥
- هەڵبژاردن لە ئێران‌داو ..... ١٧
- هەڵوەستەیەک سەبارەت..... ١٩
- شانۆی بەناو هەڵبژاردن ..... ٢١
- هەڵبژاردنی مەجلیس..... ٢٣
- ئۆپۆزیسیۆن و ..... ٢٥
- هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە نێوان ..... ٢٦
- هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی ..... ٢٨
- ئاورێک لە خەباتی ..... ٣٠
- وتووێژێکی تایبەت ..... ٣٢
- خەباتی پارلەمانتاری ..... ٣٧
- دەسەڵاتی ئەمرۆی ئێران لەنێو ..... ٣٩
- ئاستی وشیاری نەتەوەیی لە نێو لاوانی..... ٤١
- کۆماری کوردستان.... ٤٤
- لاوازبوونی چینی مام ناوەند..... ٥٠

**کۆمەڵایەتی:**
- شوێن و پێگەی نەریت..... ٥٤
- ٨ی مارس..... ٥٦
- فێمێنیزم..... ٥٨

- گەندەڵی..... ٦٠
- کۆمەڵگای مەدەنی ٦٣
- شارستانی دێهلوران ٦٥

**لە سەنگەری خەباتدا:**
- ژیان و خەباتی ڕەسوڵ لیلانەیی ٦٨
- ژیان‌نامەی شەهید ..... ٧٠

**فەرهەنگی:**
- ئیبراهیم یوونسی..... ٧١
- زمانی زگماکی..... ٧٤
- کێشەی دارشتنی زاراوە..... ٧٦
- کورتە باسێک لەسەر حافز ٧٧
- کورتە چیرۆکێک..... ٧٩
- مەرگ ... سمکۆ ئاگوشی ٨١
- دۆزینەوەی «مێگافایرۆس»..... ٨٢
- هەشت ڕێگای بەهێزکردنی زەین ٨٣

**- کارو چالاکی** ٨٤



**خاوەن ئیمتیاز:**
**یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**سەرنووسەر:**
سەید جەلال ساڵحی
*Email*
*jalalsalehi@yahoo.com*

**دەستەی نووسەران:**
عەبدوڵڵا عەبدوڵڵاپوور
هەژیر عەبدوڵاپوور
سیروان مووساپوور
وریا ساڵح زادە
تەها ڕەحیمی

**بەرگ:**
ئەیوب شەهابی راد
**دیزاینی ناوەوە:**
ئاوارە محەمەد پەنا
**تایپ:**
سیامەندشێخەپوور

**بۆ پەیوەندیی زیاتر بە لاوانەوە:**
Email
mansur_samar@yahoo.com
+964 (0)7701956921

**بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکەن:** www.lawan.com/farsi – www.lawan.com





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان

سەروتار

هەروەک ئاگادارین زیاتر لە دوو ساڵە شەپۆلێکی نارەزایەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی گرتۆتەوەو گەلێک ئاڵوگۆڕی بەدوای خۆیدا هێناوە کە لەڕاستیدا بەشێکی ئەو قورساییە لەسەر شانی لاوانو گەنجان بووە، واتە ئەوە گەنجانو لاوانن لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا کە هێزی خوازیاری دیمۆکراسیینو سەقامگیرکردنی دیمۆکراسییان کردۆتە ئامانجو دەنگدانی ئازادو ویستو داخوازی گەلیان کردە پێوانەی کارو چالاکی خۆیان، کە لەو نێوەدا گەنجانو لاوانی کوردیش بێ‌پشک نەبوون.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی لاوان ئەوەیە کە سەرەڕای فەزای قەیرانو ناسەقامگیری سیاسی، هەنووکە هیواداروخۆڕاگرن. هیوا بە ئاڵوگۆڕ، هیواداربوون بە چارەنووسێکی ڕوون، هەوڵدان بە ئاقاری نۆژەنکردنەوەو بنیاتنانەوەی فەرهەنگیو باشترکردنی سیستەمی ئەخلاقیو ڕەفتاری، ڕووناکبینیو باوەڕ بەخۆبوون لە نیشانە درەوشاوەکانی ڕووحیو دەروونی ئەم توێژەی کۆمەڵگایە کە باوەڕ بە دواڕۆژێکی ڕووناکو ئیمان بە چالاکی بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیرانەو بیرمەندانە لەنێو کۆمەڵگای گەنجی وڵات دایە. نامرادییەکانی ڕابردوو و هیوا سووتاو و لەنێوچووەکانی باوباپیران، گرینگترین پاڵنەرو بیانووی بۆ ئەم وەچەیەی پێکهێناوە کە بە ئەندیشەو ئیرادەیەکی نوێو جوامێری خۆیان، داهاتوونواڕیو هیواداریەکی پتەوەوە پەروەردەو ڕێکوپێک کەنو ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕابردووش ببەستن.

هەروەها یەکێکیتر لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگا، ڕەخنەو نارەزایەتییە کە بە نیسبەت زۆرێک لە پێکهاتەکانو سروشتی سیاسی‌ـفەرهەنگی کۆمەڵگاکەی خۆیان دەردەبڕن. ئەم نارەزایەتیو ڕەخنانە ڕیشەیان لە ناهومێدیو دڵساردیو ڕابردووی واتا بنەڕەتییەکانی ژیانی دوێنێو ئەمڕۆی کۆمەڵگا دایە کە دەگەڵ خوو و ڕەوشتو خۆدناسی گەنجانو لاوانی ئەمڕۆ لە ناکۆکی دایە. پانتایی گشتگیری ئەم ڕەخنەو نارەزایەتییە زۆرێک لە ناوەندە گرینگەکان، بایەخو بەریانە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێ. بە شێوەیەکی گشتی لاوانو گەنجان ئەوە فێربوون کە وەک نەسڵەکانی ڕابردوو، بیرتەسکانە بۆ جیهانی دەروونو دەوروبەری خۆیان نەڕوانن، بەڵکوو لە ڕێگای فێربوونو زانیارییەوە ئەو ڕاستییانە قەبووڵ دەکەن کە دەبێ دەگەڵ دیاردە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتیو تەنانەت ئایینییەکانیش، ئاوەزکارانەو پرسیارخولقێنانە بەرەوڕوو ببنەوە. بە نیسبەت ئەخلاقی کۆمەڵایەتی، پێکهاتەی ڕێبەریو بەها کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی سۆزو بەزەییو میراتی بچنەدەرو بچنە نێو قووڵاییو مانای ئەم چەمکانەو بەگومانو ئاوەزەوە لێی وردبنەوە.

لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا لاوانی کوردیش وەک هەمیشە چالاکو هەڵسووڕو ئەکتیڤ هاتوونە مەیدانو نیشانیان داوە کە هەردەم حازرو ئامادەی هەموو ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییەکن.

ساڵێک لەمەوبەر واتە لە ڕێکەوتی ١٦و١٧ی مارسی ٢٠١١ی زایینیدا یەکەم کۆنفڕانسی نەتەوەیی لاوانی کورد لە ئامەدی باکووری کوردستان گیرا کە بەداخەوە لاوانی ڕۆژهەڵات بەهۆی هێندێک کێشەی وەک نەبوونی پاسپۆرتو... نەیانتوانی بەشدار بن، بەڵام بڕیاریاندا دووهەمین کۆنفڕانس لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بگرن. هەر بۆیە لە ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی دووهەمین کۆنفڕانس لە ژێر ناوی دروشمی "لە پێناو یەک گوتاریی نەتەوەیی لاوانی کورد"، بە ئامادەبوونی مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانو بە بەشداری لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستانو لاوانی کوردی قەزاقستانو نوێنەرانی لاوانی دەرەوەو زۆر کەسایەتی دیکەی کورد بەڕێوەچوو و سێ ڕۆژی خایاند. ئەم کۆنفڕانسە لە کاتێکدا بەسترا کە هەر لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان کۆنفڕانسێک لە ژێر ناوی "بە جیهان ناساندنی ژینۆسایدی گەلی کوردستان" لە ڕێکەوتی ٢٠١٢،٣،١٧ی زایینی لە ٢٤ ساڵەی یادی کیمیابارانی هەڵەبجە بەڕێوەچوو، کیمیابارانێک کە سەدام حوسێنی دیکتاتۆر بە دژی گەلی کورد لە هەڵەبجە کردی، ژینۆسایدی نەتەوەیی بوو واتە، بە دژی نەتەوەیەک بە ناوی نەتەوەی کورد بوو نەک شارێکو پارچەیەکی کوردستان. هەر لەو ڕاستایەدا وەفدی ناتۆ داوای لێبووردنی لە گەلی کورد بە بۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجە کە کاتی خۆی ناتۆ لێی بێ‌دەنگ بوونو هیچ هەڵوێستێکیان نەگرت، کرد.

پاش سێ ڕۆژ باسو ڕاوێژو دیراسەکردنی پرسە نەتەوەییەکانو کێشەکانی تایبەت بە لاوانو یەکخستنی یەکهەڵوێستیو یەکگوتاری نەتەوەیی لاوانی کورد، بەسوود وەرگرتن لەو گۆڕانکاریانەی کە ئێستا لە ناوچەکە لە ئارادان، لە ئاکامدا کۆنفڕانس بڕیارنامەیەکی لە ٢١ خاڵدا پەسەند کرد کە لەم ژمارەیەی "لاوان"دا دەقی ئەو بڕیارنامەیە بڵاو دەکەینەوە.

سەرنووسەر





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## فایلی ژمارە

# هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسی

# ئـاوڕێـکـی گـشـتـیـی بـەسـەر هـەڵـبـژاردنـەکـان لـە ئـێـرانـدا

ئا: مەنسوور سەممار

**کورتەمێژووی هەڵبژاردنەکان:**

بەرلەهاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی تا ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی سەرجەم ٣١ کەرەت خەڵک لە ئێراندا چوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان‌و دەنگیان داوەو هەڵبژاردن بەڕێوەچووە. پێشینەی هەڵبژاردن لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ ٩٩ ساڵ لەمەوبەر. لەوکاتەوە تاکوو ئێستا بە گشتی شایەتی دوو خولی جیاوازی هەڵبژاردن بووین کە دەتوانین دابەشی بکەینە سەر هەڵبژاردنەکانی بەرلە شۆڕش‌و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران.

یەکەم فۆرمی هەڵبژاردن‌و دروست بوونی پارلمان(مجلس) لە ئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی دوای مەشرووتیەت. فەرمانی مەشرووتیەت لە ڕێکەوتی ١٤ی ڕەزبەری ١٣٢٤ی کۆچی‌مانگی لەلایەن موزەفەرەددین‌شای قاجارەوە دەرچوو و یەکەم پارلمانی کاتی کە بە پێی ئەم فەرمانە دەبوو ئایین‌نامەی هەڵبژاردنەکان دەربکا، لە ڕێکەوتی ٢٦ی گەلاوێژی ١٢٨٥ی هەتاوی لە کۆشکی سەڵتەنەتی پێکهات. یەکەم یاسای هەڵبژاردن لە ١٨ی خەرمانانی ١٢٨٥ی هەتاوی لە لایەن "میرزا حسن‌خان منیرالملک، مرتضی قلیجان، صنیع‌الدوله، مخبرالسلطنه، موتمن‌الملک‌و محتشم‌السلطنه"وە داڕێژراو دەس‌بەجێ دوای بەفەرمی ناسینی تەواوکەری یاسایی بنەڕەتی، لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراو یەکەم خولی مەجلیسی شوورای میللی لە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەزی ١٢٨٥ی هەتاوی کرایەوەو دەست بەکاربوو. بەپێی ئەم ئایین‌نامەیە مەودای نوێنەرایەتی دوو ساڵ‌و ژمارەی نوێنەرەکان ١٥٦ کەس بوون کە ٦٠ کەس لە تاران‌و ٩٦ کەسیش لە شارەکانی دیکە هەڵدەبژێردران. دیارە لە خولی یەکەمدا هەڵبژاردن سینفی بوو و هەموو چینەکانی کۆمەڵگای تێدا بەشدارنەبوون. مەرجەکانی کاندیداکان‌و دەنگدەران لە یەکەم ئایین‌نامەی هەڵبژاردنەکاندا بە شێوەی خوارەبوو:

ـــ ژنان حەقی بەشداری کردن‌و دەنگدانیان نەبوو.

ـــ تەمەنی دەنگدەران لە ٢٥ ساڵ کەمتر نەبوو.

ـ جووتیارو خاوەن مولکەکان دەبوو خاوەن ملکێک بن کە بایی هەزار تمەن بێ، دەنا نەیان‌دەتوانی خۆ بپاڵێون.

دووهەم یاسایی هەڵبژاردن ناسراو بە هەڵبژاردنی دوو پلەیی لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ١٢٨٨ی هەتاوی داڕێژرا. لەو یاسایەدا، هەڵبژاردنەکان لە سینفی‌یەوە بۆ دوو پلەیی، ئیسلاح کراو بواری زیاتری بۆ بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا ڕەخساند. چونکە لەم یاسایەدا قەیدو بەندی تایبەتی هەڵبژێرەرە بە چینێکی دیاری‌کراو لەنێوچوو و هەموو چینەکان جیا لە ئافرەتان، مافی بەشداری‌کردنیان هەبوو و هەروەها تەمەنی دەنگدەران لە ٢٥ ساڵەوە بۆ ٢٠ ساڵ دابەزی.

**پەسەندکرانی سێهەم یاسای هەڵبژاردنەکان‌و دووهەم مەجلیس:**

سێیەم یاسایی هەڵبژاردنەکان لە ١٢٩٠/٧/٢٩ی هەتاوی بە پەسندی مەجلیسی دووهەم گەیشت، مەجلیسی دووهەم دوای سێ ساڵ فیترەت بەپێی ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی ١٢٩٣/٩/١٤ی هەتاوی پێکهات. دیارە ئەم مەجلیسە بەهۆی دەست پێ‌کردنی شەڕی یەکەمی جیهانی زیاتر لە ساڵێکی نەخایاندو لە ڕێکەوتی ١٢٩٤،٨،٢٢دا بەسترا.

**پێکهاتنی مەجلیسی سەنا:**

بە شێوەیەکی گشتی بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی‌دا، لە ماوەی ٢٤ خولی یاسادانان‌دا، شایەتی پەسندکراوەکان، ڕووداو و بەسەرهاتگەلێکی زۆر بووین.

بەپێی قانوونی ژمارە ٤٣ی یاسای بنەڕەتی پەسەندکراوی ١٢٨٥ی هەتاوی هاتبوو کە مەجلیسێکی دیکە بە ناوی مەجلیسی سنا وەک تەواوکەری مەجلیسی شوورای میللی پێک بێ. بەڵام ئەو مەجلیسە لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی بە ئەندامەتی ٦٠ کەس پێکهات. لەم ژمارەیە ٣٠ کەسیان ڕاستەوخۆ لە لایەن شاوەو ٣٠ کەسەکەی دیکەش لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردران. ماوەی نوێنەرایەتی ئەم مەجلیسە تاکوو ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، ٦ ساڵ بوو. دیارە بە پێی پێداچوونەوەیەک کە لە ماددەی ٢٩ی یاسای هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی سەنا لە ڕێکەوتی ١٣٤٥،٣،٢٣ی هەتاوی کرا، ماوەی نوێنەرایەتی لە ٦ ساڵەوە دابەزی بۆ ٤ ساڵ کە خولی چوارەمی مەجلیسی سەنای گرتەوە. بە پێی ئەم پێداچوونەوەیە بڕیار درا هەڵبژاردنی هەردووک مەجلیسی میللی‌و سەنا هاوکات و پێکەوە لە ڕۆژێکدا بەڕێوە بچن. یاسای مەجلیسی سەنا بریتی‌یە لە ٣٩ ماددە کە لە ساڵی ١٣٢٨ی هەتاوی‌دا بە پەسندی مەجلیسی شوورای میللی گەیشت‌و بەپێی برگەی ١ی ماددەی ٦ و هەروەها برگەی ٢ی ماددەی ٩ی ئەم یاسایە، دەبێ تەمەنی هەڵبژێرەران‌و هەڵبژارتووان بەڕیز لانی‌کەم ٢٥ ساڵ‌و ٤٠ ساڵی تەواو بێ‌و بەپێی ماددەی ١٠یش هەموو کەس دەتوانن بۆ سەنا هەڵبژێردرێن.

**پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(یەکەم هەڵبژاردنەکان):**

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران چەندین کەرەت ڕاپرسی گشتی‌و سەرانسەری بەڕێوەچووە کە یەکەمینیان ڕاپرسی گشتی بۆ گۆڕینی نیزامی شاهەنشاهی بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە ڕێکەوتی ١٠ و ١١ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ی هەتاوی کرا.

**هەڵبژاردنە گشتی‌و سەرانسەریەکان:**

هەڵبژاردنەکانی کە بە شێوەی سەرانسەری‌و گشتی لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە بەڕێوە دەچێ، بریتین لە:

ئەلف: مەجلیسی خیبرەگان: هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خیبرەگان هەر ٨ ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێ. مەجلیسی خیبرەگانیش لە ماددەی ١ و ٢ی ئایین‌نامەی نێوخۆیی ئەم بنیاتەدا، ژمارەی خیبرەگانی ٨٦ کەس ڕاگەیاندوە. سەرۆکایەتی ئەم مەجلیسە لە کاتی دامەزرانی لە ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی‌دا لەسەر شانی "علی مشکینی" بووە، پاش مەرگی ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی‌دا دراوە بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

"عليئاكبر هاشمی رفسنجانی"و له ساڵی ١٣٨٩ی‌هەتاویدا "محمدرضا مهدوی کنی" بووە جێنشینی. دیاریکردنی "حسینعلی منتظری" وەک جێنشینی پۆستی ڕێبەری لە ساڵی ١٣٦٤ی‌هەتاویداو هەڵبژاردنی "سیدعلی خامنەای" وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٣٦٨ی‌هەتاویدا لە بڕیارەکانی ئەم مەجلیسە لە ماوەی دەسەڵاتیدا بووە.

ب: سەرۆک کۆماری:

بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێداچوونەوەی ساڵی ١٣٦٨ی‌هەتاوی، سەرۆک کۆمار پاش ڕێبەر دووهەم پۆستی سیاسیی بەرزی وڵاتەو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن(قوە مجریە)ی لەسەر شانە. هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری هەر ٤ ساڵ جارێک بەڕێوەدەچێ.

**یەکەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:**

ڕێکەوتی ٥ی‌ڕێبەندانی ١٣٥٨ی‌هەتاوی پاش ساڵێک بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەڕێوەچوو. ئەو هەڵبژاردنە لە کاتێکدا بەڕێوەچوو کە دەوڵەتی کاتی موهەندیس محەممەد بازرگان لەسەر کار نەمابوو و بەڕێوەبەری نیزام بە قەولی خرابووە سەرشانی شووڕای شۆڕش، "ابوالحسن بنی‌صدر"(لەدایکبووی ٢ی‌خاکەلێوەی ١٣١٢، هەمەدان) وەک یەکەم سەرۆک کۆماری مێژووی ئێران بە ١١ ملوێن دەنگەوە هەڵبژێردرا. بەنی‌سەدر بە فەرمی لە ١٥ی‌ڕێبەندانی ١٣٥٨وە دەستی بەکار کرد، بەڵام تەنیا ١٧ مانگ ئەم پۆستەی بەڕێوەبرد واتە، تا ڕێکەوتی ٣١ی‌جۆزەردانی ١٣٦٠ی‌هەتاوی، لەلایەن خومەینی‌یەوە لەسەر کار لابراو دواتر محەممەدعەلی ڕەجایی(سەرۆک وەزیرانی کاتی بەنی‌سەدر)بووەسەرۆککۆماری‌ئێران.

**دووهەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:**

پاش لابردنی بەنی‌سەدر، لە ٢ی‌گەلاوێژی ١٣٦٠ی‌هەتاوی، "محمدعلی رجایی"(لەدایکبووی ٢٥ی‌جۆزەردانی ١٣١٢ی‌هەتاوی، قەزوین) بە هێنانەوەی ١٣ ملوێن دەنگ، بوو بە دووهەم سەرۆک کۆماری ئێران، بەڵام پاش ماوەیەکی کەم واتە لە ٨ی‌خەرمانانی ١٣٦٠دا یانی نزیک بە مانگێک سەرۆک کۆماریدا، دەگەڵ "محمدجواد باهنر"(سەرۆک وەزیران) لە تەقینەوەیەکدا کوژرا.

**سێهەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:**

پاش کوژرانی ڕەجایی، "سیدعلی خامنەای"(لەدایک بووی ٢٤ی‌پووشپەڕی ١٣١٨، مەشهەد) لە هەڵبژاردنێک کە لە ١٠ی‌ڕەزبەری ١٣٦٠ی‌هەتاویدا بەڕێوەچوو، توانی بە هێنانەوەی ١٦ ملوێن دەنگ ببێتە سەرۆک کۆمار واتە لە ١٧ی‌ڕەزبەری ١٣٦٠ی‌هەتاوی دەستبەکار بوو تاکوو ١٣ی‌خەرمانانی ١٣٦٤ی‌هەتاوی.

بۆ جاری دووهەم(چوارەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری) کە لە ٢٥ی‌گەلاوێژی ١٣٦٤ی‌هەتاویدا بەڕێوەچوو، بە وەدەستهێنانی زیاتر لە ١٢ ملوێن دەنگ بووە سەرۆک کۆمار تاکوو مردنی خومەینی(١٣٦٨)، واتە بۆ دوو دەورە سەرۆک کۆماری ئێران بووەو لە ساڵی ١٣٦٨ی‌هەتاویشەوە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانە(میرحوسەینی مووسەوی سەرۆک وەزیرانی بوو). لە حاڵێکدا کە خامنەیی سەرۆک کۆمار دەبوو تاکوو ١٧ی‌ڕەزبەری هەر ئەو ساڵە لە پۆستی سەرۆک کۆماریدا مابا‌وە، بەڵام بەهۆی مردنی خومەینی‌یەوە لە ڕێکەوتی ١٤ی‌پووشپەڕی ١٣٦٨داو هەڵبژاردنی بە ڕێبەری ئێران، هەڵبژاردن لە ڕۆژی هەینی ٦ی‌گەلاوێژدا بەڕێوەچوو واتە، ئەم خولە مانگو نیوێک پێشتر لە کاتی دیاریکراوی خۆی ئەنجام درا کە لە ئاکامدا ڕەفسەنجانی بووە سەرۆک کۆمار.

**پێنجەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:**

پاش نەمانی خومەینیو هەڵبژێرانی خامنەیی بە ڕێبەر، لە ڕێکەوتی ٦ی‌گەلاوێژی ١٣٦٨ی‌هەتاویدا پێنجەمین خولی هەڵبژاردن بۆ سەرۆک کۆماری بەڕێوەچوو کە لە ئاکامدا "اکبر هاشمی بهرمانی" ناسراو بە "علی‌اکبر هاشمی رفسنجانی"(لەدایکبووی ٣ی‌خەرمانانی ١٣١٣ی‌هەتاوی، بەهرەمان، ڕەفسەنجان) بە هێنانەوەی ١٥،٥ ملوێن دەنگ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران.

بۆ جاری دووهەم(شەشەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری) کە لە ٢١ی‌جۆزەردانی ١٣٧٢ی‌هەتاویدا بەڕێوەچوو، بە وەدەستهێنانی ١٠/٥ ملوێن دەنگ بووە سەرۆک کۆمار تاکوو ساڵی ١٣٧٦ی‌هەتاوی.

**حەوتەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:**

حەوتەمین هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، لە ٢ی‌جۆزەردانی ١٣٧٦ی‌هەتاویدا بەڕێوەچوو، کە لە ئاکامدا "سیدمحمد خاتمی"(لەدایکبووی ٢١ی‌ڕەزبەری ١٣٢٢ی‌هەتاوی، ئەردەکان) بە هێنانەوەی زیاتر لە ٢٠ ملوێن دەنگ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێرانو بە فەرمی لە ١٢ی‌گەلاوێژدا حوکمی سەرکۆمارییەکەی لە لایەن ڕێبەرەوە واژۆ کراو دەست بەکار بوو.

بۆ جاری دووهەم(هەشتەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری) کە لە ڕێکەوتی ١٨ی‌جۆزەردانی ١٣٨٠ بەڕێوەچوو، بە هێنانەوەی زیاتر لە ٢١ ملوێن دەنگ بووە سەرۆک کۆمارو بە فەرمی لە ١١ی‌گەلاوێژدا حوکمی سەرکۆمارییەکەی لە لایەن ڕێبەرەوە واژۆ کراو دەست بەکار بوو تاکوو ساڵی ١٣٨٤ی‌هەتاوی.

نۆهەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری:

نۆهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، لە دوو دەورە واتە لە ڕێکەوتی ٢٧ی‌جۆزەردانو ٣ی‌پووشپەڕی ١٣٨٤دا بەڕێوەچوو، کە لە ئاکامدا "محمود احمدی نژاد"(لەدایکبووی ١٣٣٥ی‌هەتاوی، گوندی ئارادان) بە هێنانەوەی ١٧ ملوێن دەنگ بوو بە سەرۆک کۆماری ئێران. بۆ جاری دووهەم(دەیەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری) کە لە ڕێکەوتی ٢٢ی‌جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ی‌هەتاویدا بەڕێوەچوو، بووە سەرۆک کۆمار کە هەڵایەکی زۆری لێ‌ساز بوو- تا ساڵی ١٣٩٢ی‌هەتاوی هەڵبژاردن‌دەکرێتەوە،سەرۆک‌کۆمارە.

ج: مەجلیسی شووڕای ئیسلامی(پارلمان):

هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی(پارلمان) هەر ٤ ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ(ئەسڵی ٦٣ی قانوونی بنەڕەتی). لە هەڵبژاردنەکانی یەکەم خولی هەڵبژاردنی پارلەمانی لە ئێراندا کە ئەو کات پارلەمانی نەتەوەیی ناو بوو، جیا لە حیزبی کۆماری





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیسلامی، جووڵانەوەی ئازادی ئێران و جووڵانەوەی موسوڵمانانی شۆڕشگێڕیش بەشداریی‌یان لە پەرلەماندا کرد. لەم ڕووەوە یەکەم خولی پەرلەمان جۆراوجۆری فکری‌سیاسی تێدا بوو، بەڵام لەوکاتەوە تا ئێستا شتی لەو جۆرە ڕووی نەداوە کە نوێنەرانی چەند حیزب بەیەکەوە پارلەمان بەڕێوەبەرن. ژمارەی نوێنەرانی پارلمان ٢٧٠ کەسە(بەشێک لە ئەسڵی ٦٤ی قانوونی بنەڕەتی)و بەبوونی دوو لە سێی کۆی نوێنەران(١٨٠ نوێنەر) ڕەسمییەتی هەیە(بەشێک لە ئەسڵی ٦٥ی قانوونی بنەڕەتی). ئەمەش کورتەیەک لە ڕێکەوت و سەرۆک پارلمانەکانی ئێران.

**پارلەمانی(مجلس شورای اسلامی) یەکەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٢٠٨٥٧٣٩١ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ١٠٨٧٥٩٦٩کەس
نێونجی بەشداربووان: ٥٢/١٤٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: هاشمی ڕەفسەنجانی

**پارلەمانی دووهەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٦٣ی هەتاوی،
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٢٤١٤٣٤٩٨ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ١٥٦٠٧٣٠٦کەس
نێونجی بەشداربووان: ٦٤/٦٤٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٦٣ی هەتاوی،
سەرۆکی پارلەمان: هاشمی ڕەفسەنجانی

**پارلەمانی سێهەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ١٩ی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٢٧٩٨٦٧٣٦ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ١٦٧١٤٢٨١کەس
نێونجی بەشداربووان: ٥٩/٧٢٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٦٧ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: مەهدی کەڕرووبی

**پارلەمانی چوارەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧١ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٣٢٤٦٥٥٥٨ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ١٨٩٦٧٠٤٣کەس
نێونجی بەشداربووان: ٥٧/٨١٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٧١ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: عەلی ئەکبەری ناتقی‌نووری

**پارلەمانی پێنجەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ١٨ی ڕەشەمەی ١٣٧٤ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٣٤٧١٦٠٠٠ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ٢٤٦٨٢٣٨٦کەس
نێونجی بەشداربووان: ٧١/٠٩٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ١٢ی جۆزەردانی ١٣٧٥ی هەتاوی
سەرۆکی پارلەمان: عەلی ئەکبەری ناتقی‌نووری

**پارلەمانی شەشەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٧٨ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٣٨٧٢٦٤٣١ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ٢٦٠٨٢١٥٧ کەس
نێونجی بەشدار بووان: ٦٧/٣٥٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٧٩ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: مەهدی کەڕرووبی

**پارلەمانی حەوتەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ١ی ڕەشەمەی ١٣٨٢ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٤٦٣٥١٠٣٢ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ٢٣٧٣٤٦٧٧کەس
نێونجی بەشداربووان: ٥١/٢١٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: دکتور غولامعەلی حەدادی‌عادڵ

**پارلەمانی هەشتەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی.
تەمەنی قانوونی بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا: ٤٣٨٢٤٢٥٤ کەس
بەشداربووانی هەڵبژاردن: ٢٢٨٣٢٠٠٠کەس
نێونجی بەشداربووان: ٥٥/٤٠٪
ڕێکەوتی دەست‌بەکاربوونی پارلەمان: ٧ی جۆزەردانی ١٣٨٣ی هەتاوی.
سەرۆکی پارلەمان: عەلی لاریجانی

**پارلەمانی نۆیەم:**
ڕێکەوتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان: ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی.
قەرارە ڕۆژی هەینی ١٥ی بانەمەڕی ١٣٩١ی هەتاوی دەوری دووهەمی مەجلیسی نۆیەم بەڕێوە بچێتەوە بۆ باقی نوێنەرەکانی‌تر.

د: شووراکانی شارو گوندەکان:
ئەنجومەنی شارو دێهاتەکان هەر ٤ ساڵ جارێک بەڕێوە دەچێ. لە سەرەتای ڕەزبەری ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا دەگەڵ هەڵبژاردنی "سیدمرتضی مبلغ" وەک سەرۆکی بەڕێوەبەری ستادی شووراکانی(ئەنجومەنی) ئیسلامی شارو گوندەکان لە لایەن "سیدعبدالواحد موسوی لاری" وەزیری کیشوەر، بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی شارو دێهاتەکان ڕەسمییەتی پەیدا کرد. بەدوای پێکهاتنی دەوڵەتی خاتەمی لە ساڵی ١٣٧٦دا، لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٧٧ی هەتاویدا یەکەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارو گوندەکان بەڕێوەچوو کە لەئاکامدا ٢٠٠ هەزار کەس لە سەرانسەری ئێراندا هەڵبژێردران و لە ٩ی بانەمەڕی ١٣٧٨دا دەست بەکار بوون.

سەرچاوە: ئینتێرنێت






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژاردن

## لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا



ئا: عومەر باڵەکی

هەڵبژاردن گرینگترین پایەو ئەساسی دیموکراسییە، واتە بۆ ئەوە دیموکراسی بە مانای راستەقینەی خوی بکەویتە خانەی کـرداروو پراکتیکەوە، دەبێ لە ریگای هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی ئازادەوە دەستەبەر بکرێ. بەو مانایە کە خەڵک لە هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتندا سەربەست و ئـازاد بن. چونکە لە رێگای هەڵبژاردنەوەیە خەڵک دەتوانێ ئیرادەی خۆی لە پێکهێنانی داموو دەزگـای سیاسی و ئیدارەکردنی وڵاتدا ببینێتەوە. هەڵبژاردن خۆی خولقێنەری دوو دەرفەتە، هەم بۆ تاک تاکی کۆمەڵگا کە یاسا رێی پێداون لە هەڵبژاردندا بەشدار بن یا ئەگەر ئەحزاب لە مەیدانی کێبەرکێ دا بن، دەرفەتە کە نوێنەری دڵ خوازی خۆیان رەوانەی لوتکەی دەسەڵات بکەن و هەم بۆ ئەوانە دەرفەتە کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەوە بتوانن لە ململانێی سالم دا بە بەرنامە و پلانی جۆراوجۆر دەنگی خەڵک وەدەست بێنن و رێیان بۆ بکرێتەوەو بگەنە لوتکەی بەرێوەبەری ئورگانەکانی دەسەڵات و قانوون دانان.

ئەو پێشەکیە کورتە بۆ ئەوە بوو کە هەڵسەنگاندنێک بکەین لەسەر سیستمی هەڵبژاردن لە ئێراندا، بە تایبەتی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی کە بـە روالـەت قانوون دانەری نیزامی کوماری ئیسلامین و لە رێگای خەڵکەوە هەڵ دەبژێردرێن. لەو هەڵسەنگاندنەدا هـەوڵ دەدەین زۆر بە کورتی ئاماژە بە چەند خاڵێکی ئەساسی و جەوهـەری نێو بەندو برگەکانی یاسـای بنەرەتی ئیران و یاسای هەڵبژاردن بکەین. لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بە روالـەت لە پرۆسەی هەڵبژاردن بۆ دیاری کردنی کەس یا کەسانێک بۆ پۆستە گرینگەکانی سەرکۆماری و نوێنەرایەتی مەجلیس کەڵک وەردەگرێ، بۆیە هەم سندووقی دەنگ هەیە و هەم دەنگدەر هەیە، بەڵام بە پێچەوانەی هەڵبژاردن ئەوانەی سەر لە سندووقی دەنگ دان دێنە دەرێ، ئەوانە نین کە خەڵک دەنگی پێ داون و پێویستە نوێنەری خەڵک بن. بۆ ئەوە باشتر سیستمی هەڵبژاردن بە تایبەت سیستمی دیـاری کردنی نوێنەر بۆ

**هەڵبژاردن خـۆی خولقێنەری دوو دەرفەتە، هەم بۆ تاک تاکی کۆمەڵگا کە یاسا رێی پێداون لە هەڵبژاردندا بەشدار بن یا ئەگەر ئەحزاب لە مەیدانی کێبەرکێ دا بن، دەرفەتە کە نوێنـەری دڵ خـوازی خۆیان رەوانــەی لوتکەی دەسـەڵات بکەن و هەم بۆ ئەوانە دەرفەتە کە خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەوە بتوانن لە ململانێی سالم دا بە بەرنامە و پلانی جۆراوجۆر دەنگی خەڵک وەدەست بێنن و رێیان بۆ بکرێتەوەو بگەنە لوتکەی بەرێـوەبـەری ئورگانەکانی دەسـەڵات و قـانوون دانـان.**

مەجلیسی شوورای ئیسلامی تاوتوێ بکەین و پێویستە باسێکی کورت لەسەر چاوەدێری پەسندکردن(نظارت استـصوابی) لـە وشـەدا بـە مانای "بـەدروست و شیاوزانین" پێک دێ. چاوەدێر بێجگە لە وەرگرتنی زانیاری، بە دروسـت و شیاویش بزانێ، بەو مانایە کە حوکم و بریار دەربکاو حوکمی ئەو، خەڵک پێرەوی لێ بکەن و، لەهەمان کات دا ئەو حوکمە رەوان بێ و کرداری یاسایی بێ ئیزنی ئەو ئێحتوباری نەبێ. مەبەست لەو برگەیە کە پێناسەی "نظارت استصوابی" دەکا، دەڵـێ: ئـەو کەسەیە کە ئێحتوباری چاوەدێری هەیە، بێجگە لە وەرگرتنی زانیاری لەسەر کەس یا کەسەکان، ئەوان بەشیاو بزانێ بۆ ئەو پۆستەو کاتێک بـە شیـاوی زانـین یـا رەدی سەلاحییەتی کردنەوە، حوکم و بریار دەردەکـا و لەسەر خەڵک واجبە کە بە قسەی بکەن و تەنانەت لە کۆتایی پێناسـەکەدا دەگـوترێ کە کـرداری یاسایی بێ ئیزنی ئـەو ئێحتوباری نیە. بەو پێیە هەڵبژاردن لە سیستمی کـۆماری ئیسلامیدا ناچێتە خانەی هەڵبژاردنێکی ئـازادو دیمۆکراتیک کـە خـەڵـک و نـوێـنـەر سەربەست بن لـە دەنـگ دان و خۆپاڵاوتندا. چاوەدێری پەسندکردن کە لە لایەن شـوورای نیگابانەوە بەرێوە دەچێ خـۆی پێشێل کـردنـی مـافی دەنگ دانە و دەتوانین ئاوای پۆلێن بکەین.

١: ئـەو جـۆرە چـاوەدێـریـە، دەست تێوەردانە لە دەنگی خەڵک.

٢: پـێـشـێـل کـردنـی ئـیـرادەو دەسـەڵاتـی خـەڵـکە.

٣: سەرپەرستی کردنی زۆرینەی خەڵکە لە لایـەن چەندین کەسێکی تـایـبـەت(شـوورای نـیـگـابـان).

٤: بێحورمەتی کردنە بەخەڵک، خـۆ خـەڵـک سـەغیر یـان هەتیوو سەخمی نین کە خـۆیان نەتوانن بەرژەوەندیی خۆیان دیاری بکەن. شـــوورای نـیـگـابـان کـە خـۆی هەڵبژێراوی رێبەرەو بەشێوەی دانراو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بۆ ئەو پۆستە دیاری کراون و خەڵک لە دیاری کردنیاندا هیچ نەخش ڕۆڵیان نەبووە. بەپشت بەستن بە ناوەندەی دەسەڵات و یاسای هەڵبژاردان هەرکەس لە ڕوانگەی خۆیانەوە پێیان باش نەبوو ڕەدی سەڵاحییەتی دەکەنەوە بە تایبەت بەکەڵک وەرگرتن لە دوو بەندی ماددەی ٢٨ لە یاسای هەڵبژاردنی مەجلیس زۆر کەڵک وەردەگرن. با بزانین ماددەی ٢٨ لە یاسای هەڵبژاردنی مەجلیس چۆن باس لە تایبەتمەندی ئەو کەسانە دەکا کە دەیان هەوێ ناونووسی بکەن بۆ خۆپاڵاوتن وەک نوێنەری مەجلیس کە خەڵک دەنگیان پێ بدەن.

ماددەی ٢٨: ئەوانەی هەڵ دەبژێردرێن لە کاتی ناونووسی‌دا دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندی‌یەی خوارەوە بن. بەندی ١) باوەڕو پابەندبوونی کردەیی بە ئیسلام و نیزامی پیرۆزی ئیسلامی.

بەندی ٢) دەربڕینی وەفاداری بە یاسای بنەڕەتی ئێران و ئەسڵی پێشکەوتووی وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە. ئەو دوو بڕگە لە ٧ بڕگەی ئەو ماددە قانوونیەیە کە لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا و لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا کاری پێ کراوە بێ ئەوە کە یاسادانەر سەرنجی دابێتە پێکهاتەی خەڵکی ئێران لە ڕوانگەی ئایینی و مەزهەبی‌یەوە. ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەو فرەئایین و مەزهەبە. هەرچەند دینی ئیسلام دینی سەرەکی خەڵکی ئێرانە، بەڵام ئایینی ئیسلامیش بە چەندین مەزهەب و فیرقەی جیاواز دابەش دەبێ کە سەرەکی‌ترینیان مەزهەبی شیعەو سوننەیە. ئەگەر زۆر نەچینە نێو باسە وردو هەستیارەکانی ئایین، دەزانین هەر باوەڕدارێکی ئەهلی سوننەت باوەڕیان بە وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە نیە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە مادام باوەڕیان پێی نیە ئەدی چۆن دەتوانێ پێی وەفادار بن کە وەک یەکێک لە تایبەتمەندی‌یەکانی کاندیداتۆرەکان دەست نیشان کراوەو هەروەک پێشتر گوترا بەشێکی بەرچاو لە کاندیداتۆرەکان بە پشت بەستن بەو بەندە لە یاسای هەڵبژاردان ڕەدی سەڵاحییەت دەکرێتەوەو تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە باوەڕدارانی ئایینی شیعە کە باوڕیان بە وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە نیە. ئەگەر وردتر بڕوانینە نێوەڕۆکی بەندی ١و٣ لە ماددەی ٢٨ی هەڵبژاردان، لەهەر دوو بەندda زۆر بەڕوونی و پێداگریەوە دەڵێ: باوەڕو پابەندبوون و وەفاداری بە یاسای بنەڕەتیی ئێران و نیزامی کۆماری ئیسلامی ئەسڵی پێشکەوتووی وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە مەرجی بنەڕەتین کە سیستمی کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەساسی مەزهەبی شیعەی ١٢ ئیمامی و وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە دامەزراوە کە خۆی لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەبینێتەوە. تەنانەت لە تێبینی (١)ی ماددەی ٢٨ کە باسی کەمایەتی‌یە ئایینیەکان دەکا، تەنیا باسی بەندی ١ دەکاو دەڵێ: ئەو کەمایەتی‌یە ئایینی‌یانەی کە لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ناویان هاتووە لە پابەندبوونی عەمەلی بە ئیسلام کە لە بەندی (١)دا هاتوو جیاوازیان بۆ دادەنرێ و دەبێ پابەند بە ئایینی خۆیان بن، بەڵام باسێک لە بەندی ٣ ناکا کە دەربڕینی وەفاداری بە یاسای بنەڕەتی ئێران و ئەسڵی پێشکەوتووی وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە کردۆتە مەرجێک بۆ خۆپاڵاوتن. بەو پێیە ئەوانەی سەر بە کەمایەتی‌یە دینی و ئایینی‌یەکانیش کە باوەڕیان بە وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە نیە، دەبێ وەفادار بن بەو بڕیارانەی کە ڕێبەر لە پلەی وەلی ئەمری موسوڵمانان دەری دەکا. کە دیارە ئەوە لەگەڵ هەر پێوانەیەکی دێمۆکراتیک ناگونجێ. لێرەدا پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە تەنیا ئەوە یاسای هەڵبژاردن نیە ئەو کەم و کورتیانەی تێدایە، بەڵکوو لە یاسای بنەڕەتی‌دا بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەو کەم و کورتیانە هەست پێ دەکرێ.

ماددەی ٧٢: مەجلیس ناتوانێ یاسایەک پەسند بکا کە لەگەڵ ئەحکام و ئوسوولی مەزهەبی ڕەسمی وڵات دژایەتی هەبێ. ئەگەر باش سەرنج بدەینە ئەو ماددەیە دەبینین یاسادانەر جەخت دەکا لەسەر ئەو مەسەلەیە کە مەجلیس ناتوانێ، وشەی ناتوانێ لێرەدا دیاری کردنی ئاستی سەڵاحییەتی مەجلیس نیشان دەدا لە حاڵێکدا مەجلیس لەهەر وڵاتێکدا یاسادانەری ئەو وڵاتەیە و نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکا. تەئکیدی یاسادانەر لەو ماددەیەدا لەوەدا سەیر دەنوێنێ و پێشێل کاری مافی تاکەکانی نێو کۆمەڵگای پێوە دیارە کە دەڵێ: "ئەو یاسانەی مەجلیس پەسندی دەکا نابێ لەگەڵ ئەحکام و ئوسوولی مەزهەبی ڕەسمی وڵات دژایەتی هەبێ. لێرەدا وەک پێشوو گوترا کە هەمووی خەڵکی ئێران شیعەی ١٢ ئیمامی نین، ئەوە خۆی پێشێل کردنی مافی مەزهەبی کەمایەتی‌یەکانی دیکەیە واتە یەگەر یاسایەک دەرچوو دژایەتی هەبوو لەگەڵ مەزهەبی سوننە، هیچ بەربەستێک نیە، یاسادانەر ئەگەر بەو سەراحەتی کە گوتوویەتی کە نابێ یاساکان دژایەتی لەگەڵ مەزهەبی ڕەسمی بێ، گوترابا لەگەڵ دینی ڕەسمی وڵات دژایەتی نەبێ، ڕەنگە ڕەخنەی کەمتری پێ وارید بایە. لێرەدایە دەبێ بگەڕێنەوە بۆ یاسای هەڵبژاردن کە لە بەندی ٣ی ماددەی ٢٨دا باس لە دەربڕینی وەفاداری بۆ ڕێبەر دەکا کە لەسەر ئەسڵی نوێنەرایەتی خوا لەسەر زەوی دامەزراوەو کەس حەق و مافی نیە دەست لە بڕیاری وەر بدا و بڕیار و ئەمری ئەو بێ ئەولاولا دەبێ جێ بەجێ بکرێ، ئەوە تەنیا لەو ئەسڵەدا خۆدەنوێنێ کە شیعەی ١٢ ئیمامی باوەڕیان بە ویلایەتی موتڵەقەی فەقیە هەیە. لێرەدا دەبینین کە لە بنەڕەتڕا هەڵبژاردن لە شانۆیەک زیاتر نیە، چونکە مەجلیس خۆی ئۆرگانێک نیە کە بتوانێ سەربەخۆ بێ و یاساکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی خەڵکدا بن، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە ماددەی ٩٣ لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا حاشا هەڵنەگرە.

ماددەی ٩٣: مەجلیسی شوورای ئیسلامی بێ بوونی شوورای نیگابان ئێحتوباری یاسایی نیە.....

هەروەک باس کرا ئەو ماددەیە و ماددەکانی‌تر سەلمێنەری ئەو ڕاستی‌یەیە کە مەجلیسی شوورای ئیسلامی و هەڵبژاردنەکەی تەنیا و تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی کۆماری ئیسلامی‌یە، دەنا داڕێژەرانی یاسا لە شوێنی دیکە و ئۆرگانی دیکەن کە لە لایەن ڕێبەرەوە دیاری دەکرێن و پێویستیان بە دەنگی خەڵک نیە. بۆیە هەڵبژاردن لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا ناچێتە خانەی بنەماکانی دیمۆکراسی.

سەرچاوە:
قانون انتخابات مجلس
قانون اساسی ایران





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ڕزگاری گەلانی ئێران
# بایکۆتی ڕێژیمە بەگشتی نەک هەڵبژاردنی پەڕڵمان



ئیسماعیل سۆهرابی

هەروەک هەموومان ئاگادارین، ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی، هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵکە بۆ پەرلمانی کۆماری ئیسلامی ئێران. ئێستا بەهۆی دەرکەوتنی نیوەرۆکی کۆماری ئیسلامی بەو جۆرەی کە هەیە، لە لایەن گەلان، ئۆپۆزیسیونە بەرهەڵستکارەکان و بەشی هەرە زۆری ڕێکخراوە مەدەنیەکان، یەک دەستێکی بێ وێنە بۆ بایکۆتی خولی نویەمی پەرلمان هاتۆتە ئارا، کە دەڵێم دیارکەوتن یان ناسین، مەبەست ئەوەیە کە دوای ٣٣ ساڵ دان بەخۆداگرتنێکی تاقەت پرووکێن لەبەرامبەر سیستمی دیکتاتۆری نەخوازراو لە جۆری تێئۆکراسی ئایینی، تێکۆشان بۆ چاکسازی هەنگاوبەهەنگاو لە لایەن ڕیفۆرمخوازان، بەربەرەکانی و دژایەتی ڕێژەیی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسیی و تەنانەت بەشێوەیەکی بەرچاو ئایینی لەلایەن پەیرەوانی ئەهلی سوننەت بە گشتی، ئایینی یەهوودی، مەسیحی، زەردوشتی، بەهایی و ... هتد، سەر سوورهێنەرتر لەوەش بەشی هەرە زۆری پەیرەوانی شیعەی غەیری دوازدە ئیمامی، بەو قەناعەتە گەیشتوون کە ئەم سیستمە نەئیسلامی ڕاستەقینەیە و نە دەش توانێ ئاڵ و گۆڕێکی ئەرێنی و لۆژیکی، بە لایەنی سیاسی و ئایینی بەسەر خۆیدا بێنێ. ئەو قەناعەتەش شتێکی کەم نیە، چونکە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەگەر نەڵێم بەتەواوی، دەکرێ بڵێم بە دەگمەن سیستمێکی دیکتاتۆری وەبەرچاو دەکەوێ لە

کاتی وریابوونەوەی خەڵکەکەی و دەربڕینی نارەزایەتی توانی بێتی خۆی ئیسلاح کردبێ، چونکە بیری دیکتاتۆری تاریکەو هیچ دەلاقەیەک ناهێڵێتەوە بۆ تیشکی ئازادی، کورد گوتەنی: "دەردی بێ دەرمانە". پێویستە بگوترێ کە هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی پەرلەمان، زۆر جیاوازەو کۆماری ئیسلامی لەچەند لاوە کەوتۆتە ژێر گوشاری نێودەوڵەتی و نێوخۆیی:

ئەلف: مەسەلەی وەدەست هێنانی چەکی ناوکی و مەترسی نانەوە بۆ پێشبرکێی وەدییهێنانی ئەم چەکە لە ناوچە کە خۆشی لە واژۆکەرانی پێشگیری ئەم چەکەیە.

ج: ناکۆکی بەرچاوی باڵە سیاسییەکان و تێکۆشانی بێ وچانیان بۆ نەهێشتنی یەکترو، ترسی ئاڵۆزی و قۆزتنەوەو دەرفەت دۆزینەوەی گەلانی ئێران لە پێناو لە ڕیشە دەرهێنانی یەکجارەکی ڕێژیمی تاران.

بەبڕوای من ئێستا کە گەلانی ئێران جگە لە کوردەکان، لەدوای تێکدانی ئاکامی هەڵبژاردنی ساڵی ٨٨ی سەر کۆماری، بەوئاکامە گەیشتوون کە بەشداری و تێکۆشان بۆ چاکسازی ڕێژیم بێ کەڵکە. لەکاتێکدا کە حەرەکەتێکی مەدەنی و ڕێنسانس‌ئاسا، وڵاتانی عەرەبی گرتۆتەوەو ویش



ب: مەسەلەی پێشێلکاری مافی مرۆڤ، تا ئەو ڕادەیەی چەند جاران لە لایەن ڕێکخراوی نێودەڵەتی پارێزگاری مافی مرۆڤ مەحکووم کراوەو تەنانەت ڕێژیمی ئاخوندی ڕێگا نادا نوێنەرانی ئەم ڕێکخراوە سەردانی ئێران بکەن.

ت: مەسەلەی دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتان و کاری تیرۆرو پشتیوانی تۆرو تاقمە تیرۆریستەکانی بەشی هەرە زۆری دونیا.

دەچێ ناوچەیتریش بگرێتەوە. لەحاڵێکدا قەڵخانی مووشەکی هێزی ناتۆ تەنگی بە ئێران هەڵچنیوەو ئەگەری هێرشی نیزامی لەئارا دایە، دەرفەتێکی گونجاو هاتۆتە پێش تا ئێمەش چ وەک بزاڤە ڕزگاری خوازەکان یان ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گەلانی ئێران بەگشتی یەک دەست و یەک ڕەنگ ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمێ واتە ڕۆژی بەرواڵەت هەڵبژاردن، بکەین بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەرەتایەک بۆ خەباتی مەنفی و بایکۆتی ڕێژیم بە گشتی لە هەموو بوارەکانی ژیان، چونکە ڕزگاری خەڵکی ئێران لە بایکۆتی هەڵبژاردندا نییە، بەڵکوو لە بەربەرەکانی گشتگیرو بایکۆتی ڕێژیم دایە بەم هۆیانەی خوارەوە: یەک: ڕێژیمی ئاخوندی لە وەرێ خستن و نمایش دانی شانۆگەری هەڵبژاردن وەک شانۆگەرییە هەڵبژاردنەکانی وڵاتانی دیکتاتۆر کە زیاتر لە هەشتا لە سەدی دەنگەکانیان دەهێناوە، زۆر بە ئەزموون و کار کوشتەترە.

دوو: کۆماری ئیسلامی، ئەوەندەی مەترسی و دڵەڕاوکێی لە بایکۆتی هەڵبژاردن هەیە، سەد هێندەی‌تر ترسی لە نافەرمانی مەدەنی و حەرەکەتی نارەزایەتی هەیە.

سێ: سیستمی وەلایەتی فەقیە خۆی لەسەرووی هەموو یاساو ڕێساکان دادەنێ و لەڕاستیدا ئەگەر بۆ چەواشە کردنی ڕای گشتی نەبێ، هیچ بەهایەکیان بۆ دانانێ، تەنانەت حاکمییەتی خۆی بە فەرزی ئایینی دەزانێ نەک هەر بۆ وڵاتی خۆی، بەڵکوو بۆ هەموو دونیا بۆتە جێ نشینی خواو هەرکەسیش لەبەرابەری دا سەری پەیرەوی کردن دانەنوێنێ بە موحاریب و لە دین هەڵگەڕاوە دەناسرێ کە بە باوەڕی وان خوێن بەفیرۆ بوونە.

چوار: ناکرێ هەموو خولیاو هیواکانمان بە پشتیوانی دونیای دەرەوە ببەستینەوە، هەرچەند سەرکەوتن بەسەر ڕێژیمی دیکتاتۆری ئێران بێ پشتیوانی دەرەکی گەلێک ئەستەمە، بەڵام ئەوەی کە سەرنجی دونیا بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، نەسرەوتن و تێکۆشانی خەڵکە، نابێ ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە هاودەردی و پشتیوانی زلهێزەکان و هاوپەیمانیان زیاتر پێوەندی بە بەرژەوەندییەکانیانەوە هەیە، هەرکاتێک ڕاستای بەرژەوەندییەکانیان بگۆڕێ و یا لە ڕاستای پێچەوانەی بەرژەوەندی گەلە ستەم لێ کراوەکانیش بێ، نابێ بەدووری بزانین کە پشتیوانیان بگۆڕدرێ بە دژایەتی یان لەم پێوەندییەدا کەم تەرخەم بن، بەڵام ئەوەی کە نەگۆڕەو دەتوانێ ببێ بە بنەمای شۆڕش و دینامیزمی خەبات گێران، تەنیا پشتیوانی گەلەکەیەتی.

پێنج: بۆ هەر نەتەوەیەکی ستەم لێکراو ئەو مافە هەیە کە هەر کاتێک لە پێوەندی بە وەدەست هێنانی ئازادی و مافی یەکسانی، نارەزایەتی دەربڕێ و لە ئاکامدا کەوتە بەرهێرش و بنەبڕکردن، دەستی هاوکاری بۆ ئاسایشی نێونەتەوەیی و تەنانەت داوای خۆ تێهەڵقوتاندنی هێزی نیزامی ناتۆش بکا، کە ئەوە دەکرێ پشتیوانی

**بۆ هەر نەتەوەیەکی ستەم لێکراو ئەو مافە هەیە کە هەر کاتێک لە پێوەندی بە وەدەست هێنانی ئازادی و مافی یەکسانی، نارەزایەتی دەربڕێ و لە ئاکامدا کەوتە بەرهێرش و بنەبڕکردن، دەستی هاوکاری بۆ ئاسایشی نێونەتەوەیی و تەنانەت داوای خۆ تێهەڵقوتاندنی هێزی نیزامی ناتۆش بکا، کە ئەوە دەکرێ پشتیوانی و وزە بەخشی شۆڕشگێڕان بێ**

و وزە بەخشی شۆڕشگێڕان بێ.

ئەوەی تائێستا باسمان کرد بۆچوونی سیاسی بوو، بەڵام بە پێویستی دەزانم بە هۆی ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری گەلانی ئێران ئایینین و ئایینیش لەم پێوەندییەدا ئەرک و ڕێنوێنی خۆی هەیە، ئاماژە بە چەند بنەمایەکی ئایینی بکەم.

یەک: قورئانی پیرۆز لەو بوارەدا دەفەرموێ: "ان الله لایغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم". ئایەی ١١ی سوورەی ڕەعد. (واتە بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لە هیچ گەلێک ناگۆڕێ، تا ئەوان دڵیان نەگۆڕن). شیکاری ئەم ئایەتە ئەوە دەسەلمێنێ کە لە ڕوانگەی ئایینەوە بەبێ بەستێن و ڕێگا خۆش کردن هیچ جۆرە ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی .... بۆ گەلان نایەتەدی تاکوو ویستی خۆیان نەگۆڕن و بۆ وەدەست هێنانی مافە ڕەواکانیان تێ نەکۆشن، مەبەست ئەوەیە خوای گەورە، ئەو مەجالە یان واباشترە بڵێین مافی ئەوەی پێ داون کە مرۆڤەکان بۆ خۆیان چارەنووسی خۆیان دەست نیشان بکەن نەک چاوەڕێی ئەوە بن کە لە غەیبەوە پشتیوانیان لێ بکرێ و بێ هیچ حەرەکەت و خوێندانێک بەسەر ستەم کاراندا سەرکەون.

دوو: بۆ موسوڵمانان ئەرکی ئایینی‌یە پشتی هەر دەسەڵاتدارێکی زاڵم بەردەن، هەر کاتێک دیتیان بەجێی دادپەروەری و پەرەدان بە چاکەکاری و خزمەت بە گەلەکەی، بە ناوی ئایین زوڵم بکا و بە نارەوا خوێنیان برێژێ و چیی لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی‌دا بوو بەرەوای بزانێ و خۆی ببێ بە هۆکاری سەرەکی بۆ بڵاوکردنەوەی تاوانەکان و ڕەوشتی نامرۆڤانە، وەک خوا دەفەرموێ: "ولاترکنوا الی الذین ظلموا فتمسکم الناروما لکم من دون الله من أولیاو ثم لا تنصرون" هود ١١٣. (واتە ئێوە پشت مەبەستن بە ستەمکاران. ئەگەر دالدەو پەنایان بدەن، خوای گەورە ئێوەش بە تاوانی بێ هەڵوێستی و دالدەدان دەکەونە بەر ئاگری تۆڵە و کەسیش ناتوانێ ڕزگارتان بکا، لە پاشان سەرکەوتوو نابن).

سێ: بێگومان جیهاد و تێکۆشان لە ڕێگای خوای گەورە، بنەمایەکی ئایینی هەیە و بەگژاچوونەوەی حاکمی زۆردار(جایر) لە گەورەترین جیهاد دێتە ئەژمار. "أفضل الجهاد عندالله کلمه حق عند سلطان جایر" واتە گەورەترین جیهاد لای خوای گەورە ڕاستییەکان و بەربەرەکانی دەسەڵاتداری ستەمکەرو زاڵمە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بنەماکانی هەڵبژاردنی ئازاد لە دنیای دیمۆکراتیکدا



مەحموود شەریفی

دیمۆکراسی یا حکوومەتی خەڵک شێوازێک لە دەسەڵاتدارییە کە ئەو دەرفەتە بە خەڵک دەدات تا بتوانن لە ڕێگەی نوێنەرانیانەوە بەڕێوبەرایەتی وڵات وەئەستۆ بگرن. بەشداری راستەوخۆی خەڵک لە کاروباری سیاسیی وڵاتدا دەبێتە هۆی دڵگەرمی خەڵکو چوونەسەری ئاستی وشیاری سیاسییو کومەلایەتی کومەڵگا. دیمۆکراسی بەچەند شێواز لە دونیادا بەڕێوەدەچێ کە هەرکامیان خاوەن تایبەتمەندیگەلێکن. لە نێوان تایبەتمەندییەکانی دیمۆکراسیدا هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە کۆڵەکەی سەرەکییە، چونکە خەڵک لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی "ئازاد" و "دادپەروەرانە" دەتوانن نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان بۆ بەڕێوبردنی وڵات دیاری بکەن. بەڵام هەڵبژاردن هەڵگری چ پێناسەیەکو دەبێ چ تایبەتمەندیگەلێکی هەبێ؟

هەڵبژاردن ناوێکی ئاشنا و هاوکات نامۆیە، لەسەردەمی ئێستادا لە هەموو شوێنێکی دنیا ناوی هەڵبژاردن دەبیستری، بەڵام لە دەگمەن شوێنێک لەم دنیایەدا هەڵبژاردنێکی راستەقینە بەڕێوەدەچێ. لە قامووسی سیاسیدا چەمکی هەڵبژاردن بە مانای دەنگدان بە نوێنەری بەربژێر لە لایەن خەڵکە، بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی دیاریکراو بتوانێ نوێنەرایەتی ئەوان لە کاروباری سیاسی وڵاتدا بکا. سپاردنی دەسەڵات لە لایەن خەڵک بە نوێنەرانیان لە سیستمە دیمۆکراتیکەکانی جیهاندا لە چەند ئاست بەڕێوەدەچێ. پۆستی سەرۆک کوماری بەرزترینیانە و نوێنەرایەتی پاڕلمان، شووڕای شارو گوندەکانو بەرپرسایەتیی پارتە سیاسییەکان و ... هتد، لە ئاستی ناوەندی هەتا خوارەوەدا خۆیان دەبیننەوە. لەڕاستیدا بەشداریی سیاسیی کومەڵانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی وڵاتیش لەچەند ئاستدا پێناسە دەکرێ کە نزمترینیان دەنگدانە، چونکە دەنگدان هیچ بەرپرسایەتییەک بۆ خەڵک دروست ناکا. لە زانستی سیاسیدا دوو تایبەتمەندی بۆ هەڵبژاردنی تەندروست لەبەرچاو گیراوە واتە، ئێستاشی لەگەڵ بێت پێناسەیەکی گشتگیری بۆ نەکراوەو ناتوانێ پێوەرێکی ڕێکو دیاریکراو بێ، چونکە هەڵسەنگاندنی کارێکی ئەستەمە. ئەگەر لە بواری واتاوە بڕوانینە دوو چەمکی "ئازادبوون" و

**هەڵبژاردن ناوێکی ئاشنا و هاوکات نامۆیە، لەسەردەمی ئێستادا لە هەموو شوێنێکی دنیا ناوی هەڵبژاردن دەبیستریّ، بەڵام لە دەگمەن شوێنێک لەم دنیایەدا هەڵبژاردنێکی راستەقینە بەڕێوەدەچێ**

"دادپەروەرانەبوون"، چەمکی ئازادبوون گرینگییەکی زیاتری هەیە، چونکە لە نەبوونی ئازادیدا دادپەروەرانەبوون بێ مانایە. لەڕاستیدا ئازادبوونی هەڵبژاردن ئاماژە بە ئازادییە بنەرەتییەکان دەکا کە لە بەڵگەکانی نێونەتەوەیی وەک، جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ(١٩٤٨ز)، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی و سیاسیدا(١٩٦٦ز) و...هتد، لەبەرچاو گیراون. ئازادییە بنەرەتییەکان کە لەو بەڵگانەدا لەبەرچاو گیراون بریتین لە: ئازادی رادەربڕین(بۆ دەنگدەران، کاندیداکان، راگەیاندنەکان و...)، ئازادی لە بەشداریی پرۆسەی



هەڵبژاردن دەبێ ئازادو دادپەروەرانە بێ. بەڵام دوو چەمکی " ئازاد" و "دادپەروەرانە" خۆیان نامۆن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵبژاردن و دڵنیابوونی کاندیداکان و دەنگدەران لە پاراستنی دەنگەکانیانە.
دادپەروەرانەبوونی هەڵبژاردن زیاتر بە مانای دەستتێوەرنەدانی حکوومەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنە، بە واتایەکی دیکە دەوڵەتەکان دەبێ تەنیا ڕۆڵی بەڕێوەبەریی هەڵبژاردنیان بێت و لە بەڕێوبردنی هەڵبژاردندا دەبێ بێلایەنی خۆیان بپارێزن. بەگشتی دەتوانین بڵێین دادپەروەرانەبوونی هەڵبژاردن بە مانای یاسامەندبوونی هەڵبژاردنە و ئەو یاسایانە دەبێ بۆ هەمووان یەکسان بێ.
ئامانجی سەرەکی لە هەڵبژاردن، هەڵبژاردنی نوێنەرانی خەڵک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵاتە کە دیمۆکراسی نوێنەرایەتی ناوزەد دەکرێ. لە دیمۆکراسی نوێنەرایەتیدا بە کەسانێک کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن نوێنەر دەگوترێ. نوێنەری خەڵک بە پێی یاسای هەر وڵاتێک لە هێندێک دەسەڵات و تایبەتمەندی بەهرەمەندە، بەڵام لە ئاستی یاساو ڕێساکانی نێونەتەوەییدا هەڵبژاردنی ئازادو دادپەروەرانە لەسەرچەند بنەمای سەرەکی پێناسە دەکرێ کە بریتییە لە:
١: مافی یەک دەنگ: کەسانێک کە مەرجەکانی دەنگدانیان هەیە تەنیا دەتوانن یەک جار دەنگ بدەن.

## بەگشتی دەتوانین بڵێین دادپەروەرانەبوونی هەڵبژاردن بە مانای یاسامەندبوونی هەڵبژاردنە و ئەو یاسایانە دەبێ بۆ هەمووان یەکسان بێ

٢: بەرابەری: لە پرۆسەی دەنگداندا هەموو دەنگەکان پێکەوە بەرابەرن بەواتایەکیتر سەرۆک کۆماری یەک وڵات دەنگی لەگەڵ جوتیارێک لە لادێدا دەژیت بەرابەرە.
٣: شاراوەبوونی دەنگەکان: لەکاتی دەنگدان و پاش



دەنگدانیش دەبێ دەنگدەران دڵنیا بن کە دەنگەکانیان شاراوە دەمێنێتەوە.
٤: دەستتێوەرنەدان لە هەڵبژاردن: هیچ کەس مافی ئەوەی نییە کە دەنگەکان جێبەجێ بکات یان لە ناویان بەرێت، پاش دەنگدان کەس بۆی نییە دەنگێک بە دەنگەکان زیاد یاخود کەم بکاتەوە.
٥: مافی کۆنترۆڵکردن: دەنگدەران مافی ئەوەیان هەیە کە لەهەر کات و ساتێک کە بیانهەوێ بۆ دڵنیایی خۆیان بەڕێوەچوونی دروستی خاڵەکانی یەک تا چوار کونترۆڵ بکات.
ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێکرا بنەمای دەنگدانێکی ئازادن و لەڕاستیدا مافی دەنگدەران و کاندیداکان بەئەژمار دێن، بەڵام هێندێک خاڵی لاوەکی دیکەش بۆ بەڕێوەچوونی تەندروستی هەڵبژاردن پێویستن کە بریتین لە:
ئا: هەڵبژاردن دەبێ لە نێوان چەند کەس بێ. بەو مانایە کە دەنگدەران دەبێ لە نێوان چەند کەسی جیاوازدا نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن. هێندێک لە دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکان لە وڵاتانی خۆیان هەڵبژاردن بەڕێوە دەبەن، بەڵام دەنگدەران ناچارن لە نێوان یەک یان چەند کەسدا بە یەک باوەڕو ڕوانگە نوێنەر هەڵبژێرن کە ئەمە لەگەڵ هەڵبژاردنێکی ئازاددا ناتەبایە.
ب: دەوڵەتەکان دەتوانن بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان کاندید دەکەن مەرج دابنێن، بەڵام ئەم مەرجانە تەنیا دەبێ لە چوارچێوەی هێندێک تایبەتمەندی (تاکی ـ کۆمەڵایەتی) پێناسە بکرێ وەکوو مەرجدانان بۆ ڕادەی خوێندەواری و تەمەن، هەروەها نەبوونی کێشەی دادوەری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی. دەوڵەتەکان مافی ئەوەیان نییە کە خەڵک بە هۆی ئەتنیک، ڕەگەز، ئایین و ئایینزا، بیرۆکەی سیاسی و... هتد لە مافی خۆ پاڵاوتن(کاندیداتۆری) بێبەش بکەن.
ج: هەرچەند بە پێی پێوەرەکانی دیمۆکراسی هەموو خەڵک وەک یەک لە مافی دەنگدان بەهرەمەندن و دەنگەکانیان بایەخی یەکسانی هەیە، بەڵام دەوڵەتەکان دەبێ لە ڕێگەی ئازادیدان بە پارتە سیاسیی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەوڵ بدەن ئاستی زانیاری سیاسیی ـ کۆمەڵایەتی خەڵک بەرنەسەرێ و بەشداری سیاسیی گشتی(جەماوەری) بەرەو بەشداریی سیاسیی ئامانجدار ببەن.


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# هەڵبژاردن دیمۆکراسی ئازادی



وریا ڕەحمانی

گرینگترین چەمکی هەر دیمۆکراسییەک هەڵبژاردنە. بەواتایەکی دیکە هەڵبژاردن بە کوڵەکەی سەرەکی دیمۆکراسییەکان دەژمێردرێ. لەڕاستیدا دیمۆکراسی ئەندێشە یان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نیە. بەڵکوو بەرلە هەموو شتێک شێوازێکی حکوومەتی و بەستێنێکی دەرفەت ڕەخسێنە کە ئیرادەی گشتی کۆمەڵگا لە کاناڵی نوێنەرەکانی لەڕێی هەڵبژاردنەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ. بەدرێژایی مێژوو پێناسەو تەعبیری جۆراوجۆر لە چەمکی دیمۆکراسی کراوەو هەر لە سەردەمی یۆنانی باستانەوە تا ئەمڕۆ بە پێی زەمان و لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بە دەیان جۆری دیمۆکراسی لە پانتایی سیاسی پێکهاتە جیاوازەکانی دنیادا تاقی کراوەتەوەو شێوەی جۆراوجۆری بەخۆیەوە بینیوە. کەچی خاڵی هاوبەشی هەموویان لە هەوێنی هەڵبژاردن و بەشداریی سیاسیی جەماوەر لە ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتدا خۆی دۆزیوەتەوە. بەڵام دیمۆکراسییەکان هەمیشە ئاکامی باشیان لێنەکەوتۆتەوەو هەندێک جار بە پێچەوانەوە لە ڕاستای بەرژەوەندیی تاقمیکی تایبەت(کەمینە یا زۆرینە) و چەوساندنەوەی جەماوەر(یان بەشێک لە خەڵک) بە ناشایستانەترین شێوازەکانی خۆیەوە بەکارهاتوە. هەر بۆیەش لای زۆریەک لە بیرمەندان و فەیلەسووفانی سیاسی ئێستای جیهان بە تایبەت لیبراڵەکان ئەو باوەڕە دروست بووە کە بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و بەختەوەر، دیمۆکراسی دەتوانێ مەرجێکی پێویستی گرینگ بێ، بەڵام قەت ناتوانێ بە تەنیا بە بێبواری یارمەتیدەر مەرجێکی کافی و تەواویش بێ. ئەفلاتوون لە خشتەی شێوازە حکوومەتییەکان لە کتێبی کۆماری‌دا، دیمۆکراسی بە واتای حکوومەتی(نوێنەرانی) زۆرینە وەک باشترین شێوازی حکوومەتی دەنرخێنێ و بەرگری لێدەکا. هەتا ئێستاش ڕوانگەی بەشێکی زۆر لە هەڵوێستی سیاسیی جیهان بە تایبەت هێزە کلاسیکەکان سەبارەت بە چەمکی دیمۆکراسی هەر لە چوارچێوەی ئەم تەعبیرە ئەفلاتوونییە ناتەواو سوننەتییەدا

**لەڕاستیدا دیمۆکراسی ئەندێشە یان ئایدیۆلۆژییەکی تایبەتی سیاسیی و کۆمەڵایەتی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا نیە. بەڵکوو بەرلە هەموو شتێک شێوازێکی حکوومەتی و بەستێنێکی دەرفەت ڕەخسێنە کە ئیرادەی گشتی کۆمەڵگا لە کاناڵی نوێنەرەکانی لەڕێی هەڵبژاردنەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێ**

دەخولێتەوەو کاری پێ دەکا. ئەم ڕوانگە سوننەتییەی دیمۆکراسی چەندین کێشەی جیددیی لە دەروونی خۆیدا هەیە کە گرینگترینیان لەبەرچاونەگرتنی مافی کەمینەو ون بوونی چەمکی ئازادی‌دا خۆی دەنوێنێ. نموونەی هەرە بەرچاوی کێشەی ئەم چەشنە لە دیمۆکراسی لە چۆنیەتیی بەدەسەڵات گەیشتنی بزووتنەوەی نازیزم لە ئەورووپا و کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا خۆی دەبینێتەوە. هەر دووی ئەم حکوومەتانە لە ئاکامی پڕۆسەی هەڵبژاردنێکی یاسایی لە چوارچێوەی گەمەی دیمۆکراسی کلاسیکدا بە دەسەڵات گەیشتوون






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژووی سیاسیی دیمۆکراسییە سوننەتییەکان لە جیهاندا نیشانی داوە کە چۆنیەتیی پێوەندیی کۆمەڵگا لەگەڵ حکوومەتەکاندا بەر لەوەی کە لە ڕووی عەقڵانییەت و ئیمکانەوە بووبێ، زیاتر لە جۆری دەمارگرژی و ناچاری بووە.

حکوومەتی زۆرینە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا ئەگەر ستەمکاریش نەبێ، لانی کەم ڕەچاونەکردنی مافەکانی کەمینەیە. لەم جۆرە حکوومەتانەدا، ئازادی(تاک و کۆمەڵ) بە ناحەزترین شێوازەکانی خۆیەوە قوربانی دەبێ و لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی کە لەڕاستیدا هەمان زۆرینەی دەسەڵاتدارە، دەرگای کۆمەڵگا بەڕووی هەر چەشنە کرانەوەیەکی ئەوتۆدا دادەخرێ.کەچی دیمۆکراسیی مۆدێرنی بەتایبەت ڕۆژئاوایی شوناسی خۆی بەر لەوەی کە لە ڕەوایی دان بە دەسەڵاتی زۆرینەدا بدۆزێنەوە لە لەبەرچاوگرتنی مافەکانی کەمینەو دەستەبەرکردنی ئازادییە تاک و گشتییەکانی نێو کۆمەڵگادا پێناسە دەکاو لەم سۆنگەیەوە زەرفییەتێکی گونجاوتری بۆ پێکەوە ژیانی گشتی لە پێناوی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروست و بەختەوەرتریش دا هەیە. هەر چەندەی دیمۆکراسیی سوننەتی ڕوانگەیەکی گشتگیرتری بۆ تاک هەیە، بەپێچەوانەوە لە دیمۆکراسیی مۆدێرن‌دا ناوەندێتیی ڕوانین لە تاکەوە سەرچاوە دەگرێ. ئیتر لە ڕەوتی بەرەوپێشی مرۆڤایەتی و ژیان لە دونیای ئەمڕۆدا، ئەولەوییەتی ئازادی بە سەر دیمۆکراسیدا شتێکی حاشا هەڵنەگرەو ئەوەش نەتەنیا لە بایەخی دیمۆکراسی وەک بەستێنێکی هەڵکردن کەم ناکاتەوە، بەڵکوو ڕوویەکی جوان و گونجاوتریشی پێ دەبەخشێ.

بەگشتی لە تەواوییەتی خۆیدا بەشداری کردن لە هەڵبژاردن لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی زادەو پابەند بە دیمۆکراسیی سوننەتیی وەک ئێراندا، نە تەنیا ئەرکێکی هاووڵاتی بوون و نیشتمانی نییە، بەڵکوو بۆخۆی ڕەوایی دانیشە بە سیستمێک کە خۆی بە نوێنەری زۆرینەی خەڵکی دەزانێ و ڕێز لە بەرپرسیارەتییەکانی خۆی ناگرێ. کەچی ئەوە بەو مانایەش نیە کە ئیتر لەبەرامبەر هەر چەشنە پێشهاتەو ئاڵ و گۆڕێک تەنانەت لە چوارچێوەی ئەو سیستمانەشدا بێ هەڵوێست بین و پاڵمان لێ دابێتەوە. بەڵکوو دەبێ لەهەر دەرفەتێکی تەنانەت بچووکیش لە پێناوی کرانەوەو گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و دیمۆکراسیی ڕاستەقینە کەڵک وەرگرین. ڕاستە کە ئەم جۆرە حکوومەتانە شێوازێکی دیکتاتۆرانەی داخراو لەبەرامبەر مافی کەمینە و ئازادییە گشتییەکان پێڕەو دەکەن و دەش زانن لە ئەگەری هەر چەشنە کرانەوەیەکی ئەوتودا بنیاتە سەرەکییەکانیان تێک دەڕووخێ و تێک دەڕمێن، کەچی هەندێک جاریش لەژێر تەوژمی گوشارە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا(وەک چۆن لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی حەوت و دە و مەجلیسی یەک و شەش‌دا دیتمان) ناچار بە هەندێک پاشەکشە دەبن و فەزایەکی ئەگەرچی بەرتەسکیش، بەڵام دەکرێتەوە. لێرە دایە کە وردبینی و زەرافەتی لێک دانەوەکاری هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیونی حکوومەتێکی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران هەرچی زیاتر خۆی دەردەخا و ڕەهەندێکی دەرفەت نرخێنانەی کردەوەیی بەخۆیەوە دەگرێ. نابێ هێزی ئۆپۆزیسیون بۆ هەمیشە شێوازێکی چەق بەستووانەی یەک چەشنی نەگۆڕ بەکار بێنێ و لەگەڵ گۆڕانی هەل و مەرج و لە دەرفەتە جیاوازەکاندا، تاکتیکەکانی نەگۆڕێ و لە زەرفییەتەکانی دیکەی خەبات کەڵک وەرنەگرێ. ئۆپۆزیسیۆنێکی ژیر بە دەرکێکی واقیع‌بینانە لە دیمۆکراسی و ئاستی ڕێژەیی ئازادیی سیاسی لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا، هەوڵ دەدا لەگەڵ هەر کرانەوەیەکدا(تەنانەت ڕێژەیی) هاندەری جەماوەر بێ بۆ بەشداری کردن و بۆوەی لەلانی کەمی ئیمکانات زیاترین کەڵک وەرگرێ. بەڵام کاتێک سیستم وەک ئێستا لە بەرەبەری هەڵبژاردنی نۆیەمی مەجلیس‌دا هەموو دەلاقەکانی خۆی بەڕووی هەر چەشنە کرانەوەیەک دا بەستووە، بایکۆت باشترین ڕێکارە.

> **نابێ هێزی ئۆپۆزیسیون بۆ هەمیشە شێوازێکی چەق بەستووانەی یەک چەشنی نەگۆڕ بەکار بێنێ و لەگەڵ گۆڕانی هەل و مەرج و لە دەرفەتە جیاوازەکاندا، تاکتیکەکانی نەگۆڕێ و لە زەرفییەتەکانی دیکەی خەبات کەڵک وەرنەگرێ**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# حیزبەکان و هەڵبژاردن لە ئێراندا



ئامادەکردن و وەرگێڕان: چیا کوردستانی

حـیـزبـی سـیـاسـی بـەرهـەمـی پێشکەوتن و گەشەکردنی کلتووری دیمۆکراتیکی هـەر کۆمەڵگایەکە و کلتووری حیزبیش وەک بەشێک لە سەرمایە و دەستکەوتەکانی هەر وڵاتێک دێتە ئەژمار. هەڵبژاردنی پەرلەمانی نۆیەم لە ئێران لە کاتێکدا بەرێوەدەچێ کە زۆربەی ڕێکخراو و حیزبەکان بە "تێکدەرو ئاژاوەگێری یەکیەتیی نـەتـەوەیی" ناسێندراون. ئەسڵی ٢٦ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی دەڵێ: "حیزبەکان، کۆمەڵەکان، ڕێکخراو و دامـەزراوە سیاسیو سینفییەکان یان کەمایەتییە ئایینیە ناسراوەکان ئـازادن، بـەو مەرجەی کە لـەگـەڵ بنەماکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتی نەتەوە، ڕێ و شوێنە




ڕوون نیە. هێندێک "دەسەڵاتداریەتی بێسنووری ئاخوندەکان"(وەلایەتی موتڵەقەی فەقیە) بە بنەما و بنەڕەتی ئیسلامیەکان بێنەوەو بنەمای کۆماری ئیسلامی لە ژێر پێ نەنێن. نابێ ڕێگری لە بەشداری کردنی هیچ کەس بکرێ یان بـەزۆر بـەشداری پێ بکردرێ". ئـەم ئەسڵە کە لـە قسـەی زۆرێک لە چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنی دەردەکـەوێ بۆ ڕازی کـردنی یا سا یی یا نە ی ڕێـکـخـراو و حـیـزبـەکـان داندراوە، تاکو ئێستا زیاتر بۆ هەڵوەشاندنەوەی حـیـزبـەکـان و ڕێکخراوەکان یا مەحکووم کردنی هەوڵدەرەکانیان بـــەکـــار هـــاتـــووە.

**حیزبی سیاسی بەرهەمی پێشکەوتن و گەشەکردنی کلتووری دیمۆکراتیکی هەر کۆمەڵگایەکە و کلتووری حیزبیش وەک بەشێک لە سەرمایە و دەستکەوتەکانی هەر وڵاتێک دێتە ئەژمار**

مەرجی پابەندبوون بە "ڕێو شوێنە ئیسلامییەکان" لە یاسای بنەڕەتیدا، هـەر مـەیلو ویـسـت و داخوازێکی نائیسلامی یـان داب و نـەریتی لە دامـەزراندنی حیزب بێبەش دەکا. پێناسەی "بنەمای کۆماری ئیسلامی"ش

کۆماری ئیسلامی دەزانن و ڕەخنەگران و دژبـەرانـی ئـەم ئـەسـڵـە لـە مافی دامەزراندنی حیزب یان هەبوونی هەر ڕێکخراو و کۆمەڵەیەک بێ بەش دەکات. مەرجی "یەکیەتی نەتەوە"ش ئاڵۆزو ناڕوونـە، هـەر جـۆرە ڕەخنـەیـەک لە سیاسەتی دەرەوە، بەرگری و ئاسایشی دەوڵـەت بگیرێ بە "تێکدەری یەکیەتی نەتەوە"یی ناودەبرێ. چالاکی حیزبی لـــە کـــۆمـــاری ئیسلامیدا زیاتر بە هەڕەشەیەک بۆ سەر یەکیەتی نەتەوەیی زانراوە. ئەم ڕوانگە ئـاسـایـشـیـیـە بە تایبەت لە سەردەمانێک وەک شەڕ لـەگـەڵ ئـێـراق یـان چوونـەسەری قەیرانی ناوکی زیاتر زەقتر بۆتەوە.

کۆمیسیۆنی بەندی ١٠ و چاوەدێری پەسـندکردن(نظـارت استصوابی): بـە پـێـی مـــاددەی ١٠ی یاسای حیزبەکان، چاوەدێری لەسەر حیزبە سیاسییەکان لە ئێراندا لە ئەستۆی کۆمیسیۆنێکە کـە پـێک هـاتـووە لە "نـوێـنـەری دادوەری هـەمـوو وڵات، نوێنەری شوورای بەرزی دادوەری، نـوێـنـەری وەزارەتـــی وڵات و دوو نوێنـەری پـەرلـەمـان کـە مەجلیسی شوورای ئیسلامی هەڵیان دەبژێرێ و ناونووسی و بە فەرمی ناسینیان لە گرەوی ڕەزامەندی ئەم کۆمیسیۆنە دایە. ئـەمـە لـە کـاتێـک دایـە کـە هیچ شوێنێک بۆ نوێنەرانی دامـەزراوە ناحکوومیەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی لەم کۆمیسیۆنەدا لەبەرچاو نەگیراوەو دەسـەڵاتـی دادوەری و دەسەڵاتی بەڕێوەبەری بە تـەواوەتـی دەستیان ئاوەڵایە لە ڕەزامەندی دەربڕین یان دژایەتی کردن لە گەڵ دامەزراندنی حیزب و گرووپ و ڕێکخراوێک یان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاساغ کردن و هەڵوەشاندنەوەیان.

بە مردنی ئیمام خومەینی و پێکهاتنی شوورای چاوەدێری(شورای نگهبان)، بازنەی بیانوو پێ‌گرتنەکانی کۆمیسیۆنی بەندی ١٠ لە حیزبەکان‌را گەیشتە تاکەکان. بە گونجاندنی "چاوەدێری پەسندکردن" پێویست بوو و کە شایستەیی و شیاوی کاندیداکانی هەڵبژاردن بەرلە پەسەندکردن و دەنگی خەڵک، لە پاڵوێنەو چاوی شووڕای چاوەدێریش تێ‌پەڕ بێ.

کەشی سیاسی سنووردار و بێ بەربەرەکانی ئێران دوای هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی

**شرۆڤەکارانی سیاسیی دەڵێن کە بەردەوامی و خۆڕاگری ئیستبدادو سەرەڕۆیی سیاسیی، گەشە نەکردنی چینەکان و کۆمەڵگەی ئێران لە ئابووری پشت ئەستوور بە دابەش کردنی داهاتی نەوت، نەبوونی کلتووری دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگادا، دەوڵەتی بوونی حیزبە سیاسی‌یەکان بەشێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی حیزبەکانن لە ئێراندا**

سەرۆک کۆماری لەجاران داخراوترەو دوو حیزبی گەورەو ناسراوی ریفۆرم خواز واتە "جەبهەی موشارەکەتی ئیسلامی و ڕێکخراوی موجاهدینی ئیسلامی" هەڵوەشاوە راگەیەندراون و ڕێبەرەکانیان لە زیندان دان.

کلتووری حیزبی و هەڵبژاردن:

چالاکی ئازادو بەرپرسانەی حیزبەکان و راگەیەنەکان، بە یەکێک لە باشترین و کاریگەرترین ئامرازەکانی چاوەدێری کردن لەسەر کردەوەی دەوڵەت و حکوومەتەکان دادەنرێ. ئەم چاوەدێری‌یە بە واتای هەڕەشە و رووخاندن نیە، بەڵکوو لە زۆر بواردا لایەنی هاریکاری و پاراستنیشی هەیە.

بەڵام پێکهاتەی سیاسیی ناوەندخواز لە ئێراندا سەرەکی‌ترین هۆکاری دروست نەبوونی حیزبە سیاسیەکانن. ئەم پێکهاتەیە جیا لە دەسپێکی "مەشرووتە"داو لە نێوان ساڵەکانی ١٣٢٠ تاکوو ١٣٣٢ پاڵەپەستۆی خستۆتە سەر کۆمەڵگای ئێران و بۆتە هۆکاری لاوازی لە پێوەندی راستەوخۆی نێوان دامەزراوەکان و جەماوەری خەڵک. لەلایەکی دیکەوە حیزبەکانی ئێران بە چاوپۆشی لە کارکردی ئەرێنی یان نەرێنیەکانی خۆیان بە هۆی سەرکوتی سیستەمی دەسەڵاتخواز قەت نەیان توانیوە ببنە حیزبی پەرلەمانی و یاسایی.

حیزبی سیاسیی لەسەردەمی پەهلەوی‌دا سەرەتا پاساغ بوو و ترس و بێ‌دەنگی دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژیش بوو بە هۆی پێک هاتنی رێکخراوە نهێنی‌یە سیاسی‌یەکان.

حیزبی کۆماری ئیسلامی یەکەم ئەزموونی بەرپرسانی دەوڵەتی تازە لە دامەزراندنی حیزب بوو، بەڵام ئەم حیزبە دوای ماوەیەک لە بەر ئەوەی کە دەسەڵات خۆی لەخۆی‌دا لای دامەزرێنەران و بەرپرسان دابەش کرابوو، هەڵوەشایەوە. رێکخراوەکان و کۆمەڵە نهێنی‌یە جۆراوجۆرەکانی کە دوای شۆڕش دەستیان بە چالاکی کردبوو، لە دەیەی شەست دا یەک لەدوای یەک سەرکوت کران. لەگەڵ ئەوەش‌دا چاوەدێران دەڵێن کە بۆشایی حیزبە سیاسی‌یەکان لە تەمەنی سی‌و سێ ساڵەی کۆماری ئیسلامی‌دا قەت بەرادەی ئەو چەند ساڵەی دوایی هەست پێ نەکراوە.

هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆیەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران:

لە سەرەتای هەڵبژاردنەکانی دەورەی نۆیەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی جیا لە بەربەستە بنەماکان، بەشی دەست ڕۆیشتووی دەسەڵات هیچ نەرمی‌یەکی بە نیسبەت وەرگرتنی پێویستی‌یەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە لەخۆی نیشان نەداوە. ئەو مەرجانەی کە پێش مەرجگەلێکی وەک دەست ڕاگەیشتنی ئازادی هاووڵاتیان بە زانیاری‌یەکان یان زانیاری گەیاندنی دوو لایەنە و ئازادی ئەوان بە حیزبەکان و گرووپەکان، مافی هەڵبژێردرانی تەواوی هاووڵاتیان، دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ یا بێ لایەنی و دوورکەوتنەوەی چەکدارەکان لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە ئێرانی ئێستادا مەرجگەلێکن کە دەست وێ‌ڕاگەیشتنیان دوورە.

سڕینەوەی دامەزراوەی حیزب لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگەی ئێران‌دا تەنیا بە سەرکوت و پاساغ کردنی حیزبە ناخودی و ریفۆرمخوازە مەزهەبی‌یەکان بەرتەسک نەبۆتەوە. باڵی کۆنەپارێز و بنەماخوازی بەشدار لە دەسەڵاتیش لە دامەزراندنی حیزبگەلێکی وەڵامدەر بە بەرنامەیەکی روون خۆیان پاراستووەو پێکهاتە سیاسی‌یەکانی خۆیان لە چوارچێوەی هاوپەیمانی‌گەلێکی وەک بەرەی خۆڕاگری، بەرەی رووبەڕووبوونەوەو خۆڕاگری، کۆمەڵەی لەخۆبوردووی شۆڕشی ئیسلامی و کۆمەڵەی ئاوەدانکەرەوانی ئێرانی ئیسلامیان پێک هێناوە.

شرۆڤەکارانی سیاسیی دەڵێن کە بەردەوامی و خۆڕاگری ئیستبدادو سەرەڕۆیی سیاسیی، گەشە نەکردنی چینەکان و کۆمەڵگەی ئێران لە ئابووری پشت ئەستوور بە دابەش کردنی داهاتی نەوت، نەبوونی کلتووری دیمۆکراتیک لە کۆمەڵگادا، دەوڵەتی بوونی حیزبە سیاسی‌یەکان بەشێک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی حیزبەکانن لە ئێران‌دا.

ئەوان درێژە بە قسەکانیان دەدەن و دەڵێن کە هەڵبژاردن لە ئێران‌دا نائازاد، نادادپەروەرانە، فێڵاوی و ناتەندروستە ئەو گونجانەی تێدا نیە کە دەسەڵات بگوازرێتەوە بە شێوەیەکی راستەقینە.

کەسانێک کە تاکوو بەر لەمە پشتیوانیان لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردن دەکرد وەک ڕێگا یان کوێرە ڕێگایەک بەرەو دیموکراسی، هەنووکە باس لە بایکۆتی هەڵبژاردن دەکەن و گەیشتن بە "دمکراسی حداقلی" بە گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتی و پێکهاتەی ئەرایی لێک دەدەنەوە.

سەرچاوە: ئینتێرنێت





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژاردن لە ئێرانداو چەواشەکردنی دیمۆکڕاسی



وریا سالح زادە

بەشداری کردنی خەڵک لە سیاسەتدا لە هەموو شێوەکانی بۆ پێگەیشتن و نیهادینەکردنی دیمۆکڕاسی پێویستە. ساکارترین شێوازی بەشداری سیاسیی، دەنگدانی هاوولاتیانە بە حیزبو تاکو سیاسەتەکانیانو هەروەها شێوازگەلی دیکەی بەشداری سیاسیی بریتییە لە تێکۆشانی هەڵبژاردن، شێوەی کارتێکەری لە سیاسەتمەداران، دەستەو تاقمی دەست ڕۆیشتوو و حیزبی سیاسیی و هتد.

بەشداری لە ڕێگای مافی دەنگدانەوە لە ڕۆژئاوادا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەمەوە پەرەی گرت، لە زۆربەی ولاتە ئورووپاییەکاندا بەشداری سیاسیی و مافی دەنگدان دوای شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ی زایینی پەرەی ستاندو لە زۆربەی ئەو ولاتانەدا مافی دەنگدانی گشتی لە سەرەتای دەیەکانی سەدەی بیستەمدا بەخشرا.

بەم حاڵەشەوە مافی دەنگدانی ژنان لە زۆر ولاتان درەنگتر پێگەیشت. لە ئینگلستان لە ١٩٨٧، لە ئەمریکا ١٩٢٠، لە فەرانسە ١٩٤٦ و لە سوویس ساڵی ١٩٧١ ژنان مافی دەنگدانیان پێدرا. لە ئەمریکا تاکوو ساڵی ١٩٦٥ نیوەی دانیشتووانی ڕەشپێست نەیاندەتوانی لە مافی یاسایی خۆیان لە دەنگداندا کەڵک وەرگرن. بەڵام لە ئێراندا مەخابن تا ئێستا هەڵبژاردنێک نەکراوە بە واتا دیمۆکڕاسییەکەی تا باس لە مێژووەکەی بکەین.

بەشداری سیاسیی بەبێ ڕکابەریو ململانێی سیاسیی بەشداری دیمۆکراتیکی پێناڵێن، لە زۆر سیستێمی تۆتالیتێردا زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لە هەڵبژاردندا بەشداری دەکەنو دەسەڵات لە دەستی حیزب یان گرووپێکدا دەمێنێتەوە. لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی ئاشکراو بێ شەرمانە دیمۆکڕاسی لەوپەڕی چەواشەکاریدا خۆی دەبینێتەوەو بەشداری بەناو دیمۆکڕاسیانە بە خەڵک لە هەڵبژاردنە فەرمایشیەکاندا دەکرێ، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی سیستمێکی زۆرەملی و دیکتاتۆرییە کە بە شێوەی جۆراوجۆر






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵکی ڕادەکێشن. کە سەیری ئەم قۆناغەی هەڵبژاردنی مەجلیس دەکەین لە ئێراندا، جیاوازی‌یەکی بەتەواو مانای هەیە لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی دیکەی هەڵبژاردن لە ماوەی ئەم سی‌و سێ ساڵەی حوکمڕانی کۆماریی ئیسلامی‌دا، چونکە بۆ حکوومەت زۆر گرینگە خەڵک بەشداری لە هەڵبژاردندا بکات بە تایبەت لەو دۆخە نێونەتەوەیی‌یە هەستیارە کە کەش‌وهەوای سیاسیی ئێرانی تەومژاوی کردوە لەهەمبەر مافی مرۆڤ، مافی کەمینە نەتەوەیی و ئایینی‌یەکان و لە سەروو هەمووشیانەوە درێژەدان بە بەرنامە ئەتۆمیەکەی.

هەر لە درێژەی پڕوپاگەندە ڕاگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی کە تەواو سەر لێشێواوی پێوە دیارە. سەردار نەقدی کە یەکێک لە ڕووخسارە دیارەکان لە سەرکوتی دوای کودیتای هەڵبژاردنی جۆزەردانی ١٣٨٨ی‌هەتاوی‌یە، ١٠ ڕۆژ پێش هەڵبژاردنی پارلمانی کە بڕیارە لە دوازدەی ڕەشەمەی ١٣٩٠ی‌هەتاوی ئەنجام بدرێ گوتی: "هەر لە ئێستاوە پیرۆزبایی لە خەڵکی ئێران دەکەین بە بۆنەی ئامادەبوونیان لە سەندووقەکانی دەنگدان، چونکە بە دڵنیایی‌یەوە بە شێوەیەکی وەها ئامادە دەبن لە سەندووقەکانی دەنگدان کە بە تەواوی سەرشۆڕی نەسیبی دوژمن دەکات". دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێک لە مەترسیدارترین پەیامەکان بۆ خەڵکی بەش‌خوراوی ئێران کە هەر لە ئێستاوە بە دڵنیایی‌یەکی درۆئاسا و تەڵەکەبازانەوە ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوەو ڕەوایی بە هەڵبژاردنەکە دەدەن، لە حاڵێکدا زۆربەی هێزە سیاسی‌یەکانی دەرەوەو نێوخۆی وڵات هەڵبژاردنیان بە شێوەیەکی بەربەرین تەحریم و بایکۆت کردوە. لە نیزامێکدا کە هەموو ڕێگاکان دەچێتەوە لای ڕێبەری(ویلایەتی فەقیە)، شتێکی سروشتی‌یە کە هەموو ڕوانگەو هەڵسەنگاندنەکان بە مەرامی دڵی شەخسی خامنەیی بێت. هەر سەید عەلی خامنەیی بوو کە سەبارەت بە دەرەنجامی هەڵبژاردنی دەوری دەیەمی سەرۆک کۆماریی ساڵی ١٣٨٨ کە بە میلیۆن کەس لە هاووڵاتیان نارەزایەتیان بۆ ئەنجامەکان دەربڕی، لە گوتارە بەناوبانگەکەی نوێژی هەینی تاراندا گوتی: "ساختەکاری"!؟ ئەویش بە جیاوازی یازدە ملوێن دەنگ! وەختایەک جیاوازی لە نێوان دوو دەنگ، سەد هەزار، پێنج سەد هەزارو یەک ملوێن هەیە، ئێستاش دەکرێ بڵێین بە جۆرێک لە جۆرەکان ساختەکاری کراوە، ئەم لاو ئەلا کراوە، بەڵام چۆن دەکرێ یازدە ملوێن دەنگ ساختە بکرێت!؟ ئەم قسەیەی خامنەیی قسەیەکی ئادۆلف هیتلێر ڕێبەری نیزامی فاشیستی ئاڵمانی نازیمان وەبیردێنێتەوە کە

**خامنەیی لەم ڕوانگەیەوە دەی‌هەوێ حکوومەت تەواو یەک دەست بکات و هیچ لایەن و باڵێک نەمێنێ کە نارەزایەتی‌یە نێوخۆیی‌یەکان کۆنترۆڵ بکا تاکوو بتوانێ لە سیاسەتی دەرەوەدا تاک لایەنە بڕیار بداو بڕیاراتی سیاسەتی دەرەوە لە فەرلایەنی بهێنێتە دەرەوە.**

کاتی خۆی گوتبووی: "درۆ دەبێ هێندە گەورە بێ کە هیچ کەس باوەڕ نەکا کە ئەوە درۆیە و وەها بێ‌شەرمانە چەواشەی ڕاستی‌یەکان دەکرێت".

خامنەیی لەم ڕوانگەیەوە دەی‌هەوێ حکوومەت تەواو یەک‌دەست بکات و هیچ لایەن و باڵێک نەمێنێ کە نارەزایەتی‌یە نێوخۆیی‌یەکان کۆنترۆڵ بکا تاکوو بتوانێ لە سیاسەتی دەرەوەدا تاک لایەنە بڕیار بداو بڕیاراتی سیاسەتی دەرەوە لە فەرلایەنی بهێنێتە دەرەوە.

لە ڕوانگەی چالاکوانانی سیاسیی و مەدەنی کاریزمابوونی خامنەیی لە بنەمادا شتێکی بێ‌واتایە، چونکە ڕێبەری کاریزماتیک بە دوای مردنی خومەینی‌دا گۆڕانکاری بەسەردا هات. لەسەردەمی خومەینی‌دا کە ناوبراو پێشنیاری ئەوەی دەکرد کە دەنگ بدەن بە کەسی باوەڕ پێکراوی ویلایەت تا ڕادەیەک وەڵامدەر بوو، بەڵام لەسەردەمی خامنەیی‌دا کە پێشنیاری دەنگدان بە کەسی باوەڕ پێکراو لە لایەن ویلایەتی فەقیوە دەکرێ خەڵک بە پێچەوانەوە دەجووڵێتەوە واتە خۆشەویستی ڕێبەری و ویلایەتی فەقیە لەوپەڕی بێ‌هێزی خۆی دایە لەنێو کۆمەڵگای ئێراندا، ئەمەش نیشانەی پێشکەوتنێکی بەرچاوی کۆمەڵگای مەدەنی‌یە لە ئێراندا.

دەرەئەنجام لە دۆخێکی وەک ئەمڕۆ، بەشداری‌کردن لە هەڵبژاردندا شانۆیەکی تەواو نادیمۆکراتیکە و هیواداربوون بە گۆڕانکاری لەو سیستەمەدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و هەروەها بەشداری کردن لە هەڵبژاردندا کارێکی دژ بە تاکەکانی کۆمەڵگایە و لە ڕوانگەی نێودەوڵەتیشەوە بەشداری کردن دەتوانێ مەترسیدار بێ و مەترسی شەڕێکی گەورە بێتە ئاراوەو ئێران زیاتر پەرە بە بەرنامە ئەتۆمی‌یەکەی بدا، چونکە پێی وایە ڕەوایی وەرگرتووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵوەستەیەک سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆیەم

ب.چـــــــــرۆ

سەرەتا دەمویست کە سەبارەت بە فایلی ئەم ژمارەیەی لاوان کە تایبەت کرابوو بە تەحریمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس، سەرنج و تێبینییەکانی خۆم دەربـبـڕم؛ بەڵام کە بیرم لێکردەوە، دیتم لەو ماوەیەدا، هەرچی ئۆپۆزیسیۆن گوتبووی و نووسیبووی بە ئاقاری بایکۆتدا بوو؛ هەر بۆیە پێم باش بوو چاوێک بەسەر شێوەی بەڕێوەبردن و ئامار و ئەنجامەکانی ئەو شانۆسازییەدا بخشێنم.

هەرچۆنێک بێ، بەناو هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی نۆیەم کە لە ڕۆژی ١٢ی ڕەشەمەمە(٢ی مارس) بەڕێوەچوو، زیاتر وەک هەڵبژاردنێکی بنەماڵەیی دەچوو، چونکە هەر لە بنەڕەتڕا هەڵبژاردنێک بوو لە نێوان کۆنەپارێزان (محافظەکاران)دا؛ کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەو تەیفەش بۆ ئـەوەی خـەڵکی بکێشنە سەر سندووقەکانی دەنگدان، وایاندەنواند جۆرێک ڕقەبەری لە نێوانیاندا هەیە، کە بە ڕای من ئەو ڕقەبەرایەتییەش تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی دەسەڵات لە نێوان خۆیان دابوو و بەس، ئەگینا تەواوی بەرئەندامە تەئیدکراوەکانی ئەو تەیفانەش، ئەوپەڕی وەفاداریی خۆیان بۆ عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕژێم، دووپاتە کردبووە.

شک و گومانەکان لە بارەی بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لەو بەناو هەڵبژاردنەدا، کاتێک زیاتر خۆدەنوێنێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بنیاتە سەربەخۆو غەیرەحکوومییەکان نادا لە بارەی هەڵبژاردنەوە ڕاپرسییەکی سەربەخۆ بەڕێوەبەرن و یان چاوەدێری بەسەر ڕەوتی بەڕێوەچوون و ژماردنی دەنگەکاندا بکەن

سەرەنجام هەر بەو جۆرەی کە پێشبینی دەکرا، ڕاگەیاندنەکانی ڕێژیمیش، ئەو هەڵبژاردنەیان لە مێژوودا بە بێوێنە وەسف کردو گوایە هەر بەو جۆرە بەڕێوەچوو کە خامنەیی لە هەشتی ڕەشەمەمەدا پێشبینی کردبوو: "بەشکۆ، دوژمنشکێن و ... "!!

لەم بەناو هەڵبژاردنەدا، زۆربەی هەرە زۆری ڕیفۆرمخوازەکان هەڵوێستی بایکۆتیان گرتبووە پێش؛ جیا لەوەش سەرجەم هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش هەر ئەو هەڵوێستەیان ڕەچاو کردبوو، کەواتە داخوا لە وەها هەلومەرجێکدا دەکرێ بڕوا بەوە بێنین کە زیاتر لە سەتا شەستی خەڵکی ئێران [٤٨ میلیۆن کەس مافی دەنگدانیان هەبوو] لەو شانۆسازییەدا بەشدار بووبێتن؛ ئەگەر ئەوەشمان لە بیر نەچووبێتەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریشدا، لە چاوتروکانێکدا زۆر بە سانایی دەنگەکانی مووسەوی و ئەحمەدینژادیان گۆڕی و ئەحمەدینژادیان قوت کردەوە، خۆ ئەو






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کاتیش هەر خۆیان ڕایانگەیاندبوو کە ڕیفۆرمخوازەکان نزیکەی ١٤ میلیۆن دەنگیان هێناوەتەوەو بە دڵنیاییەوە ئەو ١٤ میلیۆنە لەم شانۆیەی ئەمجارەشدا بەشدارییان نەکردوە، هەربۆیە نابێ هیچ کات بڕوا بەو ئامار و حەساوانە بکەین کە لە لایەن موهەندسی کراوە، هەڵبژاردنێک کە هیچ کام لە پێوەرەکانی شەرعی و قانوونی کە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیدا هەن، تێیدا نابیندرێ".

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژنامەی فیگارۆ چاپی فەرانسە دەنووسێ کە بە دڵنیاییەوە ناکرێ بەو سەبارەت بە ڕادەی بەشداریی بەربڵاوی خەڵکی هەر شار و ناوچەیەکی کوردستان بڵاوی کردەوە، نەک هەر نەیانتوانی بەڵگەی بەشداریی بەرینی خەڵک لە دەنگداندا بن، بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە هێندەی دیکە ئەو شانۆسازییەی بردە ژێر پرسیار.

لەوانەش سەیرتر، ئامادەیی هەواڵنێرانی بیانی لەم هەڵبژاردنەدا زۆر بەرتەسک بوو، "ئەیوان واتسۆن"، هەواڵنێری "سی.ئێن.ئێن" لە ڕۆژی هەڵبژاردندا گوتی: "ئەمە یەکەم هەڵبژاردنە لە جیهاندا کە من دەبینم هەواڵنێرەکان بە ئوتووبووس دەبەن بۆ ڕۆماڵ کردنی هەواڵەکان و دواتر تەواویان دەنێرنەوە هوتێل و داوایان لێدەکەن کە ئەو شوێنە بەجێ‌مەهێڵن".



Cartoon : Peyman Alishahi — FARS NEWS AGENCY

ڕێژیمەوە ڕادەگەیەنرێن و وەک بەڵگە و پێوەری بەشداری خەڵک بیانهێنینەوە.

شک و گومانەکان لە بارەی بەشداریی ڕاستەقینەی خەڵک لەو بەناو هەڵبژاردنەدا، کاتێک زیاتر خۆدەنوێنێ کە کۆماری ئیسلامی ئیزن بە بنیاتە سەربەخۆو غەیرەحکوومییەکان نادا لە بارەی هەڵبژاردنەوە ڕاپرسییەکی سەربەخۆ بەڕێوەبەرن و یان چاوەدێری بەسەر ڕەوتی بەڕێوەچوون و ژماردنی دەنگەکاندا بکەن.

ڕەخنەگرانی حکوومەتی ئێران لە کاردانەوە بە ئامارەکانی دەوڵەتی هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە دەسەڵات لە هەڵبژاردنەکاندا پێشتر بەرنامەی بۆ دەنگدانی خەڵک داڕشتووەو بە شێوەیەکی بەرنامەبۆداڕێژراو بە قازانجی خۆی کارەکانی سەروبەر کردوە.

ماڵپەڕی کەلیمە لە ڕاپۆرتێکدا لە بارەی بەشداری نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنی مەجلیس و "ئاماری دژ و جیاواز لە یەکی حکوومەت" دەنووسێ: "ئەو جیاوازییانە کە لە نادروستی و ناڕاشکاوی لە پێدانی زانیاری بە خەڵک سەرچاوە دەگرێ پیشان دەدا بە شێوەیەکی ناشیانە دەنگەکان بۆ بەشکۆ پیشاندانی هەڵبژاردن ئامارانەی حکوومەتی ئێران ڕایگەیاندوە باوەڕمان هەبێ.

لە کوردستانیش، سەرەڕای ئەوەی کە ڕادەیەکی کەمی خەڵک لە ژێر هەڕەشە و زەبروزەنگ بە تایبەتی لە نێو کارمەندانی حکوومەتیدا ناچار بوون دەنگ بدەن، ئەمەش هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە ئەم بەناو هەڵبژاردنە لە زۆربەی شار و گوند و ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ کەمترین پێشوازی بەرەوڕوو بوو. لە ڕۆژی دەنگداندا، هەتا دەمەو ئێوارە خەڵکێکی زۆر کەم چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و هێز و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕێژیم ناچار بوون کە لە ڕێگەی جۆراوجۆری وەک ڕاگەیاندنی ئەوەی کە بێتوو بەشداری لە هەڵبژاردندا نەکەن، یارانەکانتان دەبڕین و مناڵەکانتان لە قوتابخانە دەردەکەین یان ئەگەر بەیانی هاتنەوە سەر کار دەبێ ناسنامەکانتان لەگەڵ خۆتان بێنن و دەیان شتی دیکەی لەو بابەتە، توانیان ژمارەیەک لە خەڵکی ناچار بە دەنگدان بکەن و بۆ ئەوەی وابنوێنن کە خەڵکی بە شێوەیەکی پڕشکۆ بەشداری لەو بەناو هەڵبژاردنەدا کردوە، ماوەی دەنگدانەکەیان درێژ کردبۆوە!. ئەو ئامارانەش کە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم

# شانۆی
# بەناو هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا



تەها رەحیمی

رابردووی خەباتی گەلانی ئێران لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و بەجێ نەمان لە رەوتی بەرەو پێشی مێژوو، دەگەڕێتەوە بۆ قۆناخی دەسپێکی ئەو شۆڕشەی بە شۆڕشی "مەشرووتە" ناسراوە. نزیک بە سەدەیەکە خەڵکی ئێران لەم پێناوەدا بە هەموو نەتەوەکانییەوە خەبات دەکاو قوربانی پێشکەش بەم رێگەیە دەکا. لوتکەی خەباتی بەرخۆدان لەم پێناوەشدا دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی کە نرخی ئەم سەرکەوتنە شەهیدبوونی دەیانو سەدان هاوولاتیی ئێرانی بوو. بەڵام شەپۆل سوارانێک بە ناوی ئایین

**سیستمی نائاشنای کۆماری ئیسلامی کە هەر لە ناخو نێوەرۆکی خۆیدا دەگەڵ دیموکراسیو بەها نوێیە مرۆییەکان پاڕادۆکسی جەوهەری هەیە، بە دەمامێکی جیهان پەسندو بەڕێوەبردنی رواڵەتیی و فۆرمالیتەیی بنەماکانی دیموکراسی جیهانی دەرەوەشی خافڵاندو ئەوە زیاتر لە سێ دەیەیە ئێرانی کردوە بە زیندانێکی بەربەرین بۆ خەڵکی ئازادیخوازو خاوەن شارستانییەتی گەلانی ئێران**

هاتنو بە هەڵفریواندنو دەمامکی دیموکراسییەوە زۆربەی رەوتو لایەنە ئازادیخوازو دیموکراتیکەکانیان خافڵاندو بەدوای پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆیاندا دەستیان کرد بە وەلانانو راوەدوونانی ئەندامانو لایەنگرانی ئەو رەوتانە.

سیستمی نائاشنای کۆماری ئیسلامی کە هەر لە ناخو نێوەرۆکی خۆیدا دەگەڵ دیموکراسیو بەها نوێیە مرۆییەکان پاڕادۆکسی جەوهەری هەیە، بە دەمامێکی جیهان پەسندو بەڕێوەبردنی رواڵەتیی و فۆرمالیتەیی بنەماکانی دیموکراسی جیهانی دەرەوەشی خافڵاندو ئەوە زیاتر لە سێ دەیەیە ئێرانی کردوە بە زیندانێکی بەربەرین بۆ خەڵکی ئازادیخوازو خاوەن شارستانییەتی گەلانی ئێران.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی تەمەنی خۆیدا زیاتر بە شانۆی هەڵبژاردن مەشرووعییەتی خۆی بەو رەوتو لایەنانەی دەنگیان لە دژی سیستمی سەدە ناقینیو دواکەوتووی ئاخوندەکان هەڵبڕیوە، دەفرۆشێ و بەهێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە بەرانبەر دنیای دەرەوەدا لافی پشتیوانی هەمەلایەنەو خەڵکی بوونی سیستمە گەندەڵەکەی لێدەدا. پرۆسەی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی کە دژایەتی دەگەڵ هەموو پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازادو دیموکراسییانە هەیە، هەر لە ناونووسی پاڵێوراوانەوە تا چوونی نوێنەران بۆ پارلەمان روەتێکی پڕ لە کۆسپو تەگەرە دەپێوێو تەنیا شانۆیەکە بۆ ئەوەی بە رووی جیهانی دەرەوەدا نیشان بدا ئاخوندەکانیش بڕوایان بە دەنگی خەڵک هەیە. ئەگینا هەموو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا گەمەکردن بە دەنگو ویستی خەڵک بووەو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە کۆماری ئیسلامیدا

بەر لە هەڵبژاردن دیاری کراونو ئەو کێبەرکێو پڕوپاگەندانەی کە دە نێو باڵەکانی دەسەڵاتدا سازکراوە هەموو شانۆ و رواڵەتسازیی دەسەڵات بووە بۆ خافڵاندنی خەڵک و هەڵفریواندنی بیروڕای گشتی. هەڵبژاردن لە ئێراندا بێبەرییە لە هەڵبژاردن بۆ دیاریکردنی چارەنووس و دیاریکردنی نوێنەرو رێبەرو بەرپرسێک کە وەڵامدەر بێ لە بەرانبەر خەڵکدا. گوازتنەوەی دەسەڵاتی خەڵک لە سندووقەکانەوە بۆ کەسانێک کە لانی کەم پێداویستییەکان بۆ کۆمەڵگە دابین بکەن و خەڵک بە پێی قانوونێک توانای لابردنی کەسانی نابەرپرسیاریان هەبێ لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا مانای خۆی دەدۆڕێنێ. هەر بۆیە خەڵکیش بە شارەزابوون لەم گەمەیەی دەسەڵاتبەدەستان لە زۆربەی هەرە زۆری خولەکانی هەڵبژاردندا ئەو کەسانەی لێ دەرچێ جۆرێک لە جۆرەکان بەرژەوەندییەکانیان دەگەڵ مانەوەی سیستمی ئیسلامییە، هەڵبژاردن وەک دەرفەتێک دەبینن بۆ کڵپەی نارەزایەتی پەنگخواردوویان و چوون یا نەچوونیان تەنیا بە دژایەتی پاوانخوازان و نا وتنی بە رووخسارە دیارەکان و کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بووە.

بۆوێنە بەشداری بەرفرەوانی خەڵک لە خولی حەوتەم و دەیەمی سەرکۆماری نا وتن بە باندی خامنەیی و دژایەتیی دەربڕین بە ئەسڵی سیستم بوو هەتا بەربژێرکردنی کەسانێکی وەک خاتەمی و مووسەوی یا کەرووبی. هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماری بیرەوەرییەکی تاڵی بۆ پاوانخوازانی کۆماری ئیسلامی جێهێشت و ئەو سیستمەی بە تەواو مانا لە سەرانسەری جیهاندا تووشی کێشەو ئاریشەو توندتیژتر بوونەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کردو کوشتن و گرتنی بەربەرینی هاووڵاتیانی ئێرانی لێکەوتەوەو بوو بەهۆی ئەوەی کە باندی ڕێبەری و ویلایەتی فەقیه زیاتر هەست بە مەترسی بکەن و بۆ گەڕاندنەوەی مەشرووعییەتێک کە هەر لە سەرەتاوە بە پێی ڕواڵەتسازی دەستەبەری کردبوو لەرادەبەر تێ بکۆشی و بەر لە دەسپێکی هەڵبژاردنەکانی خولی نویەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی دەست بکا بە پروپاگەندەی "توهم"ی دوژمنسازیی و سەرکوت و دەسبەسەرکردنی چالاکان و هەڕەشەو گوڕەشەی لە خەڵک بۆ بەشداری لە هەڵبژاردنێک کە هەموو هێزە ئۆپۆزیسیونەکان بە دەرەوەو نێوخۆ بایکۆتیان کردبوو. کۆدەنگی ڕەوت و لایەن و بەرەکانی سەربە نەتەوەکانی ئێران لە تاراوگەو نێوخۆ، بایکۆتی ئۆپۆزیسیۆنی ناسراو بە ڕیفۆرمخواز و ناڕەزایەتی کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی وەک چاوەدێری مافی مرۆڤ هەموو نیشان لە بەسەر چوونی سیستمێکن کە نەک سەردەمیانە نییەو بە زەبری چەک خۆی بەسەر خەڵکێکدا داسەپاندوە، بەڵکوو بێزاری گشتی و جیهانی لەم چەشنە حکوومەتەیە. ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ لە پێوەندیی دەگەڵ هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیسدا بە قووڵی نیگەرانی خۆی نیسبەت بە نادادپەروانە بوونی ڕەوتی هەڵبژاردن دەربڕی و شێوازی ناونووسی و ڕەت کردنەوە پاڵێوراوەکانی بە موهەندیسی کردنی لە پێشدای ئەم هەڵبژاردنانە لە قەڵەم دا.

دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا دەستیان کرد بە گرتن و دەسبەسەرکردنی زۆرێک لە هاووڵاتیان و تەنانەت لە خوزستان و لە شارەکانی شووش و حەمیدیەو ئەهواز بەگژ خەڵکدا چوونەوەو نزیک بە سێ کەس کوژران و بە دەیان کەس لە قولینچکەکانی زیندان پەستێوتران. لە شارەکانی کوردستانیش ئیتلاعات چالاکییەکانی خۆی چڕتر کردەوەو فەزای ترسو تۆقاندنی بەرتەسکتر کردوەو دیسان سناریۆیەکی سواوی بە کێبەرکێ دە نێوان ئووسولگەراکان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان هێنایە گۆڕێ. باس و مشتومڕ لەسەر شێوازو میتۆدی هەڵبژاردنێکی ستانداردو دیمۆکراتیانەو ئەو شێوە ڕواڵەتییەی سیستمی کۆماری ئیسلامی بە دیان وتارو کتێب هەڵدەگرێ‌و کورتە وتارێک تاقەتی پێی ناشکێ. بەڵام هەوڵ دەدەین باس لە هێندێک لەو گوشارانە بکەین کە دەسەڵاتبەدەستان بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگ بەکاریان دەهێنن. بە گرتن و دەسبەسەرکردنی چالاکان و ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێوخۆی وڵاتدا هەوڵ دەدەن ڕووخساری ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک شی بکەنەوە یەکێک لەم ئامرازەیەی دەسەڵات بووە کە لە سەرەتای دامەزرانییەوە فەزایەکی پڕ ترس و تۆقاندنی پێ ساز کردوەو بە هەڕەشەو گوڕەشە چینێک لە خەڵکی هێناوەتە سەر سندووقەکان. هەر سیستمێکی ناجێگیرو داسەپاو و دیکتاتۆڕ کە مانەوەی خۆی بە ئایدۆلۆژی ببەستێتەوەو بەرژەوندیی خەڵکەکەی بە بەهاو بایەخە گشت پەسندو شێوازی حوکمەیەی نەبەستێتەوە، هەوڵ دەدا بۆ پێنج داکوتانی بنەما لەرزۆکەکانی بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆمەڵە خەڵکێک بە دەورە خۆ کۆ بکاتەوەو لە ڕۆژی تەنگانەدا بتوانێ وەک ئەهرۆم بەکاریان بێنێ. کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەمۆکردنی زیاتری خەڵک و بیروبڕواکان دامەزراوەگەلێکی زۆری پێک هێناوەو بە برە کەمێکی پارە خەڵکێکی بەم ڕێکخراوانەوە بەستوەتەوە، کە لەم کاتانەدا بە هەڕەشەی بڕینی ئەم یارمەتییانە هەوڵ بۆ ڕەکێشیان لە شانۆکانیاندا دەدا.

یارانەکان کە ئەحمەدینەژاد دوای دانانەوەی بە سەرکۆماری هێنایە گۆڕێ و وەک کوردی دەڵێ: "لە ئاتەگی دەرێناو لە شانی کردەوە"، باشترین ئەهرۆمی گوشار بوون بۆ هێنانی خەڵکی هەژار بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. دەسەڵاتبەدەستان سەرەڕای ئەوەیکە نزیک بە سێسەت هەواڵنێری دەرەکییان بۆ چاوەدێری ئەم خولەی هەڵبژاردن بانگهێشتی ئێران کردبوو، بەڵام لە ڕۆژی هەڵبژاردندا نەیانهێشت بەشێک لەو هەواڵنێرانە بۆ ڕوومالی هەواڵەکان سەفەری شوێنی دڵخوازی خۆیان بکەن جگە لەم شوێنانەی خۆیان لە پێشدا دیاریان کردبوون و لەم لایەشەوە مێگەلی دەوروبەری خۆیان بۆ هاتنە ئەو حەوزە دیاریکراوانە جاڕ دابوو. هەروەها بە هەڕەشەی بڕینی نانی فەرمانبەران و دەرکردن لەسەر کارو دەرکردنی قوتابیان و خوێندکاران لە قوتابخانە و خوێندنگەکان و هەروەها درێژکردنەوەی ماوەی دیاریکراوی دەنگدان بۆ ماوەی پێنج ساعەت دەرفەتی بۆ ئەهرۆمەکانی گوشارو هێزە مرۆڤ تۆقێنەکان ڕەخساند تا بەزۆری خەڵکێکی زیاتر پەلکێشی سەر سندووقەکان بکەن. هەروەها لە شارە تێکەڵاوەکانی نەتەوەکانی ئێران بە قووڵ کردنەوەی دووبەرەکایەتی نەتەوەیی هەوڵیدا ئەم نەتەوانە لە قینی یەکتر هان بداو ڕەکێشی سەر سندووقەکانیان بکا. ئەم خولەی هەڵبژاردنەکانیش وەک هەڵبژاردنەکانی پێشووی حکوومەتی سەدە ناڤینی بە پێی بەرنامەی لە پێشدا داڕێژراو و مەهەندیسی کراو وێڕای شەپۆلێکی گرتن و سەرکوت بە لەنگە لەنگە بەڕێوەچوو و جگە لە خۆیان کەس دانی خێری پێدا نەنان، بەڵام ئایا تاکەی ئەم شانۆیانە تەمەنی کۆماری ئیسلامی رادەگرن، پرسیارێکە پێوەندیی بە چارەنووسی چەند نەتەوەوە هەیە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژاردنی مەجلیس لە نێوان دۆڕانی کۆماری ئیسلامیو ئۆپۆزیسیۆندا



ڕەحمان سەلیمی

هەڵبژاردنی دەورەی نوێیەمی مەجلیسی شووورای ئیسلامی لە هەلومەرجێکی تایبەتدا بەڕێوەچوو و دژکردەوەی جۆراوجۆرو دژیەکی لێکەوتەوە، هەرچی لایەنی دەسەڵاتدارو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بوون بە هەڵبژاردنێکی سەرکەوتوویان وەسف کردو رایانگەیاند ئاستی بەشداریی خەڵک بەرین و بەرچاو بووە، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی هەرە زۆری لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنو تەنانەت بەشێک لە پێکهاتەی دەسەلاتداریتیش لە ناوخۆی ئێران، هەڵبژاردنیان بە نائازادو نادیمۆکراتیک لەقەڵەمداو ئاستی بەشداریی خەڵکیان بە نزم خەملاند.

هەر چۆنێک بێ هەڵبژاردن لە کەشێکی ئارام و بێکێشە و سەرئێشە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو و ئاکامەکانیشی لە لایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی گشتی قەبووڵ کرانو بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی دوو ساڵ لەمەوبەری سەرکۆماری، نارەزایەتییەکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە باسی بکەم هەڵوێستی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لەسەر هەڵبژاردنو کاریگەرییان لەسەر رەوتی هەڵبژاردن لەسەر دوو ئاستی سەراسەری و کوردستانییە.

لەسەر ئاستی سەراسەری حیزبو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە چەپو راست، بە کۆماریخوازو سەڵتەنەت خوازەوە لە چەند مانگ پێشترەوە هەڵبژاردنیان تەحریم کردو داوایان لە خەڵک کرد کە بەشداری هەڵبژاردنەکان نەبن و لەو پێناوەشدا بە سەدان کاتژمێر بەرنامەی تەلەویزیۆنیو رادیۆییو لە رێگای دەیان ماڵپەڕو رۆژنامەوە بۆ هاندانی خەڵک بۆ تەحریمی هەڵبژاردن بەرنامە ئامادەو بڵاو کرایەوە.

**لە ئێراندا زۆر بە ئاسانی دەنگدەر و دەنگنەدەر لێک جیا دەکرێنەوە، هەر بۆیە کاربەدەستانی رێژیم بە بەکارهێنانی هەڕەشە و دروست کردنی دڵەڕاوکێ بە تایبەت لە نێو چینی کارمەندو خوێندکارو مووچەخۆردا ئازادیی دەنگنەدانیان لێ زەوت دەکەن و ناچاریان دەکەن بە پێچەوانەی ویستیشیان بێ، دەنگ بدەن**

بە پێچەوانەی هەڵبژاردنی پێشوو کە ئۆپۆزیسیۆن بە سەر دوو بەرەدا دابەش ببوو کە بەرەیەک تەحریمی هەڵبژاردنی کردبوو و بەرەیەکیش پشتیوانی لە کاندیدە ریفۆرمخوازەکان کردبوو بەو هیوایەی کە لە رێگای ریفۆرم لە نێوخۆی دەسەڵاتەوە پاشەکشە بە سەرەرۆیی و دیکتاتۆری بکەن، لەم هەڵبژاردنەدا یەک دەنگییەکی کەم وێنە لە هەڵوێستدا هاتە ئاراوە. ئەگەر هەڵوێستی ریفۆرمخوازانی نیوخۆ و بەشدار نەبوونیان لە هەڵبژاردن و هەڵبژێرانیش بخەینە سەر هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە، وا چاوەڕوان دەکرا کە لە هەڵبژاردنێکی یەک جەمسەریدا زۆرینەی هاوولاتیان بەشداری هەڵبژاردنەکان نەبن و ئاستی ململانێی کاندیدەکان و ئاستی بەشداری خەڵک بە کەمترین ئاست بگا، بەڵام هەرچەندە کۆماری ئیسلامی ئیزنی هەواڵنێرانی بێ لایەنی نەدا ئازادانە سەردانی بنکەکانی دەنگدان بکەن و هیچ چاودێرێکی نێودەوڵەتیش لە هەڵبژاردنەکەدا بەشدار نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە ناکرێ متمانە بکرێ بەو ئامارانەی کە وەزارەتی ناوخۆ بڵاوی کردەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانە ئاستی بەشداریی لەو هەڵبژادنەدا بەرچاو بوو و ژمارەیەکی زۆر دەنگدەر روویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد.

هەرچەند لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن نەیانتوانی ئەو راستییە قەبووڵ بکەن و هەوڵیاندا وا نیشان بدەن کە خەڵک بەدەم داواکارییەکەیانەوە چوون و دەنگیان بە رەواییەتی رێژیم نەداوە. ئێمە لێرەدا بە پشت بەستن بەو داتایانەی لە ناوخۆی وڵاتەوە درزیان کروەو هەروەها راپۆرتی هێندێک هەواڵنێری بێ لایەن گریمانە لەسەر بەشداریی رێژەیی خەڵک دادەنێن. بەو گریمانەیەوە ئاماژەیەکی کورت بە هۆکارەکانی بە پیلەوە نەهاتنی خەڵک بە داواکاریی ئۆپۆزیسیۆن دەکەین:

١. سروشتی هەڵبژاردنی مەجلیس لە ئێراندا بە شێوەیەکە کە بە ئاسانی دەکرێ تێیدا ململانێی عەشیرەیی، ئەتنی و ... زەق بکرێتەوەو خەڵک هان بدرێن بۆ چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ململانێ لەسەر ئاستی شارو شارۆچکەکان لە هەڵبژاردنی مەجلیسدا کارێکی دژوار نییە و کاربەدەستانی رێژیم شارەزایانە لەسەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەر ناوچەیەک کار دەکەن و جیاوازییەکان دەدۆزنەوەو کەڵکی لێوەردەگرن بۆ مەبەستەکانی خۆیان.

٢. لە ئێراندا زۆر بە ئاسانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دەنــگدەر و دەنـگـنـەدەر لێک جیا دەکرێنەوە، هەر بۆیە کاربەدەستانی ڕێژیم بە بەکارهێنانی هەڕەشـە و دروست کردنی دڵەڕاوکێ بە تایبەت لە نێو چینی کارمەندو خوێندکارو مووچەخۆردا ئازادیی دەنگنەدانیان لێزەوت دەکەن‌و ناچاریان دەکەن بە پێچەوانەی ویستیشیان بێ، دەنگ بدەن.

٣. پـەرش‌و بـڵاوی ئۆپۆزیسیۆن‌و دابـڕاوی‌یـان لـە کـۆمـەڵـگا جۆرێک بێ‌هیـوایی خـەڵکی لـێ کەوتۆتەوە. حیزب‌و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆن ماوەیەکی دوورودرێـژە لە کۆمەڵگا دابـڕاون‌و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران‌و بە زۆری لە ئورووپاو ئەمریکا نیشتەجێن، هەربۆیە کاریگەری‌یان لـەسـەر ڕووداوەکـانـی نـاوخـۆی ئـێـران زۆر لاوازەو بـە زەحمەت دەتوانن تەنانەت ڕەواییەت بە بوونی خۆیان بدەن لە ئاست ڕای گشتی‌دا.

٤. ترسی هێرشی ئەمریکا یا ئیسراییل بۆ سەر ئێران یەکێکی دیکە لەو هۆکارە هاندەرانە بوو کە خەڵکی کێشایە سەر سندووقەکانی دەنـگدان. لە کاتێکدا بارودۆخی ئاڵۆز و ناسەقامگیری ئەو وڵاتانەی دەگـەڵ هێرشی سەربازیی دەرەکـــی بــــەرەوڕوو بــــوون وەک ئەفغانستان، عێراق، لیبی و ... دەبینین و لـە لایـەکی دیـکـەوە هەڕەشـەکانی ڕۆژئـاوا بۆ سـەر ئێران و هەروەها پڕوپاگەندەی ڕێژیم سەبارەت بەوەی ئەگەر خەڵک لە هەڵبژاردن‌دا بەشداری نەکەن ئەوا هێرش دەکرێتە سەر ئێران، بە گشتی کاریگەری لەسەر هەستی نیشتمان‌پەروەری ئێرانی‌یەکان داناو ترس لە ڕوودانی شەڕ بوو بە پاڵنەرێک بۆ بـەشـداری‌یـان لـە هەڵبژاردن‌دا.

لـەسـەر ئـاسـتـی کـوردسـتـان:

هـەڵـبـژاردن لـە کـوردسـتـان وەک هـەڵـبـژاردنـەکـانی پـێـشـووتـریش تا ڕادەیـەک جـیـاوازی هـەبـوو دەگەڵ باقی ناوچەکانی ئـێران. کوردستان ئەزموونێکی بە قەرا تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە بەرەنگاری دژی کۆماری ئـیـسـلامـی هـەیـە و کۆمەڵگایەکی ڕێکخراوترو هەروەها ئۆپۆزیسیۆنێکی کاریگەرتریشی هەبووە. لە کوردستان بـزووتـنـەوەیـەکـی ڕاستەقینەی شـونـاس‌خـوازی بـوونـی هـەیـە کە کۆمـاری ئیسلامی بە گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای بەئاکام گەیشتنی خۆی دەزانێ و چەندین هێز و لایەنی سیاسی نوێنەرایەتی دەکەن. لە لایەکی دیکـەشـەوە کـوردسـتـان ناوچەیەکی پـەراوێزخـراو و فـەرامـۆش‌کـراوە کە بەشێکی بـەرچـاو لە هاووڵاتیانی لە بارودۆخێکی ناڵەباردا دەژین. هەموو ئەو هۆکارانە وای کردوە کە خەڵکی کـوردسـتـان دەسـەڵاتـی نـاوەنـدی بە ستەمکار و نامۆ لـە قـەڵـەم بـدەن و بەم شێوەیە کەلێنێکی گەورە لە نێوان خەڵک و دەسەڵات دروست بووە کە لە سێ دەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی‌دا بەردەوام ئەو کەلێنە بەرین‌تر بۆتەوە.

کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان لە سەرچاوە فەرمی‌یەکانی سـەر بە دەسـەڵات بـڵاو کـرایـەوە، لە لایەن حیزب و لایەنە سیاسی‌یەکانی کـوردسـتـانـەوە بــــەرەوڕووی دژکردەوەی جۆراوجۆر بۆوەو ئەوان لە میدیاکانیان‌دا ڕاپانگەیاند ئاماری ژمـارەی بـەشـدارانی هـەڵـبـژاردن کە لـە لایـەن وەزارەتـی نـاوخـۆوە بڵاو کـراوەتـەوە دوورە لـە ڕاستی‌یەوەو ڕێژەی بەشداربووان زۆر لەو ئامارانە کەمترە. ڕەنگـبێ ئـەوە یـەکـەم جار بێ کە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هێندە بە هەستیاری‌یەوە بـاس لـە ڕێژەی بەشداریی خـەڵک لە هەڵبژاردنەکانی کۆمـاری ئیسلامی‌دا بکەن و تا ئەو ڕادەیـە سـوور بـن لـەسـەر ئـەوەی خـەڵـک وەڵامـی داواکاری‌یەکەیانی داوەتـەوە. ئـەو پرسە بۆ پارتەکانی کـوردسـتـان لـە دوو ڕەهـەنـدەوە گرینگە. لە لایـەک دەیـان‌هـەوێ بە ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری بسەلمێنن کە کاریگەری‌یان بە سەر ڕای گشتی لە کوردستان هەیە و بە پێچەوانەی لایەنە سـەراسـەری‌یـەکان، نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکن، لە لایەکی دیکەوە بە پێی هەستیاربوونی بارودۆخی ئێران و بەرەوڕووبوونەوەی دەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی، گرینگیی دەوری ئۆپۆزیسیۆن زیاتر دەبـێ و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لـەسـەر ئـەو بڕوایـەیە کـە دەبـێ لەو قۆناغەدا خۆیان وەک هێز و کاریگەر لـە بەشێک لـە ئـێـران نیشان بـدەن.

بە بـەراورد لـە نـێوان هـەموو ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو کراونەتەوە دەتوانین بڵێین خـەڵـک لـە کـوردسـتـانیش بە شـێـوەیـەکـی ڕێـژەیـی بەشداریی هـەڵـبـژاردنـیـان کـردووە لانـی‌کـەم لە ژمـارەیـەک شـاری کـوردسـتـان ئەو بەشداری‌یە بەربڵاو بووە، ڕاستی‌یەک کـە پـارتـەکـانـی ئـۆپـۆزیـسـیـۆن بە ئاشکرا خۆی لێ دەدزنـەوەو توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان نی‌یە. هەڵوێستی لـە قـاڵـبـدراو و تـاک ڕەهەندیی ئۆپۆزیسیۆنی کورد وای کـردوە کە لە پەراوێزی لێدوان و ڕاگەیەندراو و سپاس‌نامەکانیان بە بۆنەی سەرکەوتنی کەم وێنەی بایکۆت! بەشێک لە کۆمەڵگا بـە کـردەوە بـکـەونـە بـەرەی دژی نەتەوەو نیشتمانەوە. دابەشکاری‌یەکی مەترسیدار کە هەم ئێستا و بە تایبەت بۆ داهـاتـووی کـوردسـتـان دەتوانێ سـەرئێـشـەی گـەورە دروسـت بکا. لە ڕوانگـەی پارتە کوردی‌یەکانەوە بەشداربووان کە ژمارەیەکی کەم بوون بۆ ڕەواییەت دان بە کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی بزووتنەوەی کورد چوونەتە سـەر سندووقەکانی دەنـگدان. ئەو خوێندنەوەیە بەرهەمی ئەو کەلێنەیە کە ساڵانێکە ئەو پارتانە دەگەڵ خەڵک هەیانە و بەردەوام ڕوو لە هەڵکشانە، بـەرهـەمـی ڕوانـینـە بـە سیاسـەت بە شێوەیەکی دوگـم و تـەک ڕەهەندی و سـەرەنـجـام بـەرهـەمـی بێ‌پلانی و ناکاریگەریی ئۆپۆزیسیۆنی کوردە لە ئاست سیاسەت کردن لە کوردستان.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆپۆزیسیۆن و هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی

حوسێن ئەحمەدپوور

جیاوازی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە دەورەکانی پێشوو زیاتر لە دوو خاڵدا بەدی دەکرێ.

یەکەم: تێکڕای ئۆپۆزیسیۆن بە ئۆپۆزیسیۆنی کلاسیکو لە مێژینەی کۆماری ئیسلامیو هەروەها ڕیفۆرمخوازانەوە تەحریمیان کرد.

دووهەم: گوازرانەوی ململانێ بۆ نێو باڵی بناژۆ(اصولگرا) بە هۆی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنگرانی مەحموود ئەحمەدینژادو خامنەیی کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا ئەو ناکۆکیانە بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بووە.

سەرەڕای ناکۆکییەکانی نێوان باڵی بناژۆ، بەڵام ئەو باڵە بە هەموو لایەنەکان و ڕەوتە سیاسییەکانیەوە هەموو هەوڵی خۆیان‌دا کە ئاستی بەشداری خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا ببەنە سەرێ. ناکۆکییەکانی نیوان بناژۆکان نەبۆتە هۆکار تا لایەنێکی ئەو باڵە بۆ دژایەتی کردنی لایەنەکەی دیکە پوان و ئیمتیاز بە ئۆپۆزیسیۆن بدا، بەڵکوو ئەو باڵە لە بەرامبەر ئۆپۆزیسیۆن‌دا هەروا یەکگرتوو و هاو هەڵوێست ماونەتەوە.

گرینگی ئەم هەڵبژاردنە بە دیوێکی دیکەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەڕاستی‌دا بە جۆرێکی ململانێ نێوان حاکمییەت و ئۆپۆزیسیۆن بوو. بە واتایەکی دیکە ململانێیەکە لەسەر بەشداری کردن و بەشداری نەکردنی خەڵک بوو. کام لایەن بتوانێ خەڵک وەک نیشانەی هێزی خۆیو بنکەی جەماوەری خۆی بەکار بێنێ. حاکمییەت هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک هاندان یان هەڕەشەکردن بەشداری خەڵک لە چاو دەورەکانی پێشوو کەمتر نەبێو ئۆپۆزیسیۆنیش بە پێچەوانەوە لە ڕێگەی هاندانی خەڵکەوە هەوڵی داوە بە دابەزینی ئاستی بەشداری کردنی خەڵک مەشرووعیەتی نیزام زیاتر لە جاران بخاتە ژێر پرسیارەوە.

پاش دەرکەوتنی ئاکامی هەڵبژاردنەکە، ڕێژیم وانیشان دەدا کە سەرکەوتنێکی گەورەی وەدەست هێناوەو تەحریم کردنی ئۆپۆزیسیۆن هیچ ڕێگرییەکی دانەناوە. ڕێژیم بانگەشەی ئەوە دەکا کە تەنانەت ئاستی بەشداری کردن لە چاو دەورەی پێشوو زۆر بەرزتر بۆتەوەو ئۆپۆزیسیۆنیش لە بەرامبەردا بانگەشەی پێچەوانە دەکا. بۆ کەسێکی بێ لایەن ئەگەر بیهەوێ هەڵسەنگاندنی بانگەشەی دوو لایەن بکا، لە دوو ڕووەوە تووشی کێشە دەبێ.

لە لایەک ناکرێ بڕوا بە ئامارەکانی دەوڵەت بکرێ؛ بە تایبەت لە ساڵەکانی ڕابردوودا بەردەوام ئامارو زانیاری ناڕاست لە بوارە جۆراوجۆرەکان‌دا بڵاو دەکاتەوەو ئاکامی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرکۆماریش تەواو پێچەوانە کردەوە. هەروەها ئۆپۆزیسیۆنیش بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتی کە تێیدا بەسەر دەبەن ناتوانن بەڵگەی باوەڕ پێکراوی وا بەدەستەوە بدەن کە ئاشکرای بکا کە لە ململانێی نێوان دوو لایەنی ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات‌دا کامیان سەرکەوتوو بوون. بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێ حاشا لەوە بکەین کە بەشێکی بەرچاو لە خەڵک لەو هەڵبژانەدا بەشدارییان کرد.

بەڵام لەو نێوانەدا گرینگ دوو شتە. یەکەم: بەشداریکردنی ئەو ڕێژەیە لە خەڵک بە مانای مەشرووعیەت دان بە نیزام نیەو بە هۆکاری جۆراوجۆرەوە بەشدارییان کردووە کە هیچ پێوەندییەکی بە مەشرووعیەتی نیزامەوە نیە. کە دەکرێ ئاماژە بە چەند هۆکاری بەر چاو بکەین لەوانە؛ هەڕەشەکانی حاکمییەت لە خەڵک لە چەشنی برینیی یارانەکان(کە لەم بارودۆخە نالەبارەی ئابووری ئێستای ئێران‌دا ئەم هەڕشە و هەر هەڕەشەیەک کە لایەنی ئابووری بگرێتەوە سروشتییە کاریگەری لەسەر خەڵک دابنێ)، فشارهێنان بۆ سەر کارمەندان و مۆچەخۆرانی حکومەتی، فشارهێنان و هەڕەشە کردن لە قوتابیانی قۆناغی دواناوەندی و زانکۆ، هۆکاری دیکەی لە چەشنی بە بەربژێرکردنی هەندێک کەس ڕکەبەرایەتیی عەشیرەییو خێڵەکیو ناوچەیی زمانی دروست کرد، و ... زۆر هۆکاری دیکە. زۆر سەختە بڵێین کە بەشداریکردنی ئەو بەشە لە خەڵک بەو هۆکارانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا پێوەندییەکی بە متمانەی خەڵک بە نیزامەوە هەبێ. هەروەها سەختە بڵێین کە دەنگدەران پێیان وابێ کە ئەو کەسەی دەنگی پێ دەدەن بتوانێ کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەڵکدا هەبێ. هەر بۆیە ئەگەر حاکمییەت باوەڕی بەوە هەبێ کە ئەو بەشەی لە خەڵک کە بەشداری لە هەڵبژاردن‌دا کردووە متمانەیان بە نیزام هەیە، زۆر هەڵەیە.

دووهەم؛ ئۆپۆزیسیۆن پێویستە ڕێژەی بەرچاوی خەڵک لەم هەڵبژاردنەدا شرۆڤە بکا و نابێ خۆی لە نەدیتنی ڕاستییەکان بشارێتەوە. ئەگەر بەشداریکردنی خەڵک بە مانای مەشرووعیەتی نیزام نیە، لەهەمان کات‌دا بە باوەڕی من ئۆپۆزیسیۆنیش لە تەحریمکردنی هەڵبژاردن‌دا سەرکەوتوو نەبوون. بۆیە پێویستە ئۆپۆزیسیۆن ئەم هەڵبژاردنە وەک دەرفەتێک بۆ بەخۆداچوونەوە چاو لێ بکا. دەبێ ئەو ڕاستییانە ببینێ کە ئۆپۆزیسیۆن لە ڕێبەریکردن و ڕێکخستنی خەڵکدا شکستی هێناوە. ئۆپۆزیسیۆن نەیتوانیوە ئاستی ئامادەیی خەڵک بە چەشنێک بەرز بکاتەوە بە سەر ترس لە نان برین‌دا زاڵیان بکا. درەنگ یا زوو دەبێ خەڵکی ئێران ئەم قۆناغە تێپەڕ بکەن، کەواتە باشتر وایە ئۆپۆزیسیۆن چیتر ئەم دەرفەتانە لەدەس نەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە نێوان گرینگی‌یان بۆ دەسەڵاتو خەڵکدا



عەلی بداغی

هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە نێوان رکەبەریی نێوخۆیی ئوسوولگەراکانی رێژیم، تەنیا باڵی دەسەڵاتدار لە ململانێی هەڵبژاردنەکان بە قازانجی بن باڵی خامنەیی و کەمی هێنانی بن باڵی ئەحمەدی نژاد کۆتایی پێ هات.

پێک دژیی بەرژەوەندی‌یەکانی خەڵک دەگەڵ بەرژەوەندی‌یەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی شتێک نیە کە لە ئێستادا کەس بیەوێ حاشای لێ‌بکا. ویستی خەڵک، داوای خەڵک، قسەی خەڵک لە شوێنی کارەکانیان، لە بازاڕ و ماڵەکانیان، لە نێو ماشێن و شوێنە گشتی‌یەکان پێچەوانەی هەموو ئەو سیاسەت و کردەو کردەوانەن کە رۆژانە لە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دەبینین. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکانی ئەو جارەی مەجلیس چەندە بۆ دەسەڵات و چەندە بۆ خەڵکی گرینگ بوو؟ گرینگی‌یەکان چەندە پێک دژ و چەندە هاوبەش و لە یەک ئاخێزەوە سەرچاوەیان گرتبوو؟ دۆڕاو و براوەی راستەقینەی ئەو هەڵبژاردانە کێ بوو، نیزام یان خەڵک؟!

رووبەڕووبوونەوەی ئێران دەگەڵ کۆمەڵگای جیهانی چۆتە فازێکی دیکەوە، لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا قەیرانەکان زیاترو قووڵترو کاریگەری‌یەکانیان لەسەر خەڵک قورس‌ترە،

بەو پێیە بوونی مەجلیسێکی یەکگرتوو، یەکدەست و تەواو گوێ لەمستی رێبەریی رێژیم یەکێک لەو پێویستی‌یانە بوو کە دەبوا شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانی بۆ وەڕێ بخرێ و بە سەرمایەی خەڵک و بە لەخشتە بردنی خەڵک لە هەموو رێگەکانی هاندان و تۆقاندن وا پیشان بدرێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای هەڵبژاردنە گرینگو پرهەڵلاو هەنگامەکەی جۆزەردانی ٨٨ و یەکەم هەڵبژاردنی رووداوەکانی "بەهاری عەرەبی" سەربەرز و سەرکەوتوو هاتۆتە دەرێ.

گرینگیی ئەو هەڵبژاردنە بۆ رێبەریی رێژیم لەوە دابوو کە دەبوا بە هێنانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان وا پیشان بدەن کە پرسی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان، پرسی جیاوازی‌دانان و هەڵاواردنە ئایینی، نەتەوەیی و رەگەزی‌یەکان لە ئێران، پرسی گەندەڵیی هەوسارپچڕاو لە ئێران، کاریگەریی گەمارۆکان لەسەر ژیانو گوزەرانی خەڵک هەموو هەر پڕوپاگەندەی دوژمنانی ئێرانە و خەڵکی ئێران بە هاتنە سەر سندووقەکانی دەنگدان بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتیوانی لە سیاسەت و شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات لە لایەن دەسەڵاتەوە دەکەن. ئاراستەی قسەکانی خامنەیی و رێبەرانی وردو درشتی رێژیم لە رۆژانی بەر لە هەڵبژاردن هەر بەو ئاقارە بوو کە ئەوەی گرینگە "بەڕێوەبەریی پرشکۆی هەڵبژاردنەکان"ی نەک "پرسی هەڵبژاردنەکان".

بەڵام هەر ئەو "بەڕێوەبەریی پرشکۆی هەڵبژاردنەکان" و ئیدیعاکردنی بەشداریی سەروو سەدا ٦٠یی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان هەروا بە ئاسانی نەهاتە دی.

دەزگای تەبلیغی کۆماری ئیسلامی کە لەزۆر لەوە پێشەوە هەموو ئیمکانات و تواناکانی تەرخانی ئەو مەبەستە کردبوو، تا دوانیوەڕۆی رۆژی هەڵبژاردن بۆی دەرکەوت کە








کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو کارەدا، واتە ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان سەرکەوتنی وەدەست نەهێناوە، هەر بۆیەش مەیدان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکان ئاوەڵا کرا تا لە ڕێی بەکارهێنانی هەموو کارتەکانی خۆیان بەشێک لە خەڵکی ناچار بە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان بکەن. هەڕەشەی تۆڵە کردنەوە لە

**تۆ بڵێی کە ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بتوانێ شتێک لە واقعی تاڵی ژیانی خەڵک، یان ئەو پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانە بگۆڕێ کە هەڕەشە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەکەن؟**

کارمەندی ئیدارەکان و وریا کردنەوەی ئەوەی کە ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکان دەبێ بە شوناسنامەوە لەسەر شوێنی کارەکانیان حازر بن، ناردنی نامە بۆ دایک و باوکەکان کە لە ئەگەری دەنگنەدانیاندا منداڵەکانیان لە خوێندن بێبەش دەکرێن، هەڕەشەی بڕینی یارانەکان لە ئەگەری بەشداریی نەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و هەروەها وەڕێ خستنی زۆر سناریۆی ئەمنیەتی بە تایبەت لە کوردستان وەک زەق کردنەوەی کێشەی کوردو تورک لەو شارو ناوچانەی پێکهاتەی دوو نەتەوەیی‌یان تێدا نیە، زەق کردنەوەی کێشەی مەزهەبیی نێوان شیعە و سوننی لەو شارو ناوچانەی جۆراوجۆریی ئایینی‌یان تێدا بەرچاوەو، هەروەها سەرقاڵ کردنی خەڵکی بە بابەتی شارگەرایی لەو ناوچانەی بە دوو شار یان سێ شار نوێنەرێکیان دەبێ[وەک شنۆ و نەغەدە، سەقز و بانە، سەردەشت و پیرانشار، دیۆلان و قوروە، و .....]، هەموو ئەوانە دەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەی دەنگدان بۆ ماوەی ٥ سەعات تا ١١ی شەو ] بە مەبەستی دەست ئاوەڵاییان بۆ تەقەلووب] و موهەندیسی کردنی دەنگی دەنگدەران ئەوەی لێکەوتەوە تا بەیانیی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان ئیدیعا بکەن کە سەرووی لە سەدا ٦٠ی خاوەن مافی دەنگدانەکان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە.

بەڵام لێرەدا ڕەنگبێ چەند پرسیارێک لەو کەسانە لە جێی خۆیدا بێ کە بە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی‌یان پتر ئاوەڵا کرد بۆ ئەوەی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ئەو شانۆگەری‌یە مانۆڕ بدا.

ئایا ئەو مەجلیسەی ئەوان بە ناردنی ئەو نوێنەرانەی دەنگیان پێ داون، چۆن دەتوانێ بەرگری لە مافەکانیان بکا لە حاڵێکدا ئەندامانی ئەو مەجلیسە بۆ خۆیان لە چەند پاڵوێنەی تایبەتی دراون و ملکەچی‌یان بۆ بازنەی دەسەڵات و خەمساردی‌یان لە بەرامبەر ویست و داوای خەڵک هەر زۆر لەوە پێشتر تاقی کراوەتەوە.

تۆ بڵێی کە ئاکامەکانی ئەو هەڵبژاردنە بتوانێ شتێک لە واقعی تاڵی ژیانی خەڵک، یان ئەو پرس و بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانە بگۆڕێ کە هەڕەشە لە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەکەن؟

ئایا ئەو خەڵکانەی کە نە بە مانای تەئییدکردن و سەلماندنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو لە پێناو یان بە هیوای باشترکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا کردووە، لە قووڵایی ئەو پەیامە تێگەیشتوون کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەشداریی ئەوانیان بە مانای قبووڵ کردنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ و بنەماکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لێک داوەتەوەو قازانجی لێ وەردەگرن؟

خاڵێکی دیکەی گرینگ لەو پێوەندی‌یەدا بەکارهێنانی فاکتۆری ئابووری لەلایەن کۆماری ئیسلامی و ونبوونی ئەو فاکتۆرە لە هەڵوێستی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە لایەن ئۆپۆزیسیۆن بوو. قورسایی کارکردنی ئۆپۆزیسیۆن بە تایبەت ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە گەمەی هەڵبژاردنەکان و سیاسەتی بایکۆتدا، پێداگری لەسەر پرسە سیاسی و ماف و ئازادی‌یەکانی تاک و کۆمەڵ بوو، بەڵام لە حەوتووی پروپاگەندەی ئاشکرای پاڵێوراواندا دەرکەوت کە لە کوردستان و بە گشتی ناوچەکانی پەراوێزی ئێران ئەوە پرسە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تاوتوێی کێشەکانی ژیانی خەڵکە کە دەوری سەرەکی دەگێڕێ، هەر بۆیەش بینیمان کە پاڵێوراوان کەمترین مانۆڕیان لەسەر پرسە سیاسی‌و نەتەوەییەکان و زۆرترین مانۆڕیان لەسەر کێشەی بێکاری و بژیوی‌و وادە و بەڵێنەکان بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە بوو، بەڵام ئۆپۆزیسیۆن بەگشتی لە تاوتوێی ئەو بابەتە و دژکردەوەو "پاتەک"ی پێویست لە دژی ئەو فازە تەبلیغی‌یە بەجێ ما.

بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان سەرەڕای هەموو ساختەکاری و ئامارسازی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و، هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای دروست بوون و لەجێدابوونی سیاسەتی بایکۆت، دەکرێ زۆر وانەی باشی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی و هەروەها هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن هەبێ، کە پێویستیی یەکگرتوویی زیاتری هێزەکان، کەم کردنەوە لە مەودای نێوان حیزب و خەڵک بە لێک تێگەشتن لە ویست و چاوەڕوانی‌یەکانی یەکتر و، هەروەها زیاتر چالاک بوون لە گەمەی هەڵبژاردنەکان و دەکارکردنی تاکتیکی شیاو دەکرێ لە سەرەکی‌ترینی ئەو پێویستی‌یانە بێ.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو ئاکامەکانی

حەسەن حاتەمی

لە ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٢ی ڕەشەممەی ١٣٩٠ی‌هەتاوی نۆیەمین خولی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ئێران بەڕێوەچوو. ئەو خولەی هەڵبژاردنی مەجلیسی شووڕا لە ئێران گرینگی تایبەتی هەبوو، چونکە؛

١. یەکەمین هەڵبژاردنی دوای جۆزەردانی ساڵی ١٣٨٨ بوو کە کودێتا لە دەنگەکانی خەڵکانی ئێران کراو دەنگەکان بە پێچەوانەی نێو سندووقەکان بە قازانجی ئەحمەدی نژاد خوێندرانەوە. ئەو فێڵە لە لایەن بەیتی ڕێبەریو سپای پاسداران سازمان درابوو.

٢. لە ماوەی پتر لە دوو ساڵە کێشە لەنێوان بناژۆکان(اصولگرایان) پەیدا بووەو ئەحمەدی نیژادی بەسەر کۆمارکراوە، دەگەڵ بەیتی ڕێبەری و تەنانەت دەگەڵ خودی ڕێبەری لەلایەک و دەگەڵ مەجلیسی شووڕای ئیسلامیو شووڕای نیگابان، لە لایەکی دیکە، ململانێی دەکا بە پێی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی. لوتکەی ئەم ململانێیە ١١ ڕۆژ مانگرتنی ئەحمەدی نیژاد، لە بەرانبەر عەلی خامنەیی ڕێبەردا بوو کە دەست لە کارکێشانەوەی حەیدەر موسلیحی- وەزیریی ئیتلاعاتی ڕێژیم- لەلایەن ئەحمەدی نیژادەوە قەبووڵ کرابوو و، ڕێبەری ئیسلامی وەزیری ناوبراوی لەسەر کار دانا بۆوە. ئەو ململانێیە بووە هۆی ئەوە کە ئەحمەدی نیژاد بکەوێتە ژێر گوشارو نزیکانی لە کابینەی دەسەڵاتدا، بە "لاڕێ"(انحرافی) بناسێندرێن. بە تایبەتی کەسانی وەک ئیسفەندیاری ڕەحیم مەشایی، حەمید بەقایی و عەلی‌ئەکبەر جەوان‌فکر و ... .

٣. پاش گەورەکردنەوەی "ڕەوتی لاڕێ"، بە شێوەیەک باسی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە لایەن مەجلیسی شووڕای ئیسلامی‌یەوە هاتە گۆڕێ. ئەو مەسەلە گرینگی پتری‌دا بە مەجلیسی شووڕاو بۆ دەستڕاگەیشتن بە کورسی‌یە سەوزەکانی مەجلیس، ململانێ‌یەکان چڕتر لە پێشوو بوون.

٤. وەزعی ئابووری و گوزەرانی خەڵک پڕ زەحمەتر ببوو، چونکە گەمارۆیەکانی دژی ڕێژیم لە لایەن بەشێکی زۆری وڵاتانی ئورووپایی، ئەمریکاو کانادا، ژاپۆنو کۆرەی باشووری کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری شپرێویی ئێران دانابوو. ئەو گەمارۆیانە پتر بە هۆی درێژەدانی دەسەڵاتدارانی تاران بە دەس‌ڕاگەیشتن بە چەکە ئەتۆمی‌یەکان هاتە ئاراوە.

٥. دەس‌تێوەردانی هێزە نیزامی و ئەمنییەتی‌یەکان لە ئێراق، لوبنان، فەلەستین و ... و، پشتگیری هەمەلایەنە لە وڵاتی سووریەکە ڕاپەڕینێکی خوێناوی نزیکەی ساڵێکە لە ئارادایە- بە تایبەتی سوپای قودس کە هەوڵی تیرۆر و گیرە شێوێنی لە وڵاتانی دەوروبەری ئێران دەدا.

٦. کاریگەری لەسەر دەسەڵات نەمانی سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکان لە وڵاتانی تونێس، میسر، لیبی، یەمەن- بەهۆی ڕاپەڕینی خەڵک لەو وڵاتانە- و پشتیوانی نێونەتەوەیی لە ڕەوتی دیمۆکراتیزاسیۆنی باکووری ئافریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

٧. کەم داهاتیو بێکاری، ئیعتیادی ماددە هۆشبەرەکان، ڕادەی زۆر کوژرانی خەڵکانی ئێران بەهۆی ڕووداوەکانی ماشێنو نەبوونی بەرپرسایەتی دەسەڵاتداران لە ئاست دابەزینی ژیانو گوزەرانی خەڵکو چوونەسەری ئاوسانو کەم‌بایەخ بوونی دراوی وڵات، بارودۆخی نێوخۆیی دەگەڵ تەقینەوەیەکی چاوەڕوان‌نەکراو، بەرووی کاربەدەستان بەرەورووبە.

٨. گەمارۆی ئابووریو بەتایبەتی بانکە ناوەندی‌یەکان لەلایەن ئەمریکاو بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی کە دژوار بوونی فرۆشتنی نەوتی بە دۆلار و یۆرۆ لێ‌کەوتۆتەوە، گیروگرفتی تایبەتی هێناوەتە پێش کە ڕێژیمی ئیسلامی بە هەڕەشەی بەستنی تەنگەی هورمۆز و هێرش بۆسەر ئیسرائیلو وڵاتانی پشتیوانیو مانۆڕی پەیتاپەیتای سوپای پاسداران کێشەکان قووڵتر دەکا.

٩. دەست‌ڕاگەیشتنی کۆماری‌ئیسلامی ئێران بە چەکی ناوکی، پەروەندەیەکی تایبەتی سەبارەت بەو مەسەلەیە بۆ کراوەتەوە وەک پێنج بڕیارنامە(١٦٩٦، ١٧٣٧، ١٧٤٧، ١٨٠٣، ١٨٣٥)ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئاژانسی جیهانی بە دژی پەسند کراوە.

١٠. تیرۆریزمی دەوڵەتی‌کە لە دادگای "مۆئابیت"ی بێرلین سەبارەت بە جینایەتی میکۆنۆس‌ی لەسەر سابیت بووەو پشتیوانی لەو دیاردە دزێوە بە شێوەی جۆراجۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو بەشێک لە قاڕەی ئەفریقا، هاوکات دەگەڵ بەردەوامی ڕۆژانەی مافی مرۆڤ، ئیعدامی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان، گرتنی ڕۆژنامەنووسانو چالاکانی مەدەنیو ژینگە بۆتە هۆی دیاری‌کردنی ڕیپۆرتێری شووڕای مافی مرۆڤی– ئەحمەد شەهید- لەسەر ئێران؛ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی بەرەورووی ئەو سێ بەشە مەترسیدار کردوە کە بوونە هۆی نیگەرانی لە شەڕو تێکهەڵچوونێکی زۆر خوێناوی و ماڵوێرانکەر کە بریتین لە:

١. وەدەست هێنانی چەکی ناوکی و لە ژێر پێنانی بڕیارە نێونەتەوەیی‌یەکان لەو بوارەدا.

٢. تیرۆریزمی دەوڵەتی کە بە لەقاودانی پیلانی تیرۆری باڵیۆزی عەرەبستانی سعوودی لە ئەمریکا زیاتر



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

خۆی دەرخست و دواتر لە وڵاتانی تایلەند، گورجستان و... هاتنە ئاراوە.

٣. پێشێلكاری مافی مرۆڤ كە ئیزن بە ئەحمەد شەهید نەدرا بچێتە ئێران و ڕاپۆرتی خۆی لە موخالیفانی ڕێژیم و ئازارچێشووەكانی نێو زیندانیەكان وەردەگرێ. ئەگەر ئەو ڕاپۆرتەش بدرێ بە شووڕای ئەمنییەتی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان، كێشەی زۆر جیددی بۆ ڕێژیمی ئێران دروست دەكا.

بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم لە سەرووی هەموانەوە ئاغای عەلی خامنەیی هەوڵێكی زۆری‌دا بە هاوكاری بەیتی ڕێبەری، فه قیهه كا نی شووڕای نیگابان، وەزیری نێوخۆی كابینەی ئەحمەدی نیژاد(محەممەد مستەفا نەجار) و... ڕێژەی ئەو دەنگانە ڕاگەیەندرێ كە كاربەدەستانی بناژۆ و ڕاستی سوننەتی(جبهه متحد اصولگرایان) و بە هاوكاری مەهدەوی كەنی و محەممەد یەزدی(جبهەی پایداری)، بەهاوكاری میسباحی یەزدی- لە كۆی ٢٢٥ كورسی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی كە لە دەوری یەكەم هەڵبژێردراون یا لە سندووق ناویان هاتوتەدەر- ١٦٠ كورسی بۆ ئەو بەناو بەرەیانەی باسیانكراو و باقیەكەش لە نێوان ئاڵوگۆڕخوازان و سەربەخۆییەكان، دابەشیان كردوە.

ئەو ئامارسازیەیە لەحاڵێكدا كراوە كه خەڵكانی ئێران لە ژێر تەوژمی ترس و دڵەڕاوكێی ژیان كە پێناسەكەیان دەبێ مۆری تایبەتی هەڵبژاردنی نۆیەمین دەورەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی پێوە بێ. قوتابیان چەند ڕۆژ پێش هەڵبژاردن، فۆڕمی تایبەتیان دراوەتێ كە دەبێ لە هەڵبژاردندا بەشداری بكەن. ژمارەیەكی زۆر ژیانیان بەستراوەیی بە "كۆمیتەی ئیمداد ئیمام" هەیە. بێهزیستی و بنیاتە جۆرەكانی دیكە، بە ترس وەبەرنان یا بەڵێنیدان پێیان، هانی داون بچنە سەر سندووقەكانی دەنگدان. بە پارە پێناسیان كڕیوەتەوەو دەنگی بێخاوەنیان پێ لە سندووقەكانی دەنگدان هاویشتون. دەنگدان و دەنگنەدانیان خستۆتە خانەی ئەمنییەتیو جەبرو زۆر زاڵ كراوە بە سەر ئیختیار و دڵخوازیدا. سەرەڕای ئەوەی ماوەی دەنگدانیان هەتا ١١ی شەو(٥ سەعات) درێژ كردەوە. ئەگەر دەنگدانی تاران بكەینە پێوەر، لانی زۆر بە پێی ئاماری دەسەڵات نزیكەی ٤٠٪ بەشداریان كردەوە، لە سی نوێنەر تەنیا پێنج كەس هەڵبژێرراون. هەرچەند ڕێژەی دەنگدەرانی تارانو شارەكانی سەر بەو پارێزگارە كەم نیشان دراوە،

**هەڵبژاردنی ئەم جارەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بەشێكی هەرە گرینگی دەسەڵاتدارانی پێشووی ڕێژیم كە بە ناوی ئاڵوگۆڕخوازانی نێو دەسەڵات بەناوبانگ بوون، بەشداری‌یان نەكرد.**

بەڵام موحسین سازگارا لە وتەی ڕۆژانەیی خۆیدا لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی گوتی: "بە پێی هەواڵێكی كە لە وەزارەتی نێوخۆوە پێیگەیشتووە لە سەرانسەری ئێران پازدە ملوێن كەس یانی ٣٣٪ی خەڵكانی بەرایی لە ئێران بەشداری ئەو بەناو هەڵبژاردنە بوون".

هەڵبژاردنی ئەم جارەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی بەشێكی هەرە گرینگی دەسەڵاتدارانی پێشووی ڕێژیم كە بە ناوی ئاڵوگۆڕخوازانی نێو دەسەڵات بەناوبانگ بوون، بەشداری‌یان نەكرد. لە نێو ئەوان بەشداری خاتەمی بە قەولی خۆی "بە مەسلەحەتی داهاتووی نیزام"، كە گۆیا لە بەرگی دەنگدانەكەشیدا، "جمهوری اسلامی ایران"ی لێنووسیوە، سەرنجی هەواڵنێرانو میدیاكانی ڕاكێشا.

هەروەها بەشداری هاشمی ڕەفسەنجانی كە لە بەشێك لە قسەكانیدا گوتی: "ئەگەر ئەو دەنگانەی لە سندووقەكان داوێژرێن، بێنەدەر، باشە". بێمتمانەیی بە بەڕێوەبەرانی ئەو هەڵبژاردنە یەك لایەنەیە كە بهڕێوەچوو، چونكە قۆڵی بناژۆخواز لە دەیەمین خولی هەڵبژاردندا، ڕووی دزێوی خۆی نیشان دابوو، دەنگەكانی خەڵكی دزیبوو. چۆنەتی ئەو "هەڵبژاردن"ەو ئامارەكانی لە لایەن زۆربەی وڵاتانی دیمۆكراتو بە تایبەتی پارلمانەكانی نێونەتەوەیی واتە یەكیەتی نێوان پارلمانەكان(اتحادیه بین‌المجالس یا سازمان بین‌المللی پارلمانها)و جێیمتمانە نیە، چونكە لە ساڵی ١٩٩٤دا ناتق نووری سەرۆكی مەجلیسی شووڕای ئەو كات قەبووڵی مەرجەكانی ئەو شوێنە نێونەتەوەییەی كردبوو، كە لانی كەمی هەڵبژاردنی ئازادو ئازادیی ڕێكخراوەیی و بیروڕای تێدا هاتبوو.

لە كوردستان هەتا نزیك كاتژمێر ٦ی ئێوارەو بە تایبەتی هەتا سەعات ١٢ی نیوەڕۆ دەنگدانەكان لە نزمترین ڕادەی خۆیدا بووە. كاربەدەستانی ڕێژیم بۆ برەوپێدانو گەرمكردنی هەڵبژاردن، پیلانو فریوی جۆراوجۆریان بەكارهێنا. بۆوێنە كاندیدكردنی كەسانی پاسدار و ئەمنییەتی لەبەرانبەر كەسانێكدا كە لانیكەم لەو بوارەدا كاریان نەكردبوو. لەو ناوچانەی نەتەوەكانی كوردو توركی ئازەری پێكەوە دەژین. بۆوێنە نەغەدەو شنۆ، ورمێ، میاندوئاو و هەوشار و تیكاب، بەربژارانی كوردو تورك بۆ دەنگدان كرابوونە ئامانج. ئەو بۆچوونو كردەوانە دوو جار ناخۆش بوون. یەكەم: گەرم كردنی فەزای هەڵبژاردنو دووهەم وەگەڕخستنەوەو زیندووكرانەوەی ناكۆكیەكانی تورك وكوردەكان لە پارێزگای ورمێ. ئەو ناكۆكیانە مەترسیەكی گەورەیە لەسەر هەر دوو گەلی ناوبراو. پێویستە ئەو مەسەلەیە بە جیددیی وەرگیرێو هیچكام لەو نەتەوانە نەكەونە داوی نامرۆڤانەو دژی پێكەوە ژیانو چارەنووسی كوردو تورك لە ئێراندا.

ئەو هەڵبژاردنە بە ناكۆكی نێوان بناژۆكانو ئەحمەدی نیژادو هاوبیرانی درێژە دەداو بەو پێكهاتەوە دروست كراوەو ئەو كەسانەی براونە دەوری دووهەم، بەرەی ئەحمەدی نیژاد دۆڕاوەو بەرەی خامنەییو بناژۆ و سوننەتیی و مۆتەلیفەو توێژەكانی، سەركەوتوو بوون.


كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاوڕێک لە خەباتی پاڕلمانیو یاسایی لە کوردستاندا



زانا مەهابادی

**پێشەکی:**

خەباتی لیگاڵ(یاسایی) یەکێک لەو شێوازانەی خەباتە کە لە چەند ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی گشتگیر هاتۆتە نێو گوتاری سیاسی نەتەوەی کوردو بزاڤی مافخوازی ئەم گەلە. لەو نێوەدا خەباتی پارڵمانی وەک رەهەندێکی خەباتی یاسایی گرینگی تایبەتی هەیە و لەو کورتە نووسینەدا هەوڵ دەدەین ئاوڕێک لە خەباتی پارڵمانی لە باکووری کوردستان بدەینەوە.

هەرکام لە بەشەکانی کوردستان بە هۆی تایبەتمەندیی سیاسی-کۆمەلایەتیی تایبەت بەخۆیان ئەزموونی جیاوازیان لەو شێوازەی خەباتدا هەبووە. باشووری کوردستان وەک تەنیا بەشی ئازادی کوردستان کە دەسەڵاتی کوردی تێیدا حوکمڕانی دەکا، لە ساڵی ١٩٩٢ بەمڵاوە خاوەن یاساو پارڵمانی تایبەت بە خۆیەتی کە لە راستیدا شانازییەکی گەورە بۆ هەموو گەلەکەمان دێتە ئەژمار. لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا دەرفەتی ئەم چەشنە خەباتە لە ئارادا نەبووە، بەڵام دامەزرانی فراکسیۆنی نوێنەرانی کورد لە مەجلیسی شەشەم لە چەشنی خۆیدا و لە مێژووی سەد ساڵەی دامەزرانی مەجلیس لە ئێران لە سەردەمی مەشرووتەوە تا ئێستا بێ وێنەیە. بەو هۆیە کە لەو مێژووە دووورو درێژەدا دوو وشەی "کورد" و"فراکسیۆن" وەک تابۆ سەیر کراون. بەڵام دوای دووی جۆزەردانی ١٣٧٦ و بە وشیاری کۆمەڵێک کەسایەتی و رەوتی سیاسی ئەم فراکسیۆنە دامەزراو توانی هەنگاوی گەلێک گرینگ لەم قۆناغەدا بنێتەوە. هەرچەند تەمەنی ئەم فراکسیۆنە و هەڵسووڕانی لە مەیدانی پراتیک و خەباتی سیاسیی یاساییدا بە هۆی هەرەسی رێفۆرمخوازان و داخرانی کەشی سیاسی لە ئێراندا زۆری نەخایاند، بەڵام وەک خاڵێکی روون لە خەباتی یاسایی لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەر دەمێنێتەوە. لە باکووری کوردستانیش یەکەم گەراکانی خەباتی لیگاڵ و پارڵمانی کاتێک داچێنران کە لە ساڵی ١٩٩١ و لەنێو حیزبی "رەنجی گەل"، کەسانێکی وەک خاتوو "لەیلا زانا"، بەڕێز "ئەحمەد تورک" و "حەسیپ کاپلان" توانیان بچنە پارڵمانی تورکیا و بۆ یەکەمجار لەو شوێنە پرسی کورد بێننە ئاراوەو ببنە دەنگی کپکراوی گەلەکەیان. هەر چەند سوێند خواردن بە زمانی کوردی و هێنانە گۆڕی پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافی نەتەوەیی گەلی کورد لە لایەن ئەو پارڵمانتارانە لە پارڵمانی تورکیا کە بە درێژایی دیرۆکی هاوچەرخی ئەم کۆمارە، حاشای لە مافی نەتەوەی کورد کردووەو هەموو کات تورکیای وەک وڵاتێک کە تەنیا یەک زمان و یەک کلتووری تێدایە و ئەویش زمان و کلتووری تورکییە پێناسە کردووە، بوو بە هۆکاری ئەوەی کە ئەو پارڵمانتارانە لە قۆناغی یەکەمی ئەو خەباتەدا رووبەڕووی تێچووی





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## کورد لە باکووری کوردستان توانی لە پڕۆسەی خەباتێکی فرەڕەهەندی هەنگاو بە هەنگاودا چەندین قۆناغی هەستیار و تاقەت پڕووکێن ببڕێ و بگاتە ئاستێک کە بتوانێ پارتی یاسایی خۆی دابمەزرێنێ

قورس و گران و حوکمی زیندانی درێژخایەن ببنەوە. بۆ وێنە خاتوو لەیلا زانا حوکمی دە ساڵ زیندانی بە سەردا سەپێندرا. بەڵام نەتەوەی کورد لە باکووری کوردستان توانی لە پڕۆسەی خەباتێکی فرەڕەهەندی هەنگاو بە هەنگاودا چەندین قۆناغی هەستیار و تاقەت پڕووکێن ببڕێ و بگاتە ئاستێک کە بتوانێ پارتی یاسایی خۆی دابمەزرێنێ. دامەزرانی پارتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەستپێکی خاڵێکی وەرچەرخانی خەباتی یاسایی لە باکووری کوردستان بوو.

هەرچەند بەهۆی بوونی یاسای "باراج" لە تورکیا واتە یاسای "بەنداوی هەڵبژاردن" کە هەر حیزب و لیستێکی ئینتخاباتی بەپێی ئەو یاسایە دەبێ ١٠ لەسەدی دەنگەکان بەدەست بێنێ، کوردەکان بەهۆی ئەو بەربەستە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٧دا تەنیا توانیان ٢١ کورسی لە پارلمان بەدەست بێنن. هەرچەند ئەو ژمارە کەمەی نوێنەران بە باندۆڕی"کارکرد" باشیان لە ماوەی چوار ساڵ چالاکی لە پارڵماندا، توانیان تابۆکانی سەد ساڵی رابردووی تورکیا بشکێنن و هەنگاوی زۆر باش بۆ بەرەو پێش بردنی دۆزی کورد هەڵگرن و لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی مانگی مارسی ساڵی ٢٠٠٩دا توانیان ٩٩ پۆستی سەرۆکایەتی شارەوانی بەدەست بێنن. دوای ئەوەی کە بە پێی بڕیاری دادگای باڵای یاسای بنەڕەتیی تورکیا پارتی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک داخراو چالاکیی سیاسیی ئەو پارتە و ئەندامەکانی قەدەغە کرا، پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی پێی نایە گۆڕەپانی سیاسیی خەباتی یاسایی لە باکووری کوردستان(کوردستانی تورکیا) و توانی لە ماوەیەکی کەمدا هەنگاوی گەورە بهاوێژێ و دەسکەوتی باش بە دەست بێنێ. پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی بە دوو ملوێن ئەندامەوە پێی نایە گۆڕەپانی خەباتی یاسایی لە تورکیا و لە ماوەیەکی کورتدا توانی ببێتە جێگرەوەیەکی باش بۆ پارتی قەدەغەکراوی کۆمەڵگای دیمۆکراتیک و لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانی ساڵی رابردوودا سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان ٣٦ کورسی پارلمانی بەدەست هێنا و بە گرتنەبەری هەندێک هەڵوێستی بوێرانە وەک: بایکۆت کردنی ڕێ‌و ڕەسمی سوێندخواردنی پارلمانی تورکیا، کاریگەریی خۆی وەک پارتی نوێنەری کوردەکان لەو مەیدانەی خەباتدا خستە ڕوو. نوێنەرانی راستەقینەی گەل لە باکووری وڵاتە دابەش کراوەکەماندا توانیان ببن بە دەنگی کپکراوی گەلەکەیان و لەهەر دوو ڕووداوی دڵتەزێنی بوومەلەرزەی وێرانکەری شاری وان و کارەساتی ڕۆبۆسکی(کۆمەڵکوژیی کاسبکارانی کورد) نیشانیاندا کە چۆن نوێنەرێکی پارلمان دەتوانێ نوێنگەی ورەو ویستەکانی گەلەکەی بێ. پارلمانتارانی کورد لە پارلمانی تورکیا لە هەر دوو ڕووداوەکەدا ئەو پەڕی دەرووەست بوون و ئەمەکداریی(تعهد) خۆیان بە دەنگی خەڵکی کورد نیشانداو بوون بە دەنگی خەڵکی بەش مەینەتی کورد. کاتێک دەنگی هەڵبراوی خاتوو "گوڵتەن کشاناک" بوو بە هاوارێک بە قەرا هەموو تەمەنی کۆماری تورکیا، هەموو کوردێک شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە دەکرد. هەموو کوردێک هەستی بەوە دەکرد کە چیدی دەنگی ناخنکێندرێ، چونکە نوێنەرانی گەل وەک نوێنگە و زمانی ئەو نەتەوەیە لەسەر پێن و ئیتر هیچ کەس ناتوانێ راستییەکانی کۆمەڵگای کوردستان بشارێتەوە و نکۆڵی لە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە بەرچاوی نوێنەرانی راستەقینەی ئەوانەوە بکا. هەرچەند نوێنەرانی کورد لەو ڕێگایەدا تووشی گیروگرفتی زۆر بوونەتەوەو زۆر جار لە چوارچێوەی ئۆپراسیۆنی دژ بە "ک.ج.ک"دا دەستبەسەر کراون و هەر ئێستاش ژمارەیەک لە پارلمانتارانی پارتی ئاشتی و دیمۆکراسی لە زیندان دان و چالاکیی سیاسیان لێ قەدەغە کراوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش وازیان لەو خەباتە نەهێناوەو ئەو سەنگەرەی خەباتیان چۆڵ نەکردوە.

**کۆبەند:** خەباتی پارلمانی وەک یەکێک لە شێوازەکانی خەبات لە باکووری کوردستان لە چوارچێوەی خەباتێکی فرەڕەهەندیدا، قورسایی و کاریگەریی خۆی هەبووەو لە راستیدا باڵی لیگاڵ لە ماوەیەکی زەمەنی زۆر کورتدا توانیویەتی زۆر دەسکەوت بۆ بزاڤی شوناسخوازیی باکوور بەدی بێنێ کە لە ماوەی سێ دەیە خەباتی توندوتیژی پارتی کرێکارانی کوردستان(پ.ک.ک) دا، بزاڤی کوردی باکوور نەی‌توانیبوو پێی بگا. هەر چەند ئەوە بە واتای حاشاکردن لە ڕۆڵی باڵی چەکداری بزاڤ نییە، بەڵام دۆزینەوەی دەرفەتە یاساییەکان و قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتانە لەو چەند ساڵەدا وەک هونەری سیاسەتی کورد لە باکوور دێتە ئەژمار کە سەلماندوویەتی لە پڕۆسەی خەباتێکی فرەڕەهەندیدا دەکرێ لە ئامرازگەلی جۆراوجۆر کەڵک وەربگیرێ. خەباتی پارلمانی یەکێک لەو ڕێکار و میکانیزمانەیە کە لە باکووری وڵات تا ئێستا بە شێوازێکی سەرکەوتووانە بەڕێوەچووە.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقا، کاریگەری خۆپیشاندانەکانی خەڵکی ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لەسەر ئاڵوگۆڕەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئێرانو ئەگەری دووپاتبوونەوەی تیۆری کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ئاڵوگۆڕ بەسەرهاتوویی ناوچەکە، پێوەندی دێمۆکراسیو چەمکی هەڵبژاردنو هەروەها هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی ئێران و ...، لە وتووێژێکی تایبەت دەگەڵ بەڕێز (ئەحمەد عەزیزی) چاودێری سیاسی.**

سازدانی وتووێژ: سەیدجەلال سالمی



**پرسیار:** ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەم ساڵانەی دوایی‌دا بۆتە بەستێنی گۆڕانکارییەکان. گرینگترینیان ئەو گۆڕانکارییەی یەک ساڵی ڕابردووی دونیای عەرەبە کە بە بەهاری عەرەبی بەناوبانگە، بەڕای جەنابتان چ هۆکارێک بوو بەهۆی ئەوە تاکوو ئەم گۆڕانکاری‌یە لەم ناوچەیەدا ڕوویدا؟

**وەڵام:** هۆکاری سەرەکی‌سەرهەڵدانی جەماوەریی‌و گۆڕان لە دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتانی عەرەب لە سەرووی ئەفریقاو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوەیە کە سیستمی سیاسی لەم وڵاتانەدا تووشی قەیران بووەو چی دیکە ناتوانن حوکمرانی بکەن. خەڵک بە تایبەت چینی بە حەشیمەت زۆری وردە بورژواو گەنج لەم وڵاتانەدا چی‌تر هیوایان بە دابین‌کردنی داخوازی‌و ژیانێکی ئاسایی لەژێر سایەو دەسەڵاتی مەوجوددا نی‌یەو لە دەسەڵات کە لە لایەن کەس یان تاقمێکی تایبەتەوە بەڕێوە دەچێ بێزارن. ناتەبایی لە نێوان داخوازیەکانی خەڵکو وشیاری سیاسی‌و پێویستی بە دیمۆکراسی کە هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگا لە دەسەڵاتدا بەشدار بکا لە لایەکو چەقبەستوویی ئەو دەسەڵاتە نادێمۆکراتانەی کە لەسەر ڕەواڵی سوننەتی خۆیان دەڕۆن هۆکاری سەرەکی تەقینەوەی جەماوەری لەم وڵاتانەیە. پێویستی بە مودێرنیزەکردنو دێموکراسی‌و بەرزبوونەوەی داخوازی بۆ ژیانێکی باشتر هەوێنی ڕەخساندنی ئەم

**شۆڕشی ئێران لە بواری میتۆدیکەوە ئەزموونی باشی بۆ ڕاپەڕینی بەهاری عەرەب بەدواوە بوو، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە بەبێ ڕاپەڕینی ئێرانیش هەر دەستی پێ‌دەکرد**

ئاڵوگۆڕەن لە ناوچەکەدا. بەبڕوای من ئەم پرۆسەیەی کە ئێستا لە ئارادایە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی دنیادا زۆریش وەدوا کەوتووە. دواکەتوویی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی کۆنسەرڤاتیسمی ئایینی لایەنی سوننە، هەستیاربوونی ناوچەکە و هەوڵی زلهێزەکان بۆ ڕاگرتنی هاوپەیمانەکانیان لە ناوچەکەدا چەند لەو هۆکارانەن کە یارمەتیان داوە تەمەنی دیکتاتۆرەکانی لەم ناوچەدا درێژتر بێ. پێویستی بە گۆڕانو لاچوونی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەکەدا دیاردەیەک نیە کە هیچ کام لە وڵاتان لە ناوچەکەدا بتوانن بۆ درێژخایەن خۆی لێ ببوێرن.

**پرسیار:** هێندێک کەس لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕاپەڕینی دونیای عەرەب تا ڕادەیەک لەژێر کەریگەری ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدوای ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨دا بوو، ڕای جەنابتان لەم بارەوە چیە؟

**وەڵام:** بێ‌گومان سەرهەڵدانی جەماوەریی‌و خەباتی سەر شەقام کە لە تایبەتمەندی‌یەکانی شۆڕش لە سەردەمی ئێستادان لە وڵاتێکدا کارتێکەری لەسەر وڵاتانی دیکە کە لەسەر هەمان بەستەری گۆڕانن هەیە. سەرهەڵدانی خەڵک لە ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە ئاکامی هەڵبژاردنی دەیەمین سەرۆک کۆماری لە ساڵی ٢٠٠٩ی‌زایینی‌دا ئەزموونێکی باش بوو بۆ وڵاتانی دیکە لە بواری میتۆدیک واتە شێوازو ئامرازی کەڵکوەرگرتن لە هێنانی جەماوەر بۆ سەرشەقام. بۆ وێنە کەڵکوەرگرتن لە مێدیای گەلی‌سۆشیال مێدیا، چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە ئیمکانی دنیای دەرەوە بۆ ڕاگەیاندو لە قاودانی هەڵسوکەوتی حوکمرانان لە ئاست خۆپیشاندەران دا. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەوە ڕاپەڕینی ١٣٨٨ی‌ئێران بوو کە بووە هۆی ڕاپەڕین لە تونس، میسر یان دواتر وڵاتانی دیکە. کۆماری ئیسلامی لە پاش ماوەی کەمتر لە ساڵێک توانی پاشەکەشە بە ڕاپەڕینەکە لەسەر سەرشەقام بکا. ئەگەر بە چاولێکەری‌و ئاکامی ئەو ڕاپەڕینە بوایە نەدەبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خەڵک لە وڵاتی عەرەبی دووپاتی بکەنەوە، یان لانی کەم لەسەر مانەوە لەسەر شەقام سوور بن و هیوایان بە سەرکەوتن هەبێ، چونکە لە ڕاپەڕینی ئێراندا ئەو سەرکەوتنە مسۆگەر نەبوو. ڕاپەڕینی دنیای عەرەب هەروەک لە وەڵام بە پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێکرد هۆکارە جەوهەرییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری نێوخۆیی، واتە پێویستی گۆڕان لە سیستمی سیاسی لەم وڵاتانەدا. شۆڕشی ئێران

## بە واتایەکی دیکە دیمۆکراسی کە فۆرمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسییە بە پێی دەنگ و ئیرادەی خەڵک دەتوانێ بە پێی تەرکیبی خەڵک و باروودۆخ لە کۆمەڵدا شێوازی تایبەت بە خۆی هەبێ. فۆرمی هەڵبژاردن گەرەکە وەڵامدەری تایبەتمەندی تەرکیبی خەڵک و کۆمەڵگا بداتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بە گەرەنتی دیمۆکراسی بدا

لە بواری میتۆدیکەوە ئەزموونی باشی بۆ ڕاپەڕینی بەهاری عەرەب بەدواوە بوو، بەڵام ئەم ڕاپەڕینە بەبێ ڕاپەڕینی ئێرانیش هەر دەستی پێدەکرد. کارتێکەرییەکە زۆرتر لایەنی ئەوەی هەبوو کە دەکرێ خەڵک بە بەرفراوانی بێتە دەر و لە بەرابەر ڕژیمێکی پڕ چەک و بە دەسەڵاتدا ڕاوەستێ و لە میتۆد و کەرەسەی وەک میدیای گەلی کەڵک وەرگرێ.

**پرسیار:** خەڵکی ناوچەکە ئەزموونی ٣٣ ساڵەی حکوومەتی ئیسلامی ئێرانیان لەبەرچاوە، بەم پێیە تا چەندە ئەگەری ئەوە هەیە ئەم ئەزموونە لەو وڵاتانەی شۆڕشیان تێدا کراوە، دووپات بێتەوە؟

**وەڵام:** ئەگەری دەقاودەق دووپاتبوونەوەی مودێلی ئێران زۆر دژوارە، چونکە جیا لە هێندێک تایبەتمەندی ئاسایی کە لە بواری ئابووری،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی لە نێوان ئەم وڵاتانەو ئێراندا هەیە جیاوازییەکی هەرە بەرچاوی دیکە ئەوەیە کە لە ئێران سیستمی سیاسی دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی لەسەر بنەمای بە تەواوی ئایینی ئەویش لایەنی شیعەی وەلایەتی فەقیە بەڕێوەچووە. لە هیچ کام لەم وڵاتانەدا جگە لە عێراق و لوبنان شیعە هێزێکی بەرچاو نییەو سیستمی وەلایەتی لەسەر بنەمای فقیە شیعە ناتوانێ پێک بێ. لایەنی سوننە لە ئیسلامدا کە لەم وڵاتانەدا نفووزیان زۆرەو لە تونس و میسردا زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمانیان هەیە ناتوانن و بۆ خۆشیان لەو قەناعەتەدا نین کە بیر لە دەسەڵاتێکی بە تەواوی ئایینی وەک ئێران بکەنەوە. جگە لەمەش ئەزموونی ئێران ئەزموونێکی سەرکەوتوو نەبووەو بۆ خۆی لە قەیران و لەسەر بەستەری گۆڕاندا قەراری گرتووە. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ڕۆژئاواش کە نفووزو بەرژەوەندی زۆری لە ناوچەدا هەیە هەوڵ دەدا کە بەر بە دووپاتبوونەوەی مودێلی ئێران تەنانەت لە لایەن سوننییەکانیشەوە بگرێ. کەوابوو دووپات بوونەوەی ئەزموونی ئێران نە لە بواری ئایینی، نە لە بواری تەرکیبی کۆمەڵایەتی و نە تەنانەت لە بواری ڕەغبەتی نێونەتەوییشەوە زەمینەی لە باری نییە.

**پرسیار:** ئەمڕۆکە هەڵبژاردنەکان گرینگترین دیارگەی بەشداری سیاسی خەڵک لە دیاریکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتان دایە. بەسەرنجدان بەوەی کە کلتووری دیمۆکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین جێگیرو نهادینە نییە، بەڕای ئێوە بەشداری جەماوەریی خەڵک لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دەتوانێ گەرەنتی جێگیرکردنی دیمۆکراسی لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا بکا؟

**وەڵام:** هەڵبژاردن ئامرازێکی گرینگە کە دەتواندرێ بۆ دابین کردنی دیمۆکراسی کەڵکی لێوەرگیردرێ. بەڵام لە هەڵبژاردنی گشتیدا گرینگ بوونی فۆرمی هەڵبژاردنەکە نییە، بەڵکوو گرینگ شێوازی بەڕێوەبردن و مەبەست لە بەڕێوەبردنەکەیە. هەڵبژاردنی گشتی دەتوانێ مەیدانێک بێ هەم بۆ دابینکردنی فۆرمی بەرێبەری دەسەڵات و هەم کارتێکەری هەبێ لەسەر ئەولەویەتی ناوەڕۆکی بەرنامەی سیاسی بۆ دەسەڵات لە هەڵبژارنی گشتیدا.

هەرچی شێوازو مەبەستی هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا باری دیمۆکراسییانەی زیاتر تێدا ڕەچاو بکرێ بەو ڕادەش گەرەنتی جێگیربوونی دیمۆکراسی تێدا بەهێزترە. بەڵام هەڵبژاردن بە تەنێ ناتوانێ گەرەنتی دابین بوونی دیمۆکراسی بکا. هەڵبژاردن ئامرازێکە بۆ بەڕێوەبردنی بەشێک لە پرۆسەی دیمۆکراسی. هەلومەرج بۆ دابین بوون و گەرەنتی دیمۆکراسی لە هەر وڵاتێک لە تەک وڵاتێکی دیکەدا جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی بۆ گەرەنتی دیمۆکراسی پێویستە ئازادییە دیمۆکراتیەکان وەک ئازادی چاپەمەنی و بەیان بە شێوەیەکی یاسایی لە ئارادابن، نهادی پارێزەری دیمۆکراسی وەک بنیاتی داوەری سەربەخۆ عەمەل بکا، میدیای ئازادو کۆمەڵگای مەدەنی لە دەرەوەی دەوڵەت وجودیان هەبێ و ڕۆڵی خۆیان لە ئاست پاراستنی دیمۆکراسیدا بگێرن. نابێ لە بیرمان بچێ کە تەعبیری جۆر بە جۆر لە دیمۆکراسی هەیە. بە واتایەکی دیکە دیمۆکراسی کە فۆرمی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسییە بە پێی دەنگ و ئیرادەی خەڵک دەتوانێ بە پێی تەرکیبی خەڵک و باروودۆخ لە کۆمەڵدا شێوازی تایبەت بە خۆی هەبێ. فۆرمی هەڵبژاردن گەرەکە وەڵامدەری تایبەتمەندی تەرکیبی خەڵک و کۆمەڵگا بداتەوە بۆ ئەوەی یارمەتی بە گەرەنتی دیمۆکراسی بدا.

بە گشتی هەڵبژاردن لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە ئەزموون و کلتووری دیمۆکراسیان تێدا نهادینە نەبووە هەنگاوێکی فرەگرینگ و پێشمەرجی پرۆسەی دیمۆکراسی و سەقامگیرکردنی شێوازی دیمۆکراتیانەی بەڕێوەبەری دەسەڵاتی سیاسییە لەم وڵاتانەدا.

**پرسیار:** لە توونس و میسر ئیسلامییەکان لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەرچاویان بە دەست هێناو باس لەوەش دەکرێ کە لە وڵاتانێکی وەک یەمەن و سووریاش هەر ئیسلامییەکانی سەر بە باڵی جیهانی "اخوان الموسلمین" دەسەڵات بە دەستەوە دەگرن. ئەگەر ئەمە وا بێ بە دەسەڵات گەیشتنی ئیسلامییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا چ گۆڕانکارییەک دروست دەکا؟

**وەڵام:** تەرکیبی گرووپە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵایەتیەکان، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و نفووزی لایەنی ئیسلامی لە ڕەوتی گۆڕانو دەسەڵاتی نوێی سیاسی لە وڵاتانی جۆر بە جۆر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا یەکدەست نیەو جیاوازی زۆرە. بۆیە من سناریۆی ئەوە کە ئیسلامییەکان ناوچەکە بەدەستەوە بگرنو وەک دەبیستری ئیمپراتۆریەکی ئیسلامی دروست بکەن بە دور دەزانم. دیسکۆرسی سەرەکی ڕەوتی گۆڕانی بنەڕەتی لە ناوچەکەدا ڕەت کردنەوەی ئەو مودێلە لە دەسەڵاتی سونەتییە کە بنەمای لەسەر سەڵتەنەتی، خەلیفەیی، بنەماڵەیی، تەک حیزبیو گرووپێکی تایبەت بووەو دامەزرانی سیستمی دەسەڵات لەسەر بەستەری موشارەکەتی بنکە فراوانی گرووپە جیاوازە جەماوەریەکانە کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری لە پەراوێزی دەسەڵاتی سیاسی خستبوون. یەکێک لەو لایەنە بەهێزانەی کە بە مەبەستی نفووزی فرەتر لە دەسەڵاتی نوێدا هەوڵدەدا، لایەنە ئیسلامییە. لەم کێبەرکێیەدا ئەم لایەنە کۆسپی زۆر ئاستەمی لەسەر ڕێیەو بە تەنێ ناتوانێ دەسەڵات پاوان بکا.

یەک لەو کۆسپانەی لایەنی ئیسلامی لەسەر ڕێیەتی جیاوازی ڕوانگەی فکریو لایەنی جۆربەجۆری سیاسی لە نێوخۆی ئیسلامیەکان لەم وڵاتان دایە. لە نێو ئیسلامیەکاندا لە گرووپی توندڕەو بناژۆوە بگرە هەتا گرووپی ئیسلامی لیبراڵو تەنانەت سیکۆلاری تێدایە. ئەمە لە خۆیدا ڕێگرە لە بەردەم ئەوەی کە ئیسلامیەکان بە یەکگرتوویی بتوانن هژمونی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتانەدا بە دەستەوە بگرن. کێشەی نێوان ڕەوتی لیبراڵو مودێرنی ڕوانگەی سیکۆلارانە لە بەرابەر لایەنە توندڕەوەکاندا زۆر جار لە کێشەی نێوان ئیسلامیەکان و سیکۆلارەکان توندترە. جەوهەری ئەم کێشەیەش لەوەدایە کە مودێلی ئیسلامی سیاسی لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مودێرنیتە و دیمۆکراسی لە تەک یەکتردا تەبا نین. ئەم کێشە نێوخۆیە کاتی خۆی لە مسیحیەتیشدا ڕویدا. لە ئورووپای ڕۆژئاوا لە کۆتایی سەدەی ١٧ی زایینی بەدواوە پرۆسەی مودێرنیتەو دیمۆکراسی کە دەهات زیاتر جێگیر بێ لە تەک دەسەڵاتی سوننەتی ئایینی مەسیحیەت کە لە ڕێگای کلیساکانەوە تا ڕادەیەکی زۆر خاوەن بڕیاری سیاسیو کۆمەڵایەتی بوو تووشی ناتەبایی بوو. سەرەنجام پرۆسەی دیمۆکراتیزەکردنی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا بە هێزتر بوو بۆیە توانی دەسەڵات لە کلیساکانەوە ڕاگوێزی بنیاتە گەلیەکانی دەسەڵات وەک پارلەمانە تازە دامەزراوەکان بکا. لێرەدا مەبەستی من بەراورد کردنی هەلومەرجی ئەو کاتی ئورووپا لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نیە. نە هەلومەرجی ئەو دەم لەگەڵ ئێستاو نە ئایینەکان لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن. بەڵام دەکرێ هەلومەرجی ئێستای ئیسلامی سیاسی لەگەڵ هەلومەرجی ئێستای ناچەکەدا لە تەک هەلومەرجی ناتەبابوونی ئایین لە کلیساو پرۆسەی دیمۆکراسی ئەودەم بەراورد بکەین. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەرئێستا ئایینی ئیسلام لە بەرانبەر ڕەوتی دیمۆکراسیو مودێرنیتە لە کۆمەڵگادا ڕووبەڕوویە. ئەزموون، بە تایبەت ئەزموونی ئێران نیشانی دەدا کە کۆمەڵگاو دەسەڵات ناتوانێ لەسەر بنەمای ئایین بە تایبەت بە خوێندنەوەیەکی فۆنتەمەنتالی لە ئیسلام لە بەرانبەر مودێرنیتە و دیمۆکراسیدا لایەنی براوە بێ. چونکە بە پێی بنەمای کتێبە ئایینیەکان ناکرێ وەڵامی پرسە سیاسی، ئابووریو کۆمەڵایەتیەکانی دنیای سەردەم بدرێتەوە. ئەزموونی ناسەرکەوتووی ئیسلامیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئەفغانستان، ئێرانو تارادەیەک لە فەلەستینو لوبنان یارمەتی بەوە نادا کە مودێلی دەسەڵاتداری ئیسلامیەکان لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە پێشوازی لێبکرێو وەک مودێلێکی سەرکەوتو جێگیر بێ.

**ئـەزمـوون، بـە تایبەت ئەزموونی ئێران نیشانی دەدا کە کۆمەڵگاو دەسەڵات ناتوانێ لەسەر بنەمای ئایین بە تایبەت بە خوێندنەوەیەکی فۆنتەمەنتالی لە ئیسلام لە بەرانبەر مودێرنیتە و دیمۆکراسیدا لایەنی براوە بێ**

**پرسیار:** لە پێوەندی لەگەڵ سووریە لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا چینو ڕووسیە دژایەتی گەڵاڵەی ڕۆژئاوا و وڵاتانی عەرەبیان کرد، چ هۆکارێک بۆتە هۆی ئەوە تاکوو ڕوانگەی وڵاتانی جیهان بە نیسبەت سووریەوە جیاواز بێ؟

**وەڵام:** لە دەورانی شەڕی ساردەوە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە نێوان دوو لایەنی ڕۆژئاواو سۆڤیەتو بە گشتی بلوکی سەر بە سوسیالیزمی کۆن دابەشکراوە. ئەگەرچی بلوکی سوسیالیستیو دوو جەمسەری بە فەرمی نەماوە، بەڵام کێبەرکێ لە پێناو بەرژەوەندیو نفووز لە نێوان پاشماوەی ئەو دوو بەرەیە تارادەیەک هەر لە ئارا دایە. بۆوێنە لە ئاستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەبینین کە زۆر جار ڕووسیەو چین لە بەرانبەر ئەمریکاو ئورووپای ڕۆژئاوادا ڕادەوەستنو لە دژی ئەو بڕیارانەن کە لە دژی بۆ وێنە ئێرانو سووریە دەنگیان بۆ دەدرێ.

سووریە یەک لەو وڵاتانەیە کە هەتا ئێستاش هەر لە بەرەی بەرانبەر بە ڕۆژئاوادا ماوەتەوەو لە مەسەلەی ئیسرائیلو فەلەستین، مەسەلەی لوبنانو حیزبوڵلادا ڕۆڵ بە دژی بەرەی ڕۆژئاوا دەگێڕێ. جگە لەمە ڕووسیە بەرژەوەندی تایبەتی لە سووریەدا هەیە. سووریە بازاڕێکی بازرگانی بە تایبەت بازاڕی فرۆشتنی چەکە بۆ ڕووسیە. کەیسی سووریە نیسبەت بە لیبیو وڵاتانی دەوروبەر جیاوازی هەیە. هەم بۆ ڕووسیەو هەم بۆ چین گرینگە کە ڕێگا نەدەن ڕۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا ڕژیمی ئەسەد لابەرێو بەمە پێگەی ڕۆژئاوا لە ناوچەکەدا بەرینتر بێ. بۆیە مافی ڤیتۆیان لە ئاست بڕیاری شووڕای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە دژی سووریە بوو، بە کار برد. لە لایەکی دیکەوە ئەمریکاو ئورووپاش هەندێک بە ئیحتیاتەوە هەنگاو دەنێن بۆ لابردنی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رژێمی ئەسەد. بە بڕوای من هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە ڕۆژئاوا ئاڵترناتیڤێکی بەهێزو یەکگرتوو لە بەرانبەر رژێمی ئەسەددا نابینێ. هەروەها لە هاتنە سەرکاری رەوتی ئیسلامیەکان بە تایبەت سەلەفیەکان لە سووریەدا دەترسێ. ئەمانە هەمووی وای کردوە کە رەئی جیاوازو ئیحتیاتی تایبەت لە ئاست چارەسەری کێشەی سووریە لە لایەن وڵاتانی رۆژئاواوە لە ئارادا بێ.

بە بڕوای من لەگەڵ هەمووی ئەمانەش زۆر ئاستەمە بۆ رژێمی ئەسەد کە بتوانێ درێژە بە حکومەتەکەی بدا. ئەو رژێمە ناتوانێ متمانەی خەڵک وەرگرێتەوەو هەلومەرجێکی ئاسایی وەک پێشوو سەقامگیر بکاتەوە. ئەزموونی زۆر نیشانی دەدا کە ئەو رێژیمە زۆری پێناچێ کە لادەبردرێ. ریفۆرمیش ناتوانێ چارەسەر ئەو قەیرانە بکا کە رژێمی ئەسەد توشی بووە.

**پرسیار:** بە سەرنجدان بەوەی کە تیۆری "سەرهەڵدان تا ڕووخاندن"(برخیزیم و براندازیم) لە دەیەی ٦٠ی زایینی بەم لاوە کەم رەنگ بۆتەوەو هەوڵەکان زیاتر لە دەوری گۆڕانکارییە ریفۆرمیستی¬یەکان لە وڵاتەکاندا خول دەخوا، بەڕای ئێوە گۆڕانکاری لە بارودۆخی ئێستای ئێران وێ دەچێ لە ڕێگای شۆڕشەوە بێ یان ریفۆرمی درێژخایەن، تا چەندە ئەگەری کەڵک وەرگرتن لە هێرشی نیزامی هەیە؟

**وەڵام:** پێشبینیو دیاری کردنی فۆرمی گۆڕانی بنەڕەتی لە دەسەڵاتی سیاسی، ئەویش لە دەسەڵاتێکی سیاسی لە چەشنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە ئاڵۆزی تایبەت بە خۆی هەیە کارێکی دژوارە، لەبەر ئەوە زۆر جار فاکتەرگەلێک دێنە ئاراوە کە پێشتر پێشبینی نەدەکران. بۆیە ناکرێ بە متمانەی تەواو باس لە چۆنیەتی لاچوونی کۆماری ئیسلامی بکرێ. سیستمی سیاسی حاکم لە ئێراندا تایبەتمەندی خۆی هەیە کە ناکرێ لە تەک وڵاتانی دیکەدا بەراورد بکرێ. ئەم سیستمە کە لەسەر بنەمای ئایینی شیعەیە لە ماوەی ٣٣ ساڵی رابردوودا دەزگایەکی بەرینی بە کەڵک وەرگرتن لە ئایین بە دەوری خۆیدا دروست کردوە کە هەوڵی لابردن و گۆڕانی بنەڕەتی لەم سیستمەدا دژوار کردوە. توێژێک لە سەرمایەداری دەڵاڵی بازاڕو بەشێک لە چینی کەم داهاتی لەژێر ناوی ئایین لە خۆ هاڵاندوە. توێژێکی ئایینی بۆرۆکرات-نیزامی لەناخی ئەم سیستمەدا دروست بووە کە بەرژەوەندییان لە ڕاگرتنی ئەم نیزامەدا هەیە. دەزگایەکی نیزامیو میلیشیایی و داپڵۆسێنەری هەیە کە ئاستەنگی بۆ لابردنی رژێمی لە ڕێگای شۆڕشەوە دروست کردوە. لە لایەکی دیکەوە ئاڵترناتیڤێکی جیددی ئەوتۆ کە بتوانێ شۆڕشێک لە چەشنی شۆڕشەکانی رابردوو بەڕێوەبەرێ لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بوونی نیە. کەوابوو ئەگەری شۆڕشی نابی کلاسیک کە داموو دەزگا لە بنەڕەتدا برووخێنێو توێژو چینی نوێ دەسەڵات بە دەستەوە بگرن زۆر کەمە. بەڵام ئەگەری شۆڕش لە نێوخۆی ئەم سیستمەدا نە لە چەشنی شۆڕشی کلاسیک بەڵکوو شۆڕشێک کە سیستم بە تەواوی نەگۆڕێ، بەڵام توێژی دەسەڵاتدار لابەرێ، توێژێکی دیکەی لە نێوخۆی رژێمو دەرەوەی رژێم دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ، هەیە. بۆ نموونە لایەنی ولایەتی فەقیه لە نێودەسەڵاتدا بە هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە بسپێرێ. بۆیە دەڵێم شۆێش چونکە ئەم لابردنە دەتوانێ بە پشتیوانی خەڵک لە ڕێگای توندوتیژی و تێکهەڵچوون، بنەڕەتیو تا ڕادەیەک بەرینتر لەوە بێ کە لە خانەی ریفۆرمدا دایبنێین. بەبڕوای من ئەگەری گۆڕان لە شکلی ریفۆرمو هەنگاو بە هەنگاو کە رەنگبێ سەرەنجام بە گۆڕانی بنەڕەتی لە دەسەڵاتدا بگا زۆرترە هەتا شۆڕشی کوتوپڕ.

کۆماری ئیسلامی ئێستا لە قەیران دایەو لەسەر بەستەری گۆڕان قەراری گرتووە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم قەیرانە ناتەبایی لە نێوان خەڵکو دەسەڵات دایە. جگە لەمە کێشەو ناتەبایی لە نێوخۆی داموو دەزگای دەسەڵاتدا لایەنێکی دیکەی قەیرانی ئەم رژێمەیە. سەرچاوەی قەیرانی رژێم لە ناسەرکەوتووی ئەو بەرنامە، تێڕوانینەو مودێلە لە دەسەڵاتدارییە کە ئیسلامی سیاسی لە شکڵی ولایەتی فەقیه لەم ٣٣ ساڵەدا هەوڵی پیادەکردنی بۆ داوە.

سەبارەت بە هێرشی نیزامی من لەو بڕوایەدا نیم کە هێرشی بەربڵاو بۆ لابردنی رژێم وەک ئەوەی بۆ لابردنی سەددام کرا لە ئێران دووپات بێتەوە. هێرشی نیزامی ئەگەر رووش بدا تەنیا لێدانێکی کاتی و هەوایی بنکە نیزامیو ئەتۆمیەکان دەبێ. بەبڕوای من کۆماری ئیسلامی بە هێرشی نیزامی لا ناچێ. ناشێ ئەمریکا و ئیسرائیل لەمە ئاگادار نەبن. بەڵام هێرشی نیزامی دەتوانێ هێندێک سودی بۆ دابەزاندنی زیاتری ستاتۆی دەسەڵاتی ولایەتی فەقیه هەبێو هاتو هاواری ئەم دەسەڵاتە زیاتر بەرتەسک بکات. لە لایەکی دیکەشەوە ئاکامی هێرشی نیزامی دەتوانێ دواتر هاندەری نارەزایەتی خەڵک بێ لە دژی بێکفایەتی کۆماری ئیسلامیو خولقێنەری گرفتو قەیران لە تەک دنیای دەرەوە. سەبارەت بە هێرشی نیزامی دەکرێ باس لە سناریۆی جۆراوجور بکرێ کە لە وتوویژێکی ئەوتۆدا مەجالی باس لێکردنیان نییە.

**پرسیار:** وەک دەزانی کوردستان وەک نیشتمانی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت لە رۆژهەڵاتی نێوەراستو لە یەکێک لەو وڵاتانەی کە هەتا ئێستا ڕاپەڕینی تێدا کراوە واتە سووریە قەراری گرتووە. پێت وایە کورد لە کوێی ئەم ئاڵو گۆڕانەدا وێستاوەو ئاکامی گۆڕان لە ناوچەکەدا بۆ کورد چی دەبێ؟

**وەڵام:** بێگومان تێشکانی رژێمە دیکتاتۆرەکانو دیمۆکراتیزەبوونی سیستمی دەسەڵات لە ناوچەکەدا بە شێوەیەکی گشتی کارتێکەری پۆزێتیڤی لەسەر پرسی کورد وەک یەکێک لە نەتەوەکانی ناوچەکە هەیەو دەبێ. بەڵام ئەم کاتێکەریە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەتا ئێستا تەنیا بۆ کورد لە سووریە بووە. کورد لە سووریە هەلو مەرجێکی لە بارتر لە جارانی سەبارەت بە پێناسەی خۆی بۆ رەخساوە. لە سووریەدا چیتر ئینکاری پێناسەی کوردبوونی کوردەکان ناکرێ. لە لایەکی دیکەوە لاچوونی رژێمی ئەسەد کاریگەری زۆری لەسەر ئێران دەبێ. ئەمەش لە خۆیدا دەتوانێ بە سودی پێگەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بێ.

رادەی کارتێکەری بزووتنەوەی جەماوەریو گۆڕان لە سیستمی سیاسی لە ناوچەکە لەسەر پرسی کورد پێوەستە بەوە کە کورد چەندە رۆڵی خۆی وەک نەتەوەیەک دەگێرێ


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەداخەوە پێگەی کورد لەم بوارەدا زۆر لاوازە. کورد زۆرتر چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕ لە ناوەندەکانی دەسەڵات لەم وڵاتانە دایە لە باتی ئەوەی خۆی بکا بە بەشێک لە گۆڕانکاریەکەو پرسیار لە پرۆسەی سیاسی لە ناوچەکەدا دروست بکا. ئەمەش بەو بارودۆخە نادیارە لە سیاسەتی کورددا ناکرێ. بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ یەکگرتووی نەتەوەیی نییە کە لە گۆڕەپانی سیاسەت لە ناوچەکەدا ڕۆڵی خۆی تێدا بگێڕێ. خوێندنەوەو ستراتیژیی یەکی نەتەوەیی و بزووتنەوەیەکی یەکگرتوو لە ئاستی نەتەوەیی لە ئارادا نییە. سیاسەتو ستراتیژی نەتەوەیی تەنیا لە دایەرەی دیسکۆرسی بەرژەوەندی حیزبیدا مانای هەیە.

بەگشتی کورد پێگەیەکی لاوازی لەنێو ڕەوتی گۆڕان لە ناوچەکەدا هەیەو چاوەڕوانی ئەوەش ناکرێ کە تا چ ڕادەیەک سود لە ئاکامی گۆڕان لە تەرکیبی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوچەکەدا وەردەگرێ.

**پرسیار:** لە ئاکامی هەر ئاڵوگۆڕێکی لە ئێران بێتە ئاراوە، داهاتووی کورد چۆن دەبینی‌و تا چەندە ئامادەی ئەو گۆڕانکاریانەیە، بە سەرنجدان بەوەی کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ هاوهەڵوێستی یان یەکگرتوویی‌یەکی بەرچاو لە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی‌دا نییە؟

**وەڵام:** داهاتووی کورد پێوەستە بەوەی کە کورد چ ستراتیژیی‌یەکی بۆ دەسەڵات هەیەو تا چ ڕادەیەک بۆ هێنانەدی ئەو ستراتیژیی‌یە ڕۆڵ دەگێڕێ. سیاسەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لەسەر بنەمای خوێندنەوەیەکی ووردو ستراتیژیی‌یەکی شەفاف بۆ چارەسەری پرسی کورد لەم بەشەی کوردستان نییە. هەم لایەنی حیزبەکان‌و هەم چالاکانی نێوخۆی مەدەنی‌و سیاسی‌و فەرهەنگی بە شێوەیەکی پەرتەوازەو بە پێی کەوتنە نێو ڕووداوەکانی کاتی سیاسەت دەکەن‌و هەڵوێست دەگرن. هەڵوێستی سیاسی کورد هەتا ئێستاش لە ناخی سیاسەتێکی سوننەتی سەر بە ناوەنددا دەخولێتەوە. هەڵوێستی سیاسی، پرۆژەو بەرنامەی لایەنە سیاسیەکان لەسەر بنەمای تیۆری ڕێگاچارەی نهایی پرسی کورد نین. خوێندنەوە لە چارەی نهایی پرسی کورد بۆ دواتر داندراوە. ئەمە کارێکی وایی‌کردوە کە ناڕوونی لە پێگەو ڕەوتی سیاسەتی کورد لە داهاتوودا دروست کردوە.

ئەگەربێتو کورد هەر بەم وەزعەی کە تێی‌دایە بڕواتە پێش من داهاتوویەکی باش بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی کورد لەو ئاستەدا کە کورد هەوڵی بۆ داوەو ئارەزووی وەدی‌هاتنی دەکا، نابینم.

سیاسەتی سەرکەوتوو لەسەردەمی ئێستادا نە بە گرووپی چەکواراییی دەکرێ‌و نە بە ڕەوشی سوننەتی لە دایەرەی بەرتەسکی مەکتەب سیاسیەکانی حیزبەکاندا. بە بڕوای من کورد بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سەر لەنوێ نەکەوێتەوە داوی ژێردەستەیی‌و چاوەڕوانی ناوەندی دەسەڵات لە تاران نەبێ، پێویستە سیاسەت لە نێو جەماوەرو لەگەڵ خەڵک لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکا.

من لەو بڕوایەدام بۆ ئەوەی ئێمەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕانکاریەکانی داهاتوو لە ئێراندا بە ئامانجەکانمان بگەین پێویستە ئێمە خۆێندنەوەیەکی دروستمان سەبارەت بە چارەی پرسی کورد هەبێ‌و خاوەنی بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بین. بزووتنەوەیەک کە لەسەر بنەمای خۆێندنەوەیەکی وردی فکری، ستراتیژیی‌یەکی شەفاف، تێڕوانینی هوشمەندانە بە سیاسەتو بە کەڵک وەرگرتن لە شێوازی مودێرنی خەبات بتوانێ هەموو توانایی چالاکیە مەدەنی، مێدیایی، فەرهەنگی‌و سیاسی لەژێر چەترێکی نەتەوەیی‌دا لەخۆ بگرێ. کورد لە تاراوگە دەتوانێ ڕوڵێکی گرینگ لە پشتگیری بزووتنەوەیەکی ئەوتۆ لە نێوخۆدا بگێڕێ. ئەگەر ئێمە بزووتنەوەیەکی ئەوتۆمان هەبێ من بەش بەحاڵی خۆم هیوایەکی گەش بۆ داهاتوویەکی کورد دەبینم.

**پرسیار:** دەوری لاوان لەو گۆڕانکاریانەی کە لە ناوچەکە ڕوویان داوە، چۆن دەبینی؟

**وەڵام:** لاوان لە بێ‌دەسەڵاترین‌و بێکارترین‌و بێ‌ماڵ‌و حاڵترین گرووپەکانی کۆمەڵگا نەتەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو تەنانەت لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە دیمۆکراتەکانیشدا. دیارە من مەبەستم نەسڵی پچووکی منداڵ نییە. ڕادەی بێکاری و بێ‌دەرەتانی ماڵی لەنێو ئەم گرووەدا زیدەتر لە نەسڵەکانی بە تەمەن‌ترە. هەربۆیە ئەم نەسڵە لە نارازیانی سەرەکی دەسەڵاتن‌و زۆربەی نارەزایەتی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە لاوان بە تایبەت لە توێژی ڕووناکبیر لەنێو ئەم گرووپەرا سەرهەڵدەدەن.

لە وڵاتانی عەرەبی‌دا ڕادەی لاوان لە بەراورد لەگەڵ نەسڵەکانی دیکەو لە بەراورد لەگەڵ نەسڵی هاوتەمەنیان لە وڵاتانی ڕۆژئاواشدا حەشیمەتیان یەکجار زۆرە. لاوان هاندەر، ڕێکخەرو موتوری سەرەکی ڕاپەڕینەکانی سەر شەقام لە وڵاتانی عەرەبی بوون. لە نارەزایەتی‌یەکانی دوو ساڵ لەمەوبەری ئێرانیشدا دیتمان کە گرووپی هەرە پێشەوەی سەرشەقام لە کچان‌و کورانی لاو بوون. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەم نەسڵە بە دوای مەکتەبدا کاری گەرەکە، داخوازی هەیە بۆ پێکەوەنانی ژیانی ئاسایی بنەماڵەیی. ئەو حکوومەتانەی هەتا ئێستا لەسەر کاربوون ئەم داخوازیانەی لاوانیان دابین نەکردوە. ئەمە کارێکی وای‌کردوە کە لاوان لە دەسەڵاتی مەوجود نارازی بن‌و بکەونە دژایەتی. یەکێکی دیکە لە هۆکاری ڕۆڵی سەرەکی‌و گرینگی لاوان لە نارەزایەتی‌یەکانی سەرشەقام لە وڵاتانی عەرەب‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەوەیە کە لاوان شارەزاترو کارامەترن لە کەڵک وەرگرتن لە مێدیا، بە تایبەت مێدیای گەلی وەک فەیس‌بووک، تویترو یوتوپ کە ڕۆڵێکی سەرەکیان لە هاندان‌و ڕێکخستنی هەراوی خەڵک بۆ سەرشەقام لە دژی دەسەڵات لەم وڵاتانەدا گێڕاوە. بەبڕوای من ڕۆڵی گرینگی لاوان لە درێژەی ڕاپەڕینە گەلی‌یەکان لە دژی دیکتاتۆرەکان لە ناوچەدا هەر بەردەوام دەبێ.

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# خەباتی پاڕلەمانتاری لە باکووری کوردستان



مامەند ڕۆژە

پاشخانی خەباتی پارلەمانتەری بۆ تێگەیشتنی باشتر لە قۆناغەکانی تێکۆشانی ڕزگاری نیشتمانی لە باکووری کوردستان، ئەوە پێویستە وێستگەکانی قۆناغبەندی بکەین‌و بۆ باشتر لێوردبوونەوەی وا باشترە کە ئەم وێستگانە پۆلێن بکەین. لە پۆلێنکردنی وێستگەکانی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەیی لە باکووری کوردستان پێدەچێ لەرووی میتۆدییەوە تۆزێک ڕووبەڕووی گرفت ببینەوە، بەڵام بۆ وتارێکی وا دەشێ بتوانین بەوشێوەیەی خۆمان دەمانەوێ، کاکڵی بیرۆکەکە بگەیەنین. وێستگەکانی خەباتی ڕزگاری نەتەوەیی لە باکوور بریتن لە:
وێستگەی یەکەم، گرووپسازی
وێستگەی دووەم، بەئارتەش بوون
وێستگەی سێیەم، جەماوەری ـــ سەندیکایی
وێستگەی چوارەم، پارلەمانتاری
تێکۆشانی ڕزگاری لە باکوور، سەرەتا بە قۆناغی گرووپسازی دەستی پێکرد. ئەوەش بۆ ٦٠کان‌و ٧٠کانی سەدەی پێشوو دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا کۆمەڵگەی کوردستانی لەباکوور، بەر شەپۆلەکانی شارنشینی، بەپیشەسازیبوون‌و مەدەکانی سیستەمی سەرمایەداری نیوەچڵی تورکیا کەوتبو. ئەمە پاش دو دەیە لە بێدەنگی‌و ئەو ئاکامانەی کە تایبەتمەندی کۆمەڵگەی پاش ـ شەڕن، وەچێکی لێکەوتەوە کە لەکایەکانی گەران بەدوی پێناسدا بۆ ناو خۆی گەڕایەوە. ئەم وەچە کە لە ٦٠کانی سەدەی پێشودا لە زانکۆکانی تورکیادا پێگەیشت، بەرە ـ بەرە ئەنجامی کایەکانی پێناسخوازی خۆی لەتوێی ناوەندە فەرهەنگی‌یەکاندا پیشاندا.
دەتوانین بڵێین لێکەوتەی ئەم کایەیە، دروسبوونی چەند ناوەندی فەرهەنگی پێناسگەرای کوردستانی بوو. بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە هەردو ڕێکخستەی فەرهەنگی باکوور بکەین کە بریتین لە: کۆمەڵەی شۆرشگێری فەرهەنگی خۆرهەڵات‌و ئۆجاغی شۆرشگێری فەرهەنگی خۆرهەڵات. ئەم دو کۆمەڵەیە لە دامێنی خۆیاندا بەتەواوەتی وەچێکیان بارهێنا کە تاوەکوو ئەمڕۆژەش سامانی سەرەکی فەرهەنگ، سیاسەت‌و کایەی مەدەنی باکووری کوردستان پێک دەهێنن. سەرەنجام لە نیوەی دووەمی ٧٠کانی سەدەی پێشوودا ئەم وەچە لەسەر بنیاتی ئەو چەند کۆمەڵە فەرهەنگی‌یە، چەندین گرووپی سیاسی پێکەوەنا کە بۆ نموونە هەندێکیان بریتین لەمانەی خوارەوە: پارتی سۆ سیا لیستی کوردستان ـ پ.س.ک، پارتی ڕزگاری کوردستان، گرووپی ڕزگاری نەتەوەیی کوردستان ـ کوک، پارتی کاوە، پێشەنگ، ئەستێرەی سوورو تاد. سەرەنجام پارتی کرێکارانی کوردستانیشی لێکەوتەوە. بۆیە دەتوانین ئەم وێستگەیە بە وێستگەی گرووپسازی یان گرووپبەندی ناوبەرین کە بە ماکی سێ وێستگەکەی‌تر لەقەڵەم دەدرێت.
وێستگەی دووەم وێستگەی بەئەرتەش بوونە. لەم قۆناغەدا پاش ئەوەی کودەتای سەربازی ١٢ی ئەیلول ڕوویدا، زۆربەی سامانی مرۆیی گرووپە سیاسی‌یەکانی کوردستان قەڵاچۆکران. بەهەزاران کەسیان ڕەشبگیرکران‌و لە زیندانەکان ئاخنران. بەمجۆرە شێوەیەک لە ئیستبدادو ملهوڕی سەربازی باڵی بەسەر تورکیاو کوردستاندا کێشا. لەئەنجامی دەرکەوتنی ئەم قۆناغەدا ئیتر بواری خەباتی سیاسی نیمچەئاشکرا نەماو گرووپە سیاسیەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان دەرپەڕینران. بۆیە ئەمە لە دوایەم خاڵی خۆیدا بە دەرکەوتنی قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری کۆتایی پێهات. لەمەوە چەند گرووپێکی سەربازی پەیدابوون کە دوایەمینیان گۆی گۆڕەپانەکەی بردەوە.
لەسەروبەندی پێکدادانە سەربازی‌یەکانی کوردستاندا، ئیتر ئەمە بووبە فاکتەرێک‌و وزەی خەوتووی کۆمەڵگەشی جووڵاند. واتە دینامیزمی کۆمەڵایەتی ناوەوە ئیتر چەندی ڕۆیشت کاریگەری خۆی زیاتر پیشاندا. ئەمە لەگەڵ بوونی فەزای نیوەکراوەی سیاسی ناو تورکیادا کارلێکی کردو ئەنجامەکەشی پۆزەتیڤ بوو. لەئاکامی ئەمەدا خەباتی جەماوەری لە سەرهەڵدانی کۆمەڵانی خەڵکەوە دەسپێکردو تاکوو پێکەوەنانی سەندیکا، یەکێتی‌و دامودەزگای مەدەنی پەلی هاویشت. ئیتر توێژو چینە کۆمەڵایەتی‌یەکان ڕێکخستەی خۆیان پێکەوەنا. ڕۆژنامەگەری و میدیای کوردستانی گەشەی کرد. لەهەمووشی گرنگتر ئەوە بوو کە زەمینە بۆ پێکەوەنانی پارتی سیاسی قانوونی خۆش بوو. ئا لەمەوە گرووپەکانی وەکوو پارتی ڕەنجی گەل، پارتی دیموکراسی، پارتی



گەلی دیموکراتو پارتی دیموکراسیو تادی لێکەوتەوە کە ئەمرۆ سەرتۆپی ئەو خەباتە خۆی لە بوونی پارتی ئاشتیو دیموکراسی ب.د.پ، پارتی مافو ئازادییەکان ـ هەقپارو پارتی بەشداربونی دیموکراسی ـ کادەپ دەبینێتەوە. دەتوانین ئەمە بەسەرەتاو

> **ئەمان بلۆکێکی سیاسیان پێکەوەنا کە لە سێ پارتی سیاسی قانوونی کوردی واتە پارتی ئاشتیو دیموکراسی، پارتی مافو ئازادییەکانو پارتی بەشداربوونی دیموکراسی پێک هاتبوون. ئەمە یەکەمجار بوو کە کورد بەشێوەی خەباتی بلۆک بەشداری پرۆسەی پارلەمانی بکات**

دەروازەی خەباتی پارلەمانتەری لە باکووری کوردستان بزانین.

پارلەمانتەریو دۆزی کوردستانی

هەرلە ٩٠کانی سەدەی پێشووەوە نوخبەی سیاسی کوردستان لەوە گەیشت کە دەتوانێ بێئەوی بەئاشکرا پرسی پێناسی سیاسی تێوەبخنێ، لە چوارچێوەی قانوونەکانی تورکیادا پارتی سیاسی پێکەوەبنێو کەلک لەو زەمینەیە وەربگرێت. بۆیە لەو سەردەمەدا پاش ئەوەی پارتی رەنجی گەل لەگەڵ پارتی سۆسیالیستی گەلی ئەردال ئینۆنۆ رێکەوتنو کوالیسیۆنێکیان پێکەوەنا، ژمارەیەکی بەرچاو لە کادرە سیاسیەکانی کورد دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا کە برۆنە پارلەمانەوە. بەڵام ئەو سەردەمە لە مێژووی خەباتی کوردستانیدا بەسەردەمی رۆمانتیزمی نیشتمانی دەزانرێت، بۆیە کوردەکان زیاتر لەوەی سەکۆی پارلەمان بقۆزنەوە بۆ ئەوەی پرسەکەیان بخەنە سەر مێزەکانی پارلەمانو لەوێ بەشێوەی پلیکانی چارەسەری بۆ وەدۆزن، بە هەوڵدانو رەفتاری سەمبۆلیو حەماسییەوە سەرقاڵ بوونو لە شێوەی رەفتاری هێماییدا بەدەستی خۆیان ئەم هەلەیان لەباربرد. لەگەڵ ئەمەش ئەو رەفتارە هێماییانەش پێناسی کوردستانیان زیاتر چەسپاند.

سەرباری ئەمە چەندی زەمان دەربازبوو، ئەوەندە زیاتر کاری ئەقڵانیو بەئاوەز لەناو باسکەکانی بزاڤی رزگاری نەتەوەیی باکووردا پێشکەوت. بۆیە گەلێکیان هەوڵدا لەرێگەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنە پارلەمانیو محەلییەکاندا جۆرەکانی بەشداربوون لە بریارسازیو پراکتیزەکردنی دەسەلات تاقیبکەنەوە. هەر لە ناوەراستی ٩٠کانەوە لە کوردستان چەندین شارەوانی دەست کوردەکان خۆیان کەوت. ئەمە ئەزموونێکی باشی بۆ بەرێوەبردن، شارداریو ولاتداری دەسخستن. بەڵام لەوساوە کاتێک دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی پەیی بەوە برد کە کوردەکانی بۆیان هەیە لەرێگەی هەڵبژاردنەکانەوە بێنەوە ناو پارلەمان، ئەوە رێژەی ١٠٪ پارلەمانیان چەسپاندەوە. بەمە نەیانهێشت کورد بەقەبارەی خۆی بەشداری کاری پارلەمانی ببێت.

رێژەی ١٠٪ رێژەیەکە کە لە هیچ دیموکراسیەکی دنیادا بوونی نییە لە تورکیا نەبێت. رێژەکە کە هەتا ئێستاش وەک خۆی لە دەستووردا ماوەتەوەن دەڵێ: "پارتیە سیاسیەکان ئەگەر بێتو رێژەی ١٠٪ کۆی دەنگدەرانی تورکیا بەدەست نەهێنن، ئەوە ناتوانن بچنە ناو پارلەمانەوە". لەبەر ئەمە مەغدوری پلە یەکەمی ئەم مادە نادادگەرە کوردن. ئاخرییەکەی کوردەکان پاش ئەوەی لە سێ هەڵبژاردنی پارلەمانیدا لەبەر رێژەی ١٠٪ شکستیان هێنا، بەو قەناعەتە گەیشتن کە بۆ شکاندنی ئەم بەربەندە، لەرێگەی کاندیدی سەربەخۆوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.

لەساڵی ٢٠٠٧ ئەم شێوازە ئەنجامی پێوستی لێکەوتۆتەوەو ٢٢ پارلەمانتەری سەربەخۆی کورد چوونە پارلەمانەوە. لەویش لەبەر ئەوەی ژمارەیان لە ٢٠ کەس زیاتر بوو، بۆیە توانیان فراکسیۆنی پارلەمانی پێکەوەبنێن کە مەرجەکەی بوونی لانیکەم ٢٠ پارلەمانتەرە. ئیتر لەوساوە کورد توانیویەتی دەنگی خۆی، ئیرادەی خۆیو پرسەکانی ناسنامەو کێشەی سیاسیی خۆی بکاتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی ناو پارلەمانی تورکیا. ئەمە گەلێک دەرفەتی بۆ نوخبەی سیاسی کورد دروسکردوە بۆ ئەوەی بتوانێ پرسەکەی ئاساییسازی بکا، لە میدیای رەسمیو نیوەرەسمییەوە دەربکەوێ، رای گشتی تورکیا بدوێنێ، لەگەڵ نوخبەی سیاسی تورک دیالۆگ پێش بخاو کاریگەری لەسەر قانوون سازیو بریارسازی تورکیا هەبێت.

لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکەی ساڵی ٢٠١١شدا کورد هەوڵی دا سەرباری بوونی رێژەی گوجەستەی (مەلعون)ی ١٠٪ بەباشی ئەم هەلە بقۆزێتەوە. ئەوە بوو کوردەکان لەناو خۆیاندا لیستی بلۆکیان دانا. ئەمان بلۆکێکی سیاسیان پێکەوەنا کە لە سێ پارتی سیاسی قانوونی کوردی واتە پارتی ئاشتیو دیموکراسی، پارتی مافو ئازادییەکانو پارتی بەشداربوونی دیموکراسی پێک هاتبوون. ئەمە یەکەمجار بوو کە کورد بەشێوەی خەباتی بلۆک بەشداری پرۆسەی پارلەمانی بکات. بۆیە ئەم هەنگاوە دەسکەوتی هەبوو کوردان توانیان لەگەڵ بوونی هەمووجۆرە کۆسپێکی قانونی، رێژەی ١٠٪، کۆسپەکانی دەسەڵاتی داد، دادگای دەستووری، هەڵمەتەکانی پۆلیس، لێپێچینەوەی داواکارە گشتییەکانو دوایەمیشیان کۆسپە بەناوبانگەکەی دەزگای باڵای هەڵبژاردنەکانو ..... ٣٦ پارلەمانتەر سەربخەن کە لەبەر بوونی کۆسپەکان تەنیا ٣٠ پارلەمانتەریان توانیان برۆنە هۆڵەکانی پارلەمانەوە.

ئەمرۆ کورد توانیویەتی بەباشی کەڵک لەم فەزایە وەربگرێو دەنگی خۆی لە گرنگترین سەکۆی سیاسیو قانوونی تورکیا بەهەمولایەک بگەیەنێت. جگە لەوە کوردەکان ئیتر ئەزموونیان هەیەو ئەگەر بێتو رێژەی ١٠٪ نەمێنێ، ئەوە ئەمجارە ٦٠ــ٧٠ پارلەمانتەر دەردەخەن. ئەم رێژەیەش لەناو پارلەمانی تورکیا کە ٥٥٠ پارلەمانتەری هەیە، رێژەیەکی یەکجار گرنگەو بۆی هەیە هاوکێشەی سیاسیو تەرازووی ناوخۆیی هێزەکان لەو وڵاتە بگۆرێت.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# دەسەڵاتی ئەمڕۆی ئێران لەنێو تەنگژەی سیاسیی‌و ئابووریدا بەرەو کوێ دەچێ ؟



ئەحمەد مەکلاوەیی

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی ١٣٧٥ی‌هەتاوی لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە، کۆمەڵە ئاخوندێکی بێ خەبەر لە هەستی مرۆڤایەتی بە ڕێبەری ئیمام خومەینی، جڵەوی دەسەڵاتی ئێرانیان گرتە دەست و دەستکەوتی خەڵکی دڵسۆز و ئینقلابی ئێرانیان بۆخۆیان بە تاڵان بردو بە درۆو دوور لەڕاستی هەزاران قەول و بەڵێنیان بە خەڵکی ئێراندا. بەڵام زۆری پێ‌نەچوو کە خومەینی تەواوی ئەو قەول‌و بەڵێنانەی کە بە خەڵکی ئێرانی‌دا بوون، خستنیە ژێرپێ‌و بەرەو گومرابوون چوو کە ئێرانی لە ئێرانی‌یەکان کردە بەندی‌خانەیەکی گەورەو بەربەستی لەبەرانبەر دەربڕینی بیری خەڵکی ئازادی‌خوازو بەپەرۆش بۆ ئێران دانا کە لە ئاکامی ئەوەدا هەزاران کەسی خاوەن بیری ئاشتی‌خوازی‌و پێکەوە ژیانی بە تەبایی لە ئێراندا کەوتنە بەرتیغی تازە سووی ئاخونەکان کە یا لە ناوچوون یان پەنایان بۆ هەندەران برد. لە هەمووی ئەو ماوانەدا هێزە ئینقلابی‌و شۆڕشگێڕەکان لە ئێران‌و بە تایبەتی لە کوردستاندا بەرانبەر بە داگیرکەران‌و نەیارانی ئاشتی‌و پێکەوە ژیانی برایانەی خەڵکی ئێران،ڕاوەستان‌و لە دەشت‌و شاروگوندو بەندیخانەکاندا بەگژ دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئاخوندیدا چوونەوە کە لە پێناوی ئازادی ئێران لە چنگ جرجاڵی خوێن خۆردا، زۆر لە خەڵکی ئێران بوونە قوربانی سیاسەتی چەوتی خومەینی کە بە ڕژانی خوێنی خۆیان سەنەدی ئازادی‌خوازی هەرە زۆری خەڵکی ئێرانیان بە خومەینی و ڕژێمەکەی و دونیای مروڤایەتی نیشاندا. ڕژێمی جەهل‌و نەزانی بە هەزاران پیرو گەنج‌و منداڵی لە بەرەکانی شەڕی ئێران‌و عێراق بە کوشتن‌داو کردنیە خۆراکی قەل و داڵ کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بنەماڵەکانیان چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەن و بە دوایاندا وێڵن. سەرانی ئەو ڕژێمە بە هەزاران جۆر جینایەت کردن لەسەر خەڵکی ئازادی‌خوازی ئێران لەنێوخۆی وڵاتیش‌دا، دڵیان ئۆقرەی نەگرت و زۆر زیاتر لەوەش بۆ کاری جینایەت پەلیان راهاویشت و بەرانبەر بە خەڵکی ئێران زیاتر هەنگاوی جینایەت پێشەیان ناو لە دەرەوەی وڵاتیش دەستیان بردە دژبەرانیان و بە دەیان ڕێبەرو تێکۆشەری ئێرانیان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهان‌دا تیرۆر کردن. جگە لەوانە هەر لە کاتی هاتنەسەر کاریانەوە ویستیان ئیمپراتۆرێکی ئیسلامی دامەزرێن. بۆ ئەو مەبەستەیان روویان کرد وڵاتانی عەرەبی و بە تایبەتی لە ڕێگای وڵاتی سووریەوە خۆیان گەیاندە لووبنان و حیزبوڵڵایان دروست کردو بە دانی سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران، سەدان کاری تیرۆریستیان پێ ئەنجام دان و لە وڵاتە ئوروپاییەکان و بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا جینایەتیان پێ خوڵقاندن و دەچەندان زیاتر هێمنی رۆژهەڵاتی ناڤینیان پێ ئاڵۆزو شڵەقاند. بە هۆی ئەو هەموو دەخاڵەتانەیەوە ڕژێمی مەلاکان لە ئێران‌دا کەوتە بەرقین و تووڕەیی‌و زیاتر لە سەدان‌و بگرە هەزاران جار لە لایەن وڵاتان و ڕێکخراوە مروڤدۆستەکان و بنیاتە داکۆکیکەرەکان لە مافی

**ڕژێمی جەهل‌و نەزانی بە هەزاران پیرو گەنج‌و منداڵی لە بەرەکانی شەڕی ئێران‌و عێراق بە کوشتن‌داو کردنیە خۆراکی قەل و داڵ کە ئێستاشی لەگەڵدا بێ بنەماڵەکانیان چاوەڕوانی گەڕانەوەیان دەکەن و بە دوایاندا وێڵن**





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مـرۆڤ، ئـەو ڕێژیمـەیان بەدەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤو شێواندنی ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچە و ... هتد، مەحکووم کـرد. بـەڵام لـە جیاتی ئـەوە کە بە خۆیدا بێتەوە، سات بەدوای سات و سـاڵ بـەدوای سـاڵدا زیـاتر لە رابردووی قوڵی لە جینایەت هەڵمالی و بـە مەبەستی گلاوی سەپاندنی بیروباوەڕی دوور لـە مرۆڤایەتیو هەڤیازدانی خۆی بەسـەر دونـیـادا، کـەوتـە خـۆو بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژە ئەتۆمیەکانی و ...، هەنگاوی زیاترو بە پەلەی ناو و کەوتە هەرەشەکردن لەمو لەو و لە ڕەوتی ئاشتیخوازی کە رووی کردۆتە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و... هتد. جا لەو کاتەدا کە وڵاتانی ئاشتیخوازی دونیاو لە سـەرووی هەموویانەوە ئەمریکاو بریتانیاو فەرانسە کە دیتیان کۆماری بەناو ئیسلامی خەریکی نیازی خراپو مەترسیدارەو دەیهـەوێ دەستی بە چەکی کۆمەڵکوژ رابگاو ببێتە زلهێزو ئەمنییەت و ئاسایشی جیهان بەرەو ئاڵۆزی بـەرێ. لـە عێراقو لوبنانو سووریەو ئەفغانستانو چەند وڵاتی دیکەدا خەریکی تێکدان و شێواندنی ئاسایش و ئارامی ناوچەیە و هەزاران گیروگرفت و کێشەی بۆ دونیای ئاشتی و تەبایی دروست کردوە، کەوتنە خۆو ڕێگای گەمارۆیەکی بەربلاو و پشت شکێنیان بەسەر ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەدا سەپاند بۆ ئەوەی تـێـکـبـرووخـێـو خـەڵـکـی ئـازادیخـوازی ئـێـرانو جیهانی ئاشتی لەو بەڵایە ڕزگـاریـان بـێ. هـەرچـەنـد ئـەو گـەمـارۆیـانـە بۆ خـەڵـکـی ئـێـران بـە گشتیی و بە تـایـبـەتـیـش بۆ چینی هەژارو کەم درامـەت بارێکی گـرانو قورسە، درێــژەی هەبێ، دەبێتە هۆی ئەوە کە خەڵکی ئێران زەختـیان بۆ بـێو لە ڕێـژیمی مەلا خوێنخۆرەکان ڕاپەڕن و بە چۆکیان دابێنن. بەڵام ئەوەی ناخۆشە، ئەوەیە کە بەداخەوە هەندێک وڵاتانی مەسڵەحەت پەرست و بەرژەوەندیخواز کە خۆیان شایەی دیتنی ئەو هەموو تاوانانەی کۆماری ئیسلامین، پشتی بەر نادەن و مافە ئینسانییەکانی خەڵکی ئێران و ... لەژێر پێ دەنێن. بـەڵام ڕەوتی ئاشتیخوازی لەنێو خەڵکی بە فەرهەنگ و تێگەیشتوو و پێگەیشتووی ئێراندا کۆتـایی نـایـە و لاوە خـوێـنـگـەرم و ڕووناکبیرەکانی لەبەرانبەر دەسەڵاتی شوومی مەلاکاندا بەچۆک دانایەن و ئەو ڕەوتە درێژە پێدەدەن و نایەڵن لـە بـەرەوپـێـشـەوەچـوون بکەوێو سـەرەنـجـام ئـەم ڕەوتـە لـە شـەقامی شارەکانی ئێراندا بۆ گیانی ڕێژیم و بەکرێگیراوەکانی ویلایەتی موتڵەقەی فـەقـیـە دەبـێـتـە لافـاوی بەرخۆدانی دەسـەڵاتـی دیـکـتـاتـۆری سـەرانی کۆماری ئیسلامی و بەرەونەمانیان دەبا. بێ ئەملاولا زۆر ناخایەنێ کە ئەو ڕەوتە بە پشتیوانی تەک تەکی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و مشوورخۆرانی ئازادی و سەربەستی لە ئێراندا دەست پێدەکاو دەگاتە منزڵگەی یەکجاری و لـە ئـێـراندا کۆتایی بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندی دێ و خەڵک دەکەونە شادی وخۆشی و لە هەموو کۆڵان و جادە و شەقامەکانی ئێراندا بانگی ئازادی و سەربەستی لێدەدرێ و دەسـت بـەخـوێـن سـووربـووەکان وەک تـــۆوی پـرپـرە بـــڵاو دەبـــن.

بـەڵام ئـەوەی هـەر لـە ئێستاوە پێویستە بکرێ، ئەوەیە کە خەمخۆرانی ئاشتیخوازی دوارۆژی ئێرانی دوای ئەو ڕێژیمە، ڕێگای دەربـازبـوون بە خائینانێک کە تا دوێنێ و ئەمڕۆ بە دەیـان جـۆر خەڵکی ئێرانیان قەتڵو عام دەکرد، بگرن و لە بیری گەلاڵەی حکوومەتێکی گشتگیرو پێکهاتوو لە هەموو نەتەوەکان بن تا ئەو کاتەی ڕاپرسییەکی گشتیی بۆ دامەزراندنی حکوومەتێکی فیدراڵی دەکـرێ کە هەڵگری خـواسـتو ئامانجی هەموو نەتەوەکانی ئێران بێ بە هیوای ئەو ڕۆژە.

**بەڵام ئەوەی هەر لە ئێستاوە پێویستە بکرێ، ئـەوەیـە کە خـەمخـۆرانـی ئاشتیخوازی دوارۆژی ئـێـرانـی دوای ئەو ڕێژیمە، ڕێگای دەربازبوون بە خائینانێک کە تا دوێنێ و ئەمڕۆ بە دەیان جۆر خەڵکی ئێرانیان قەتڵو عام دەکرد، بگرن و لە بیری گـەلاڵەی حکوومەتێکی گـشـتـگـیـرو پـێـکـهـاتـوو لە هـەمـوو نـەتـەوەکـان بن**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نەتەوایەتی

# ئاستی وشیاری نەتەوەیی لەنێو لاوانی کوردو پرسی ئاسایشی نەتەوەیی

## (کاریگەیی لاوان لە شۆڕشی رزگاری‌خوازی‌و دیاری‌کردنی مافی چارەی‌خۆنووسین لە کوردستان)



ئارام برایم‌خاس

پێشەکی: ئەگەر بمانەوێ وەک پێشەکی بچینە نێو باسەکەو باسێکی کورتمان لەسەر چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی هەبێ، دەتوانم بڵێم کە دەستەواژەکانی "ئاسایش" و "نەتەوەیی" و بەستێنە مەعریفییەکانی پەیوەندیدار بەو دوو ووشەیە دیرۆکێکی درێژیان هەیە، بەڵام ئاوێتەبوونی ئەو دوو چەمکە وەکوو دەستەواژەیەکی نوێو بواری لێکۆڵینەوەی تایبەت دوای پێکهاتنی دەوڵەت ـ نەتەوەکانو بە تایبەت دوای دەست پێکردنی شەڕی ساردو لە دوای شەڕی جیهانی دووهەم هاتە ئاراوە. ئەگەر لە روانگە لە مێژینەکەیەوە سەیری چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکەی "ئارنۆڵد وۆلفێرز" کە لەو پەیوەندییەدا دەڵێ: "نەتەوەیەک تا ئەو ئاستە خاوەن ئاسایشی نەتەوەییە کە بیهەوێ لە شەڕ پارێز بکاو ویستی خۆبواردن لە شەڕو جەنگ نەبێتە هۆکاری بن پێکردنی هەنجار و بایەخە بنەڕەتییەکانی‌و ئەگەر تووشی شەڕێکیش بێ، بتوانێ بە سەرکەوتن لەو شەڕەدا ئەرزش و بایەخەکانی خۆی بپارێزێ".

هەڵبەت دوای کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ئەو چەمکە تووشی کۆمەڵێک ئاڵوگۆری بنەڕەتی بووە کە رەنگە باس کردنی لەو مەجالە کورتەی ئێمەدا نەگونجێ. هەرچەند پێناسەی ئێمە لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لە رەهەندی نێوخۆیی‌و بە رویکەرد و تێڕوانینێکی کۆمەڵناسانەیە، بەڵام دەکرێ بیخەینە خانەی رەهەندی دەرەوەی ئاسایشی نەتەوەیی‌یەوە. ئەگەر بمانەوێ باسێکی کورت لەسەر خودی گەنجان‌و کاریگەری‌و رۆڵی ئەوان لەسەر بزاڤە کۆمەڵایەتی‌یەکان بێنینە گۆڕێ کە خۆی ئەو باسەش زۆر چەمکو دەستەواژەو هەروەها تێڕوانین و لێکدانەوەو شرۆڤەی سیاسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی‌و تەنانەت لە هەندێک بابەتدا ئابووریش لەخۆ دەگرێ. دەتوانم بڵێم بە گشتی ئەو بزاڤانەی کە گەنجان پێکی دێنن یا تێیدا بەشدارن هەموویان بەشێوەیەکی یەکدەنگ خوازیاری مافە بنەڕەتی‌یەکانی خۆیان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی و ئابووری‌دان. کە هەمووی ئەم مافانە وەک مافی "جەهانشمول" و گشتگیر دەبێ لە ژیانی رۆژانەی هەر مرۆڤێکدا بوونی هەبێ‌و هەر مرۆڤێک لێیان بەهرەمەند بێ. هەموو ئەو مافانە کە ئێستا لە گۆڕەپانی کێبەرکێی گەنجان‌و دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێزو نەریت‌خوازدا لە ئارادایە بە گشتی لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ پەسەندکراوی ساڵی ١٩٤٨ی نەتەوە یەککگرتووەکان، کۆنڤانسیۆنەکانی مافەکانی مەدەنی‌و سیاسی‌و میساقەکانی پەسەندکراوی نەتەوە یەککگرتووەکاندا هاتووە. هەر ئەو جاڕنامەو کۆنڤانسیۆن و راگەیەندراوی مافەکانی مرۆڤ کە دەوڵەتەکان واژۆیان کردوەو دەرووەست بوونی خۆیان بۆ پابەند بوون بەو یاسایانە و جێبەجێ کردنیان راگەیاندوە. ئێمرۆ بزاڤی گەنجان یەکێک لە ئەکتیڤ‌ترین بزاوتە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە هەڵبڕینی دەنگی ئێعتراز و ناڕەزایەتی لە هەمبەر نایەکسانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی‌و یاسایی لەسەر ئاستی هەموو جیهانە. گەنجان پێیان ناوەتە گۆڕەپانە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌یەکان، بە دوو هۆکار:

١.بەو هۆیە کە خوازیاری ئاڵوگۆڕن.

٢. بەو هۆیە کە دەزانن دینامیزم و مۆتۆڕی موحەڕەکی وەگەڕخستنی ئەم خەباتە بۆ ئاڵوگۆڕ تەنیا و تەنیا ئەوان و هێزی لەبڕان نەهاتووی ئەم توێژەیەی کۆمەڵگایە.

هەر سیستم و نیزامێکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی کە پێش بە گەشەی گەنجان بگرێ‌و بە پێچەوانەی ویستە رەواکانی ئەم جیلە نوێ‌خوازە هەنگاو هەڵبگرێ دەگەڵ شەپۆلی "قەهرێ" ئەم فاکتەرە سەرەکی‌یەی "گـــــــــۆڕان" بەرەوروو دەبێتەوە. گەنجانی ئەم سەردەمە باش دەزانن کە ئەگەر ئەوان بۆخۆیان داهاتووی خۆیان دروست نەکەن ناتوانن لە داهاتوویەکدا کە






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ بەشداریی و هاوبەشی ئەوان ساز کراوە، بەشێکیان هەبێ. هەر بۆیەش ئەو سەردەمە سەردەمی گەڕانەوە بۆ گەنج و هاوکات سەردەمی گەڕانەوەی گەنج بۆ کۆمەڵگا و بۆ سیاسەتە. بۆ نموونە: کاتێک گۆڤاری ئامریکایی "تایم" ڕۆژی ٢٠١٢/٤/٢٢ لە نێوان سەد کەسایەتیی کاریگەری جیهانیدا، ناوی گەنجێکی میسری وەک "وائیل غەنیم" دەگونجێنێ کە لە پشت لەپ تابێک لە "دوبەی" و لەنێو تۆڕێکی کۆمەڵایەتی وەک

## لەڕاستیدا ئەوە گەنجان و لاوان بوون کە دیمۆکراسیان هێنایە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و دەنگدانی ئازادو ویستو داخوازی گەلیان کردە پێوانەی کارو چالاکی خۆیان

فەیسبووک(Facebook)دا ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕێکخستن و هێنانە مەیدانی خەڵکی ناڕازی لە وڵاتی میسر دەگێڕێ، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە ئەم توێژە بە لانی کەمی ئیمکاناتەوە، دەتوانێ زۆرترین دەسکەوت و "بازدە کاری" لە خۆی بەجێ بێڵێ و چ لە پرۆسێسێکی ڕیفۆرمیستی بە ئاخێوێکی هابرماسی و چ لە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانە بە گوتارێکی مارکۆزەیی، ئەم توێژە کاریگەریی خۆی دەنوێنێ. زۆر کەس باس لەوە دەکا کە تۆڕە کۆمەڵایەتییە مەجازییەکان یان بە وتنێکی دیکە "میدیای نوێ" لە دروست بوون و پێشڤەچوونی ئەم حەرەکەتانەدا ڕۆڵی سەرەکی و یەکلاکەرەوە دەگێڕن. من سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کاریگەرییە نێگەتیڤو پۆزەتیڤە بەڕاست دەزانم، بەڵام دەمهەوێ ئەم بیرۆکەیە بێنمە گۆڕێ کە لە شۆڕشی نوێی گەنجان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا لە ئێران، تونس، میسر، سووریە، ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستاندا، شتێکی زۆر گەورەتر لە میدیای نوێ، شتێکی زۆر گەورەتر لە تێکنۆلۆژی بوونی هەیە کە شەقام دەگاتە گۆڕەپانی هێنانە ئارای ویستەکانی کۆمەڵگا. کێ لە شەقامەکانی دیاربەکرو قامیشلۆ ئەم ویستەی هێناوەتە گۆڕێ؟

بێشک وەڵامی ئەو پرسیارە جیلی گەنج و توێژی لاوی کۆمەڵگایە.

ئەم شتە گەورەیە کە بوونی هەیە "ویژدانێکی نوێی شارۆمەندی" و "ویژدانێکی نوێی هاووڵاتی بوونە" کە ئیتر نایهەوێ سووکایەتی، سەرکوت، گەندەڵیو ناکارامەیی کۆمەڵایەتیو سیاسی قەبووڵ بکات. ئەم ویژدانە نوێیە، ئەم ویستە نوێیە دەگەڵ گەورە بوونو پێگرتنی ئەم جیلە هاتوتە گۆڕێ پانەکەوە دیاری گەنجانی ئەم دەڤەرو گەنجانی وڵاتی ئێمەیە بۆ گەلەکەیان.

ئاڵوگۆڕە دیمۆگرافیەکان، کۆچ بۆ شارەکانو زێدەبوونی شارنشینی، زیادبوونی ڕادەی خوێندەواری بوون بە هێندێک فاکتەری کاریگەر لە دروستکردنی بزاڤێکی گەنجانە، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین. دوو فاکتەری "شارنشینی و خوێندەواری" دەتوانێ بەردی بناغەی چینێکی مامناوەند(میدل کلاس) لە کۆمەڵگایەکدا دابنێ. بزاڤێک کە لەسەر دەستی "میدڵ کلاسیکی" گەنج هەڵدەقوڵێ هێندێک فاکتەری جیاوازی دەگەڵ بزاڤەکانی پێشووی خۆی هەیە:

١. خۆڕسک بوونی بزاڤ.

٢. چوونە پەراوێزی کاریزماکان و دەم و چاوە فەرەهەمەندەکان و هاتنە ئارای "ڕۆشنبیرانی نێوەنجی" کە بریتین لە: ڕۆژنامە نووسان، وێبلاگنووسان، چالاکانی مەدەنی و ...

٣. ئەم چەشنە بزاڤە جێگای ژنانو کچانی گەنجی کۆمەڵگای تێدا دەبێتەوە.

٤. ئەم چەشنە بزاڤە لە چییەتی و جەوهەری بوونی خۆیدا دەکەوێتە خانەی بزاڤێکی دژ بە توندوتیژی و مۆدێل و مێتۆدی مەدەنی دەکاتە ئامراز بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی.

لەڕاستیدا ئەوە گەنجانو لاوان بوون کە دیمۆکراسیان هێنایە ڕۆژهەڵاتی ناڤینو دەنگدانی ئازادو ویستو داخوازی گەلیان کردە پێوانەی کارو چالاکی خۆیان. داخوازەکانی گەنجان لە ڕابردوودا زیاتر داخوازگەلێکی کلاسیک بووە وەکوو؛ کار، پێک هێنانی ژیانی هاوبەش و هتد ...، بەڵام بە هاتنە ئارای بە جیهانیبوونو دوای فازی یەک و دووی گلۆبالیزێیشێن، بەرینتربوونەوەی پەیوەندییەکانو ئاگاداربوونەوەی گەنجان لە دۆخی وڵاتانیتر بە تایبەت وڵاتانی

ڕۆژئاوایی، ئیتر ئەم داخوازە سەرەتایی و کلێشەییانە، گەنجانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین تێر ناکا. پرسی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وێڕای ئەوە کە گرینگی خۆی هەیە، بەڵام بە بێ ئاواڵ دووانەکەی واتە ئازادییە سیاسیو مەدەنییەکانو بە بێ سەقامگیرکردنی دیمۆکراسی ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگی یا ئەوەی ئانتۆنی گیدێنز پێی دەڵێ: "فەراگەردی هێورکردنەوەی نێوخۆیی لە وڵاتەکاندا" بەجێ بگەیەنێ. بەڵام لەم نێوەدا ڕۆڵی گەنجی کوردو دۆخی نەتەوەکەی ئێمە بە سەرنجدان بە هەمووی ئەم بابەتانە کە باس کران چۆنەو گەنجی کورد لە کوێی ئەم هاوکێشانەدا ڕادەوەستێ؟

لە پێناسەکردنی پرسەکانداو دۆزینەوەی فۆنکشێنو کارکردیی ئیجابی و باش بۆ چارەسەرکردنیان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا دۆخی نەتەوەیی ئێمە و گەنجانی ئێمە دۆخێکی جیاوازترو تایبەتیترە. هاوکات ئەرکێک کە دەکەوێتە سەرشانی گەنجی کورد لە هەمبەر شەپۆلی هێرشی داگیرکەر، ئەرکێکی قورسترو پێویستی بە کاری زیاتر، دەرووەستبوونی زێدەترو خەباتێکی فرەڕەهەندی نەپساوەیە کە لە نەبوونی گەنجاندا هیچکات ناتوانێ بە "سەر مەنزڵی مەقسوود" بگا. داگیرکەرانی کوردستان باش لەوە تێگەیشتوون کە لەنێو جیلەکانی یەکبەدوای یەکی جڤاتی کوردیدا چەشنێک میراتگری شۆڕش بوونی هەیە و هەوڵەکانی ئەم نەتەوەیە بۆ دەست وێڕاگەیشتن بە مافە ئینسانی، مەدەنی و نەتەوەییەکان بەردەوام لە جیلێک بۆ جیلێکی دیکە گوازراوەتەو هەر جارەش جیلێک بە داخوازی تازەتر، بیرۆکەی نوێترو ئایدیا و ئەفکاری ئێمرۆییترەوە پێی ناوەتە گۆڕەپانەکە و زۆر جار دوژمنانی گەلی ئێمە و داگیرکەرانی کوردستانی دەستەوەستان کردوە. هەربۆیە دوژمنان بێکار دانەنیشتوونو لە هەر دەرفەتێک بۆ زەربە لێدان لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمە و خستنە مەترسی ئاسایشی نەتەوەییمان کە دەتوانم بڵێم بە درێژایی مێژووی بوونی دەوڵەت ـ نەتەوەی مۆدێرن نەتەنیا چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، بەڵکوو





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مان و مەوجوودییەتی ئەو گەلە بەرەو رووی مەترسی یەکجار زۆر کراوەتەوەو تا سەرحەدو سنووری نەمان رۆییشتووە، ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی، ژینۆسایدو کارەساتی کۆمەڵکوژی وەکوو ئەنفالو هەڵەبجە لە باشووررو دەرسیم لە باکوور و قارنێو قەلاتان لە رۆژهەلات و... لەم سالانەی دواییشدا پیلانێکی دیکەی دوژمنانی گەل کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەلاتی کوردستان ئورگانیزەی کردووە خەریکی بەرێوەبردنییەتی و بە ژینۆسایدی سپی ناسراوە کە هەمان کەڵک وەرگرتن لە ماددەهۆشبەرەکانە بۆ خستنە داوی گەنجان و بێ کاریگەرکردنی رۆڵ و دەوریان لە پرۆسەی گۆرانو پێشڤەچوونی دۆزی نەتەوەیی کورددا. بەڵام ئەوەی گرینگە، ئەوەیە کە ئیمەی گەنجی کورد لە پرۆسەی ئەم شەپۆلی گۆرانە کە دەستی پێکردووە خەریکە هەموو ناوچەکە دەگریتەوە، خاوەنی پرۆژەو بەرنامەی خۆمان بین. ئەگەر بەپێی رێککەوتنو تەوافوقێکی نەتەوەییو بە پرۆگرامو بەرنامەی لە پێشدا دارێژراو بچینە پێشو لە پێش هەموو شتێکدا فاکتەری یەکێتیو بەرژەوەندی نەتەوەیی لە بەرچاو بگرین، دڵنیاتان دەکەمەوە بەهاری ٢٠١٢ دەبێتە بەهاری کوردو شۆرشی مەزنی باکوور بە پێشەنگی گەنجانی شۆرشگێر، هاتنە مەیدانی لاوانی ولاتپارێزیی رۆژئاواو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی گەنجانی رۆژهەلاتو ئازادی گەنجانی باشوورمان دەتوانێ دەست لەنێو دەستی یەک، ئەم هەلەی کە خەریکە لە هەر چوار بەشی نیشتیمانی داگیرکراوماندا دەرەخسێ

**بەهاری ٢٠١٢ دەبێتە بەهاری کوردو شۆرشی مەزنی باکوور بە پێشەنگی گەنجانی شۆرشگێر، هاتنە مەیدانی لاوانی ولاتپارێزیی رۆژئاواو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی گەنجانی رۆژهەلاتو ئازادی گەنجانی باشوورمان دەتوانێ دەست لەنێو دەستی یەک، ئەم هەلەی کە خەریکە لە هەر چوار بەشی نیشتیمانی داگیرکراوماندا دەرەخسێ بقۆزێتەوەو بەدڵنیاییەوە هێزی گەنجی کورد دەتوانێ زۆر کاری گرینگ ئەنجام بدا. یەک لەوانیش نەخشەی سیاسی رۆژهەلاتی ناڤین بگۆرێ**

بقۆزێتەوەو بەدڵنیاییەوە هێزی گەنجی کورد دەتوانێ زۆر کاری گرینگ ئەنجام بدا. یەک لەوانیش نەخشەی سیاسی رۆژهەلاتی ناڤین بگۆرێ. چونکی خەریکە بەرژەوەندی زلهێزەکان دەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمە هاوئاهەنگ دەبێو گرتنەبەری سیا سەتێکی ئوسوولی لە لایەن کوردو قۆستنەوەی ئەم دەرفەتە دەتوانێ لە پێناو وەدیهێنانی ئاواتە نەتەوەیییە لە مێژینەکانمان زۆر هەنگاوی گەورەمان پێ هەڵگرێو زۆر کۆسپمان لەسەر رێگا لا ببات. ئێمەی کورد لە چوارچێوەی کۆمەڵگای جیهانیدا دەژین و لەم نێوەدا دەوڵەت ـ نەتەوەکان خۆیان گرینگترین "کنشگران"ی ساحەی گشتی کۆمەڵگان. هەرچەند ئەم خاڵە دەتوانێ خۆی لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هەبێ، بەڵام ئەمەش راستییەکە کە پرسی هاووڵاتی بوونو پەیوەندی یاسایی تاکەکان دەگەڵ دەوڵەتی دیاریکراو، خۆی سەرەکیترینو بەرچاوترین میکانیزمی جیاوازی لەنێو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە. گەلۆ ئەم پرەنسیپانە لە کوردستان چۆن جێ دەگرێ لە حالێکدا کە نەتەوەی کورد نیشتمانەکەی پارچە پارچە کراوەو تەنانەت هەوڵی پارڤەکردنی کەسایەتی تاکی کوردیش لە لایەن داگیرکەر دراوەو هەوڵی توانەوەی لەنێو فەرهەنگی سیاسی‌کۆمەڵایەتی نەتەوەی باندەستدا دراوە؟ تاکی کورد تەنانەت لە پرسی هاووڵاتیبوونو شارۆمەندی دەوڵەتە ناوەندی‌یە تۆتالیتێرەکانی زاڵ بەسەر کوردستانیشدا وەک شارۆمەندو هاووڵاتی پلە دوو و پلە سێ سەیر کراوە. پێم وایە بەبێ دیاریکردنی مافی چارەنووسو بەبێ هەبوونی دەوڵەتی کوردی سەربەخۆ، ناتوانرێ کۆتایی بەم کێشانە بێو لە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دایە کە ماددەی سێهەمی جارنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ واتە، هەر تاکێک شیاوی ژیان، ئازادیو ئاسایش فەردیە دێتە دی و ئەمە خۆی دەستپێکی مسۆگەربوونی شتێکی گەورەترە کە هەمان ئاسایشی نەتەوەیی نێو لێ دەنێن. ئەزموونی ساوای باشووری ئازادو حکوومەتی هەرێم توانیویەتی زۆر خاڵی لاوازی نەبوونی دەوڵەت بۆ کورد بە تایبەت لە یەک دەیەی رابردوودا پڕ بکاتەوەو ببێتە مەکۆیەک بۆ هەموو گەنجانو لاوانی ئەکتیڤیست و ئازادیخوازی کورد، لەمەو بەدواوەش دەبێ ئەم چەشنە هەوڵانە چڕوپڕتر بەڕێوە بچنو هیوادارم لە بەهاری کوردیدا کە بەرێوەیە و پێم وابێ سەرەتای بەهارەکەمان لە قامیشلی دەبێ هەر کام لە ئێمە و تاک تاکی ئێمە دەبێ دەرکی ئەو دۆخە ئەستەم و هەستیارەو ئەو دەرفەتە مێژووییە بکەین کە بۆ کورد لەرێ دایە و هەر کام لە ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان و بە پێی توانا و مەجالی خۆمان بۆ بەرەوپێشبردنی ئامانجە ئینسانیو نەتەوەیی‌یەکانمان لە خۆمان مایە دابنێین و نیشان بدەین کە ئەگەر جوولەکە دوای هۆلۆکۆست لە سەردەستی گەنجانی ماندوونەناسی وەک "داوود بێنگۆریۆن" بوو بە دەوڵەتی ئیسرائیل، کوردیش لەسەر دەستی گەنجانی بە وزەو خاوەن پۆتانسیەل و خۆیندەوارو لەخۆبردووی خۆی دوای دەرسیم و هەڵەبجەو ئەنفال، دوای شەرو بەرخودان و چەک و شاخ، دەبێتە دەوڵەتو کەس ناتوانێ پێش بە بەهاری کوردان بگرێ.

تێبینی: ئەم وتارە لە دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە هەولێر(٢٠١٢,٣,١٦) پێشکەش کراوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کۆماری کوردستان تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی گەورە



ئا: سیروان مووساپوور

خوێنەرانی خۆشەویست!
ژمارەی ئەم جارەی گۆڤاری لاوان لە کاتێکدا دەردەچێ کە گەلەکەمان یادی دوو ڕووداوی گرینگی مێژوویی دەکاتەوە. یەکەمیان یادکردنەوەی

**دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی و یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و وەدەس‌هێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیەتی**

دووی ڕێبەندان سالڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دووهەمیشیان کە چەند ڕۆژ دوای دەرچوونی گۆڤارەکەمان یادی دەکرێتەوە، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە سالڕۆژی شەهیدبوونی سەرۆک کۆماری کوردستان، جەنابی پێشەوا قازی و هاوڕێکانیەتی. بۆ ڕێزگرتن لەم دوو یادە نەتەوەییە بە پێویستمان زانی لە ژمارەی ئەمجارەدا بە کورتی باسی ئەم دوو ڕووداوە گرینگەی مێژووی نەتەوەکەمان بکەین.
دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕووداوێکی گرینگی مێژوویی و یەکێک لە لاپەڕە زێڕینەکانی مێژووی خەباتی نەتەوایەتیی کورد لە پێناو گەیشتن بە ئازادی و وەدەس‌هێنانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانیەتی. وەدەس‌هێنانی ئەزموونێکی گەورەو گرینگ لەماوەیەکی کورتی زەمەنیدا گەورەیی‌یەکی

ئەوتۆی بە کۆمارو دامەزرێنەرانی بەخشیوە کە بۆ هەتاهەتایە تاکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بێ، بە شانازیی‌یەوە یادی دەکاتەوەو وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی ڕێزی دەگرێ.
بێ‌گومان باس کردن لە کۆماری کوردستان تەنیا ئاوڕدانەوە لە ڕووداوێکی مێژوویی نی‌یە، بەڵکوو دەبێ هەوڵ بدرێ باس لە هۆکارەکانی دەرکەوتن و سەرکەوتن و ژێرکەوتنی بکرێ. چونکە خوێندنەوەی وەها بابەتێکی گرینگ و ئاوڕدانەوە لە وەها دەسکەوتێکی نەتەوەیی، گەلێک

دەڵێن مێژووەکە دووپات نەبێتەوە. لەم وتارە کورتەدا هەوڵ دەدەین باسی هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان پێش دامەزرانی کۆمار، دامەزرانی کۆمار، کاروچالاکی و دەسکەوتە گرینگەکانی کۆمار، هۆیەکانی تێکچوونی کۆمارو سەرەنجام چۆنییەتی شەهیدبوونی پێشەوا و هاوڕێیانی بکەین:
ـ هەلومەرجی نێوخۆیی کوردستان پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان:
دوابەدوای ڕوودانی شەڕی چاڵدران لە ساڵی ١٥١٤ و سەرکەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانی بەسەر ئیمپراتۆری سەفەویدا، بە کردەوە





ئەزموونی بەنرخی لە هەناوی خۆیدا کۆ کردۆتەوە کە پێویست دەکا نەوەکانی ئەمڕۆ و سبەی نەتەوەکەمان بە حورمەتەوە باسیان لێوەبکەن و وێڕای شانازی بە دەسکەوتو سەرکەوتنەکانی، بە وردبینی‌یەوە لە هۆیەکانی تێکچوونیشی بکۆڵنەوەو ڕابردوو بکەنە چرایەک بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی لە بڕینی ڕێگەی خەبات لە پێناو کوردایەتی‌دا هەموو جارێک وەک

بەشێکی بەرچاو لە خاکی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری سەفەویدا مانەوەو سەرەنجام ئەم دابەش بوونەی خاکی کوردستان بە هۆی پەیمانێک لە نێوان سوڵتان مورادی عوسمانی و شا عەبباسی سەفەوی لە ساڵی ١٦٣٩دا ڕەسمی‌یەتی پەیدا کرد. لەو سەردەمە





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

بەدواوە کوردستان بەردەوام بۆتە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی وڵاتانی داگیرکەر لەگەڵ یەکتر لە لایەک و شۆڕشی خەڵکی کورد دژ بە دەسەڵاتە زۆردارو سەرەڕۆکان لە لایەکی دیکەوە کە ئاکامی هەموو ئەم شەڕانەش بێجگە لە ماڵوێرانی و چارەڕەشی بۆ کورد چی دیکەی بەدواوە نەبووەو لە گشت بوارەکاندا زیان و زەرەری زۆری بە خەڵک و خاکی کوردستان گەیاندوە.

لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیشدا کوردستان لە لایەن لایەنەکانی شەڕو بە تایبەت وەک مەیدانێکی گرینگی شەڕی عوسمانی و لەشکری ڕووس، خەسارەتی زۆری پێگەیشتووە. ڕوودانی شەڕی یەکەمی جیهانی و دوابەدوای ئەویش لێک بڵاوبوونی ئیمپراتۆری عوسمانی و دواتریش هاتنەئارای دوو پەیماننامەی سێور و لۆزان و .... ئەگەرچی بەشێوەیەکی گشتی کاریگەرییان لەسەر هەموو کوردستان بە تایبەت کوردستانی ژێردەسەلاتی عوسمانی هەبوو، بەڵام "ئەو ڕووداوانە لە کوردستانی ئێرانیش بێکاریگەر نەبوون و بوون بە هۆی ئەوەکە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٢٢دا سمکۆ(سمایل ئاغا) سەرۆک عەشیرەتی شکاک تەواوی ناوچەی شیمالی کوردستانی ئێران بخاتە ژێردەسەلاتی خۆی و سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ. بەرنامەیەکی کوردی کە داخوازەکانی جووڵانەوەی گەلی کوردی تێدا فۆرمۆلە کرابوو لە ورمێ بڵاو بووەوە. سمکۆ بۆ یەکخستنی نەتەوەی کورد، ساڵی ١٩٢٣ چوو بۆ سلێمانی و چاوی بە شێخ مەحموود کەوت و هەوڵیاندا پێکەوە جووڵانەوەی کورد لە هەردوو وڵات ڕێک بخەن و ئامانجەکانیان یەکگرتوو بکەن"(چل ساڵ خەبات،ل١١و١٢). دوابەدوای هاتنەسەرکاری ڕەزاخان لە ساڵی ١٣٠٤(١٩٢٣) و دامەزراندنی سلسلەی پەهلەوی، بە هۆی زوڵم و زۆری لەرادەبەدەری ڕەزاخان دەرحەق بە کورد و هاتنەئارای شۆوینیزمی ئێرانی وەک سیاسەتی ڕەسمی ڕێژیمی تازەو هەوڵدان بۆ زاڵکردنی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست بەسەر گشت نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد، بێجگە لە جووڵانەوەی سمکۆ کە تا ئەوکاتیش هەر درێژەی هەبوو، چەندین ڕاپەڕینی دیکەش لە کوردستان بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی دەستیان پێکرد کە لە ناویاندا دەتوانین ئاماژە بە ڕاپەڕینی جافرسوڵتان، مەحموودخانی دزڵی، حەمەڕەشیدخانی بانە، مەلاخەلیل و ڕاپەڕینی ئەمەرپاشا و... بکەین کە هەموویان لە لایەن لەشکری ئێرانەوە تێک شکان و کۆتاییان پێهات.

بە ڕوودانی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٩ و نزیک بوونەوەی ڕەزاشا لە ئەڵمانیا و دواتر هەڵبژاردنی ئێران لە لایەن وڵاتانی سۆڤییەت و ئەمریکا و ئینگلیز بۆ هەندێک مەبەستی وەک پێشگرتن لە نفووزی ئەڵمانیا و گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بە سۆڤییەت، سەرەنجام لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠(٢٥ی ئووتی ١٩٤١) لەشکری سوور لە شیماڵەوەو لەشکری ئەمریکا و ئینگلیس لە جنووبەوە ئێرانیان داگیر کرد. بە هاتنەناوەوەی ئەم وڵاتانە لە شیمال و جنووبی ئێرانەوەو ڕووخانی دیکتاتۆریی ڕەزاشا خەڵکی ئێران لە چنگ ئەم حکوومەتە دیکتاتۆرە ڕزگاریان بوو.

"لە کاتێکدا کە بەشی جنووبی ئێران لە لایەن لەشکری ئەمریکا و ئینگلیسەوە داگیر کرابوو، لە بەشی شیمالی تا شاری ورمێ لەشکری سوور جێگیر ببوو. ناوچەی مەهاباد لەو وەزعە دوور بوو، واتە نە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لەشکریان تێدا جێگیر کردبوو و نە لەشکری سوور. بەم شێوەیە وەزعێکی تایبەتی لە ناوچەی مەهاباد خولقابوو. لە لایەکی دیکەوە مەهاباد و دەوروبەری ڕابردوویەکی دووروردرێژیان لە جووڵانەوەی نەتەوەی کورددا هەبوو. ئەوەبوو کە یەکەم ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی "ژک" یان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە ناوچەی مەهاباد پێک هات. دامەزرێنەرانی کۆمەڵە یازدە کەس بوون کە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ لە مەهاباد کۆ بوونەوەو کۆمەڵەی "ژک"یان پێک هێنا کە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەی کورد بوو"(چل ساڵ خەبات، ل١٤).

دیارە باس کردن لەم کۆمەڵەیە و چۆنیەتی دامەزران و دەست بەکاربوونی و هەروەها چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندام و کار و چالاکییەکان و سەرەنجام گۆڕینی بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان هەموویان بابەتگەلێکی گرینگ و جێگەی باسن و پێویستیان بە نووسینێکی تایبەت و مەجالێکی دیکە هەیە. ئەوەی لێرەدا پێویستی بە باسکردنە ئەوەیە کە دەگەڵ ئەوەی کە هەندێک سەرچاوە ڕۆژی دەرکردنی بەیاننامە هەشت ماددەییەکەی حیزب لە ڕۆژی یەکەمی خەزەڵوەری ١٣٢٤ بە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی







کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## "حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەودوا بوو بە میراتگری کۆمەڵەی "ژ.ک" و درێژەدەری ڕێبازی ناسیۆنالیزمی کورد. یەکەم ڕێکخراوی سیاسییش بوو کە لە فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵای سیاسیدا، هاتبۆوە نێو گۆڕەپانی خەباتی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران

کوردستان دادەنێن، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ئەو ساڵە بە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانن.

"حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمەودوا بوو بە میراتگری کۆمەڵەی "ژ.ک" و درێژەدەری ڕێبازی ناسیۆنالیزمی کورد. یەکەم ڕێکخراوی سیاسییش بوو کە لە فەزایەکی ئازاد و ئاوەڵای سیاسیدا، هاتبۆوە نێو گۆڕەپانی خەباتی میللی - دێموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە گوێرەی هەلومەرجی زەمانی لە دروشمی سەربەخۆیی کۆمەڵەی "ژ.ک" وازی هێنابوو و، بۆ دابین کردنی خودموختاری لە نێو سنووری سیاسیی ئێراندا تێدەکۆشا"(کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢، ل٢٣٨).

— دامەزرانی کۆمار:

دوابەدوای دامەزرانی حیزب و بڵاوبوونەوەی بەیاننامەیەکی هەشت ماددەیی و دوای ئەویش بەستنی یەکەم کۆنگرەی حیزب لە ڕێکەوتی دووی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردستان و ڕێبەرایەتی و ئەندامانی کۆمەڵەی ژ.ک، قازی محەممەد بە سەرۆک و پێشەوای حیزب و چەند کەسێک بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و مەرامنامەیەکی ٢٢ ماددەییش پەسندکراو حیزب بە ڕەسمی دەستی بە کارەکانی کرد.

ماوەی نێوان دامەزرانی حیزبی دێموکرات و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ماوەیەکی ئێجگار کورت بوو بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ دەسەڵات بەدەستەوە بگرێ. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا لەو ماوە کورتە زۆر کار ئەنجام دان کە بەڕاستی بە سەرنجدان بە هەلومەرجی ئەو کاتی کوردستان و ئەو ماوە کەمە هەموویان کاری گەورەو گرینگ بوون. هەڵدرانی ئاڵای کوردستان و دەسبەسەرداگرتنی شارەبانیی مەهاباد لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٤ وەک دوایین نیشانەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی یەکێک لەو کارە گرینگانە بوو کە حیزب لەو ماوەیەدا ئەنجامیدا. بەڕێز کاک جەلیل گادانی لە لاپەڕە ٣٥ و ٣٦ی بەرگی یەکەمی چاپی دووەمی پەنجاساڵ خەباتدا بەم شێوەیە ئاماژە بە هەندێک لە کارە گرینگەکانی حیزب لەو ماوە کورتەدا دەکات: ١. سەفەری هەیئەتێک بۆ ئازەربایجانی باشوورو بە تایبەت ئازەربایجانی باکوور کە بووە هۆی پێوەندی ڕاستەوخۆ دەگەڵ دەوڵەتی سۆڤییەت. ٢. پێکهێنانی پێوەندی دەگەڵ حیزبو ڕێکخراوە ئێرانییەکان. ٣. ڕاگەیاندنی داخوازییەکانی خۆی بە حکوومەتی تاران. ٤. بە ڕۆژانەکردنی قوتابخانەکانی کوردییو شەوانەو بەرەسمی کردنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکانی دیکەش. ٥. دامەزراندنی چاپخانە و پێکهێنانی هەیئەتی نووسەرانو هاندانی قەڵەم بەدەستان. ٦. بەهێزکردنی پێوەندی دەگەڵ کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان. ٧. هەڵدرانی ئاڵای کوردستانو دەست بەسەرداگرتنی شارەبانیی مەهاباد وەک ئاخرین شوێنەواری ڕێژیم. ٨. دامەزراندنی سوپای میللیو چەکدارکردنی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکو عەشیرەتەکانو ڕاهێنانیان لەباری نیزامییەوە.

لە هەلومەرجێکی لەباری نێوخۆییو نێونەتەوەییدا سەرەنجام لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر و نوێنەرانی زۆر لە ناوچەکانی کوردستان، کۆماری کوردستان لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاندرا. کە دەڵێین هەلومەرجێکی لەبار دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە لە نێوخۆی کوردستاندا بە هۆی نەمانی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی و ئامادەیی بۆ چوونە ژێر دەسەڵاتێکی کوردی و هەروەها هاتنی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشداریی کوردەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەوڵدانی سۆڤییەت بۆ هاوکاری زەمینەیەکی باش خولقابوو. هەروەها لە نێوخۆی ئێرانیشدا لاوازیی دەوڵەتی ناوەندی و بەهێزبوونی ڕێکخراوە سیاسییە دێموکراتیکەکانی ئەوکاتی ئێران وەک حیزبی توودەو لە ئاستی نێونەتەوەییشدا کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی و سەکەوتنی گەلانی ئورووپا بەسەر نازیزم و فاشیزمدا و لەوەش گرینگتر چوونەسەری نفووزی سۆڤییەت کە یارمەتیدەر و پاڵپشتی دامەزرانی کۆماری کوردستان بوو، هەمووی ئەوانە هەلومەرجێکی لەباریان بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار ڕەخساندبوو. بەم شێوەیە کۆماری کوردستان ڕاگەیاندراو قازی محەممەد بوو بە سەرۆک و پێشەوای ئەو کۆمارەو پاش ڕێو ڕەسمێکی پڕشکۆ لە شاری مەهاباد، بەرنامەی دواڕۆژی کار و تێکۆشانی کۆماری کوردستان ڕاگەیەنراو بە کردەوە کۆمار دەسەڵاتی ئەو بەشە لە کوردستانی ژێرنفووزی خۆی بەدەستەوە گرت. هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزرانییەوە هەتا کاتی لەناوچوونی، کۆماری کوردستان گەلێک کاری گرینگی لە ناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆی ئەنجام دان کە بەحەق بە سەرنجدان بەو ماوە کورتەی دەسەڵاتدارییەتیەکەی هەموویان کاری گەورەو گران بوون و دەبێ بە چاوی ڕێز و بایەخەوە سەیریان بکرێ.

— کار و چالاکی و دەسکەوتە گرینگەکانی کۆمار:

ئەگەر دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی بۆ گشت نەتەوەی کورد لەقەڵەم بدرێ، ئەوا کۆماریش خۆی لە خۆیدا بە ئەنجامدانی کار و چالاکیی جۆراوجۆر کۆمەڵێک دەسکەوتی گرینگی بۆ نەتەوەکەمان هێنایە ئاراوەو لە ماوەیەکی زۆر کورتدا کاری زۆر گەورەی کردن و دەسکەوتی زۆر گرینگیشی وەدەست هێنان. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لەم کاروچالاکی و دەسکەوتە نەتەوەییانە دەکەین:

١. بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خەڵکی کورد لە بەشێک لە کوردستاندا: هەرچەند بەداخەوە کۆمار لە بەشێک لە کوردستان و لەویشدا لە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوچەیەکی بەرتەسکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەسەڵاتی بەدەستەوە بوو، بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا توانی لە ماوەیەکی کورتدا خەونی چەندین ساڵەی نەتەوەی کورد بەدی بێنێ و بۆ یەکەمجار خەڵک هەستیان بەوەکرد کە خۆیان خاوەنی چارەنووسی خۆیانن و چیتر لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدا ناچەوسێنەوە.

٢. پێکهێنانی کابینەی وەزیران: پێکهێنانی کابینەی وەزیران بە سەرۆکایەتی حاجی بابە شێخ و دیاریکردنی سێزدە وەزیر لەو کابینەیەدا، یەکێک لە کارە گرینگەکانی کۆماری کوردستانە.

٣. هەڵدرانی ئاڵای کوردستان بە شێوەیەکی ڕەسمی: هەرچەند ئاڵای کوردستان ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز بۆ یەکەم جار هەڵدرا، بەڵام لە دووی ڕێبەندانەدا ڕەسمییەتی پەیدا کردو لە زۆر شار و گوندی دیکەی کوردستانیش هەڵدرا. جێی ئاماژە پێدانە کە "ئاڵای کوردستان سێ ڕەنگ بوو: ڕەنگی سوور لە سەرەوە، سپی لە نێوەڕاست و کەسک لەخوارەوە. ئارمی کۆماری کوردستان لە نێوەڕاستی ئاڵاکە دابوو و بریتی بوو لە: قەڵەمێک لە نێوان دوو گوڵەگەنم".(چل ساڵ خەبات، ل٣٣)

"ئاڵای کوردستان ئاڵای تایبەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان نەبوو، ئاڵای نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان بوو، پێشتر لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ڕێبەرانی "ژ.ک" و حیزبی هیواو نوێنەرانی کوردستانی تورکیا و سووریەدا کە لە مەهاباد بەسترابوو، ڕەنگو شکڵو ئارمی ئاڵای کوردستان دیاری و پەسند کردبوو... ئاڵای کوردستان دەسکردی بێگانە نەبوو، پێناسێکی نەتەوەیی هەبوو، کورد بە خۆی بەخشیبوو... شەبەقی ئاڵای کوردستان خەفەتی لە دڵان ڕەواند، خەڵک بووژایەوەو گەرم داهات..."( کوردستانو ئیستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢، ل٢٥٢).

٤. دیاری کردنی سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزب و کۆمار: "پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزب و کۆمار دانرا. ئەو سروودە هەمان سروودی بەناوبانگی "ئەی ڕەقیب"ـە کە ئێستاش سروودی ڕەسمیی حیزبە".(چل ساڵا خەبات، ل٣٣).

٥. بەڕەسمی کردنی زمانی کوردیو هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی کتێبی دەرسی بۆ منداڵانی قوتابخانەکان.

٦. دامەزراندنی چاپخانە و دەرکردنی دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار: ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری کوردستان، هاواری کورد، هاواری نیشتمان، هەڵاڵە، گروگاڵی منداڵانی کورد و... بەشێک لەو گۆڤارو ڕۆژنامانە بوون کە لەژێر سێبەری کۆماری کوردستاندا بڵاو بوونەوە.

٧. هەوڵدان بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد: "بۆ پێشخستنی فەرهەنگی کورد بۆ یەکەم جار شانۆی کوردییش پێک هات، نەخشی شانۆ(تەئاتر) زۆر گرینگ بوو، چونکە خەڵکی نەخوێندەوار لە شانۆ حاڵی دەبوون، لە حاڵێکدا نەیان دەتوانی چاپەمەنییەکان بخوێننەوە، بە تایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین کە ٩٠ لەسەدی خەڵک لەو کاتەدا نەخوێندەوار بوون، ئەمجار گرینگیی شانۆی کوردی زیاتر بەرچاو دەکەوێ".(چل ساڵ خەبات، ل٣٤).

٨. بەشداری کردنی ژنان لە مەیدانی خەباتدا: هاندانی ژنان بۆ بەشداری لە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هەروەها دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاویدا.

٩. پێکهێنانی سوپای میللی کە بە هێزی پێشمەرگە ناو نرا: بەشداری هەزاران کەس وەک پێشمەرگە لە ڕیزی سوپای میللی کۆمارداو بەشداری کردنی هەندێک لە ئەفسەرە کوردەکانی لەشکری ئێراق کە بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمارەوە پەیوەست بوون و ...

١٠. دامەزرانی یەکیەتی لاوان: یەکێکیتر لە دەسکەوتە گرینگ و مەزنەکانی کۆماری کوردستان دامەزرانی یەکیەتی لاوان و بەشداری کردنی توێژی لاوان و پرسە گرینگەکانیان لەنێو کۆمەڵدا.

١١. دابین کردنی ئەمنییەت و ئاساییش بۆ خەڵک: "دابین کردنی ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵک سەرکەوتنێکی بەرچاوی کۆماری کوردستان بوو. لە کاتێکدا هەزاران کەس چەکدار بوون، لە ماوەی یازدە مانگدا تەنیا یەک کەس کوژرا. دزی هەر نەمابوو. بەرتیل خواردن کە لە زەمانی ڕەزاشادا دیاردەیەکی زۆر بەربڵاو بوو، بە تاوانێکی گەورە دەزانرا".(چل ساڵ خەبات، ل٣٥).

ئەوانەو دەیان دەسکەوتی دیکەی وەک پەرەپێدانی بازرگانی و باشتر بوونی وەزعی خەڵک، پێکهێنانی بەرەیەک دەگەڵ چەند حیزبی ئێرانیدا، ڕاکێشانی هەندێک هەواڵنێری خاریجی بۆ کوردستان، بایەخدان بە مافی کەمایەتییەکان بە تایبەت لە بواری فەرهەنگی، ئیجباری کردنی خوێندن بۆ منداڵانو لاوەکان لە شارەکاندا، ناردنی قوتابیی کورد بۆ درێژەپێدانی خوێندن بۆ باکۆ و تەورێز و... تەنیا چەند دەسکەوتێکی گرینگی کۆماری کوردستان لەو ماوە کورتەدا بوون کە هەر یەکێکیان پێویستی بە هەڵسەنگاندن و شرۆڤەکردن هەیە و هەموویان وەک خاڵی ئەرێنی لە بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆمار دێنە بەرچاو.

– هۆیەکانی تێکچوونی کۆمار:

کۆماری کوردستان پاش بەدەسهێنانی زۆر دەسکەوتی مەزن و ئەنجامدانی دەیان کارو چالاکیی گرینگ لە ماوەیەکی کورتدا، سەرەنجام دوای ماوەیەکی کەمتر لە ساڵێک لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٢٥ واتە ساڵێک دوای هەڵدرانی ئاڵای کوردستان و دەست بەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهاباد، لە لایەن هێزەکانی حکوومەتی ناوەندییەوە کۆتایی پێهات و تۆماری تەمەنی پێچرایەوە. دیارە هەروەک چۆن لە دروست بوونی کۆماردا گەلێک هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکی یارمەتیدەر بوون، لە ڕووخانی کۆماریشدا هۆکارگەلێکی نێوخۆیی و ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەستیان دایە دەستی یەک و بواری ڕووخانی کۆماریان ڕەخساند. نووسەران و مێژوونووسان هەتا ئێستا هەرکەس بە گوێرەی دەستڕاگەیشتنی بە سەرچاوەکان و لێکدانەوەی ڕەوشی ئەو کات بە بۆچوونی خۆی، ئاماژەیان بە زۆر هۆکار کردوە. لێرەدا بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک لەو سەرچاوانە ئاماژە بە هۆکارە گرینگەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان دەکەین:

١. کشانەوەی هێزەکانی سۆڤییەت لە ئێران و وازهێنان لە پشتیوانی کردنی کۆماری کوردستان بە هۆی گوشارەکانی وڵاتانی بریتانیا و ئەمریکا

کە پێداگری‌یان لەسەر ئەوە دەکرد ئەو پەیمانە سێ قۆڵی‌یەی کە لە نێوان ئێران، بریتانیا و یەکیەتی سۆڤییەت بەستراوە، واتە چۆڵ کردنی خاکی ئێران لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە دوای شەش مانگ لە تەواوبوونی شەڕ، جێبەجێ بکرێ.

٢.سەفەرکردنی کاربەدەستانی ئێرانی بۆ سۆڤییەت و بەڵێنی پێدانی ئیمتیازی گرنگ بەو وڵاتە، بۆ نموونە سەفەری قەوام، سەرۆک وەزیری ئێران و دانی بەڵێنی قەراردادی نەوتی شیمال.

لە پێوەندی دەگەڵ ئەو دوو خاڵەی سەرەوە پێم باشە ئاماژە بەوە بکەم کە هەرچەند پێکهاتنی کۆماری کوردستان داخوازی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و لەڕاستیدا ئاکامی جووڵانەوەیەکی دێموکراتی نەتەوەی کورد بوو و بە هیچ جۆرێک دەستکردی سۆڤییەت نەبوو، بەڵام لەڕاستیدا یەکیەتیی سۆڤییەت یارمەتیدەرێکی سەرەکی پێکهاتنی کۆمار بوو. هەر بۆیە سرووشتی‌یە کە نەمانی ئەو هۆکارە یامەتیدەرە کاریگەریی لەسەر ڕووخانی کۆمار هەبێ.

٣.پێوەندیی هەندێک لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان دەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و هاوکاری کردنی. لە کتێبی "سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا" بەپشت بەستن بە نووسینەکانی سەروان کۆمەرس سالح، هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەشی شاهنشایی ئێران کە خۆی لە دادگایی کردنی قازی‌یەکانیشدا ئامادە بووە، بە ڕوونی باسی ئەم خاڵە دەکا. ناوبراو بە وردی ئاماژە بە نامەی وەفاداری و دڵسۆزیی زۆر سەرۆک هۆز و سەرۆک عەشیرەتی کورد بۆ حکوومەتی ناوەندی دەکا کە تەنانەت هەندێکیان خاوەن بەرپرسایەتیی گەورەش لە کۆماری کوردستاندا بوون. تەنانەت ئاماژە بەوەش دەکا کە زۆربەی سەرۆک هۆز و خێڵە کوردەکان بۆ دڵنیایی و ڕێنمایی ئەرتەش و ئیسپاتی ئاڵقەلەگوێیی خۆیان بۆ دەربار، کوڕ و برا و کەسانی دڵسۆزی خۆیان ڕەوانەی تاران کردبوو.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دوژمنانی کورد بەردەوام سوودیان لە خەیانەتی کورد بە کورد بینیوەو بەداخەوە هەتا ئەمڕۆکەش، کەسانی نەفس نزم و خۆفرۆش بە بێگانە لەناو

کورددا زۆرن و بەپشتکردنە خاک و نەتەوەی خۆیان لە پێناو خزمەت بە دوژمنانی کورد هەنگاو هەڵ دەگرن.

٤. ڕاوەستان لە حاڵەتی بەرگریی و پێشرەوی نەکردن بۆ زۆر ناوچەی دیکە کە ئەمە بوو بە هۆی ماندووبونی خەڵک و هێزی پێشمەرگە. "تاکتیکی بەرگریی تەنیا ماندووکردنی لەخۆڕایی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو. دەوڵەت بە بیانووی وتوویژ، "ابتکار عمل"ی لە پێشمەرگە ستاندبوو. دەبوا بە گۆڕینی تاکتیک، ئەو پاسیڤ بوونە پاسیڤ بدرێتەوەو لە هەوڵی ڕزگارکردنی ناوچەکانی باشووری کوردستاندا... بێ."(کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢، ل٣٣٠).

٥. تێکچوونی لەناکاو و بە ئاسانیی کۆماری ئازەربایجان. "هەر دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان خولقاوی ناو یەک باروودۆخ و هەلومەرجی نێودەوڵەتی و زەمینە ڕەخساوی ناو یەک ناوچەن، بۆیە لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنی هاوبەشدا یەک ڕێباز و یەک چارەنووسیان هەبوو... دەگەڵ گەیشتنی هەواڵی ڕووخانی کۆماری ئازەربایجان، شڵەژان و بێ‌پشت و پەنایی باڵی بەسەر خەڵکەکە و سەرکردایەتیی کۆماردا کێشا، چونکە بە تەنیا و لەناو کێشەکانی خۆیدا دەبوو بەرەنگاری چارەنووسێکی سەخت بێت، بۆیە دەتوانرێ ئەو ڕووخانەی ئازەربایجان بە یەکێک لە هۆیە ڕاستەوخۆکانی ڕووخانی مەهاباد دابنرێت". (جەمهوریەتی کوردستان، ل٣٥٥).

٦. ڕزگارنەکردنی هەندێک ناوچەی ئیستراتیژیکی و هێشتنەوەیان لەدەست ئەرتەشی ئێراندا: دەتوانین ئاماژە بە شاری سەقز بکەین کە "وەکوو گرینگترین شوێنی ئیستراتیژیکی لە دەستی ئەرتەش دابوو، لە حاڵێکدا هێزی پێشمەرگە دەی‌توانی زۆر هاسان ئەو شوێنە بگرێ... گرتنی شاری سەقز، دەروازەی داگیرکردنی(سقوط) شارەکانی بانە و سەردەشتیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەکردەوە. بە ئازادکردنی ئەو سێ شوێنە ئیستراتیژیکە گرینگانە سنووری سیاسیی کۆماری کوردستان پان و بەرین دەبۆوە، بەو پێیەش وەج و ئیعتباری کۆماری کوردستان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕادەی

جیهانی‌دا ڕەنگ و ڕوویەکی لەبارتری بەخۆیەوە دەگرت و ..."(کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢، ل٣٣١).

٧. مانەوەی ڕژێمی دەرەبەگی و سیستمی خێڵەکی و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردستان: "کۆمەڵگەی کورد لە سەردەمی کۆماردا، نەخوێندەوار و هەژار و دواکەوتوو بوو. لە سەدا نەوەدی بێ‌سەواد و هەژار بوون، قورسایی ڕژێمی دەرەبەگی و سیستمی خێڵەکی و نەریتە کۆنەکان لە لایەن ئەو دەستە کەمەی کۆمەڵەکەوە بەسەر دانیشتوانی جوتیار و هەژاردا سەپێنرابوون..." (جەمهوریەتی کوردستان، ل٣٤٩).

کە هەم بێ‌سەوادبوونی خەڵک بە گشتی و هەم بەدەسەڵات بوونی ئاغا و دەرەبەگان لەو سەردەمدا کە هەندێکیشیان سەر بە حکومەتی ناوەندی بوون، ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر ڕووخانی کۆمار هەبوو.

بێجگە لەم چەند هۆکارەی سەرەوە، کۆمەڵە هۆکارێکی دیکەی وەک ئامادەنەبوونی زەمینەیەکی پتەو بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار، لاوازی هۆشیاریی سیاسیی تەنانەت لە ئاستی بەرپرسە باڵاکانیشدا، جێگیرنەبوونی خەباتی یەکگرتووی گەلانی ئێران و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش، باش نەناسینی دۆست و دوژمن و زوو باوەڕکردن بە دوژمن، ناکۆکی و ناتەبایی نێو ڕیزەکانی گەل، سوود وەرنەگرتن لە توانای ئابووریی و مرۆیی ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران و هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستان و ... لە ڕووخانی کۆماردا کاریگەری‌یان هەبوو و سەرجەم ئەم هۆکارانە بوون بە هۆی ئەوە کە بەداخەوە کۆمار دوای ماوەیەکی کورتی دەسەڵاتداریتی کۆتایی پێ‌بێت.

- شەهیدبوونی پێشەواو هاوڕێیانی:

بە هاتنی ئەرتەشی شا لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزی ١٣٢٥ی‌هەتاوی واتە ساڵێک دوای دەس‌بەسەرداگرتنی شارەوانیی مەهابادو کۆتایی هاتن بە تەمەنی کورتی کۆمار، سەرەنجام هەر لەو مانگەدا ٢٨ کەس لە بەرێوەبەرانی حیزب و کۆمار لە لایەن ئەرتەشی حکومەتیەوە گیران کە پێشەوا قازی و سەیفی قازی و سەدری قازی سێ کەس لەو گیراوانە بوون. هەرچەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ماوەیەکی کورتدا پێشەوا و هاورێکانی بە ئێعدام مەحکووم کران، بەڵام جێبەجێکرانی ئەو حوکمە زیاتر لە دوو مانگی پێچوو کە دیارە ئەوەش چەند هۆکارێکی هەبوو. سەرەنجام لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاویدا حوکمی ئێعدامی پێشەوا و هاورێیانی لە مەهاباد بەڕێوەچوو و پێشەوای زانا و هاورێیانی سەربەرزانە لە ڕێگەی گەل و نیشتماندا شەهید بوون.

"چەند ڕۆژ پاش ئێعدامی پێشەوا و هاورێکانی، چوار کەس لە باشترین ئەفسەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆماری کوردستان: عەبدوڵڵای ڕەوشەن فکر، حامیدی مازووچی، محەممەدی نازمی و محەممەد ڕەسووڵی نەغەدەییان لە مەهاباد و هەروەها عەلی بەگی شێرزاد فەرماندەی هێزی بۆکان لە شاری بۆکان لە سێدارە دران. دوو حەوتوو پێش ئێعدامی پێشەوا و هاورێیانی لە ٢٦ی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٢٥دا یازدە کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانی فەیزوڵڵابەگی و گەورکی سەقز کە لە کۆماری کوردستاندا چالاکانە بەشدارییان کردبوو، لە شاری سەقز لە سێدارە دران..."(چل ساڵ خەبات، ل٥٥).

لەسەر چۆنیەتی دادگایی کرانی پێشەوا و هاورێیانی و ماوەی دادگایی کردنە و ئەو تاوانانەی کە لایەن دادگاوە دەدرایە پاڵ قازی و هاورێیانی و هەروەها بەرگری پێشەوا و دیفاعیاتەکانی زۆر شت نووسراوەو بڵاو کراوەتەوە. بەڵام ئەوەی بە لای منەوە خاوەن گرینگییەکی تایبەتە و زۆر خاڵی گرینگی لە خۆیدا جێ کردۆتەوە، دەقی وەسیەتنامەکەی پێشەوایە کە هەرچەندە لێرەدا لەبەر درێژبوونەوەی وتارەکە لە هێنانەوەی خۆ دەبوێرین، بەڵام پێویستە هەر تاکێکی کورد بە تایبەتی توێژی لاوان بە وردبینیەوە بیخوێننەوەو وانەی گرینگ و پربایەخی لی فێر بن.

لە کۆتاییدا پێم خۆشە وێرای سڵاو بۆ گیانی هەرگیز نەمری پێشەوا و هاورێیانی و سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان، لە نێو سەرجەم تایبەتمەندییە بەرزەکانی کەسایەتی پێشەوا تەنیا ئاماژە بە دوو تایبەتمەندیی بەرچاوی بەڕێزیان بکەم کە هەردەم بۆ کەسێکی شۆڕشگێڕ، بە تایبەت بۆ سەرکردەیەکی نێو جووڵانەوەی نەتەوایەتی کورد وەک پێویستیەک خۆ دەنوێنن ئەوانیش بریتین لە: ئازایی و زانایی. کە بە حەق پێشەوا هەڵگری راستەقینەی ئەم دوو تایبەتمەندییە بوو.

زانایی پێشەوا: زانایی پێشەوا چ لە کاتی هاتنە نێو کۆمەڵەی "ژ.ک" و چ لە سەردەی پێش دامەزرانی کۆمار و چ لە سەردەمی کۆماردا بۆ هەمووان دیار و ئاشکرا بوو. د.قاسملوو لە چل ساڵ خەباتدا بەم شێوەیە لەسەر زانایی و تێگەیشتوویی پێشەوا دەدوێ: "پێشەوا قازی محەممەد ڕووناکبیرێکی هەڵکەوتوو بوو کە لەو ڕۆژگارەدا وێنەی لە نێو نەتەوەی کورددا زۆر کەم بەدی دەکرا. قازی محەممەد لە شارستانیەت و زانستی تازەو هەروەها لە وەزع و ڕووداوەکانی جیهان بە تەواوی شارەزا بوو. زمانی تورکی و فارسی و ئینگلیسی و عەرەبی و فەرانسە و ڕووسیی دەزانی، لە زانستەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتیدا دەستێکی باڵای هەبوو. دەگەڵ ئەوە کە ڕووناکبیرێکی پایەبەرز بوو لە نێو خەڵکێکی ساویلکە و بەداخەوە بەشی زۆری نەخوێندەواردا دەژیا، گوڵێک بوو لە سەحرا ڕوابوو...".

سەروان شەریفی وەکیلی پێشەوا قازی گێڕاویەتەوە: "حەیف بۆ قازی محەممەد، بۆ ئەو پیاوە مەزن و ژیر و زانایە، دوێنێ لە کاتی مەحکەمەدا بێکاغەز چوار سەعات وتاری دا. بە زانست و مەنتیقی خۆی هەمووانی حەیران کردبوو... لە هەموو کەس باشتر قانوونەکانی ئێرانی دەزانی، لە هەموو کەسێک باشتر لە وەزعی سیاسیی ئێران و هەندەران شارەزابوو... لە ڕاستەقینەدا ئەوە قازی بوو کە مەحکەمەی موحاکەمە دەکرد... "کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، ب٢،ل٣١٠).

خوێنەری خۆشەویست تەنیا بە سەرنجدان بە کۆمەڵی ئەوکاتی کوردەواری و باروودۆخی ئەوکاتی ناوچە باشتر دەتوانێ ئاستی تێگەیشتویی و زمانزانی و ڕووناکبیریی پێشەوا هەست پێ بکا.

ئازایەتی پێشەوا: ئازایەتی پێشەوا چ لە سەردەمی پێش کۆمار و لە کاتی بەرگری کردن لە مەهاباد و چ لە سەردەمی کۆمار و چ لە کاتی دادگاییکرانیدا دەردەکەوێ. ئەو دەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی خۆبەدەستەوەدان یانی مەرگ، بەڵام لە مردن نەترسا و وەک چۆن بەڵێنی بە خەڵکەکەی دابوو کە دەگەڵیان بژی و لە پێناویاندا بمرێ، هەر بەم شێوەیەی کردو گیانی خۆی لە پێناو پاراستنی گیانی خەڵکدا بەخشی. ئەوانەی کە لە ڕەوتی دادگاییکردنەدا بەشداربوون و دواتر لەسەریان نووسیوە، باسی ئەوە دەکەن کە لە کاتی دادگاییکردنیشدا قازی چەند جار بە گژی دادگاییکەراندا چۆتەوەو ئیزنی نەداوە لەو کاتەشدا بێڕێزی بە خاک و نەتەوەکەی بکرێ.

لە چوارچرای مەهاباد
لە کانگای بیری ئازاد
دەستی ڕەشی ئیستیبداد
چەقاندی داری بێداد
لە کاتی نیوەشەوا
لە جەنگەی شیرین خەوا
کرا کاری ناڕەوا
لە دار درا پێشەوا

ڕۆڵەی وەفاداری کورد
پێشەوای ئارام و ورد
بۆ کورد ژیا و بۆ کورد مرد
گیانی فیدای گەلی کرد
(چەند کۆپلەیەک لە شێعری "ڕۆژگاری ڕەش"ی مامۆستا هێمن).

سەرچاوەکان:
١-د.عبدالرحمن قاسملوو،چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی.
٢- جەلیل گادانی، پەنجا ساڵ خەبات، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨.
٣- موسێن مەدەنی، کوردستان و ئیستراتیژیی دەوڵەتان، چاپی یەکەم، ١٣٨٠ی هەتاوی.
٤- مەحموود مەلا عززەت، جمهوریەتی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠١.
٥- بەدرەدین، ساڵح، سەرۆک کۆماری کوردستان لەبەردەم دادگای ئێراندا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠١.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# لاوازبـــوونـــی چـیـنـی مـــام نـــاوەنـد، مەترسـی‌یـەک بـۆ داهـاتـووی دیمـۆکـڕاسی

ن: فرانسیس فۆکۆیاما
وەرگێڕان لە فارسیەوە: ڕێبوار مەعرووف‌زادە

فرانسیس فۆکۆیاما مامۆستای زانستە سیاسی‌یەکانی زانکۆی ئێستەنفۆردی ئەمریکاو لە تیۆری داڕێژەرانی هەرە بەناوبانگی مێژووی گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی جیهانە. فۆکۆیاما لە بابەتێکدا کە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی "شوورای پێوەندی‌یەکانی دەرەوە" لە ئەمریکا بڵاوی کردۆتەوە، ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە "ئاخۆ بەلام خاڵی جێگەی سەرنج ئەوەیە کە لە دژکردەوە بەرامبەر بەم بارودۆخەدا لە جیاتی بزووتنەوە جەماوەری‌یە چەپەکان، هێزە پۆپۆلیستی‌یە دەستە ڕاستی‌یەکان لە ئەمریکاو ئورووپادا بەهێزتر بوون. بە بڕوای فۆکۆیاما هۆکاری سەرەکی لاوازی هێزە چەپەکان لاوازی تی‌ڕوانین‌و نەبوونی ئایدیایەکی روونە بۆ ڕاکێشان و دەکاتەوە کە لاوازی هێزە چەپەکان مەترسی‌یەکە بۆ سەر پلۆڕاڵیسمو ڕکابەری سیاسی لەو کۆمەڵگەیانەداو خەستتربوونی ڕەوتی بەجیهانی‌بوونی سەرمایەداریش بە شێوەیەکی بەرچاو چینی مام ناوەند لاواز دەکا. چینی مام ناوەند پێگەی کۆمەڵایەتی لیبراڵ دیمۆکراسین و لە ئەگەری لاوازبوونی ئەو چینە داهاتووی



بەدوای لاوازبوونی چینی مام ناوەندی داهاتووی دیمۆکراسی، لیبراڵی لە جیهان‌دا دەکەوێتە مەترسی‌یەوە؟" فۆکۆیاما لە سەرەتای لێکدانەوەکەی خۆی بە ئاماژەکردن بە قەیرانی ئابووری لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا دەنووسێ، ڕووداوی ئەو قەیرانە لە پلەی یەکەم‌دا بەرهەمی چاودێری‌یەکی لاوازی سیستمی سەرمایەداری بووە، مۆبیلیزەکردنی خەڵک. لە دەیەکانی رابردوودا تیۆری‌یە دەستە ڕاستی‌یەکان کە لایەنگری کەمکردنەوەی چاودێری لەسەر سیستمی سەرمایەداری دان، دەست پێشخەر بوون‌و چەپەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو جگە لە گەڕانەوە بۆ تیۆری‌یە کۆنەکانی سۆسیاڵ دیمۆکراسی نەیان‌توانیوە شتێکی دیکە بێننەگۆڕێ. فۆکۆیاما ئاگادارمان دیمۆکراسیش دەکەوێتە مەترسی‌یەوە.
شەپۆلی دیمۆکراسی خوازی لە ڕەوتی مێژوودا:
فرانسیس فۆکۆیاما لە زمان مارکسەوە دەنووسێ، تیۆری‌یە سیاسی‌کۆمەڵایەتی‌یەکان تەنیا کاتێک دەبنە هێزێکی کاریگەر کە هەڵگری دڵەڕاوکێ‌و خواستەکانی بەشێکی بەرچاو لە خەڵک بن. ئەوە لە حاڵێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دایە مێژوو نیشان دەدا کە تا نزیکەی سێ سەدە پێشوو تەواوی تیۆرییە بەهێزەکان بە جۆرێک ئایینی بوون یان شوێن پەنجەی ئایینیان بەسەردا دیار بووە. یەکەم تێڕوانین کە بە "لیبراڵیسم" ناوی دەرکرد، نزیک سێ سەدە پێشوو بە پاڵپشتی بزووتنەوە سیاسییەکانی چینی مام ناوەند پێک هات. لەسەرەتادا ئەو بزووتنەوەیە لە توخمەکانی دیمۆکراسی بێبەهرە بوو و رووخسارە دیارەکانو ڕێبەرانی لایەنگری جۆرێک سازان لەگەڵ سیستمە پاشایەتییەکان یان ئەوپەڕەکەی دامەزراندنی سیستمێکی پاشایەتی مەرجدار بوون. بەرەبەرە لەسەرەتا و نیوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی هێندێک لە توخمەکانی بزووتنەوەی لیبراڵی ئایدیاگەلێکی وەک مافی دەنگدان بۆ چینی مام ناوەندو کەمکردنەوەی ماف و دەسەڵاتی

"دیمۆکراسیی ڕاستەقینە" واتە دابەش کردنی یەکسان و دادپەروەرانەی سەروەت و سامان دەکرێ چاوپۆشی لە پلوراڵیسم و دیمۆکراسی سیاسی لەنێو دەسەڵات بکەین، بەڵام لیبراڵەکان لە بەرامبەردا بە توندی داکۆکیان لە مافی خاوەندارێتی تایبەتی سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەم هێنان دەکردو هەروەها لیبراڵەکان بەرەبەرە ئامادەبوون بەشداری سیاسی چالاک و بەربڵاوی توێژەکانیتر وەک چینی مام ناوەندی لە چارەنووسی کۆمەڵگەدا قبوول بکەن. فۆکۆیاما لە درێژەدا دەڵێ: رەوتی ڕووداوەکانی سەد ساڵی ڕابردوو نیشانیدا کە تێڕوانینی سیاسی لیبراڵ بەپشت بەستن بە هێندێک فاکتەری وەک چوونەسەری توانای کڕین و بەهرەمەندبوونی خەڵک لە پێشکەوتنەکانی سەرمایەداری توانی جەمسەری مارکسیسم لاواز

باشووری ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بۆتە هۆی ئەوەی لەو وڵاتانەدا چینی مام ناوەند گەشە بکاو هێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی زیاتر پەیدا بکا. دیارە چینی مام ناوەند وەک هەر چینێکی دیکە لە بنەڕەتەوە خوازیارو داکۆکیکاری دیمۆکراسی نییە، بەڵام لەپێناو پاراستنی بوون و بەرژەوەندییەکانی بە جیددی پێویستی بە دیمۆکراسی هەیە. لەلایەکی دیکە مەرج نیە سیستمە دیمۆکراتیکەکان وڵامدەری تەواوی داواکاری و بەرژەوەندییەکانی چینی مام ناوەند بن. دیارە لە دۆخێکی لەم چەشنەدا چینی مام ناوەند دەشێوێ و هێندێک جاریش یاخی دەبێ.

هەڵبژاردنی ڕێژەیی خوازراو:

فۆکۆیاما دەڵێ: ئەمڕۆکە تا ڕادەیەکی زۆر تەواوی جیهان لەسەر ڕەوایی پرەنسیپەکانی "لیبراڵیسم" کۆکن. دیارە لەگەڵ ئەوەدا کە پرەنسیپەکانی



ئەشرافیان هێنایە بەر باس. لە ساڵی ١٨٤٨ و بەدەست پێکردنی یەکەم بزووتنەوە سوسیالیستییە بەهێزەکان، کە لەژێر کاریگەری بیر و هزری مارکسدا شکڵیان گرت، ململانێیەکی دژوار لە نێوان دوو تێڕوانینی نائایینی لەنێو جیهانی مۆدێرن دەستی پێکرد. بەگشتی مارکسیستەکان لایەنگریان لەو ڕوانگەیە دەکرد کە لە پێناو گەیشتن بە

بکا. لیبراڵیسم بۆ بەدەست هێنانی ئەو باڵادەستییەی خۆی، لەبەرامبەر پشت بەستنی مارکسیستەکان بە چینی کرێکاری پیشەسازیو توێژی کەم داهات، هەوڵی ڕاکێشانی چینی مام ناوەندی دا. لە کۆتایی دەیەکانی چاخی بیستەم پەرەسەندنی سیستمە دیمۆکراتیکەکان بە ناوچەکانی دیکەی جیهان وەک ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و

دیمۆکراسی لە زۆرێک لە کۆمەڵگە دیمۆکراتیکەکان بە تەواوەتی بەڕێوە ناچێ یان تێگەیشتنێکی جیاواز لە دیمۆکراسی بوونی هەیە، لە زۆربەی کۆمەڵگەکان کە بەو ڕادەیە لە پێشکەوتنی ماددی گەیشتوون کە دەتوانن بەستێنەکانی پێکهاتنی چینی مام ناوەند دابین بکەن، دیمۆکراسی زیاتر لەهەر شێوازێکی دیکەی بەڕێوەبەری

خوازیاری هەیە. هەر بەم هۆیە هەموو کات سەقامگیری دیمۆکراسی لەگەڵ ڕادەی گەشەی ماددی کۆمەڵگەکان پێوەندییەکی چڕوپڕی هەیە. هێندێک لە دەسەڵاتەکانی وەک ئێران و عەرەبستان بەپشت بەستن بە ئایین سیستمی سیاسی دیمۆکراتیک ڕەت دەکەنەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بەردەوامی ئەو حکوومەتانە نەک بە هۆی سەرکەوتوویی سیستمە سیاسییەکەیان، بەڵکوو بەهۆی کەڵک وەرگرتنیان لە سەرچاوەگەلێک وەک نەوتەوەیە. ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردوو نیشانیدا کە خەڵکی وڵاتانی عەرەبی هەروەک شارۆمەندانی ئورووپای ڕۆژهەڵات یان ئەمریکای لاتین لە دەیەکانی ڕابردوودا، ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە ڕێژیمە سەرەڕۆیەکەیان برووخێننو بەرەو دیمۆکراسی هەنگاو هەڵگرن. هەرچەند نابێ ئەوە لەبیر بکەین کە لەو کۆمەڵگەیانەدا هەنگاو هەڵێنانەوە بەرەو دیمۆکراسی نە ئاسانە و نە بە خێراییش ئەنجام دەگرێ. بە بڕوای فۆکۆیاما گەورەترین گرفت بۆ پەرەسەندنی دیمۆکراسی لە تەواوی جیهاندا مۆدێلی چینە کە سیستمێکی سیاسیی ملهووڕی لەگەڵ سیستمێکی ئابووری بازاری ئازاد تێک هەڵکێش کردووە. چین خاوەنی ئەزموونێکی دووروودرێژ لە سیستمی ئیداریو حکوومەتداری کارامەیەو دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە بۆ نموونە لە بەراورد لەگەڵ ئەمریکا لەو ماوەیەی دواییەیدا لەهەمبەر مودیرییەتی گەشەی ئابوورییەکەی زۆر باشتر کاری کردووە. بە دوای دەست پێکردنی قەیرانی ئابووری قووڵ لە ئورووپا و ئەمریکا، چینییەکان مۆدێلی خۆیان وەک نموونەیەکی باشتر لە لیبراڵ دیمۆکراسی دەناسێنن. زۆر دژوارە کە "مۆدێلی چینی" لە دەرەوەی ئاسیا یان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ببێتە ڕکابەرێکی جیددی "لیبراڵ دیمۆکراسی". وڵاتانێک وەک کۆریای باکوور یان سەنگاپوور کە تا ڕادەیەک لە مۆدێلی چینی کەڵکیان وەرگرتووە، ساڵانێکی دووروودرێژ لەژێر کاریگەری کلتوور و سیستمی ئیداری چیندا بوون. وڵاتانی دیکەی جیهان لە داب و نەریت و توانایییەکانی چین بەهرەمەند نین

هەتاکوو بتوانن سیستمێکی هاوشێوەی چین بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەبەرن. هەربۆیە ئێستاش هەر ڕستەی هەستیاری "پێشگرتن بە نفووزی ڕۆژئاوا" بوونی هەیە نەک شادمانی لە زاڵ بوونی چین بە سەر جیهاندا. هەروەها ئابووری مۆدێلی چین لە دڵی خۆیدا پاڕادۆکسگەلێکی جیددی گەورە دەکا و بە تەنیا پشت بەستن بە هەناردەکردن یان دابەش کردنی ئیمکانات لە سەرەوەڕا بۆ ئاستەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بۆ هەتاهەتایە ناتوانێ بەردەوام بێ. گرفتی دیکە، شێوازی بەڕێوەبردنی کارەکان لە لایەن دەزگا حکوومەتییەکانە کە بێگومان بە تێ-پەڕینی کات گەندەڵی ماڵی لە نێویاندا زیاد دەبێ و لە نەبوونی سیستمی دیمۆکراتیکدا توورەیی و نارەزایەتی خەڵکی لێدەکەوێتەوە. بەو پێیە زۆر دژوارە کە لە ٤ یان ٥ دەیەی داهاتوودا بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی جیهان ڕێگەی چین بگرنەبەر.

داهاتووی دیموکراسی:

فۆکۆیاما جەخت دەکاتەوە کە لە نێوان گەشەی ئابووریو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و باشتربوونی ڕێبازی "لیبراڵ دیمۆکراسی"دا پێوەندییەکی دەروونی بوونی هەیە. لە ئێستادا هیچ تێڕوانینێکی بەهێزی دیکە ناتوانێ لەگەڵ "لیبراڵ دیمۆکراسی"دا ڕکابەری بکا، بەڵام ئەگەر هێندێک لەو ڕەوتە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی ئەم دواییە، کە زۆر مەترسیدارن بەردەوام بێ، هەم سەقامگیری دیمۆکراسییە لیبراڵییەکانی ئێستا و هەم ڕێبازێک کە ئەمڕۆکە وەک "لیبراڵ دیمۆکراسی" دەناسرێ، دەکەوێتە مەترسییەوە. یەکێک لە ڕەوتە مەترسیدارەکان بەردەوامی خێرای بەجیهانی بوونی سەرمایەداری و پێشکەوتنە خێراکانی بەشی تێکنۆلۆژییە کە وای کردووە لە زۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا تەنیا بەشێکی کەم لە شارۆمەندان بتوانن بگەنە هەلومەرجێک کە بتوانرێ وەک چینی مام ناوەند لە قەڵەم بدرێ. یەکێک لە نیشانە ئاشکراکانی ئەو دۆخە ئەوەیە کە داهاتی زۆرێک لە بنەماڵە مام ناوەندییەکانی ئەمریکا لە ماوەی ئەم چوار دەیەیەی دواییەیدا کەم بۆتەوە. یەکێک لەو شێوازانەی لە ساڵانی ڕابردوودا بۆ

یارمەتی ئابووری چینی مام ناوەند لە ئەمریکا ئەنجام دراوە پێدانی خزمەت گوزاری گونجاوتری بانکییە. ئەو شێوازە جێگرەوەیەک بوو بۆ دابەش کردنی دادپەروەرانەی سامان لەنێو ئاستەکانی خوارووی کۆمەڵگادا، بەڵام بەکردەوە بووە هۆی ئەوەی کە پارەو سەرمایەی نەختییەکی یەکجار زۆر لە چینو وڵاتانی دیکەی دەوڵەمەند بڕژێتە نێو سیستمی بانکی ئەمریکا و خۆی ئەو بابەتە ببێتە یەکێک لە هۆکارەکانی دەرکەوتنی قەیرانی ئابووری ئەم دواییەیانە. فۆکۆیاما لە درێژەدا دەڵێ: هۆکارێکی دیکەی لاوازبوونی چینی مام ناوەند ئەوەیە کە زۆربەی قازانجو سامانی بەرهەم هاتوو لە دوایین پێشکەوتنەکانی سیستمی سەرمایەداری بە تایبەتی لە بەشی تەکنۆلۆژییە نوێیەکان و دامەزراوەکانی ماڵی، تەنیا وەبەر بەشێکی زۆر بچووک لە پسپۆڕان دەکەوێ. بۆ نموونە لە دەیەی ١٩٧٠ی زایینیدا سامانی یەک لەسەر سەدی چینی سەرەوەی کۆمەڵگای ئەمریکا تەنیا یەکسان بوو لەگەڵ ٩ لەسەدی بەرهەمی نەپاڵێوراوی وڵات، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٧دا ئەو ژمارەیە گەیشتە نێزیک ٢٤ لەسەد. سیاسەتە ماڵیاتییەکان هۆکارێکی دیکەیە کە مەترسی دەخاتە سەر هەلومەرجی ئابووری چینی مامناوەند. زۆربەی دەوڵەتە دەستە ڕاستییەکان لەبری سەرمایەدارانی گەورە، ماڵیاتێکی زیاتر لە چینی مامناوەند وەردەگرن. دواجار دەبێ پەرەسەندنی وڵاتانی لەحاڵی گەشە و سەرهەڵدانی هێزە ئابوورییە نوێیەکان وەک هۆکارێکی دیکە لە بەرچاو بگرین. لەژێر کاریگەری ڕەوتی خێرای بەجیهانی بوونی سەرمایەداری و لەدۆخێکدا کە بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر بۆ کۆمپانیا گەورەکان بۆتە ئامانجێکی ڕەها و بێ سنوور، زۆرێک لە چالاکییەکانی بەشی بەرهەم هێنان بۆ دەرەوەی وڵاتانی پێشکەوتوو ڕاگوازراوەو هێزی کاری ئەو وڵاتانە یا بێکار بوون یان بە ناچاری هەق دەستێکی کەمتر وەردەگرن.

ئامادەنەبوونی هێزە چەپەکان:

فۆکۆیاما لە بەشێکی دیکەی لێک دانەوەکەیدا دەڵێ: "سەیرترین بابەت لەو دۆخەدا ئەوەیە کە بە جێگای

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

هێزە چەپەکان کە بەردەوام لە ڕەوتی خێراو لەدەست دەرچووی سیستمی سەرمایەداری جیهانی ڕەخنەیان گرتووە، هەنووکە ئەوە هێزە ڕاستە پۆپۆلیستییەکانن کە خەریکە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن". بۆ نموونە، لە ئەمریکادا بزووتنەوەی "تی پارتی"[حیزبی چای] لە دروشمەکانی خۆیدا بە توندی دژی سەرمایەدارە گەورەکان دەردەکەوێ، بەڵام لە ڕاستیدا هەڵوێستە سیاسییەکانی ڕێک لە خزمەت بەرژەوەندی سەرمایەدارە مەزنەکان دایە. هەڵبەت لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا هۆکاری کلتووری و کۆمەڵایەتیش کاریگەرن وەک کۆنەپارێزیو دژایەتی ئەوان لەگەڵ مافی لەباربردنی منداڵ یان بڕوا بە یەکسانی دەرفەتەکان نەک یەکسانی لە دابەش کردنی سەروەتو سامان دا. بەبڕوای فۆکۆیاما لاوازی سەرەکی هێزە چەپەکان لاوازی فکریو سیاسییە. لەم چەند دەیەی ڕابردوودا هیچ بیردۆزێکی چەپ نەیتوانیوە کە یەکەم: لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە بکا لە گۆڕانکارییە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکان کە لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی ئەم دواییە ڕووی داوە. دووهەم: پێشکەش کردنی ڕێگەچارە یان پرۆگرامێکی سیاسی کاریگەر و ئەقڵانی بۆ داکۆکی لە چینی مام ناوەند.

بەدوای لەنێوچوونی مارکسیسم وەک سەرچاوەی سەرەکی ئایدیا چەپەکان، لەم چەند دەیەی دواییدا بیرمەندانی چەپ خۆیان بە ڕێباز و تیۆرییەکانی دیکە وەک پۆست مۆدێرنیزم، فێمێنیزم یان فرەکلتووری سەرقاڵ کردووە کە لەڕاستیدا هەموویان جەخت لەسەر پرسە کلتووریو سەرخانەکانی کۆمەڵگا دەکەن نەک پرسە ژێرخانەکانی کۆمەڵگا کە ئابوورییە. کێشەی سەرەکی جەمسەری چەپ ئەوەیە کە لە بیاڤی هزرڤانیدا خاوەنی هێزو قورسایی نییە. دوو نەوەی دوایی هێزە سیاسییە چەپەکان هەر بە شوێن مۆدێلە کۆنو بەسەرچووەکانی سوسیال دیمۆکراسییەوەن، بۆوێنە داکۆکی لە خزمەت گوزارییە کۆمەڵایەتییەکان وەک بیمەی خانەنشینی، بیمەی بێکاری یان بوونی ڕاهێنان و تەندروستی گشتی. بەڵام

ئەو مۆدێلی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگایانە لە ئێستادا بێ کەڵک و سواوە. سیستمەکانی ناسراو بە "دەوڵەتی خۆش بژێو" کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو بڵاوبۆوەو پەرەی ئەستاند بە هۆی تێچوویەکی زۆر، بۆرۆکراسییەکی زەبەلاحو کەمی بوودجەیەک کە بەسەر وڵاتانی دەوڵەمەندیان داسەپاندوە، کەڵکیان نەماوە. ڕێبازی داهاتوو:

فۆکۆیاما لە بەشی کۆتایی بابەتەکەیدا ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە چ تێڕوانینێک لە داهاتوودا دەتوانێ هەم مانەوەی دیمۆکراسیو هەمیش مانەوەی چینی مام ناوەند مسۆگەر بکاو پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی چینە مام ناوەندەکان بکا؟

تێڕوانینێکی لەم جۆرە بەلانی کەم دوو لایەنی ئابووریو سیاسیی لەخۆ دەگرێ. لە ڕوانگەی سیاسییەوە ئەو تێڕوانینە دەبێ سیاسەتە دیمۆکراتیکەکان وەپێش سیاسەتە ئابوورییەکان بداو لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە گشتییەکان لە سیستمی سیاسیو حکوومەتدا ڕەوایی خۆی بەدەست بێنێ. بەشەکانی پێوەندیدار بە خزمەت گوزارییەکانو یارمەتی دانی شارۆمەندان ناتوانن بە شێوازەکانی کۆن کار بکەن. دەبێ ئەو بەشانە لە ڕێگەی تەکنۆلۆژی نوێوە پێش بخەین، هەروەها دەبێ کۆنترۆڵی کۆمەڵگا و سیاسەت لە چنگ هێندێک گرووپی تایبەت، کە تەنیا پارێزگاری لە بەرژەوەندی توێژێک یان کۆمپانیایەکی تایبەت دەکەن، بێتەدەر. لە لایەنی ئابوورییەوە ئەو تێڕوانینە نابێ نیزامی سەرمایەداری ڕەت بکاتەوە. ڕێگەچارە لە پەرەئەستاندنی شێوازی جۆراوجۆری سەرمایەدارییو هەروەها دەستتێوەردانی حکوومەتە دیمۆکراتیکەکان لە خێراییو چۆنیەتی گەشەی ڕەوتی بەجیهانی بوون دایە. ڕەوتی بەجیهانیبوون شتێکی بێ ئەم لاوئەولا نیە کە بە ناچاری قەبووڵ بکرێ، بەڵکوو دەرفەتێکە کە بە وشیاری، وردبینی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەموو شارۆمەندان لە باری سیاسییەوە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێ. لەو تێڕوانینە

تازەیەدا سیستمی بازاڕی ئازادو پێویستییەکانی دوائامانج نییە، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ گەشەی کۆمەڵگاکان بە جۆرێک کە بەشی زۆرینەی خەڵک لێی بەهرەمەند بن نە ئەوەی تەنیا سەرمایەی نەتەوەیی وڵاتێک زیاد بێ.

فۆکۆیاما لە کۆتایی بابەتەکەیدا ئاگادارمان دەکاتەوە کە بزووتنەوە "پۆپۆلیستی"یەکانی ئێستای ئەمریکا، چ ئەوانەی کە سەر بە جەمسەری ڕاستو کۆنەپارێزنو چ ئەوانەش کە ئایدیای چەپیان هەیە، ئاڵۆزییەکانی چەند دەیەی ڕابردوویان لەبەرچاو نەگرتووەو لە ڕێگەچارەکانیاندا مۆدێلێک دێننەئاراوە کە دواجار جۆرێک لاوازیو تەریک کەوتنەوەی ئابووری ئەمریکای لێدەکەوێتەوە. بەوجۆرە ڕێگایانەوە ناکرێ داواکارییەکانی چینی مام ناوەند، کە لەم چەند دەیەی دواییدا پەراوێز خراون، دابین بکرێ. هاوکات بەردەوامی ئەو دۆخە بە واتای زاڵبوونی بەردەوامی گرووپەکانی لایەنگری توێژە فرەدەوڵەمەندەکان بەسەر دارشتنی سیاسەتی ئەمریکا دایە. لە ژێر کاریگەری ئەو دۆخەدا جیاوازی سەروەت لە ئاستی کۆمەڵگاو هەژارتربوونی چینە مام ناوەندەکان زیاد دەبێ. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا هەر وەک ئەمریکا، سەرمایەدارەکان لە پلە و پێگە تایبەتییەکانی خۆیان بۆ کاریگەری دانان لەسەر سیاسەت کەڵک وەردەگرن. تا ئەو کاتەی کە چینە مام ناوەندەکان لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هەروا لە خەیاڵی دەیەکانی ڕابردوودا بن کە بەرژەوەندییەکەیان لە گرەوی سیستمێکی سەرمایەداری ئازادترو دەوڵەتێکی بچووکتر دایە، هیچ بزووتنەوەیەک لە پێناو گۆڕانێکی پێکهاتەیی لە دۆخی هەنووکە دروست نابێ. ڕێبازو تیۆرییەکی سیاسی ئابووریی کە دەتوانێ جێگرەوەی دۆخی ئێستا بێ، هەنووکە لەبەر دەست دایە و چاوەڕێی سەرهەڵدانە.

سەرچاوە:
www.radiofarda.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆمەڵایەتی

# شوێن و پێگەی نەریت لە دۆزی گەلی کورددا



عەبباس حەقبین

بەشی یەکەم

نەریت وەک واقعێکی بنەڕەتی دەگەڵ گەشە و پەیدابوونی کۆمەڵگا سەرەتاییەکان پەیدا بووەو گەشەی کردوە وەک پێوەندێکی کۆمەڵایەتی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای پێکەوە گرێ داوە بەو شێوەیەی هەر تاکێک بە ئەرکی خۆی زانیوە کە لە کۆمەڵدا بیخاتە خانەی پراکتیکەوەو ئەوەش لە ئەنجامی ئەو ئەزموونەوەیە کە زیاتر لە هەر شێوازێک لەم حاڵەدا بەرژەوەندی پارێزراوە، هەربۆیە لادان لە ئەسڵەکانی بە تاوانی گەورە زانیوەو خەساری کۆمەڵایەتی دەگەڵ خۆی هێناوە، بۆیە نەریت وەک رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کۆمەڵێک ئەزموون و یەکیەتی تاکەکانە لە بوارەکانی زمان، ئایین و خواست، خاک، خوو و خدەی هاوبەش و لیباس و مێژووی هاوبەش. بەڵام لە ئێستادا هەست بە بەرپرسایەتی وشیارانە وێڕای ئەو تایبەتمەندیانەی پێشوو ئابووری هاوبەشیان وەک خاڵێکی گرینگ لەم یەکیەتی‌یەدا بە ئەژمار هێناوەو هەست بە بەرپرسایەتی‌یەکی نوێ بەشێوەی کردەیی لە نێوان تاکەکاندا رێک دەخا بۆ گونجان و پێکەوە بوونێکی نوێ. باس کردن لەسەر ئەم بابەتە فرەڕەهەندەو لایەنی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ، ئەوەش یا لە توانایی ئێمەدا نیە یان بەڵگە و کاتی پێویستمان لەبەر دەستدا نیە، بۆیە ئەم باسە کورت دەکەینەوە لە چەن خاڵێکدا و ئامانجیش ورووژاندن و نرخاندنی واقعێکی نەتەوەیی و ریشەییە.

ئەلف: نەریتی نەتەوەیی لە بزووتنەوە سیاسی‌یەکاندا.

ب: کاریگەری بوون و نەبوونی نەریت لە ئێستادا و دەرەنجامەکانی.

ج: پێویستی گۆڕان و نوێ بوونەوە لە نەریتدا چۆن و بەچ شێوەیەک دەکرێ؟

د: ئەرکەکانی تاکی کورد لە ئاست نەریتی نەتەوەیی‌دا چیە؟

ئەلف: نەریتی نەتەوەیی لە بزووتنەوە سیاسی‌یەکاندا(ئۆپۆزیسیۆنی کوردی):

شۆڕشی فەرهەنگی، لە یەکەم دێڕو وشەو دروشمەکانی هەر شۆڕشگێرێکی کورد بووە، بەو مەرجەی کە بڕوای بە خەباتی نەتەوایەتی بووبێ، جا ئەم راستیە لە چوارچێوەی دروشمدا بووە یا کەم کاری دەگەڵدا کراوە یا بە ئامرازکردنی بە نەزۆکی هێشتوویەتەوە، لەو رامانانەن کە ئەم بابەتە لەخۆ ئەگرێ. لەڕەوتی گەشەکردنی مرۆڤایەتی‌دا کوردیش وەک گەلانی دیکە نیازو بەربەرەکانێی ژیان و ترسی لە زیان‌هێنەرەکانی ژینگە، ناچاری کرد بۆ دیاردەیەک بەناوی پێکەوە بوون، ئەم پێکەوەبوون و هاوژینی‌یە سەرەتا لە چوارچێوەی خێزان و دواتریش بەرەو خێڵ، ئیل، عەشیرە، قەوم و تایفە گەشەی کردو تاکوو ئەمڕۆکە لە قەبارەی نەتەوایەتی‌دا داکۆکی لە مافە رەواکانی خۆی دەکا. بەڵام کاتێک لە دەلاقەی ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن لەم پێوەندی‌یەدا دەڕوانین، بابەتەکە دەچێتە بواری پێشەنگی و پاراستنێکی بەرپرسانەوە کە دەسەڵاتپارێزی نەتەوەیی ئەم ئەرکە دەکاتە حەتمیەتێکی ئیجرایی و کلاسەکراو.

هەروەها مێعماری خەباتی فەرهەنگی لە بەرابەر هێرشەکانی بێگانەدا حکوومەت و دەسەڵاتی حاکمەیە، بەڵام کاتێک کە پەردە لەڕووی واقیع هەڵدەینەوەو راستی‌یەکەی دەرکەوت، شتێکی دیکەیە، مێژووی راست و وردی حیزبەکان تەنیا خەیاڵە، بەڵام ئەوەی کە هەیە و لە راگەیەن و نووسراوەکانی ئەوڕۆ و ڕابردووشدا هاتووە ئەوەیە کە کەم کاری‌یەکی چاوەڕوان نەکراوی پێوە دیارەو لەوەش بەژانتر، بە ئامرازبوون بۆ رەوایی پێدانی دەسەڵات یا بەرژەوەندی‌یەکی کاتی تاک حیزبی‌یە. بەردەوام و پلانمەند نەبوونی رەوتی پەروەردەو فێرگەکانمان لەو پێوەندی‌یەداو بەستراوەیی بە مۆدو نەریتی بێگانە سەلمێنەری ئەو راستی‌یەن. ئەڵبەت هۆی ئەو چاوەڕوانی‌یە ئەوەیە کە هەموو فراوانی و رۆشنگەری‌یەک بە دەسەڵاتەوە دەکرێ. بۆوێنە وڵاتێکی وەک ویتنام بە یەکیەتی نەتەوەیی‌یەوە توانی لە بەرابەر زلهێزێکی وەک ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا سەرکەوتن وەدەست بێنێ، راپەڕینی گەلی ئیتالیا ئەو دەستکەوتە مەزنەی مرۆڤایەتی لێکەوتەوە یا وەکوو یەکیەتی گەلی ئەڵمانی هێزێکی زۆرو زەمەندەی دروست کرد کە لە ئاکامدا بەرەو شۆوینیزم هەنگاوی نا. ئەمانە و زۆری دیکە ئەو راستی‌یە دەسەلمێنن کە حیزبەکان لە بە ئەنجام گەیاندن و زیندوو راگرتنی نەریتی نەتەوەکاندا ئەرکی حەیاتیان هەیە و کەم کاری‌یەکانیشیان بە هەمان رادە وێرانکەرو زیان‌هێنەرە، چ لە بواری دەروونی و چ لە بواری کۆمەڵایەتی‌دا.

ئەم بەدروشم و بە ئامرازکردنە، گەشەو گۆڕانە نەریتی‌یەکان ئەگنخێنێ و نەزۆکیان ئەکاو هەر نوێ باوەڕی‌یەک لە نوتفەدا دەخکێنێ. ئەمە لەکاتێک دایە کە قەڵای بوون و ماڵی سەرۆکەکان تەنیا باوەشی گەل و نیشتمانە. ئەگەرچی لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا زۆرن ئەو سەروسامانانەی کە بوونەتە قوربانی سیاسیی بۆ بەرژەوەندی حیزب یان کۆمەڵێک، بەڵام بە ئامرازکردنی نەریت لە رێی ئامانجی سیاسی‌دا هەڵەیەکی نەتەوەیی‌یە و خەساری نەتەوەیی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێدەکەوێتەوە. بۆیە هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و پێویستە ڕێبەری ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وەرچەرخانێک بۆ مانی حیزب لە مانی نەتەوەدا بکات، پێش ئەوەی بنەماکانی هەرەس بێنێ. لەو خەسارانە دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی پاراستنی ڕێزو ئەرکەکانی تاک لە خێزاندا، لاوازی پێوەندی کۆمەڵایەتی، کەمی ڕێژەیی حورمەت و خۆشەویستی و برواو متمانەی تاکەکان بە یەکتریو نەبوونی ڕاستوێژیو بوونی دزی و ... زۆر دیاردەی دیکە بکەین کە بە شێوەیەکی ورد بنەماکانی نەریت دائەڕێژنو پاراستنیان مەرجی سەرکەوتن و یەکیەتییە.

شارەزاییو بەکارهێنانی سۆسیۆلۆژیو دەروونناسی کۆمەڵ، ئەم ڕێگەیە هەمواری گەشەی شعووری کۆمەڵایەتیو یەکیەتی نەریت دەستەبەر دەکا لە پێناو کۆمەڵگایەکی تێکنۆکراتو گەلی ڕەسەندا. زۆر جاران کەم ئەزموونی بە گۆڕەپان بوونی ئەم نیشتمانە لە بواری هەڵکەوتی جوغرافیادا، ئەکەینە پاساوی ئەم واقیعە بەژانە، دەبا لە خۆمان بپرسین وڵاتیکی وەک ژاپۆن پاش شەڕی جیهانی دووهەم چون خۆی گرتەوەو سەرۆکایەتی هێزی هێنایەوە گۆڕێ، تەنیاو تەنیا بە پلانمەندبوونی دەسەڵاتو پشتبەستن بە شوناسە نەتەوەیییەکان توانی ئەم ئەنجامە وەدەست بێنێ. لەم پێوەندییەدا گاندی دەڵێ: "حەز دەکەم شنەبای ئازادیی فەرهەنگی هەموو جارێ لەنێو ژوورەکەمدا بشنێتەوە، بەڵام مەودا نادەم بم فڕێنێ". ئەمە ئاماژەیە بە دارشتنی پێشوەخت و پێشوازی لە گەشەپێدانی زمانو ئەدەبو پێکهێنانی دامەزراوەی جۆراوجۆر لەو پێوەندییەداو تەبلیغی ڕێکخراوە دیمۆکراتیکو ڕاگەیەنە گشتییەکان، بەشێکی دیکەی ئەو ئەرکانەن کە پێوەندی بە دەسەڵاتو حکوومەتەوە هەیە. بۆیە هەموو ئەو تاکانەی کە لە دامەزراوە حکومیەکاندا کار دەکەن پێویستە بە ئەرکی خۆیانی بزانن کە لە ڕێگای دیسیپلینی ئیدارییەوە کار بکەن بۆ زیندوبوونو پاراستنی کلتووری نەتەوەکەمان وەک ئەرکێکی نەتەوەیی. کورد وتەنی: "مریشک ئەگەر خوڵ وەسەری خۆی نەکا، کەس ناتوانێ خۆڵی وەسەر کا".

ب: کاریگەری بوون و نەبوونی نەریت لە ئێستاداو دەرەنجامەکانی: مێژووی گەلی ئێمە بەڵگەیەکی واقیع و حاشاهەڵنەگرە بۆ ڕەوایی پێدانی نەتەوەییمان، لەم مێژووەدا بەردەوام بووینە ئامانجی مامەڵە و هاوکێشەکانی داگیرکەران و زلهێزەکان، بەبێ ئەوەی گەلەکەمان بستە خاکێ داگیر بکات یا وەکوو لایەنێک بێ لە هاوکێشەکاندا. ئەم ڕاستییە مێژووییە کلتووری نەتەوەییمانی لاوازو بێبەر کردوە، بەو شێوەیەی کە ماڵوێرانی، ئاوارەیی، سووتان، کوشتنو کاولکاری، نەریتی پەژارەو شیوەنی چەندین ساڵەی هەرمانە کردوەو بیرکردنەوەو گەشە و چاکسازی فەرهەنگی، جێگە خۆی داوە بە پاراستنی گیانی و دابین کردنی بژیوی تاک و خێزان.

نەریت لە سەرەتادا وەک پێویستییەکی پارێزەری بەرژەوەندی لە بەرامبەر سروشت و درندەو خێڵەکانی دیکەدا، بوو بە دارڕژاوەیەکی کۆمەڵایەتیو لەوەودا بەرژەوەندی گشتیو تاک پارێزراو بوو. بۆوێنە لە سەرەتادا بە ئاگرکردنەوەو هەڵپەڕین لە دەوری ئاگرەکە شێوەی ڕووداوەکانیان ئەهێنایە نیشاندانو هەروەها بەخەتی تەسویری وێنەیەکیان دەکێشا بەو واتایەی کە فلانە نیازەیان هەیە، لەبواری ئایینیشەوە ئەو ئاژەڵو درندانەیان دەپەرست کە لێی دەترسان یا کەڵکیان لێوەردەگرت و دواتر ئەم بوارانە گەشەیان کردو وەک کۆڵەکەی بنەڕەتی نەریت بوونە هۆی پاراستنی بەرژەوەندی تاکو کۆ و شارستانیەتەکانی دۆڵی دوو ڕووبار(دیجلەو فورات) و نیل(میسر)، هێندی و یوونانی لێ کەوتووەتەوە.

ئاماژە بە خێڵە سەرەتاییەکانی وەک ئاریایی، میتانی، لۆلۆیی، کاردو و ساسانییەکان و ...، دەرئەکەوێ کە نەریتو شارستانیەتی ئەم گەلە وەک ڕوون و ئاشکرایە لە سەرەتاییترین شارستانیەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بووەو ئاڵوگۆڕە نەریتییەکانی نێوان میتانیو میسرو زۆری دیکەش ڕەسەنیەتی نەریتی ئێمەی کورد ئەسەلمێنێ. هەر ئەو ئەساڵەتو پتەوەی قەبارە گشتییە پارێزەرو خۆڕاگر بووە لەبەرابەر هێزە داگیرکەرەکانی دراوسێی وەک تورکو عەرەبو فارسو شۆوینیزمی هێرشکەرانەیان. نەریتی ئێمە ڕۆحیەی پێکەوەبوونو چێژێکی دەروونیو ڕەمزی هەرمانەبوونی بۆ بە دیاری هێناوین. ئەوەی کە ئەم پیرۆزە بۆچی لە گۆڕەپانی ئەوڕۆدا تووشی نسکۆیی هاتووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئەزموونی وردە دەسەڵاتە ناوچەیییەکانی وەک شێخو ئاغاو دەرەبەگەکان کە بە ناکۆکی و چاوچنۆکی و برسیەتی خۆیان دەرفەتی گەشەیان لێسەندوە. بەڵام لاوازیو نەبوونی ئەم پیرۆزە توانەوەو چەواشەیی و سەرلێشێوانی لە دوایە، یەک لەوان خۆدوڕان بە مۆدەکانی فەرهەنگی. کورد وتەنی: "قال ویستی ڕیگەچوونی کەو فێر بێ، هی خۆشی لەبیرچۆوە"، بۆیە بە جارێ ئەمیشمان دەچێ و ئەویشمان. ئەگەر بتوانین لە تیۆری زەرەر لە نیوەش بگەڕێتەوە قازانجە، کەڵک وەرگرین، لە ئەوڕۆی گلۆبالیزم و بەهاری عەرەبیدا دەتوانین بە دەستاوێزکردنی ڕایەڵکەی نەریت لە دەوری ئەم باوەڕە پیروزە کۆ ببینەوەو جارێکی دیکە سەروەری کلتوورو شارستانیەتمان بسەلمێنین. یەکەم هەنگاو لەم پێناوەشدا پێکەوەنانی بەرەیەکی دەسەڵاتپارێزی کوردییە لە چوارچێوەی بەرەی واحیدی حیزبەکان و، تیۆریزەکردنی حەکیمانەی ئەم نەریتە لە ڕابردووەوە بۆ ئێستاو لە ئێستاوە بۆ داهاتوو. لە غەیری ئەم شێوەدا شەپۆلی فەرهەنگی کە هاوهەنگاو دەگەڵ شەپۆلە ئابووریی و تەکنیکەکاندا دێ، خۆمانو ڕابردوومان لە خۆیدا نوقم دەکاو بیری ماددییخوازی تەواوی بەها کۆمەڵایەتییەکانی دیکەمان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ئیتر دەبێ چاوەڕێی قەزاو قەدەران بین. هەربۆیە خوێنەری بەڕێز با بە ئەرکی بزانین خووە باشە کومەڵایەتی و بۆنە و نەریتە فەرهەنگییەکانی کە لە دەوری یەکمان کۆ دەکاتەوە، لە بنەماڵەی خۆمانەوە دەست پێبکەین و زیندوویان ڕابگرین و بیژێنینەوەو شایی و کامەرانی خۆتان و گەلتان دەستەبەر بکەن.

**درێژەی هەیە...**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ٨ی مارس
# لــە جــیــهــانو کــوردســتــاندا

ئا: ژانیار باگردانی

زیاتر لە سەدەیەکە کە ژنانی جیهان بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانیان دەگەڵ ڕەگــەزی جــیــاوازی خــۆیــان، تێکۆشانی بێوچانیان خستووەتە گەڕ و هەموو ساڵێک لە ٨ی مارسدا ئامادە دەبنو بۆ پشتگیری لەو ڕۆژە لە هەندێک وڵاتدا دەســت بە خۆپیشاندان دەکەن، بەدەگمەن وایە ڕۆژانە باسی هەلومەرجی دژوارو نــالــەبــاری ژیانی ژنان لە هەموو بــوارەکــاندا نەکرێو بێبەشــی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بەرامبەر بــە ژنــان نەخرێتە بەرچاوی کۆمەڵگا. بــەڵام بەداخەوە تا ئێستا کەمترین گۆڕانی ئەرێنی بە نیسبەت هەڵاواردنی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرچاو دەکەوێ. لە ڕۆژی ٢ی فێوریەی ساڵی ١٩٠٧ شۆڕشی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان لە شاری نیۆیۆرک سەری‌هەڵدا کە زیاتر لە دوو هەزار ژن بەهاتنە سەر شەقامەکان لەم سەرهەڵدانەدا بەشدار بوون. پێویستە بگوترێ کە نزیک بەسەد ساڵ بەرلە ئێستا ژنە لیبراڵو سۆسیالیستەکان دژ بە هەڵاواردن بەرامبەر بە ژن و لە پێناو دنیایەکی باشترو شیاوی ئینسان خەبات دەکەنو لە ساڵی ١٩١٠ واتە ١٠٢ ساڵ لەمەوبەر ژنێکی ئاڵمانی بە ناوی "کلارا زتکین" لە ئاکامی هەوڵو تێکۆشانی بێوچانی لــە دووهەمین کۆنفرانسی ژنە سۆسیالیستەکانداو لە ڕاستای بەرگری لە مافی ژنان لە کۆپنهاک دەگیرێ، هەربۆیە بەمەبەستی ڕێزگرتن لە تێکۆشانو دەسکەوتەکانی چالاکانی ئەم بوارە، ڕۆژی ٨ی‌مارسیان وەک ڕۆژی ژنو ســاڵــوەگــەڕی




شۆڕشی ژنان لە جیهاندا دیاریکرد. دیاریکردنی ٨ی‌مارس وەک ڕۆژی ژنــان لــە نــێــوەڕاســتــەکــانــی ســەدەی بیستەم هاتە ئاراوە. شایانی باسە لە ٨ی‌مارسی ساڵی ١٨٥٧ی‌زایینی ژنانی کارگەی پارچەسازی لە ئەمریکا، دژ بە زیادبوونی سەعاتی کارو نەدانی مووچەی باش لە بەرامبەر سەعاتی کار، داگیرکردنی هێزو جەستەی ژنان بە دەستی پیاوان، نەبوونی ئابووری‌یەکی پەرەگرتوو نارەزایەتی خۆیان دەربڕی.
ســەرەڕای ئــەوەی کە پــەروەردەو بەخێوکردنی منداڵو کاروباری ماڵ لــەســەر شانی ژنــان بــووەو دەبوایە هەمیشە لە خزمەتی پیاوی ماڵیش دابن و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان شان بە شانی ئەوان کاریان کردبا. ژنان، ڕژانە سەر شەقامەکانو داوای زیادکردنی مووچەی کارو کەم کردنەوەی ساعاتی کــار و پــێدانی بیمەی ژیــانیان کرد. لــە ســاڵــی ١٩٧٩ی‌زایــیــنــی‌دا یەکەم کۆنفرانسی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان لەسەر مافی مرۆڤ بەسترا و ژنان ڕایانگەیاند پێویستە تێگەیشتنێک لە مافی ژنان هەر وەک مافی مــرۆڤ هــەبــێ. دەبێ هەر توندوتیژی‌یەک لەسەر ژنان دەکرێ وەکوو توندوتیژی لەسەر مرۆڤایەتی بناسیندرێ. چاودێرانو ئەندامانی ڕێکخراوەکانی سەربە ژنان بە بەڵگەوە نیشانیان داوە کە کۆمەڵگای جیهانی لەژێر دەستەڵاتی پیاوان دایە. ژن وەک پیاو مرۆڤە و، مرۆڤەکان بەهۆی مرۆڤبوونیان شایانی ڕێز لێگرتننو دەبێ مافی یەکسانیشیان بۆ دابین بکرێ.
بەڵام لە وڵاتی ئێمە ئێران، هیچ یاسایەک نیە کە پشتگیری لە مافی تاکەکەس بکات، چ بگا بە ماڤی ژنان. لە وڵاتی ئێران یاسادانەرمان هەمیشە دوژمنانمان بوونو هیچ کاتیش کچ بە بێ‌ڕەزامەندی باوک یان برا، هاوسەری خۆی هەڵنەبژاردوە، لــە وڵاتــی ئــێــمــە کــچ شــوو ناکات، بەڵکوو بــە شــووی ئــەدەن. ئەمساڵ لەکاتێکدا یادی ئەم ڕۆژە دەکەینەوە کە بارودۆخی ژیانی ژنان لە ئێراندا نــالــەبــاریو ئــاڵــۆزی‌یــەکــی زۆری بە خۆیەوە دەبینێ. لە پێناو دەسەڵاتێکی ئیسلامی لە ئێراندا تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتەکانی ژیان تەنگی بە میلیۆنها ژن لــەم ناوچەیە هەڵچنیوە.کە لەم بارەوە شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "لــە کــۆمــاری ئیسلامی‌دا ژن لــە ژێر چارشێوێکی ڕەشدا زیندانی کراوە، بێ دەرەتانی ئابووری، بێ دەسەڵاتی یاسایی و سیاسی وێڕای یاساکانی تایبەت بە ئاپارتایدی جینسی هەموو پێکەوە ڕووخساری ژنانی ئەم وڵاتەی لە ئاو و ڕەنگی مرۆڤایەتی خستووە".
ئێستا ئەگەر ئێران زیندانە بۆ نەتەوە زۆر لێکراوەکان، زیندانیشە بۆ هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ژنان‌و سەد ساڵ پاش ١٩٠٨ی‌زایینی کە هێشتا ژن دیلی نەریتی پیاوەمزنی‌و یاسای نابەرابەرەو ئاڵوگۆڕەکان لەم بارەیەوە لە هەڵسەنگاندن دەگەڵ دەسکەوتەکانی دیکەی کۆمەڵگای پێشکەوتووی ئەمڕۆ، زۆر بەرچاو نین.

لەنێو نەتەوەی کورددا خەبات بۆ مافی ژنان لە خەبات بۆ ئازادی‌و سەربەخۆیی جیا نەکراوەتەوە، چونکە پاشکەوتنی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بە مانای پاشکەوتنی وڵاتەکەمانە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بزووتنەوەی ئازادی‌خوازانەی ژنانی بە گشتی‌و ژنانی ئێران‌و کوردستان بەتایبەتی، شانازی بەوەوە دەکا کە ویڕای هەموو زەختو تەوژمێکی بەردەوام خۆی دەگەڵ دەسکەوتەکانی کومەڵگای جیهانی ڕێکخستووەو تا رادەیەکی زۆر جێگای بە نەریتی کۆن‌و یاسا ئایینی‌یەکان لێژ کردوە، لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی‌و تەنانەت زانستیش‌دا دەورو ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. ماوەیەک لەمەو پێش حکوومەتی ئێران بە مەبەستی ئاست تەنگکردنەوەی رادەی بەشداری ژنان لە زانستگەکان‌و خوێندنی باڵادا هەوڵی زۆری خستە گەڕو تەنانەت پێشنیاری پەسەندکردنی یاساشی لەم بابەتەوە هێنایە ئاراوە. چونکە ژنان لە زۆربەی بوارەکان‌داو بە تایبەت لە بواری زانستی‌دا بە خێرایی گرەوی کێبەرکێ‌یان لە وەرگرتنی پلەی باڵای خوێندن‌دا لە هاوکارە پیاوەکانیان بردۆتەوە. ئەم دەسکەوتە کەم وێنەیە بۆ ئەقڵیەتی پیاوە مەزنەکان زۆر قورس و قەبووڵ نەکراوە. بەڵام بارودۆخی بزووتنەوەی ژنان و دەسکەوتەکانی ئەم راستی‌یەی زیاتر پێ سەلماندووین کە زوڵم و زۆری دەبێتە هەوێنی خەباتێکی بێ‌وچان و بەرزبوونەوەی پلەی تێگەیشتن لە هەموو بوارەکان‌دا کە گەلێ جاریش هاوکات و هاوهەنگاو گەشە دەکەن. خەبات بۆ مافی ژنان زۆر درێژخایەن‌ترە لە خەبات بۆ ئازادی وڵاتێک، چونکە دوابەدوای ئازادیش دەبێ خەبات بۆ پەرەسەندنی مافی ژنان بکرێت.

لە ٨ی‌مارسی ساڵی ١٩٨٩دا لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە ژنان وەک چریک و پارتیزان لەسەر چیا بەرزەکانی کوردستان خەباتیان دەکرد، ئەو رۆژەیان جەژن گرت. کە ئەوکات بۆ وەدەست‌هێنانی مافی یەکسان لەگەڵ پیاوان خەباتیان کردووەو لە کوردستانیش ژنان تێشوویەکی پڕ لە خەبات، حەماسە خولقێنی و ئەزموونیان بۆ چینی داهاتوو بە دیاری هێناوە. بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بە یارمەتی ژنانی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ پساندنی کۆتو بەندی کۆمەڵگای پیاوسالار لێ‌وەشاوەیی زۆری لە خۆی نیشان داوەو ئێستاش لە هەموو بزووتنەوەکانی دیکە بۆ پێک‌هێنانی ئاڵوگۆڕ ئامادەترە. هەروەک ئاشکرایە ژنان لەم نارەزایەتی‌یانەی دوایەش لە ئێران کە بە بزووتنەوەی سەوز ناسراوە، شان بە شانی پیاوان هاتوون و ڕۆڵی خۆیان گێڕاوە.

لە سەدەمین ساڵیادی ٨ی مارس، رۆژی جیهانیی ژن، هەموو ژنان‌و بە تایبەت ژنانی کورد پەیمان نوێ دەکەنەوە کە هێزو توانای خۆیان بۆ سڕینەوەی ئاسەواری زوڵم و کولتووری پیاوسالاری بخەنە گەڕو بە شێوەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو لەم پێناوەدا تێ‌بکۆشن. بە ئامادەکاری سیاسیی‌و بەرنامەی گونجاو، ڕێگا بۆ بەشداری بەربڵاوتر لە چارەنووسی خۆیان‌و ئافراندنی هەل بۆ نواندنی ئەرکو رۆڵی ژنان لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێک لە داهاتوودا، خۆشتر و لە بارتر بکەن. هەوڵ بدەن تا ساڵەکانی داهاتوو ببێتە ساڵانی سەرکەوتن و سڕینەوەی کۆیلەتی ئافرەتان بە گشتی.

سەرچاوەکان:
١: ژنان لە مێژوودا
٢: وتارەکانی دوکتۆر قاسملوو
٣: ژنانی کوردستان


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# فـــێـــمـــێـــنـــیـــزم‌و ژنـــــی کـــــورد




ئاڵەشین

شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی ڕۆژئاوا لەبواری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و ... هتد، لەمێژووی هاوچەرخی مرۆڤایەتیدا بوونەتە هۆی ئەوەی کە زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگەکانی مرۆیی ئەو جیهانە و بەتایبەت کەوشەنی ڕۆژئاوا لە نەریت‌و عادات‌و چاولێکەری بتەکێنەوەو بەرەو خانەی تاکەکەسی‌و لیبراڵی بەرن‌و بە چەندین چەمکی پێشکەوتوو و ئازادیخوازانەی دیکە بەرگی پڕ لە هەڵاواردن‌و ستەمی نەژادی‌و چینایەتی‌و ڕەگەزی‌و دەسەڵاتە نادێمۆکراتیکەکان لە ڕووخساری جیهان داماڵن‌و دەرفەتێک برەخسێ تا هەر کام لە گرووپ‌و پێکهاتەکان بتوانن بۆ مافو بێبەشی‌یەکانی خۆیان دەنگ هەڵبڕن. یەکێک لەو شۆڕشانە بزووتنەوەی ژنان‌و ئافرەتانە بۆ وەدەس‌هێنانەوەی مافی خوراو و پساندنی ئەو کۆت‌و بەندانەی نەریت‌و فەرهەنگی دواکەوتوو و گۆڕینی ڕوانگەی هەزاران ساڵەی فەرهەنگەکان بۆ ژنانە. لە ئەمریکاو ئورووپا جیهانی

مەسیحی‌یەت دوای دەرباز بوون لە کۆت‌و بەندەکانی ئایین‌و تێپەڕاندنی سەدە چەقبەستووییەکانی ناسراو بە سەدەکانی ناقین؛ توانی تا ڕادەیەک زنجیرەکانی ئایین ئاڵقە ئاڵقە بپسێنێ‌و لە زۆربەی بوارەکان‌و تەنانەت لە هەموو بوارەکاندا توانی ڕۆڵی ئایین‌و نەریت، کە وەک بۆ هەموو لایەک ڕوون‌و ئاشکرایە کۆڵەکەو ئاخێزگەی سەرەکی هەر ئایینێکیش نەریتە، لە ژیانی ئەو کۆمەڵگەیانەدا لغاو بکاو دەلاقەکان بۆ هزرو بیرو کردەوەکانی مرۆڤ بکاتەوە. ڕێنیسانس نەک هەر بووژاندنەوەی فەلسەفەو هزری یۆنانی کۆن، بەڵکوو بووژاندنەوەی هزرو بیرو هاوسەنگ کردنەوەی مافەکان‌و بوون‌و نەبوون بوو لە ڕوانگەیەکی سەردەمیانەو پێشکەوتووانەوە. ئەگەرچی هیچ کام لە دەسکەوتەکانی مرۆڤ لەم دەڤەرانەش هەروا بە ئاسانی بە دوو دەستان پێشکەش بە کەس‌و چین و توێژێک نەکراوە، بەڵام بە هەر حاڵ بیرو ڕوانگەو فەرهەنگ و ئایینی مەسیح زۆر باشتر توانی خۆ دەگەڵ داواو داخوازی‌یەکان بگونجێنێ

و لە بەرانبەریاندا پاشەکشە بکا. یەکێک لەم بزووتنەوانە، کە دواتر بە بزووتنەوەی فێمینیزم ناسراو و بوو بە سەکۆیەک بۆ داواو داخوازیی ژنان ڕۆژی ٨ی مارسی ١٨٧٥ لە شەقامەکانی نیۆیۆرکەوە دەستی پێکرد. کۆمەڵە ئافرەتێکی زۆر بۆ باشترکردنی باری کارو دژ بە کەم بوونی حەقدەست و زیادبوونی ماوەی کار، ڕژانە سەر شەقامەکان‌و دەگەڵ سەرکوتی توندی هێزەکانی ئاسایش ڕووبەڕووبوونەوە. هێندێک بریندارو هێندێکی زۆریش ڕاپێچی بەندیخانەکان کران. هەر ئەم جووڵەیەو دژکردەوەیەی هێزەکانی پۆلیس بوو بە هەوێنی هەژانی بیرێک، بیرێکی زۆر قووڵ‌و ماندووناس‌و زانین بە مافو یەکسانی‌یەک کە مێژووی نووسراو وەبیری نایە کەی لە ژنی زەوت کردوە. خەباتی ژن بە بۆن‌و بەرامەیەکی سوسیالیستی سەری هەڵداو وردە وردە دەگەڵ ئەوەی پەلی داویشت ڕەهەندو لایەنی جۆراوجۆری بەخۆوە گرت. ئەو قوتابخانەیە ئەگەرچی لە سێ ڕوانگەی سەرەکی لیبراڵی‌و مارکسیستی‌و ڕادیکاڵەوە





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

دەروانێتە مافەکانی ژنان، خۆیان بە لکی جۆراوجۆرەوە دابەش دەبنو، بەڵام لە جەوهەری خۆیاندا باس لە یەکسانی ژنو پیاو دەکەن. دەگەڵ قووڵتر بوونەوەو مسۆگەری ئەو مافانە لە جیهانی رۆژئاوا، ئەم بزووتنەوەیەش وەک چەمکو بەهاکانی دیکە روو لە رۆژهەڵات دەکەنو کوردستانیش کە لە رۆژهەڵات هەڵکەوتووەو لەسەر بیرو ئایینی رۆژهەڵاتی ژیاوەو فەلسەفەو روانگەیەکی رۆژهەڵاتییانەی بۆ ژیانو چەمکو دیارەدەکان هەیە دەگەڵ ئەم دیاردەیە دەستەویەخە بووە. هەتا باس لە زوڵمو مافخوراوی بکەی کوردستان دەبێ پێشەنگ بێ، جا ئەو مافانە چ لە لایەن ئەو داگیرکەرە دڵرەقو بێبەزەیییانەوە بێ یا خودی فەرهەنگو پێکهاتەی کۆمەڵگەو تاکی کوردەوە بێ. لێرەش هەر بەشی شێر وەبەر ژن دەکەوێو لە لایەک خەباتی نەتەوایەتی باڵ وەسەر هەموو رەهەندەکانی دیکەی ژیان دەکێشێو دەرفەت بۆ داواو داخوازیی ویستو ئیرادە گرووپیو رەگەزییەکانی دیکە ناهێڵێتەوەو فەرهەنگی کوردەواریش لە هێندێک بواردا دەتوانین بڵێین سەراپا کۆت بەندە بە تایبەت بۆ ژنان. هەر لە بنەرەتدا زۆربەی ئەو چەمکو دیاردانەی لە رۆژئاوا لە بەستێنو ژینگەیەکی جیاواز سەرهەڵدەدەن کە لە ئاخێزگەی خۆیان دوور دەکەونەوە بۆ وێنە هەر ئەو تەوەرەی کە ئێستا باسی لەسەر دەکەین دەقاودەق دێ لە کوردستانێک کە دەکرێ بڵێین زەوی تا ئاسمان دەگەڵ ژینگەو بەستێنی سەرهەڵدانی جیاوازی هەیە تووشی هێندێک گرێو گۆڵ دێو تەنانەت لە زۆر بواردا ئاڵاهەڵگرانی تەنیا بە شێوەیەکی رواڵەتیو بۆ خۆنواندنو گەوجاندنی کۆمەڵگەو لێکو لووس کردنی کۆمەڵگە بە وێنەی پێشکەوتووەکەی دێنە مەیدان کە هیچ بڕوایەکیان پێی نییەو تەنانەت خۆیان بەشێک لە ئاستەنگەکانن. با زۆر لە باسەکەی خۆمان دوور نەکەوینەوە، تا ئەم دەیەی کە ئێستا تێیدا دەژین کەمتر وابووە ژنێک تەنانەت پیاوانیش بە کەمی لە لایەن دەسەڵاتە داگیرکەرەکانەوە ئیزنیان پێدراوە روو بکەنە هەندەرانو لە نزیکەوە دەگەڵ ئەم دیاردانە ئاشنا بن. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە کە هەر نەبووە، بەڵکوو خەڵکێکی زۆری کورد بەهۆی ستەمی داگیرکەرانەوە تەرکە وەتەن بووەو ئەوانەش خەمی گەورەیان زیاتر نەتەوە بووە هەتا خەبات لە بوارەکانی دیکەدا. جا بۆیە ژنانی کورد لە رێگەی پارتو لایەنە سیاسییەکانەوە دەگەڵ ئەم چەمکانە ئاشنا دەبنو هەروەک دەبینین یەکەم جار ئەوە لە کۆماری کوردستان لە مەهاباددە پێشەوا قازی محەممەد بە چاولێکەری لە پارتە کۆمۆنیستەکان یەکیەتی ژنانو ریکخراوە سینفییەکانی دیکە دادەمەزرێنێ. کەواتە دەڵێین ئەوە دەسەڵات بوو کە رێچکەی بۆ ئەم بزووتنەوەیە لە کۆمەڵگەی کوردەواری دابڕیو هەروەک روون و ئاشکرایە بزووتنەوە دەبێ بە پێی فاکتەرو هۆکاری خۆی لە ناخی کۆمەڵگەوە سەرهەڵ بداو دەگەڵ خۆی شەپۆلی گۆڕانی هزریو پراکتیکی هەڵخرێنێ نەک رواڵەتسازیی بۆ بکرێ. لە ئاکامدا دەتوانم بڵێم یاخی بوون لە دابو دەستور و فەرهەنگی پڕ لە هەڵاواردنی کۆمەڵگەی کوردەواری هێشتاش زۆر ساوایەو پێی دەوێ تا ئەو رواڵەتە راستەقینەیە بۆ بزووتنەوەیەکی قووڵ کە بتوانێ رێگەی گەیشتن بە ئامانج و ویستە راستەقینەکانی بە بڕوایەکی پتەوەوە ببڕێ. بزووتنەوە دەبێ بە هێنانە ئارای هزرو بیرو بۆچوونێکی جیاوازو دژ بە دۆخی ئارایی هەوڵ بۆ هەڵتەکاندن یا تەنانەت لانی کەم گۆڕینی روانگەی زاڵ بدا نەک لە ئاستی تاکەکەسیو هێندێک کرداری یاخیگەرانەی کە دیارە ئەوانیش جێگەی رێزن، خۆ بنوێنێ.






کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# گەندەڵی پەتایەکی کوشندەیە



شەونم حاجی

گەندەڵی پەتایەکو دیاردەیەکە کە ئەگەر هێزێک نەبێت لە بەرامبەریدا بوەستێت ئەوا وەک هەر ڤایرۆسێکی دیکە تەشەنە دەکاو پەرەدەسێنێ. دەتوانین بڵێین گەندەڵی واتە دەرچوونی شتەکان لە بازنەی خۆی و لادانی لە ڕێگای ڕاست و دروست، جا ئەم لادانە کەم بێ یان زۆر. هەروەها دەکرێ بگوترێ گەندەڵی یانی دژایەتی کردنی چاکسازی و پاکسازی یان بەڕێوەبردنێکی سەقەت و خراپ. گەندەڵی لەلایەن هەندێک ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە بەوە پێناسە کراوە کە بریتییە لە خراپ بە کار هێنانی پلە و پایەی گشتی بۆ قازانجێکی تایبەتی، کە لێرەدا پلەو پایەی گشتی دەتوانێ هەرکام لە (پاشا، سەرۆک، سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیر، بەڕێوەبەرو تا بچوکترین کارمەندیی حکوومەتی) بێ. قازانجە تایبەتییەکەش کە تاکی خاوەن پلەو پایەی گشتی بە هۆی ئەو پلەو پایەوە دەستی دەکەوێ



بێبەزەییانە کۆیلەکانیان دەچەوساندەوە، بەڵام کۆیلەکان هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام هیچ مافێکیان نەبووە تەنانەت زۆر زیاترە لە مووچەیەک کە وەری دەگرێ. زۆرێک لە بۆچوونەکان پێیان وایە کە گەندەڵی لەگەڵ سەرەتای مێژووەوە سەری هەڵداوە، بەڵام ئەو بۆچوونانە تا ڕادەیەکی زۆر زێدەڕۆیی تێدایە، چونکە هیچ بەڵگەیەک نییە ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ، بە پێچەوانەی ئەوە هەر لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵگا بەسەر چینوتوێژدا دابەش نەبووە، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا لە ژیانێکی سەرەتاییدا ژیاون و وەک یەک سوودمەند بوون و کاریان کردووە. گەندەڵی دوای دابەش بوونی کۆمەڵگا بەسەر دوو چینی دژ یەک دەستی پێکردوە کە چینی خاوەن کۆیلەکان و چینی کۆیلەکان بووە. لێرەدا چینی خاوەن کۆیلەکان، چینی خاوەن هێزو دەسەڵات بوون و بۆ هەموو کارێکی قورس و گران

دەوڵەتی ئەوکات ئیزنی هەموو کارێکی ناڕەوا، ستەم و ئەشکەنجەدانی کۆیلە هەتا کوشتنی ئەوانی بە قانوونی زانیوە. هەموو کارێک بێبەرامبەر بە کۆیلەکان دەکرا بەو پێیە دەکرێ سەرەتای دزینی ئەرک و ماندووبوون و ڕەنجی کۆیلەکان لە لایەن خاوەنەکانیان بە سەرەتای دروست بوونی گەندەڵی بناسێندرێ. گەندەڵی پەتایەکە کە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتیدا زیاتر بوونی هەیە. کۆمەڵگای ئێران یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئەو دیاردەیە تێیدا زەق و بەرچاوە. گەندەڵی جۆرەکانی زۆرەو لەوان دەتوانین باس لە (گەندەڵی دارایی، بەڕێوەبردن، پەروەردەیی، هەڵسوکەوت و ڕەوشت، دادوەری و کۆمەڵایەتی و هتد) بکەین، بەڵام باسەکە لێرەدا زیاتر لەسەر گەندەڵی دارایی و بەڕێوەبردن لە کۆمەڵگای ئێران دایە. گەندەڵی دارایی وەک پەنابردن بۆ دەسکەوتی ماددیی و مەعنەوی و بەکارهێنانی ئامرازی جۆراوجۆری نایاسایی و نائاسایی بۆ بەدەستهێنانی پارەو موڵک و دەسەڵات، یان هەندێک جار بەکارهێنانی دەسەڵاتی تایبەت بۆ بەرژەوەندی کەسی دەسەڵاتدار و هەندێک جار وەرگرتنی پارەو بەرتیل بەرامبەر ڕاپەڕاندنی هەر کارێک کە

www.lawan.com



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org



ئەوەش دەچێتە خانەی گەندەڵییەوە. بەڵام زۆر جار بەرتیل ناوی دیکەی لێدەنرێت و دەڵێن ئەمە دیارییە، کەچی دیاری لەمانای خۆیدا بەڵگەی وەفاو خۆشەویستییە، بەڵام بەرتیل تەنیا بۆ مەبەستی ڕاپەڕاندنی کارێکەو لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو بەرتیلە وەردەگرێ لەسەر ئەو کارە نەمێنێ و کەسێکیش کە کارەکەی بە بەرتیل جێبەجێ کردوە هیچ کات بەوێدا نەچێتەوە، بەڵام دیاری لە هەر کات و ساتێکدا بێ پێشکێش دەکرێت.

بێگومان کۆمەڵگای ئێرانیش کە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئاوێتەیە، دوور نییە لەو جۆرە گەندەڵیانە بۆتە شتێکی بەربڵاو کە زۆربەی کارەکانی خەڵک بەم شێوەیەو بە دانی بەرتیل بەڕێوەدەچێ. یەکێک لە جۆرەکانی گەندەڵی کە لە کۆمەڵگای ئێراندا دەبینرێ گەندەڵی ئیدارییە، ئەمەش بریتییە لە دواخستنی کاری هاووڵاتیان یان تەگەرەو کۆسپ خستنە بەردەم کارەکانیان. هەندێک جار دەتوانین گەندەڵی دارایی و گەندەڵی ئیداری پێکەوە ببەستینەوە ئەویش لەکاتی دواخستنی کاروباری ئیداری هاووڵاتیان بە مەبەستی دەسکەوتی ماددیی و مەعنەوی.

دانانی کەسانێکی بێلیاقەت بۆ بەڕێوەبردنی شوێنگەلێک کە شایانی ئەوان نیە هۆکارێکی دروست بوونی گەندەڵییە کە دەبێتە هۆی خراپ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و لاوازکردنی کۆمەڵگا. ئەمە لە کۆمەڵگای ئێراندا شتێکی دیارو بڵاوە، دەبینین دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بێگوێدان بە ئاست و تواناو پلەی خوێندەواری تاکەکان، ئەو کەسانە لە داموو دەزگا حکوومییەکاندا دادەمەزرێنن کە شوێنکەوتووانی خۆیانن و کار بۆ ئەوان دەکەن. ئەوەش یەکێکە لە کێشە گەورەکانی چینی لاو و خوێندەواری کۆمەڵگای ئێران، کاتێک زۆرێک لەوانە خوێندن تەواو دەکەن و توانای ئەوەیان دەبێ لە شوێنێک دامەزرێن و کار بکەن، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار ناتوانن یان ڕێگایان پێ نادرێ لە شوێنێک دابمەزرێن وەک هۆکاری سیاسی، نەتەوەیی، ئایینی و کۆمەڵایەتی بێ یان ئەوەی کە لەبنەڕەتدا ئەو کەسانە زۆریان سەر بەدەسەڵات نین و حکوومەتیش کاریان بۆ دابین ناکا.

کارکردن بە منداڵانی خوار تەمەنی هەژدە ساڵ بۆ هاوکاری کردنی خێزانە کەم داهاتەکانیان یەکێک لە شێوازەکانی گەندەڵی لە کۆمەڵگای ئێران بە تایبەت لە ناوچە کوردنشینەکانە کە ئەمە لەڕووی یاسایییەوە قەدەغەیەو ڕێگەی پێ نادرێ. بەو حاڵەشەوە حەق دەستی ئەوان لە گەورەکان کەمترە. زۆرێک لە منداڵان ڕۆژانە خەریکی کارگەلێکن کە لە توانایان بەدەرە، یەکێک لەو کارانەی کە بە تایبەت منداڵانی کورد لە ئێراندا پەنای بۆ دەبەن کاری قاچاغییە لەسەر سنوورەکان یان فرۆشتنی هەندێک شتی جۆراوجۆری دیکە لەسەر شەقام و کۆڵانەکان یان کرێکارییەکی دوور لە توانای خۆیان بۆ ئەوەی بتوانن تا ڕادەیەکی کەمیش بێ بژێوی ژیانیان دابین بکەن. زۆر جار ئەم کارانە دەرئەنجامگەلێکی خراپی بۆ منداڵان وەکوو لادان لەڕووی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوەو یاخود لە ڕێگای کەسانی گەورەتر لە خۆیان تووشی بەد ڕەوشتی دەبن یان ئەوەی گیرۆدەی ماددە بێهۆشکەرەکان دەبن، دیاردەیەک کە لە ئێراندا بۆتە نەخۆشییەکی گەورەو ترسناکی کۆمەڵگا. لە ڕاستیدا کۆمەڵگای ئێران بەرامبەر بەو دیاردەیە زۆر کەم تەرخەمە.

چینێکی دیکەی کۆمەڵگای ئێران کە بە هۆی گەندەڵییەوە تووشی کێشەی خراپ دەبنەوە ڕەگەزی مێینەیە. پێشێل کردنی مافی ئەو چینە لە کۆمەڵگا و بەکەم گرتنیان لەچاو ڕەگەزی بەرامبەر و کەمی داهات و نەبوونی بەڕێوەبردنێکی باش لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ژنانیش ناچار پەنا ببەنە بەر زۆر کاری خراپ و نەشیاو تا وەکوو بتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن، ئەمانەش تا ڕادەیەکی زۆر بەشێکن لە گەندەڵی و بەرەو گەندەڵی مەترسیدارتر دەڕۆن.

گەندەڵی خۆی لە زۆر شتی دیکەدا دەبینێتەوەو لەوان دەکرێ ئاماژە بە شوێنە مۆڵەت پێدراوەکانی وەک چاخانەکان، چێشتخانە، ئوتێل و گازینۆو گەلێک شتی دیکە بکرێ، ئەگەر ئەو شوێنانە لادانی یاساییان تێدا بێ، دەچنە خانەی گەندەڵییەوە. هەروەها مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵک لە دام و دەزگاکانی حکوومەتیدا وەک ئەوەی کەکارمەندانی پرسگەکان وشەی ناشیرین لەبەرامبەر خەڵک دا بەکار بێنن و پشتگیری لە کەسانێک کە تەنیا بەرژەوەندی خۆیان لا مەبەستە هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ گەل و نیشتمان نییە، بکەن. هەر یەکێک لەمانە لە لایەن هەر لایەن و ئیدارەو کاربەدەستێکەوە بێ جۆرێکە لە گەندەڵی. کۆمەڵگای ئێرانیش بەهۆی فەرهەنگێکی خراپ کە تێیدا جێگیر بووەو هەروەها دەسەڵاتێک کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەسەریدا زاڵە، هەمووی ئەم جۆرە گەندەڵیانەی تێدایەو بوونەتە لەمپەرێک لــەبــەردەم پێشکــەوتنی کۆمەڵگا.

گـەنـدەڵی هـەرەشـەیـەکـە بۆ سەر کۆمەڵگا و لە پێشەکی ڕێکەوتننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هاتووە: گەندەڵی هەرەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆسەر سەقامگیری و ئاسایشی کۆمەڵگا و پەکی دام و دەزگاو بەها دیموکراسی‌یەکان و بەها ڕەوشتی و دادپەروەریەکان دەخات و گەشەسەندنی درێژخایەن و ســـەروەری یـاسـاش دەخـاتــە مەترسی‌یەوە. گەندەڵی دەرئەنجامی خراپی لە ناو کۆمەڵگادا لێ دەکەوێتەوە، هــەروەک دەزانـیـن کۆمەڵگای ئێران زۆر بەدەست ئەم دیاردەیەوە دەناڵێنێ و تووشی گەلێک گیروگرفتی جیاواز بۆتەوە، بەرچاوترین ئاکامێک کە لە دەرئەنجامی گەندەڵیەوە لە کۆمەڵگای ئێراندا پەرەی سەندوە بڵاوبوونەوەی هــەژاری‌یــە، گــەنـدەڵی ڕۆژ لــەدوای ڕۆژ دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی هــەژاری و زۆریـنــەی دانیشتوانی وڵات دەگرێتەوەو هەروەها ڕێژەیەکی زۆر کــەمــی گەندەڵچی وڵات لــەســـەر حیـسـابـی خوێن و سـامـانـی خەڵک دەوڵـەمـەنـد دەبـن. لە ئێراندا ئـەم چینە دەوڵەمەندو گەندەڵچیە لــە کـاربـەدەسـتـانـی ســەر بــە دەســەڵاتــی کــۆمــاری ئیـسـلامـین و خەڵکی ئاساییش کەسانی هـــەژاری چــەوســاوەی ژێــر ئــەو دەســـەڵاتـــەن.

یەکێکی دیکە لە دەرئەنجامە خـراپـەکـان کـە لـە ئاکامی گـەنـدەڵـیـەوە دروسـت دەبـێ دواکــەوتــنـی گەشەسەندنی ئابوریە، چونکە گەندەڵی دەبێتە هۆی قۆرخ کردنی بازاڕو گران بوونی کەلوپەل و هەڵاوسانی بـەردەوام و بڵاو بوونـەوەی بێکاری. دەبینین لە ئێراندا ڕۆژ بە ڕۆژ نرخی کەلوپەل بــەرز دەبێـتـەوەو لـەگـەڵ ئەوەشدا بەهای دراوی ئەو وڵاتە بەردەوام لە دابەزین دایەو گەورەترین نەخۆشیش کــە ڕووبــەڕووی کۆمـەڵـگای ئێران بۆتـەوە بێکاری‌یەو خەڵکێکی زۆر بەدەست ئەم نەخۆشی‌یەوە دەناڵێنن و بە ناچاری ڕوو دەکەنە گەلێک کاری نەشیاو و دوور لـە توانـای مرۆڤ. لەگەڵ ئەمانەش دا گەندەڵی دەبێتە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و جیاوازی دانان لە نێوان مرۆڤەکان لە ئەرک و مافەکانیان دا و چینایەتی و نیزامی عەشیرەتی بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ دەبێ. لە لایەکی دیکەوە گەندەڵی دەبێتە هۆی تێک چوونی سەروەری یـاسـاو هـیـچ شکـۆیـەکـی نـامـێـنـێ و هـەروەهـا بـەهـا کۆمەڵایەتیەکان تێک دەدا و خوو و ڕەوشتی خراپ وەک خۆویستی، فرت و فێڵ، درۆکردن و گیرفان پڕکردن لەسەر حسابی کەسانی دیکە و گەلێک شتی‌تر لە ناو کۆمەڵگادا پەرە پێ‌دەدا. یەکێک لە مەترسی‌یەکانی دیکەی گەندەڵی کە لەسەر پیس بوونی ژینگە کاریگەری دادەنێ بایەخ نەدان بەیاسای ژینگە پارێزی‌یە، بۆ نموونە پیاوێکی خاوەن دەسەڵات کارخانەیەک لـە شوێنێکی نزیک شار دروســـت




دەکـــاو بــەو هــۆیــەوە خـەڵـکێکی زۆر تــووشــی نـەخــۆشــی دەبــن.

بەپێی ئەو شتانەی لێرەدا باس کرا بێ‌گومان گەندەڵی زۆر دەرئەنجامی خراپی لـێ‌دەکـەوێـتـەوەو کۆمەڵگای ئێرانیش بەهۆی گەندەڵی کاربەدەستان و سیاسەتەکانی ڕێژیم هەمووی ئەم دەرئەنجامانەی بە زەقی تێدا بەرچاوە.

هــەروەک دەزانـیـن هیچ شتێک لە دونـیـادا ئەستەم نیەو دەتوانرێ بە هەوڵ و ماندوبوون چارەسەر بکرێ، بەڵام گەندەڵی شتێک نیە کە بە پەلەو بە ئـاسـانـی بنەبڕ بێت. گرینگترین شت لێرەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیـاردەیـە بوونی یاسایەکی دیاری کـراوە بـەو پـێ‌یـەی کە یاسایەک بە نـاوی بـەرەنـگـاربـوونـەوەی گـەنـدەڵی لـە لایـەن دەوڵـەتـەوە دابـنـرێ و لەم دیاردەیە بکۆڵێتەوەو لە دژی بوەستێ. بـەڵام بـەداخـەوە یاسا لـە دەسـەڵاتی سەرەڕۆی ئێراندا بوونی نیە تا وەکوو ئـەم جـۆرە دیـاردانـە چارەسـەر بکا، بەڵکوو دەسەڵات خۆی بۆ پەرەسەندنی ئەم دیاردانە ڕێگە خۆشکەرە. هەروەها دەکرێ لە ڕێگای ئاگادارکردنەوەی خەڵک و لێکۆلینەوە لە داموو دەزگاکان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکان و دانانی کەسانی شیاو لەم شوێنانەدا کە بە دڵسـۆزی کـار و ئەرکەکانیان بەڕێوەدەبەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئـەم دیـاردەیـە هــەوڵ بـدرێ. لێرەدا پێویستە بگوترێ ڕاگەیاندنیش دەوری خۆی بۆ بەرەنگاری لەگەندەڵی هەیەو دەکرێ لەم ڕێگەیەوە ڕاستی و دروستی شتەکان بخرێتە پێش چاو و خەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوە. لەکۆتاییدا دەڵێم کە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەو وڵاتانەی خۆیان لە پەتای گەندەڵی ڕزگار کردوە دەتوانێ بۆ نەمانی گـەنـدەڵی کـاریـگـەر بێ و ڕێگە بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست و بــەدوور لــەم دیــاردەیــە خۆش بکات، هـیـوادارم ئەو ڕۆژەش بێ کە دەسـەڵاتی نەگریسی کۆماری ئیسلامی نەمێنێ و ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای ئـێـرانـیـش بـنـەبـڕ بـێ.


کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# کۆمەڵگای مەدەنی



سۆران شیرزاد

بەشی دووەم

لە بەشی یەکەمی ئەو وتارە کە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنیدا بڵاو بۆوە باسی واتا جۆرارجۆرەکان یان خوێندنەوە لەسەر کۆمەڵگای مەدەنی لە روانگەی بیرمەندو فیلسووفەکانەوە کراو هەروەها باسی هەلو مەرجی پێویست بۆ پێکهێنان یان دامەزراندنی کۆمەڵ شارستانی هاتە بەرباس. لەو بەشەی وتارەکەماندا کە بەشی دووهەمی وتارەکەی پێشوو لە پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای مەدەنی دایە، بڵاو دەکەینەوە.

کۆسپەکانی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنی:

لە وتارەکەی پێشوودا باسی هەلومەرجی پێویست بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنیم کرد، لێرەدا پێویستە بزانین کۆسپەکانی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنی یان کۆسپەکانی سەر رێی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی چین؟

عەقڵییەتی سوننەتی:

یەکێک لە لەمپەرە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بە مەدەنیبوون بیرکردنەوەو کولتووری سوننەتییە، چونکە کۆمەڵگای مەدەنی بەرهەمی مۆدێرنیزم و دنیای مۆدێرنە و عەقڵییەتە سوننەتییەکان بەردەوام لە پاڕادۆکسدا بوونە لەگەڵ ئەم چەمکە مۆدێرنو پێشکەوتووە. بەبۆچوونی خاوەنڕایان بۆچوونە گشت گەراکان وەک سوسیالیزم یەکێ لە بەربەست و لەمپەرەکانی بەردەم کۆمەڵگای مەدەنییە یان فاشیزم و نازیزمیش دژایەتی ئەم چەمکە مۆدێرنەیان کردووەو لەمپەر بوونە لەبەردەم پێشکەوتن و رەخساندنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و دیمۆکراتیک بوونی.

مارکس سەبارەت بە کۆمەڵگای مەدەنی دەڵێ: "کۆمەڵی شارستانی ئامرازی دەستی سەرمایەداریو بنکەی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکە".

یەکێکیتر لەو کێشانەی رووبەڕووی کۆمەڵگای مەدەنی دەبێتەوە حەزو ئارەزووی تاکەکان:

حەزو ئارەزووی تاکەکان دەبنە دوو بەش:

ئەلف) نەرێنی(سلبی)

ب) ئەرێنی(ایجابی)

ئەلف: هۆکارە نەرێنییەکان: حەزو ئارەزووی ماددیی و دەسەڵاتخوازی کە لە ناخی زۆرینە مرۆڤەکان دایە مونسکیۆ سەبارەت بە دەسەڵات دەڵێ: دەسەڵات گەندەڵی دێنێ، دەسەڵاتی رەهاش گەندەڵی رەهای لێدەکەوێتەوە. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە پرسی ئەخلاقیات یەکێ لە هەرە پرسە گرینگەکانی نێو کۆمەڵگای مەدەنییە کە لەو راستایەدا کۆمەڵگای مەدەنی ئەرکیشی دەکەوێتە سەر شان.

ب: هۆکارە ئەرێنییەکان: هەوڵدان بۆ چاکسازی و ریفۆرمخوازی و گۆڕان و گرتنەبەری ئەو ئامانجانە و هەوڵدان بۆ هەرچی زیاتر چەسپاندی مافەکانی تاکو کۆمەڵ و، کۆی ئەو هۆکارانە کە دەبنە پاراستنی هەرچی زیاتری بەرژەوەندییە گشتییەکان، بەڵام بەبڕوای زۆربەی هزرمەندانی ئەو بوارە مرۆڤ وەک خۆی قەبووڵی هەر دوو لای ئەو بابەتانە بکات، بەڵام کۆمەڵگای مەدەنی دەبێ هەوڵ بدات هەرچی زیاتر ئارەزووە شەخسییەکان واتە هۆکارە نێگەتیڤەکان کەم و ویستە پۆزەتیڤەکان زیاتر و پتەوتر بکات. تاکەکان وەک خۆیان هەوڵی سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەوانیتردا دەدەن، یەکێ لەو ئامرازانە کە هەوڵی پاراستنی مرۆڤ دەدات ئازادییە کە یەکێ لە بنەما گرینگەکانی کۆمەڵگای مەدەنییە(جان لاک).

ئازادی لە کۆمەڵگای مەدەنیدا ئازادی یەکێک لە فاکتەرو بنەما سەرەکییەکانی نێو کۆمەڵ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەدەنییە، بنەمای کۆمەڵ لە کۆمەڵی مەدەنیدا تاکە، بەڵام لە کۆمەڵگای سوننەتیدا بنەماڵە، خێڵ و عەشیرەتە. ئازادی بۆیە گرینگە هەروەک "جان لاک" دەڵێ: پارێزەری مرۆڤە.
سیستمی بازاڕی ئازادو رکابەر، حکوومەتی یاساو ئازادی تاک، لە فاکتەرە هەرە سەرەکییەکانی دامەزرانی کۆمەڵی مەدەنین. لەڕاستیدا پێویستە بگوترێ کەرامەت و کەسایەتی مرۆڤەکان لە پاراستنی یاسا غەیرەشەخسیەکان و لە چوارچێوەی حکوومەتی یاسادا پەرە دەستێنن.
ئــــــــــــازادی ســــــــیاســـــــی:
ئەندێشەی ئازادی سیاسیی بە واتاو نێوەرۆکی نوێوە لە دوای بەردەوامی خەڵک پێویستیی پێیان بێ، شتێک بە ناوی سەربەخۆیی تاک بێواتا بکەن. ئابووری رەگی حەیاتیی هەر کۆمەڵگایەکە کە دەتوانێ کاریگەری لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی یان ئەوەی پێوەندی بە ژیانی مرۆڤەکانەوە هەیە، دابنێت.
پێویستی جۆرێک شوناسی مەدەنی و واتای هاووڵاتیبوون:
تاک ناچارە بە پێی ئەو قەرارانەی کە دانراون هەڵسوکەوت و کاریان پێ بکا بۆ ئەوەی زیاترین قازانجیان لێ ببینێ و کەمترین زیانیان لە لایەن کەسانی ترەوە پێبگا. لێرەدایە کە جۆرێک لە شوناسی مەدەنی وەک چەمکی هاووڵاتیبوون دەبێتە پێویستییەکی حەیاتی.
فەرهەنگییەکان دەتوانن گونجاوترین شوێن بن بۆ ئەندامێتی لە بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان و دروست بوونی شوناسی نەتەوەیی. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەندامەتی لەو ڕێکخراوانەدا دڵخوازانەیە و چالاکییەکانیان خۆبەخشانەن و بە ویست و ئارەزووی تاک، هۆکاری پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوانەن.
لەڕاستیدا بە کۆمەڵایەتیکردنی تاک زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا، کاریگەری لەسەر پەروەردەو فێرکردن دەکاو دەتوانێ بەشێک لە ئەرکەکانی حکوومەت بگرنە ئەستۆ.
لە واتای هاووڵاتیبووندا، چەمک، ماف، بەرپرسایەتی و



شۆڕشی شکۆمەندی بریتانیاوە بە خاڵی وەرچەرخانی ئازادی سیاسی دادەنرێ، بەڵام لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی شکۆمەندا دراوی(دارایی) کۆمەڵگا لەدەستی دەسەڵاتدا نەبوو، بەڵکوو لەدەستی خەڵکدا بوو کە ئەمە ببوو بە کارتێکی فشار بە دژی دەسەڵاتی ئەوکات و ئامرازێک بۆ گوشار خستنەسەر حکوومەت بۆ ئەوەی مل بۆ ویست و داخوازی خەڵک راکێشێ. سیستمە تۆتالیتارەکان هەمیشە هەوڵیانداوە ئابووری وڵات لەدەستی دەوڵەتو لەوێشدا لەدەستی تاقمێکی بچووکدا بن. بۆ ئەوەی بە
هــــــــــــاووڵاتــــــــــــــــی:
هاووڵاتی مرۆڤێکی ئازادو سەربەخۆیە کە تەنیا لەنێو کۆمەڵێک کەسدا ناژێ، بەڵکوو کۆمەڵیان پێ دروست دەکات کە پێوەندیو هەڵسو کەوت دەبێتە پردی پێوەندی نێوانیان.
هەست یان شوناسی هاووڵاتیبوون:
هەستی هاووڵاتی بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر پێک نایەت، بەڵکوو بە بنیاتنانی ڕێکخراوو بنیاتە مەدەنییەکان دروست دەبێت وەک هەڵبژاردن، دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ماڵیات و ڕاگەیاندن دەتوانن لەو نموونەیە بن. ناوەندە کولتوورییەکان؛ ناوەندە
کۆمەڵگای مەدەنی بوونیان هەیە.
کۆمەڵایەتیبوونی مرۆڤەکان لەسەر ویست و ئیرادەی مرۆڤەکان نییە، بەڵام هاووڵاتیبوون دڵخوازانەیە.
لێرەدا پێویستە ئەوەش بگوترێ کە بنەماڵە رۆڵی لە کۆمەڵایەتیکردنی تاکدا نیە چونکە هەست و سۆز رۆڵیان لە کۆمەڵایەتیکردنی تاک دا نییە. ئاگایی و تێگەیشتنی تاک رۆڵی لە کۆمەڵایەتیکردندا هەیە.

درێــــــــــژەی هـــەیـــە .....





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شارستانی دێهلوڕان



هەژێر عەبدوڵا پوور

شارستانی دێهلوران لە باشووری رۆژئاوای پارێزگای ئیلام و لە ٢٢٨ کیلۆمیتری شارستانی ئیلام و ١٠٠ کیلۆمیتری شارستانی ئەندیمشک هەڵکەوتووە. ناوەندی ئەم شارستانە، شاری دێهلوڕانە. ئەم شارستانە، لە چوار شار بە ناوەکانی دێهلوران، پەهلێ، مەیمێ و مووسیان پێک دێ. دێهلوران ئاو و هەوایەکی بیابانیو نیوەبیابانی یان "گەرم و وشک"ی هەیە. ئەم شارە کە دەکەوێتە داوێنی باشوور و باشووری خۆرئاوای "دینار کوە"وە، لە رابردوودا، لەبەرئەوەی‌کەزۆربەی دانیشتوانی ئەم شارستانە لوڕ بوون بە "دێی لوران" بەناوبانگ بووەو بە تێپەڕینی زەمان بۆتە دێهلوران. بەڵام ئەمڕۆکە بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەم شارە کوردن و ئەوانی دیکە بە عەرەبی و لوری قسە دەکەن. لە تایفە سەرەکی‌یەکانی ئەم شارستانە دەکرێ ئاماژە بە، کایدخوردە، سادات، جایروەند، باپیروەند، مەمیوەند و مەمووس بکەین. دەبێ ئەوەش بڵێین کە سەتاسەتی خەڵکی ئەم شارستانە شیعە مەزهەبن.

پاشماوەی ئاسەواری مێژوویی و شوێنەوارناسی و دۆزینەوەی ئەو کۆمەڵە کەرستەیەی کە هی سەردەمی کەونارایە، نیشانەی ئەوەیە کە مێژینەی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش و پێش مێژوو و بە تایبەتی سەردەمی ساسانی‌یەکان. ئەم ناوچەیە لەکاتی شەڕی ئێران و ئێراقدا بووە مەیدانی ململانێ و بەربەرەکانی هێزەکانی ئێراق و ئێران و زیانێکی زۆری وێکەوت کە ئێستاشی لە گەڵ بێ




بە تەواوی قەرەبووی ئەو زەرەرو زیانانە نەکراوەتەوە. ئەم شارستانە بە هۆی بوونی سەرچاوەی نەوتی زۆرو هەروەها زەوی و زاری زۆر و بەپیت و بەرەکەت، گرینگی تایبەتی هەیە. رووبارەکانی "دێورج" و "چیغاب موورمووری" بەو دەڤەرەدا تێدەپەڕن. ئەم بەشە لە نیشتمانی کوردان، بە هۆی زەوی‌یە پڕبارە کشت و کاڵی‌یەکانی‌یەوە، بێستانی جۆراوجۆری لێدەکرێ. لە بەشی مووسیان، چاڵە نەوتێکی زۆر هەڵکەنراوەو ئەم مەڵبەندە خاوەنی سەرچاوەی نەوتی زۆرە. زۆربەی گوندەکانی ئەو دەڤەرە لە کاتی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێراق و ئێراندا کاول و چۆڵ کرابوو کە ئێستاشی لەگەڵ بێ بەشێک لەو گوندانە بە تەواوی ئاوەدان نەکراوەتەوە. شاری "پەهلێ" ناوەندی بەخشی زەرێناوایە کە لە سەردەمانی زووەوە تا ئێستا شوێنی نیشتەجێبوون بووەو ئاسەواری شوێنەوارناسی زۆری وەک زیارەتگاکانی سەیید ناسرەدین، سەیید ئەکبەر، سەیید ئیبراهیم و سەیید فەخرەدینی تێدایە؛ هەروەها ئاسەواری مێژوویی "قەڵا شاخ" بە بورجە دیدەوانی‌یەکانی‌یەوە لەو دەڤەرەدا هەڵکەوتووە کە قەڵای کۆنی زەنجیر یان ئەنجیریش کەوتۆتە بەرامبەر "قەڵا شاخ"ەوە. ئاو و هەوای دێهلوران گەرمە و هەندێجار پلەی گەرما لە هاوینداله‌پەنجا پلەش تێدەپەڕێ. پێشینەی نیشتەجێبوونی کوردەکان لەم ناوچەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مادەکان و لەو کاتە بەملاوە ئەو قەڵەمڕەوەش شوێنی حەوانەوەی چەند هۆزی کورد بووە. دانیشتوانی ئەم شارستانە بالابەرزو موو رەش




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و ڕەنگی پێستیشیان تا ڕادەیەک ئەسمەرییە. خەڵکی دێهلوران لەبەر باردۆخی تایبەتی ئەو ژینگەیەی تێی دان، زۆر بەتاقەت و پشوودرێژن و لە باری ئابووریشەوە زۆر قانعن و لە بەر تایبەتمەندگەلی وەک نیشتماندۆستی و ئیمان و لەخۆبوردوویی لەو پارێزگایەدا بەناوبانگن.

بەپێی سەرژمێری ناوەندیی ئاماری ئێران، حەشیمەتی شارستانی دێهلوران لە ساڵی ١٣٨٥دا ٦٢٢٥٦ کەس بووە، کە ئەم شارە لە باری حەشیمەتەوە، دووەمین شاری پارێزگای ئیلامە و لە باری بەربڵاوی خاکیشەوە یەکەمی شارستانی پارێزگای ئیلامە کە زۆرترین سنووری هاوبەشی لەگەڵ وڵاتی ئێراق هەیە و دەگاتە ٢٢٠ کیلۆمیتر.

## شوێنە دیەنی و مێژوویی‌یەکانی دێهلوران

ئەم ناوچەیە لە باری بوونی شوێنەواری باستانی و مێژوویی‌یەوە، یەکێک لە ناوچە گرینگەکانی کوردستانە کە خاوەنی چەندین ئاسەواری گرینگ و هەروەها شوێنی گەشتیاری سەرنجڕاکێش و شیاوی دیتنە. شوێنە دیەنی و مێژوویی‌یەکانی ئەو دەڤەرە بریتین لە: ئەشکەوتی سروشتی و پارێزراوی شەمشەمەکوێرە(خفاش) لە نزیک گەرماوەکانی دێهلوران کە دەیان هەزار شەمشەمەکوێرەی تێدا دەژی؛ تەپۆڵکەی باستانی "عەلی کوش" کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩ هەزارساڵ لەمەو پێش واتە سەردەمی ئیلامی‌یەکان و لە نیشانەکانی سەردەمی نوێ بەردینەیە، ئەم تەپۆڵکەیە لە نزیک شاری تووریستی مووسیان هەڵکەوتووە، تەپۆڵکەی عەلی کوش کورت و خرە کە بەرزترین شوێنی ٤ میتر لە زەوی‌یەوە بەرزە و ئەستووراییی ئاسەوارە باستانی‌یەکانی نزیکەی ٧ میترە، ئەم تەپۆڵکەیە بە ناوەکانی "محەممەد جەعفەر" و تەپۆڵکەی "عەلیاوا"ش ناوی براوە؛ قەڵای مێژوویی شیاخ هەڵکەوتوو لە بەخشی زەڕیناوا؛ قەڵای سکەسان لە ئاوایی بەردی؛ بەردەنووسی سەردەمی قاجاڕ لە مەیمەی زەڕیناوا؛ کانگاکانی قیری سروشتی کە دەکەوێتە ناوچەی پارێزراوی بووستانی جەنگەڵی، بە وتەی خەڵکی ئەو ناوچەیە ئەم کانگایە، خوێنی ئەژدیهایەک بووە کە لە شەڕ لەگەڵ پاڵەوانێکی ئوستوورەیی بە ناوی "اسفندیار رویین تن"دا کوژراوە؛ زیارەتگای سەیید برایم لە زەڕیناوا. زیارەتگای سەید برایمی قەتال لە دێهلوران؛ زیارەتگای سەید ناسرەدین



لە زەڕیناوا؛ زیارەتگای عەبباس لە ٦٠ کیلۆمیتری شارستانی دێهلوران.

## سەنعەت و کانزاکان

ئەم شارستانە خاوەنی سەنعەت و کانزای دەوڵەمەندە. لە باکووری شاری دێهلوران گەرمکاو یان کانیاوی گەرم هەیە و لە باشووری ئەو شارەش چەند چاڵە نەوتێک دۆزراوەتەوە کە ڕۆژانە نەوتی لێ‌هەڵدەهێنجرێ. جگە لەوانە لە خوارووترین بەشەکانی ئەم شارستانە کانی خیز و بەرد هەیە کە بەشی زۆری پێداویستی‌یەکانی بیناسازی ئەو ناوچەیەی لێ‌دابین دەکرێ. بە کورتی ئەم شارستانە لەبەر بوونی کانزای وەک نەوت و گاز، گێچ، سیمان، قسڵ و ... ناوچەیەکی دەوڵەمەند و دەگمەنە لە پارێزگای ئیلامدا.

## کشتوکاڵ و ئاژەڵداری

ئابووری دێهلوران لەسەر بناغەی کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و پیشە دەستی‌یەکان دامەزراوە. گرینگترین پیشەی خەڵکی ئەم شارستانە، ئاژەڵدارییە و زیاتر بە بەخێوکردنی مەڕ و بزنەوە خەریکن. گەنم، جۆ، مەرومالات، سپیایی، قاڵیچە و جاجم لە هەناردەکانی ئەو دەڤەرەن.

## پێشینەی مێژوویی دێهلوران

هەروەک باسمان کرد، لە سەردەمانی ڕابردوودا، ئەم ناوچەیە بە "دێی لوران" بەناوبانگ بووە. پێشینەی ناوچەی دێهلوران دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر و بەردەوام پێوەندیی لە گەڵ دووچۆمان یان میزۆپۆتامیاوە هەبووە. ئەو تاوتوێ و لێکۆڵینەوانەی کە لە پێکهاتەی گشتی سەرزەویی دێهلوراندا ئەنجام دراوە، ئەو هەقیقەتە دەردەخەن کە ئەو ناوچەیە یەکێک لە ناوەندە باستانی‌یەکانی کوردستان بووەو بەداخەوە کەمتر ناسێنراوە، بە پێی ئەو کۆڵین و توێژینەوانەی کە لە سەرزەوی دێهلوراندا کراوە، ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤەکان لەم ناوچەیەدا، لە نزیک ٨٠٠٠ ساڵ پێش زایینەوە، لە گەنم و جۆ و گامێش و بزن کەڵکیان وەرگرتووە. مەڕدارانی ئەو ناوچەیەش زۆر پێش لەوە کە شوێنەوارناسان بیری لێ‌دەکەنەوە، لە گوندە کشتوکاڵی‌یەکان جیا بوونەتەوە. ئەو بەڵگانەی کە لە لایەن شوێنەوارناسان و هەروەها ئەو تاقیکاری‌یە زۆرانەی کە لە ساڵی ١٩٦١ لە لایەن "هوول" و "کێنتدی فلانێری" لەسەر تەپۆڵکەکانی عەلی کوش" و "چغا سپی" و شوێنە کەوناری‌یەکانی‌تری ئەم دەڤەرە کراون، ئەوە دەردەخەن کە مرۆڤ لە مەودای نێوان ساڵەکانی ٥٥٠٠ هەتا ٧٥٠٠ ساڵ پێش زایین لەم ناوچەیەدا خەریکی ڕام کردنی ئاژەڵگەلی وەک گا و مانگا و چاندنی ڕووەکی وەک نیسک و ماش و کەتان بووە.

## هەڵکەوتی جوغرافیایی دێهلوران

دێهلوران لە باری هەڵکەوتی جوغرافیایی‌یەوە لە ناوچە گرینگەکانی پارێزگای ئیلامە و هەر ئەم تایبەتمەندی‌یەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ماوەی مێژوودا، پەیتاپەیتا زەرەر و زیانی پێ‌بکەوێ. شارستانی دێهلوران، دەکەوێتە نێوان خولگەی ٤٧ پلە و ١٦ خولەک لە باری درێژی‌داو خولگەی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




٣٢ پلە و ٤١ خولەک لە باری پانیداو ٢١٥ میتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە. ئەم شارە لە ٢٢٠ کیلۆمیتری باشووری رۆژهەلاتی ئیلام و لەسەر جادەی ئیلام – دێزفوولدا هەڵکەوتووە. ئاو و هەوای دێهلوران فێنک و مەیلەو گەرمە و رادەی باران بارین، سالانە ٣٠٠ میلی‌میترە. دێهلوران لە خۆرهەلاتەوە بە شووش و سووسەنگرد، لە باکوورەوە بە ئابدانان و دەرەشار، لە خۆراواوە بە مێهران و لە باشوور و باشووری خۆرئاواوە بە ئێراقەوە لکاوە.

**ئاســـــەواری مـێـــژوویــی**

لەم ناوچەیەدا چەند شوێنەواری مێژوویی گرینگ هەن کە بریتین لە:

وێرانەکانی شاری سامرا: وێرانەکانی شاری سامرا لە تەنیشت رووباری چەمزەنگی و لە دەوروبەری ئاوایی "بەردی" سەر بە دێهلوران هەڵکەوتووە. بەپێی لێکۆڵینەوەکان، مێژینەی ئەو ئاسەوارە دەگەڕێتەوە بۆ پێش زایین.

قەلای مێژوویی شیاق (شیاخ): قەلا یان شاری مێژوویی شیاخ لەسەر تەپۆڵکەیەک لە نێوان دوو رووبار لە باکووری خۆرهەلاتی بەشی زەرپیناوای دێهلوران هەڵکەوتووە. لە سازکردنی ئەم قەلایە لە بەرد و سارووج کەڵک وەرگیراوەو مێژووی سازکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان. ئەم قەلایە لەبەر ئەوەی کە لە نزیک "بین النهرین" هەڵکەوتووە، وەک کۆگای رزق و رۆزیش کەڵکی لێوەردەگیرێ. پاشماوەی بورجی دیدەبانی، کۆگای رزق و پێخۆر و ژووری فەرماندەرەکان هێشتا لەو قەلایەدا ماوەتەوە.

تەنگەلانی وێلە: ئەم تەنگەلانە، ئاسەوار و نیشانەگەلێکی جۆراوجۆر لە بینا مێژوویی و باستانییەکانی وەک قەلای شیاخ و وێرانەکانی شاری سامرای تێدا بەرچاو دەکەوێ.

هەروەها لەم ناوچەیەدا زۆر شوێنی سەرنجڕاکێشی سروشتی بەرچاو دەکەون کە هەر ساڵە گەشتیارێکی زۆر بۆ لای خۆیان کەمەندکێش دەکەن. بۆ وێنە:

تاڤگەی ئاب تاف: ئەم تاڤگەیە دەکەوێتە سەر رێگای مەیمە بۆ پەهلەی زەرپیناوای دێهلوران و لە تاڤگە جوانەکانی پارێزگای ئیلامە.

گەرمکاوەکانی دێهلوران: ئەم گەرمکاوانە لە مەودای ٣ کیلۆمیتری شاری دێهلوران هەڵکەوتوون. ئاوی ئەم گەرمکاوانە لە جۆری گوگردە و لە لایەن خەڵکی خۆجێی و مسافیرەکانی شاری دێهلورانەوە بۆ چارەسەری هەندێک نەخۆشی وەک بـاداری، برین، کوتران و شکانی ئێسک کەڵکی لێوەردەگیرێ.

ئەشکەوتی شەمشەمەکوێرە: ئەم ئەشکەوتە یەکێک لە دەگمەنترین ئەشکەوتەکانی کوردستانە کە لە ٣ کیلۆمیتری باکووری خۆرهەلاتی دێهلوران هەڵکەوتووەو بەسەر دۆڵ و گەرمکاوەکانی دێهلوراندا زاڵە و بە هۆی بوونی دەیان هەزار شەمشەمەکوێرە، هەر بەو ناوە ناوبانگی دەرکردوە، درێژی ئەشکەوتەکە ٢٦٥ میترە کە دەیان جۆر شەمشەمەکوێرەی تێدایە. ئەم ئەشکەوتە یەکێک لە ئەشکەوتە مێژوویییەکانی سەردەمی غارنشینییە کە دواتر بۆتە شوێنی حەوانەوەی شەمشەمەکوێرەکان. ئەم ئەشکەوتە لە ریزی ئاسەواری نیشتمانیدا تۆمار کراوە.

کێوی دینار کوه: ئەم کێوە لە ٢٥ کیلۆمیتری باکووری دێهلوران هەڵکەوتووەو ١٩٥٥ میتر بەرزەو سەرجەم ٢ کیلۆمیتر بەرزە. ئەم کێوە بە شێوەی کەوانەیی لە باکوورەوە بەرەو باشوورو دواتر بەرەو باکووری خۆراوا دەکشێ. رووبارەکانی ئاوسیول، ئاو خەزێنە و ئاو گوڵ گوڵ لەم کێوەوە سەرچاوە دەگرن. لوتکەکانی ئەم کێوە لە زستاندا بەفر دایدەپۆشێ و هاوینانیش شوێنی حەوانەوەی هەوارچییانە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له سەنگەری خەباتدا

# ژیــــان و خــەبــاتــی ڕەســـــووڵ لـیـلانـەیـی

دیمانە: ئازاد عەباسیان

**١) ساڵی چەندو لە کوێ لەدایک بووی، تکایە بە کورتی خۆت بناسێنە؟**

ئەمن ڕەسووڵ عەبدوڵلاپوور کوڕی ساڵح ناسراو بە ڕەسووڵ لیلانەیی ساڵی ١٣٤٨ی هەتاوی لە گوندی لیلانەی ناوچەی ڕەبەت چاوم بەدنیا هەڵێناوە. ژیانی منالیم وەک منالەکانی دیکەی دێهاتەکانی کوردەواری بەسەربردووە ماوەی شەش ساڵیش لە قوتابخانە دەرسم خوێندووەو بەداخەوە نەمتوانیوە لەوە زیاتر درێژەی پێ بدەم.

**٢) کەی هاتی بۆ پێشمەرگایەتی و یەکەم جار چوویتە کوێ و چۆن بوو؟**

لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بەریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات پەیوەست بووم. ئەو کات لکی یەکی هێزی شەهید مینەشەم پێک هاتبوو لە چوار دەستە بە ناوەکانی دەستەی شەهید ڕەحمانە ڕەش، دەستەی شەهید خالید مەهابادی، دەستەی شەهید میرزا عەولای تۆپچی و دەستەی شەهیدانی بەلاو. بۆ یەکەم جار لە گوندی هەنداوێ لە ناوچەی ڕەبەت توانیم بە دیداری پێشمەرگەکانی دەستەی شەهیدانی بەلاو بە فەرماندەیی شەهید مستەفای کەریم ئاغای و غەفوور زاواکێوی شاد بم و چەکی پێشمەرگایەتی لە شان بکەم.

**٣) چ شتێک هانی دای کە چەکی پێشمەرگایەتی بکەیتە شان؟**

شتێکی سروشتی‌یە کە تا زوڵم هەبێ، بێگومان بەرەنگاری و بەرخۆدانیش دەبێ و کەسانێک هەڵ دەکەون بە ئیمانێکی پتەو و ئیرادەیەکی پۆڵایین بەگژ زۆردارانـدا بچنەوە. نەتەوەی کوردیش وەک یەکێک لە نەتەوە زوڵم لێکراوەکانی سەر ئەم گۆی زەوی‌یە ساڵیانی ساڵ بۆ ڕزگاربوون لە ژێردەستی و گەیشتن بە سەربەستی ڕەنجی کێشاوەو و قوربانی داوە. هەر ئەم زوڵم و زۆری‌یە دەرحەق بە نەتەوەکەم بوو کە هانی دام منیش وەک تاکێکی کورد هەست



بە بەرپرسایەتی بکەم و بۆ ڕزگاری نەتەوەکەم چەک لە شان بکەم و درێژە بە خەبات بدەم کە بە خۆشی‌یەوە ئێستاش بە شانازی‌یەوە بە بیروباوەڕ بە ڕێبازی شەهیدان وەفادار ماومەوەو درێژە بە تێکۆشان لە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا دەدەم.

**٤) لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا چ شتێک بۆتە هۆی ورەپێدانت کە لەسەر وەدیـی هێنانی ئامانجەکانی حیزب و نەتەوەکەت سوورتر بی؟**

دیارە لە خەباتدا سەرکەوتن هەیە و لەهەمان کاتدا تێکشکانیش هەیە. وەک دەزانن تاڵی و شیرینی تێکەڵاون، بەڵام ئیمان بە حەقانییەتی داخوازی‌یە ڕەواکانی گەلەکەم هەمیشە ورەی پێداوم و هەر ئەوەش وای کردوە نە لە سەرکەوتندا لە خۆبایی بم و نە لە کاتی سەرنەکەوتنیشدا ناهومێد بم. بەڵام نایشارمەوە ئەو کاتانەی بەسەر هێزەکانی ڕێژیمدا سەردەکەوتین و دەسکەوتی باشمان وەدەست دەهێنا، ئەوا بێگومان وورەمان بەرزو بەرزتر دەبۆوە. بەڵام لە گشت حاڵەکاندا ئەمن هەمیشە لە نێو کۆڕی لاوانی دڵسۆزی وڵاتەکەمدا هەستم بە ورە بەرزی کردوەو بە دیتنیان خۆشحاڵ بووم.

**٥) کەی و لە کوێ ژیانی هاوسەریت پێک هێناوەو چەند منداڵت هەیە؟**

لە ڕێکەوتی ١٣٦٧/١١/٦ی هەتاوی لە گوندی سلێ لە نزیک گوندی بۆڵێ ژیانی هاوبەشم لە گەڵ ئامۆزای خۆم بە ناوی خونچە سەلیمی کچی کوێخا سەلیمی مامم پێک هێنا. دیارە ماميشم هەر پێشمەرگەی حیزب بوو کە ساڵی ١٣٧٢ لە سەر داوای حیزب چووەو لە ساڵی ١٣٧٨ لە شاری ڕەبەت کۆچی دوایی کرد(خوا لێی خۆش بێ). شەش منداڵم هەیە: دوو کوڕ بە ناوەکانی بیرەوەرو بریار، هەروەها چوار کچ بە ناوەکانی: بێگەرد، بێخاڵ، بێریوان و بێژان(خوا لێت نەستێنن).

**٦) بیرەوەری خۆش و ناخۆش؟**

دیارە زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشم هەیە. شەهیدبوونی ڕێبەرانی حیزبەکەمان و هەروەها شەهیدبوونی هاوڕێیانی پێشمەرگە بە تایبەت ئەوانەی کە لە پەنات شەهید دەبن



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

زۆر ناخۆشە، بەڵام وەک نموونە ئەم بیرەوەرییە ناخۆشەتان بۆباس دەکەم کە ئەویش شەهیدبوونی سێ تێکۆشەری ڕێگای ئازادی کوردستان واتە شەهیدانی ١٣٨٧/٥/٢٣. ئێمە تیمێک لە کادرو پێشمەرگەکان بە فەرماندەیی شەهید هەمزە سارتکەیی و کاک عومەر سێونەیی چوینەوە ناوچەی ڕەبەت. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کە چووینەوە ناوچە، هەستمان بە خۆشییەکی زۆر کرد. پاش ساڵانێکی زۆر کە ئێمە گەڕابووینەوە، لە لایەن خەڵکەوە پێشوازییەکی باشمان لێ کرا بە تایبەتی کە پیاوی وەک کاک هەمزەمان لەگەڵ بوو.

ئەو ڕۆژەی کە وەڕێ کەوتین، من بەڕاستی کاک هەمزەم بە خەمبار بینی. لەبەر دەرکی خۆمان منداڵەکان دەستیان بەگریان کرد کە چوومە دەرکی ماڵی شەهید هەمزەو شەهید قادر نەزمی، دیتم منداڵەکانی ئەوانیش دەگریان. هەر لەو کاتەدا خێزانی شەهید قادر هاتە لام و گوتی: "تو خوا ئاگات لە قادر بێ". بەهەرحاڵ چووینەوەو پاش جەولەیەکی باش گەڕاینەوە. ئەو ڕۆژەی کە لە گەڕانەوەدا نزیک "گردێنە" کەمینی بەکرێ گیراوانی ڕێژیم، بەداخەوە ئەو سێ هاوڕێیانەمان شەهید بوون؛ کاک هەمزە سارتکەیی، کاک قادر نەزمی و کاک قادر قادری(ناسراو بە قالە سوور). ئێمەش دوای چەند ساعەت بەربەرەکانی توانیمان دەرباز بین. دوایی کە گەیشتینەوە، لە لایەن خەڵکێکی زۆری نێو حیزب و ئەندامانی دەفتەری سیاسی و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەوە بە گەرمی بەخێر هاتنەوەمان کرا. بەڵام کاتێک بۆ نێو کەمپی "زەویە سپی" گەڕامەوەو خێزان و منداڵی ئەم دوو شەهیدە بە پیرمەوە هاتن و باوەشیان پێدا کردم و گوتیان: "کوا بابم، کوا باڵا جوانەکەی بابم. دەستیان بە شین و ڕۆڕۆ کرد"، بەڕاستی ناخۆشترین بیرەوەری ژیانمە.

بیرەوەری خۆش:

ئێمە دەستەی شەهیدانی بەڵاو ساڵی ١٣٦٤ لە نێوان گوندەکانی هەنداوێ و شندرێ لە سەر جادەکە کەمینێکمان داناو لە ئاکامدا تراکتۆرێک و تویتایەکمان سووتاند. من و ئەحمەد زاواکێوی و شەهید مستەفای کەریم ئاغای دوو کەسمان بە دیل گرتن. ئەو دوو کەسەیان تەحویلی من دا. منیش بەڕاستی فارسیم نەدەزانی. کاتێک کە گەڕاینەوە پشتی گوندی سووتوو، شەهید مستەفا بانگی کردم و گوتی: "ـ ئەوە کورەکان خەریکن قسەی خۆش دەکەن، بچۆ ئەو دوو عەجەمانەش بێنە".

منیش بەڕاستی نەم دەزانی بە فارسی بانگیان بکەم. کەسانێکی زۆریش لەو کاتەدا لەوێ بوون لەوانە: محەممەد خوا پەنا، سەدیق لیلانەیی، مووسا لیلانەیی، محەممەد لیلانەیی، ڕەحیم لیلانەیی، ئەحمەد زاواکێوی و چەند کەسێکی دیکەش. کاتێک کە کاک ئەحمەد داوای لێ کردم بانگیان بکەم، گوتم بڵێم چی؟ ئێمە لەو کاتەدا هەڵ دەپەڕین. کاتێک چوومە لای عەجەمەکان گوتم: "ئاغا گوشت را بگیر".

ـ ئەویش توند گوێی خۆی گرت.

گوتم: "ئاغا مەنسولەم گوفتی بیا بریم جفتە بکونیم".

ئەویش گوتی:

ـ "جفتە چییە"؟

ئەمنیش نەم دەزانی بە هەڵپەڕین دەڵێن ڕەخس.

ئەو گوتی:

ـ "رقص میگی"؟

گوتم: بەڵێ.

هەر حاڵی نەبوون. ئەگەر ئاورم دایەوە هەموو لەسەر پشت کەوتبوون. چونکە بەڕاستی ئەمن دەم گوت: "جفتە ئینە، لاقم کەمێک بادا. بەڕاستی ئەم بیرەوەریە زۆر بەلامەوە خۆش بوو. چونکە ٢٧ ساڵ لەوە پێش بوو. دەنا زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆش هەیە کە باسی بکەم. بەڕاستی ناخۆشەکان زیاترن لە خۆشەکان.

**٧) چ قسەیەکت هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە مەیدانی خەبات دان؟**

قسەم بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە کە لە پێناو پاراستنی مان و مەوجودییەتی نەتەوەکەمان لە هیچ هەوڵ و کۆششێک درێغی نەکەن و لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەر شانیان هەست بە بەرپرسایەتی بکەن. هەوڵ بدەن ئاستی زانیاری خۆیان بەرنەسەرێ و لە هەمووان گرینگتر خاوەن ئەخلاقێکی شۆڕشگێڕانە بن. بە تایبەتی ئەوانەی کە تەمەنیان لەم حیزبەدا بەسەر بردووە، دەبێ تێ بکۆشن بۆ لاوان و پێشمەرگە نوێیەکان هاندەر و سەرمەشق و پشتیوانێکی باش و دڵسۆز بن.

**٨) ئەرک و بەرپرسایەتیەکانت لە حیزب دا؟**

لە ساڵی ١٣٦٣دا لە گوندی گەلاڵێ دەورەی سەرەتاییم دیوە.
ساڵی ٦٧ دەورەی تەخریب.
ساڵی ٧٠ بێسیمچی هێزی ئاربابا.
ساڵی ٧٣ لە زیندانی ناوەندی بەرپرسی ماڵی و مودیر داخیلە و سەرپەل هەتا ساڵی ٧٦.
ساڵی ٧٧ دەورەی کادریم دیوە.
ساڵی ٧٨ جێگر لک لە ناوەندی دوو.
ساڵی ٨٣ فەرماندە لک لە ناوەندی دوو.
دەورەی مودیریەت و چەکە قورسەکانم دیوە.
ئێستا لە ناوەندی دوو هەم شوورای کەمپم و هەم کادری تەشکیلاتی و هەم کادری ئاشکرای حیزبم.

٩) زۆر سپاس بۆ ئەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانمانت داوەو هیوای تەمەن درێژیت بۆ بە ئاوات دەخوازین و هەر بژی و سەرکەوتوو بی بۆ حیزب و گەلەکەت.
سپاس بۆ ئێوەش بۆ ئەو چاوپێکەوتن و بەسەرکردنەوەتان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیان‌نامەی شەهید محەممەدئەمین مەحموودی ناسراو بە فریا

رەحمان مەحموودی

ئازادی، سەربەستی، فیداکاری‌و گیان‌بازی، خۆبەخت کردن و خوێن‌دانی دەوێ. مێژووی سەرانسەری خوێن‌و حەماسەی گەلەکەمان شاهیدی بۆ ئەو راستی‌یە دەدەن کە باشترین و تێکۆشەرترین رۆڵەکانی ئەو گەلە بن‌دەستە لە پێناوی بەختەوەری و ئازادی‌دا گیانیان بەخت کردەوە. محەممەدئەمین مەحموودیش یەکێک لەو لاوە بەهەست‌و خوێن گەرمەی نەتەوەکەمان بوو کە بە سەخاوەتەوە گیانی‌بەختی‌بەختەوەری‌و ئازادی گەلەکەی کرد.

محەممەدئەمین لە ساڵی ١٣٤٨ی‌هەتاوی لە بنەماڵەیەکی جوتیار لە ئاوایی پەسوێ سەر بە ناوچەی لاجانی پیرانشار لەدایک بوو. قۆناغی منداڵی لە باوەشی گەرمی دایک‌و باوکی‌دا تا تەمەنی ٦ ساڵی واتە قۆناغی چوونە مەدرسە تێ‌پەڕکردو رەوانەی قوتابخانە کرا. سەرەڕای وشیاری و زیرەکی‌یەکەی، بە پێی بارودۆخی ئەوکاتی دێهاتی کوردستان تەنیا توانی یەکی ناوەندی تەواو بکاو دوور بکەوێتەوە لە خوێندن‌و وێڕای باوکی لەشی ناسکی بەرەنگاری رسق و رۆزی کشتوکاڵ و بەروبوومی کاری جوتیاری بکا. کە تەمەنی گەیشتە لاوەتی واتە ساڵی ١٣٦٢ی‌هەتاوی بڕیاری بوون بە پێشمەرگایەتی‌دا و، هاتە نێو ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکرات. بە هۆی لەخواریٚ بوونی تەمەنی رەوانەی یەکیەتی لاوان کراو لەوێ نازناوی "فریا"یان بۆ دیاری کرد. لەریزی لاوانیش ئیستعدادو توانایی خۆی نیشان‌داو پاش پەروردەبوونی نەقلی هێزی شەهید ئەفشین کرا. لە زستانی ساڵی ١٣٦٣دا لە نەخۆشخانەی شۆڕش بۆ سێ مانگ دەورەی سەرەتایی دەرمانی دیت. بەهۆی عەلاقە و ئۆگری بەوکارەی‌و خزمەت کردن بە خەڵک و پێشمەرگە و بۆ بردنەسەری زانیاری زیاتری کاروباری دەرمانی بۆ ماوەی سێ مانگی دیکە بۆ دیتنی دەورەی بازئامووزی نێردرایەوە نەخۆشخانەی شۆڕش‌و ئەوجارە بە ئەزموون و فێربوونی زیاترەوە هاتەوە نێو ریزی پێشمەرگەو خەڵکەکەی.



فریا عەلاقەیەکی زۆری بەفێربوون‌و خوێندنەوەی کتێب هەبوو، کەمتر کاتی بەفیڕۆ دەدا. لەگەڵ شەهیدبرایم باڵخچی بەرنامەی موتالعەو کۆنفرانس گرتن بۆ پێشمەرگەکان لەسەر ئەو کتێبانەی دیان‌خوێندنەوە، پێشکەش دەکرد. حەوتووی جارێک لە بنکەی پشت ئاشانەوە بەنۆرە یان بەیەکەوە دەهاتن کتێبیان لە کتێب‌خانەی گشتی دەفتەر وەردەگرت. لە ساڵی ١٣٦٦ی‌هەتاوی بە کادری سیاسیی تەشکیلاتی دیاری کراو بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکەش ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشاری لەو کۆمیتەی ئەو ناوچەیە پێ‌ئەسپێردرا. لە سازماندەیی بەهاری ١٣٦٧ی‌هەتاوی‌دا کاری تەشکیلاتی لەگەڵ هاورێیانی لە ناوچەی سندوسی نەغەدە پێ‌دەسپێردرێ. بۆ ئەو ئەرکەش بەوپەڕی تواناوە خۆی ئامادە کرد تا لە نیزیکەوە لەگەڵ خەڵکە بن‌دەست و بەش‌مەینەتەکەی، گرێ پووچکەی ژیانی ژێر دەستی نەتەوکەیان و چۆنیەتی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ رێژیمی دژ بە کوردو مافەکانی‌دا بکەن. هەر بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ خەڵکی زەحمەتکێش‌دا ، لەگەڵ چەند هاورێی دەچنە گوندی مهماندارو لەێ تووشی دەرگیری دەبن، لەو تێکهەڵچوونەدا جەستەی فریا چەند برینێک هەڵدەگرێ. هێشتا برینەکانی بە باشی ساڕێژ نابنەوە کە دەست بە کارو تێکۆشان دەکاتەوەو درێژە بە خزمەت دەدا. هەر لەکاتی کارکردن و جەولە لێدان‌دا لە ٢٢ی خەرمانانی ١٣٦٧ی‌هەتاوی‌دا لەگەڵ هاورێیەکی بە ناوی جەمال مینایی کە لە مووچە و باغەکانی گوندی قەرەقەساب‌دا دەمێنەوە، کە هێزێکی زۆری رێژیم دەوریان دەداو دەرگیر دەبن، لە یەکەم ساتەکان‌دا دوژمن تێک دەشکێنن. بەڵام لە دوورەوە بە چەکی جۆراوجۆری وەک "ئاڕ.پی.جی" لێیان دەدەن کە لە ئاکام‌دا هەر دووکیان شەهید دەکرێن‌و بە سەربەرزی‌و سەرفرازی سەر دەنێنەوەو دەچنە ریزی کاروانی شەهیدانی هەمیشە زیندووی کوردو کوردستانەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# ئیبراهیم یوونسی، ناسێنەری شوناس‌و مێژووی نەتەوەی کورد

یووسف قەدیری

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ڕێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی دوکتۆر ئیبراهیم یوونسی لە نووسەرو وەرگێڕە بەتواناکانی کورد، پاش دوو ساڵ تووشبوون بەنەخۆشی لەبیرچوونەوە(آلزایمر) لەتەمەنی ٨٥ ساڵی‌دا لەگەڵ ژیانێکی پڕ لەخەم و خەڕۆیی ماڵئاوایی کرد.

ئیبراهیم یوونسی لەساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لەشاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەناو بنەماڵەیەکی ناوداری کورد لەدایک بوو. بەڵام هەر لە هەرەتی منداڵی‌دا لە بەزەیی دایکی بێبەش بوو، بەجۆرێک کە ئیبراهیم لە تەمەنی دوو ساڵی‌دا لە لای باپیرو دایەگەورەی ژیانی بەسەر برد، هەروەک خۆی دەڵێ: "کەم وابوو مەگەر بەهەڵکەوت بچمەوە ماڵی باوکم".


ئەو هەر لە شاری بانە دەس بەخوێندن دەکاو لە ساڵی ١٣١٧ لە خوێندنگەی سەرەتایی "پەهلەوی" خولی سەرەتایی خوێندن تەواو دەکاو پاشان بۆ درێژەدان بەخوێندن لە دواناوەندی‌دا دەچێتە شاری سەقزو پاش سێ ساڵ خوێندن و بەدوای ئاڵۆزی و پشێوی‌یەکانی خەرمانانی ١٣٢٠ و داگیرکردنی ئێران بەدەست هێزە هاوپەیمانەکان بۆ ماوەی دوو ساڵ لە خوێندن دوادەکەوێ تا کاتێک کە دەچێتە تاران و لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌دا لە فێرگەی نیزامی ناونووسی دەکا، ئیبراهیم یوونسی هەر لە دەس‌پێکی فێرکاری‌یەکانی لەم شوێنە وەکوو کوردێک، هەست بە جیاوازی‌دانان و بێڕێزی لە ئاکارو کردەوەی ناشیاوی هاوپۆلی‌یەکانی وەپاڵ بەخۆی دەکا، بەڵام لەساڵی ١٣٢٤دا ئەم خولە بەسەرکەوتوویی تێپەڕ دەکاو لە کۆلێژی ئەفسەری دەردەچێ. لەساڵی ١٣٢٨دا لەگەڵ کچێکی



ئەرمەنی خەڵکی ورمێ ژیانی هاوبەش پێک دێنێ، بەڵام لە ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی و لە ڕووداوێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراودا تیرێک لە پێی چەپی دەکەوێ، هەروەک خۆی باس دەکا: "لە ڕۆژێکی‌دا لاقی دەبرنەوەو زستانی سپی پۆشی ورمێ هیچ کاریگەریی لە بەختی ڕەشی ئەو ناکا". بەدوای ئەم ڕووداوەدا، ئیبراهیم خێزانەکەی بە باوکی دەسپێرێ و لەلایەن ئەرتەشەوە بۆسازکردنی لاقی دەستکرد بەرەو ئاڵمان و فەڕانسەی بەرێ دەکەن، دوای گەڕانەوە بۆ ئێران لەبەشی تەقەمەنی ئەرتەش لە شەقامی سپەی تاران سەرقاڵی کار دەبێ، بەڵام ئەو هۆکارەی کە لە گۆڕینی چارەنووسی ئیبراهیم یوونسی لە ئەفسەرێکی ئەرتەشی بۆ نووسەرێکی ناودار کاریگەربوو، ڕووداوی مێژوویی یەکلاکەرەوەی بەنێو کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ بوو کە پێوەندی‌یەکی جیانەکراوەی لەگەڵ چارەنووسی زۆربەی ویژەوانان و نووسەرانی گەورەی ئێران هەبووە. یوونسی کە ئەندامی سازمانی ئەفسەرانی "تودە"ی ئەوکات بوو، پاش ڕووداوەکانی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی و بەدوای سەرکوتی بەربڵاوی ئەندام و ڕێکخراوەکانی سەربە حیزبی تودە وەک ئەفسەرێکی تودە دەس‌بەسەر و لە بەندی‌خانەی ئەرتەش زیندانی دەکرێ‌و لە دادگای سەربازی لێکۆڵینەوەی لێ‌دەکرێ و لە ئاکامدا مەحکووم بە ئێعدام دەکرێ، بەڵام بەهۆی کەم‌ئەندام بوون لە ماوەی بەجێگەیاندنی ئەرکی نیزامی‌دا سزاکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی کەم دەکرێتەوەو لە زیندانی لەشکەر بۆ زیندانی قەسر ڕادەگوازرێ. بەچوون بۆ زیندانی قەسر هەلێکی باش بۆ ئیبراهیم یوونسی دەڕەخسێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



تا لەو ماوەیەدا بتوانێ بە پێچەوانەی بەخت و هاتی ڕەشی ئاوێتەی زیندان و مەرگ و کوێرەوەری، لەدەلاقەکانی زیندان ڕێگایەک بۆ دەربازبوون و ئۆقرەیی بدۆزێتەوە.

یوونسی لە زیندانی قەسر لەگەڵ کۆمەڵێکی زۆر لە زیندانیانی سیاسی کە زۆربەیان خوێندەواربوون ئاشنا دەبێ بە جۆرێک کە بوونی ئەوان کەش و بارودۆخی زیندانیان وەک شوێنێکی فەرهەنگی و زانستی لێکردوە. هەربۆیە زیندان بۆ یوونسی دەبێتە زانکۆیەک تا بتوانێ لێهاتوویی خۆی هەڵسەنگێنێ، یوونسی لە بیرەوەریەکانیدا بەم جۆرە ئاماژەی پێدەکا: "لە زینداندا دەورەکانی فێرکردنی زمانەکانی ئینگلیزی، رووسی، فەرانسەوی، ئاڵمانی و تورکی بەڕێوەدەچوون و زۆربەی زیندانیەکان لە دەرەوە دوکتوراو ئەندازیاریان وەرگرتبوو". یوونسی بە شوێنوەرگری ئەرێنی لەوەها کەشێک و بە سەرنجدان بەو زانستە سەرەتاییەی کە لە زمانی فەرانسەوی هەیبوو، لەوکاتەوە فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەست پێکردو هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەگەڵ کتێب وکتێب خوێندنەوەدا خوو دەگرێ. ئەو بە خوێندنەوەی ڕۆمانی "ئاواتە مەزنەکان" بەرهەمی دیکێنز هۆگری بواری وێژەیی چیرۆکنووسی و ڕۆمان دەبێ و لەرێگای پێوەندی گرتن لەگەڵ دامەزراوەیەکی فێرکاریی بریتانیایی لە دەرەوەی زیندان بە شێوەی پسپۆڕانە دەچێتە ناو گۆرەپانی چیرۆکنووسی و لەیەکەم هەنگاودا ڕۆمانی "ئاواتە مەزنەکان" بۆ سەر زمانی فارسی وەردەگێڕێتەوەو بە هەوڵ و ئاریکاریی هەڤاڵە شاعیرەکەی "سیاوەش کەسرایی" لەساڵی ١٣٣٦دا ئەو بەرهەمەی لە چاپخانەی نیل چاپ و بڵاو دەکاتەوەو هەر لەو ساڵەدا لەلایەن ئەنجومەنی ئیسلامی زانکۆی تاران وەک کتێبی هەڵبژێردراوی ساڵ ڕادەگەیەندرێ.

گەیشتن بەوەها سەرکەوتوویی‌یەکی گەورەی لەگەڵ هۆگری بە ئەدەبیات و ڕۆمان، پتر یوونسی بەرەو درێژەدان بە چالاکیە زانستی و ئەدەبیەکان هان دەداو لە کارەکانی دواتردا دەست بە وەرگێڕانی چەندین ڕۆمانی گرینگی دیکە وەک "ئیسپارتاکوس"ی فاست و "شێرلی" بەرهەمی شارلی برۆنتە دەکا. ئیبراهیم یوونسی پاش تەواوکردنی خولی دوو ساڵەی فێربوونی چیرۆکنووسی لە زینداندا، وەک یەکەم ئەزموون لە بواری ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی دەستی بە نووسینی کتێبی "هونەری چیرۆکنووسی" کردو لە ساڵی ١٣٤١دا ئەو بەرهەمەی بڵاوکردەوە.

یوونسی هەرلەم ساڵەدا بەدوای بەدەسەڵات گەیشتنی دەوڵەتی عەلی ئەمینی لە زیندان ئازاد کراو بۆ ماوەیەک بێکار دەمێنێتەوە تا ئەوی کە لەگەڵ "محەممەد قازی" وەرگێڕی دیکەی ناوداری کوردو لە دۆستانی سەردەمی خوێندنی لە خوێندنگەی نیزام، لەکۆمپانیای دانمارکی بەناوی "کامپاکس" کە بەڕێوبەری سازکردنی ڕێگای ئاسن لە ئێران بوو، وەک وەرگێڕ سەرقاڵی کارکردن دەبێ. پاش ساڵێک، لەساڵی ١٣٤٤دا لەرێگای دۆستی ئەندازیاری "عیزەتوڵلا راستکار" وەک وەرگێڕو لێکۆڵەر لە ناوەندی ئاماری ئێران دادەمەزرێ و پاشانیش بە پلەی سەرۆکایەتی ئەم ناوەندە دەگا. لەساڵی ١٣٥٠دا بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندن ڕوو دەکاتە فەرانسە و پاش ٥ ساڵ بە وەرگرتنی دوکتورای ئابووری لە زانکۆی سۆربۆنی پاریس بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. یوونسی یەکێک لەوکەسانە بوو کە لە ساڵی ١٣٥٦دا لەگەڵ چەندین ئێرانی دیکە کۆمیتەی ئێرانی بەرگری لە مافی مرۆڤیان دامەزراند.

ئیبراهیم یوونسی پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، بۆ ماوەیەکی کەم لە دەوڵەتی کاتی بازرگان پارێزگاری پارێزگای کوردستان بوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کەمتر لە ٤ مانگ و هەر بەدوای خۆکێشانەوەی دەوڵەتی کاتی، ئەویش خۆی لە سیاسەت و دەوڵەت کشاندەوەو لەو کاتەوە بۆ هەمیشە بۆ جیهانی وێژەو ئەدەبیات گەڕاوە، لەبەر ئەوەی کە لەجیهانی پڕ هەورازو نشێوی ژیانی یوونسی، دنیای نووسین و وەرگێڕان وەپاڵ بە نیزامیگەری و کاروباری دەوڵەتی جیهانێکی پڕ چێژو بێ وێنەیەک بوو کە هیچ کات نەتووشتێک نەیتوانی جێگای بگرێتەوە.

ئیبراهیم یوونسی نووسەرو وەرگێڕێکی خۆڕاهێنەر بووکە بەهۆگری بە زانست و ئازادی لە بەندیخانە وانەی مرۆڤایەتی و ئازادیخوازی فێربوو و بە بەڵێنی هەتاهەتایی‌و ورەیەکی پۆڵایین بووبە یەکێک لە نووسەرە مەزنەکانی گۆرەپانی ئەدەبیاتی پاچڤە و چیرۆکنووسی ئێران‌و کوردستان‌و لەو نووسەرو وەرگێڕانە بەئەژمار دێ کە بە وتەی خۆی دیسیپلینی ئەوتۆی نیزامی و ورەی قایمی، ئەویان بە مرۆڤێکی ئەوتۆی کارامە و بەتوانا بارهێنابوو. یوونسی کەسێکی خاوەن بەڵێن لە کاری وەرگێڕان بوو و خۆی لەم بارەوە دەڵێ: "من هیچ وشە و واتایەک لە نووسراوە سەرەکی و نووسراوەکە ناسڕمەوە و ناقرتێنم و تا ئەو جێگایەی بۆم بلوێ مافی نووسراوەی نووسەرەکە لەبەرچاو دەگرم، وەرگێڕ دەشێ سەرنج بداتە زمانی تایبەتی مرۆڤەکان و بەجۆرێک دەق و ناواخنی بەرهەمە سەرەکی‌یەکە لە دارشتندا بگونجێنێ کە خوێنەر زمانی کەسایەتی بە باشی بسەلمێنێ چونکە گێرانەوەی دوکتورێک لەگەڵ هونەرمەندێک جیاوازە".

بەگشتی ئیبراهیم یوونسی بە خزمەتی زۆرو ماندوونەناسانە لاپەرەیەکی زێڕین لە ئەدەبیاتی چیرۆکنووسی ئێران‌و ئەدەبیاتی مێژووی کورد بۆ خۆی دەستەبەر دەکاو بە نووسینی کتێبی "هونەری چیرۆکنووسی" خزمەتێکی مەزن بە ئەدەبیاتی ئێران‌و ناساندنی ئەدەبی جیهان دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

لە لایەکی دیکەش بە وەرگێڕانی بەرهەمە بیانییەکان کە هەڵگری باس و تەوەری مێژوویی لەمەڕ نەتەوەی کوردن، دەبێتە مایەی شانازیی زێدو نیشتمانەکەی واتە کوردستان و سەرچاوەی سەرجەم ئەو لێکۆڵەرانەی کە لەم بوارەدا لە ڕێگای نووسین و توێژینەوە، خزمەت و ڕاژە بە گەلەکەیان دەکەن. ئەگەر بەڕوانینێکی بەراوردکارانە و لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە چاو لە چالاکییە وێژەیییەکانی ئیبراهیم یوونسی بکەین و لە ڕوانگەی هاوردەکاریی دەستەواژەو چەمکە ئەدەبییەکانی بیانی بۆنێو هەنبانەی زانستی وێژەیی، بەرهەمەکانی وەرگێڕان و پاچڤەکانی ئەم وەرگێڕە بەتوانایە هەڵسەنگێنین دەتوانین بڵێین کە لە پەرەپێدان و هاوردەکاریی وێژەیی و ناساندنی ئەدەبیاتی جیهان، وەپاڵ بە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی ئێران و هەمیس وەپاڵ بە بەپیتکردنی ئەدەبیاتی مێژوویی کورد لە بواری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە کە ئەگەر بەدیدێکی قووڵ چاو لەهیم و هەوێنی وەرگێڕانەکانی یوونسی بکەین بۆمان دەردەکەوێ لەگەڵ ئەوەی کە پەرەی بە ئەدەبیاتی فارس داوە، خزمەتێکی شیاو و شایانی بە وێژەو ئەدەبی کوردیش لە بوارو بەستێنە جیاوازەکاندا کردووە کە ئەوەش بە دەروونشیکاری و لە ئاستێکی پسپۆڕانەدا بە دەروونتوێژی ئەدەبی بەرهەمەکانی، هەرچی زیاتر خۆی خوویا و ئاشکراتر دەنوێنێ. ئیبراهیم یوونسی لەبواری مێژووی ئەدەبیاتدا وەرگێڕی گەلێک بەرهەمی وەک "مێژووی ئەدەبیاتی ڕووسیە"، "ڕوانینێک لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا"، "ئەدەبیاتی ئافریقا" و هەروەها "مێژووی ئەدەبیاتی یوونان" بووە. وەرگێڕانی کتێبی چوار بەرگی "مێژووی کۆمەڵایەتی هونەر" بەرهەمی ئارنۆڵد هاوزێر، کە لە سەرەکیترین سەرچاوەکانی بواری مێژووی هونەر بە ئەژمار دێ. لە بواری زمانناسی و ڕەخنەی ئەدەبیش وەرگێڕانی چەندین کتێب وەک "ڕوانینێک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیاتی ڕووس"، لایەنەکانی ڕۆمان نووسینی فۆرستێر، "هونەری چیرۆکنووسی" بەرهەمەکانی ئەو وەرگێڕە بەهێزو توانایەن. لە بواری "ئەدەبیاتی کوردناسی" سەرەکیترین بوارێکە کە دوکتور یوونسی



بە هەستیاری و هەستێکی بەرپرسیارانەوە هەموو هەوڵ و تەقالای خۆی لە وەرگێڕاندا وەگەڕخستووە. بەداخەوە دوکتور یوونسی لە بژێوی تەواو زانستیانەی زمانی دایکی بێبەش بوو و هەوڵیدا کە لە ڕێگایەکی دیکەوە خزمەت بە نەتەوەکەی بکا، هەربۆیە بەشوێن بەرهەمە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانی نووسەرو لێکۆڵەرە ئورووپاییەکان لەمەڕ کوردو کوردستان کەوت کە دەسکەوتی ئەم وەرگێڕانانەش پتر لە ١٠ بەرهەمی مێژوویی لەبارەی مێژووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی کورد بوو کە بەشێکیان بریتین لە: "جووڵانەوی نەتەوەیی کورد"، پێوەندییەکانی ئێران و تورکیاو پرسی کورد"، "ئاغا، شێخ، دەوڵەت"، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران"، "کوردەکان"، تورکەکان، عەرەبەکان". ئەگەرچی بەپێی وتەی هەندێک لە ڕەخنەگرانی ئەدەبی، بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی دوکتور یوونسی، کۆکردنەوەو نووسراوەکانی ئەوی تەریک خستۆتەوە، بەڵام دەبێ لەبیرمان بێ کە د.یوونسی وەک وەرگێڕێک، کۆکەرەوەی خوڵقێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکانیش بوو کە لە ئەوپەڕی نوێکاری و پاراویدا، وێنەیەکی ڕوونی تاکی و کۆمەڵایەتیی پڕ لە هەورازو نشێوی ژیانی ئەو وەرگێڕو نووسەرە کوردەی خستۆتە بەرچاو و زیاتر لە نێوان ئەزموونە تاکی و کۆمەڵایەتییەکانی نووسەر، چارەنووس و بیرەوەرییەکی پڕ لە ترس و جیاوازیدانان و کوێرەوەری و هیواو خولیاکانی نەتەوەیەک دەگێڕێتەوە. ڕۆمانەکانی: "گۆڕستانی غەریبان"، "دایکم دوو جار گریا"، "کڵاو لارو قەرەچی"، "بەخێرهاتی ..."، "نزا بۆ ئارمین" لە وەرگێڕانی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، "زستانی بێبەهار" لە بەرهەمە بەنرخەکانی لەم بوارەدان کە لەنێوان ئەم کتێبانەدا کتێبی بەنرخی "زستانی بێبەهار" ئۆتۆبیۆگرافییەکی شێوەڕۆمانە کە لە دەق و نێوئاخنیدا نووسەر بیرەوەری ژیانی خۆی لە سەرەتای هەرەتی منداڵییەوە تا سەردەمی دوای ئازادبوون لە زیندان دەڵێتەوە... ژیانێک کە ژیاننامەکەی سەرەنجام دوای هەشتاوپێنج ساڵ خەبات و تێکۆشان و خوڵقاندنی زانستی و وێژەیی کۆتایی پێ هات. ناو و بیرەوەریی دوکتور ئیبراهیم یوونسی بەوەها ژیانێکی پڕ لە خەبات و تێکۆشانەوە، هەتاهەتایە لەسەر ترۆپکی کێوی "ئارابا" وەک هێمایەک لە ئەدەبیاتی کوردی دەدرەوشێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەروەک مامۆستا موفتی پێنجوێنی لە سەرەتای دیوانەکەیدا دەنووسێ:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ
تاکوو ئەو ڕۆژەی ئەچێتە ژێرگڵ
ئنجا بۆی ئەگرین بە جۆش و بەکوڵ
قەبرەکەی ئەکەین بە باغچەو بەگوڵ

# زمانی زگماکی، شوناسی نەتەوەیی

وریا ڕەحمانی




ڕۆژی ٢١ی فێورییە ڕێکەوتی ٢ی ڕەشەمەی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی یونسکۆوە وەک ڕۆژی زمانی زگماکی(زمانی دایک) ناودێر کراوەو ڕێزی لێدەگیرێ. هۆی ناودێرکردنی ئەو ڕۆژەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کە لە ٢١ی فێوریەی ساڵی ١٩٥٢ی زایینی لە وڵاتی بەنگلادێش کە ئەوکات بە پاکستانی ڕۆژهەڵات دەناسرا ڕووی‌داو لەئاکامی ڕاپەڕینێکی خوێندکاری لە زانکۆکانی ئەو وڵاتە کە بۆ ناساندنی زمانی بەنگالی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات پێک هاتبوو، لەگەڵ هێرشی توندی هێزە ئەمنییەتی‌یەکاندا ڕووبەڕووبوونەوەو ٥ کەس لەو خوێندکارە ئازادی‌خوازو نیشتمانپەروەرانە گیانیان لە دەستدا.

هەر بۆیەش ڕێکخراوی یونسکۆ لەسەر داوای وڵاتی بەنگلادێش‌و بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ یادی پیرۆزی ئەو خوێندکارە شەهیدانە ڕۆژی ٢١ی فێوری‌یەی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی لە هەموو دنیادا ناساند.

ئەگەر نەڵێین گرینگترین، بە دڵنیایی‌یەوە یەکێک لە هەرە تایبەتمەندی‌یە گرینگەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، زمانەکەیەتی. زمانێک کە لە سەرەتای لەدایکبوونی هەر مرۆڤێکەوە فرچکی ژیانی پێوە دەگرێ‌و لەم کاناڵەوە لەگەڵ دنیای دەوروبەری خۆی پێوەندی‌یەکی واتابەخشانە پێک دێنێ‌و بەو لێک تێگەیشتنەی کە پێویستیی گەشەی هەر تاکێکە لەنێو کۆمەڵگەدا دەگا. زمان، وەک نوێنگەی شوناسی مرۆڤ‌و بەستێنی پێوەندیی مرۆڤایەتی، ڕەنگدانەوەی فەرهەنگی ئەو خەڵکەیە، کە قسەی پێ دەکەن. لەو ڕاستایەدا دەورو کاریگەریی زمانی زگماکی وەک پێویستی و نیازێکی حاشاهەڵنەگرانە و بەردەوام، شوێنی تایبەتیی خۆی هەیەو هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. کەچی هێندێک جار دەسەڵاتدارانی وڵاتانێکی سەرکوتکەری وەک ئێران بە درێژایی مێژوو بەهۆی کۆمەڵێک فاکتۆری سیاسیی تایبەتەوە، ڕێ لە گەشەو ئەزموونی زمانە جیاوازەکانی نێو چوارچێوەی سنوورەکانی ژێر دەسەڵاتداریتیی خۆیاندا دەگرن‌و هەوڵێکی بەرین‌و ماندوو نەناسانەیان بۆ لەنێوبردن و تواندنەوەی فەرهەنگ و شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکان، لەڕێی پێشگیری کردن لە گەشەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

فەرهەنگ و زمانی نەتەوەیی و ڕێگەنەدان بە پەروەردەی جیاواز وەگەڕ خستووەو لەکاری دەکەن.
ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە مادەی ١٥ی یاسای گشتیی ئێراندا ڕاشکاوانە باس لە خوێندنو نووسینی هەموو نەتەوە جیاوازەکان بە زمانی خۆیان هاوکات لەگەڵ زمانی فارسی وەک زمانی ڕەسمیی وڵات کراوەو بە واتای مافێکی سەلمێنراو لەبەرچاو گیراوە. بەڵام ئەوە تەنیا لە چوارچێوەی بڕیارێکی گشتی داماوەتەوەو هەرگیز هەوڵێکی جیددیی بۆ بەکردەوەکرانی نەدراوە.
لێکۆڵینەوە زانستیی‌یەکان نیشانیان داوە ئەو مرۆڤو نەتەوانەی کە ئیمکانی پەروەردەبوونیان بە زمانی زگماکی خۆیان هەیە ئەگەری پێگەیشتنو گەشەی کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیو سیاسیی‌یان لە ڕەوتی بەرەوپێشی تاکەکەسیو نەتەوەییو جیهانیدا زیاتر دەبێ. ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاگەیەندراوێکی خۆیدا دەڵێ: پێویستە هەمووان هەوڵی جیددی بدەین بۆوەی هەموو زمانە جیاوازەکانی دنیا ئیمکانی ژیانیان هەبێو بمێننەوە. چونکە ئەوە بە لەبەرچاوگرتنی دەوری زمان لە پێکهاتەی شوناسی تاک و نەتەوەکان دا جوانی و گەشەیەکی بەرفراوانتر بە فەرهەنگی گشتیی جیهانی دەبەخشێ.
«یوهان ئاموس کۆمێنیوس» کە بە باوکی پەروەردەی نوێ لە جیهاندا ناسراوە پێی وایە پێویستە مرۆڤ هەر لە سەرەتای منداڵی‌یەوە لەگەڵ چەمک و پێناسەی دیاردەکان ئاشنا بکرێ. واتە فێری مانا و ماهییەتی ڕاستەوخۆی دیاردەو شتەکان بکرێ و لەو ڕاستایەشدا بەردەوام لەسەر پێویستی و نیازی کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی پێداگریی کردوە. «ئاموس کۆمێنیوس» دەڵێ: "دەبێ سیستەمی پەروەردە تا تەمەنی ١٢ ساڵی تەنیا لە ڕێی زمانی زگماکی‌یەوە بێ و ئینجا لەدوای ئەو تەمەنەوەیە، کە پەروەردە بوون بە زمانی جیاواز لە زمانی ئەسڵی دەتوانێ کاریگەریی باش و ئەرێنی هەبێ".
بە نیسبەت وڵاتی ئێرانەوە پرۆژەی نەتەوەسازی کە لە پێش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ەوە دەستی پێکردبوو و لە پاش شۆڕشیشەوە لەڕێی یەکسانسازیی دینیو نەتەوەییەوە برەوی زیاتری پێدەدرا، هەموو زمانە جۆراوجۆرەکانی نێو پێکهاتەی گشتیی ئێرانی نەگرتە بەرچاو و تەنیا زمانی فارسیی وەک زمانی ڕەسمیی ناساند. ڕوانگەیەکی وەها نەگونجاو و نادروست زیانێکی زۆری بە بنەما فەرهەنگی‌یەکانی گەلانی ئێران بە گشتی گەیاند و پێشی بەوە گرت کە لە ئاستی جیهانیدا پێگەی شیاوی خۆی بەدەست بێنێ و لە بەستێنێکی بەرین و بەربڵاوانەتردا بدرەوشێتەوە.
«کوشیرۆ ماتسورا» سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ، لە توێی ڕاگەیەندراوێکدا کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی‌یەوە دەری کردوە دەڵێ: "بە پێی ئەزموونەکان، زمان وەک هۆکاری سەرەکیی شوناسە تاکەکەسیو نەتەوەیی‌یەکان، بەستێنی بەرینی دەستەبەربوونی ئامانجە پەروەردەیی‌یەکان لە ڕاستای گەشەی هەرچی زیاتری کۆمەڵگەکان دایە و ڕێکخراوی یونسکۆ لە ڕاستای پێناسەی چوارچێوەکانی کارکردی زمانی زگماکیدا ئاماژە بەوە دەکا کە فەرهەنگێکی ئاشتیخوازانە، تەنیا لە فەزایەک دا دەتوانێ دروست بێ کە تێیدا هەمووان مافی ئەوەیان هەبێ بە شێوەیەکی هەمە چەشنو ئازادانە لە هەموو بوارەکانی ژیان دا زمانی دایکیی خۆیان بەکار بێننو کەڵکی لێ وەرگرن".
لە دنیای سەردەم دا ئێتر ژمارەیەکی بەرچاوی کاربەدەستانو هەڵسووڕاوانی ڕێکخراوە دەوڵەتی‌یەکانو کۆمەڵگەی مەدەنی هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕەی کە زمان لە ناوەندی هەموو ڕەهەندە جۆاوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگی دایە و چیتر نکۆڵی لە بایەخە کرداری‌یەکانی ناکرێ.
هەر بۆیەش پێویستە حکوومەتەکان ڕێ و شوێنێکی وا ڕەچاو بکەن کە لە چوارچێوەی سیستەمە پەروەردەیی‌یە ڕەسمی و نارەسمی‌یەکانیاندا پێکەوە ژیانێکی گونجاو بۆ هەموو زمانە جیاوازەکانی نێو وڵاتەکانیان دەستەبەر بکەن. لەڕاستیدا ئەگەرچی جاران دروشم و داخوازیی زمانی زگماکی تەنیا وەک گوتاری بەشێک لە خەڵک و ڕووناکبیران وابوو، کەچی بە ئەرخەیانی‌یەوە ئێستاوەها بە شێوەیەکی بەربڵاو و هەمەلایەنە ڕیشەی قورسی داکوتاوە کە تەنانەت لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا وەک گوتارو داخوازی‌یەکی گشتیو مافێکی ڕەوای ئینسانیو نەتەوەیی لێهاتووەو ڕۆژبەڕۆژیش زەقتر دەبێتەوە. وێدەچێ ئێتر لە سەردەمی بەجیهانیبوونو وێڕای ئەو گەشە بێ سنوورەی ڕاگەیاندنو زانیاری‌یەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا، چی دیکە حکوومەتە سەرکوتکەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نەتوانن تاکو کۆمەڵی کوردەواری لە دەست پێڕاگەیشتن بە فێربوونو بەکارهێنانی زمانی کوردی وەک یەکێک لە سەرەکیترین مافو داخوازی‌یە ڕەواو نەتەوەییەکانیان دوور بخەنەوەو پێشی پێبگرن.
هەر بۆیەش پێویستە کە هەموومان هەردەم بەیەکەوە لە خەباتێکی بەرینو چالاکانەی بەردەوامدا بین بۆ دەستەبەرکردنو گەیشتن بە مافو ئامانجە ڕەواو مرۆڤانەکەمانو یەک لەوان خوێندن بە زمانی زگماکیمان واتە زمانی شیرینی کوردیو گونجاندنی ئەو زمانە لە توێی سیستەمی پەروەردەیی، لە قوتابخانەکانی وڵاتدا. بەڵام نابێ تا ئەو کاتەش هەرگیز دەستەوەستان ڕاوەستینو پێویستە کە هەر کامێکمان لەنێو بنەماڵە و خێزانەکەی خۆمان دا، ماڵەوەمان وەک قوتابخانەیەکی فێرکاری زمانی کوردی بۆ منداڵەکانمان لێ بکەینو بە هەموو جۆرێکو لە هەر لایەکەوە هەوڵی جیددی بدەین بۆ فێرکردنی نەوەکانی داهاتوومان بە فەرهەنگو زمانی ڕەسەنی کوردی، کە خۆی هەنگاوێکی یەکجار گرینگو پێشڕەوانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە یەکجارەکی‌یەکانو ڕزگاری نەتەوەییمان.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کێشەی داڕشتنی زاراوەزانستی یەکان


ئا: ئارا

کێشەی داڕشتنی زاراوەی زانستی و پەرەپێدان و ڕێکەوتن لەسەری کێشەیەکە کە لە هەموو زمانە زیندووەکانی جیهان بوونی هەیە. لەنێو ئەتەوە پێشکەوتووەکاندا هەموو ڕۆژێک کۆمەڵێک زاراوەی تازە دێنە نێو بوارە جیاوازەکانی زانستی یەوە بۆ ئەوەی گوزارشت لەو چەمکە نوێیانە بکا کە دێنە نێو زاراوە زانستیەکان.

سەرەڕای ئەوەی کە زاراوە تەنیا شێوەی چەمکی زانستە نوێیەکان دەنوێنێت، زۆر جاریش بەهەر شێوەیەک خۆی لە نێوەڕۆک و گەوهەری ئەو ڕاستی یە زانستیانەی کە دەیەوێ گوزارشتیان لێبکا، دەدات. تا ئەو جێیەی کە ئەمڕۆ گرینگترین کێشە کە بەرەوڕووی پەرەسەندنی زاراوەی نوێ دەبێ، دۆزینەوە زاراوەی کوردی گونجاو بۆ وشەکان و چەمکە زانستە نوێیەکان کە لە زاراوە خارجیەکانەوە وەری دەگرین. چونکە زاراوە هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ پێکهێتان و پەرەسەندنی زانیاری.

هەر لە سەرەتایی بایەخدان بە زمانی کوردی تاکوو ئێستا بایەخدانی زاراوەی زانستی بۆتە جێی گرینگی پێدانی هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو زمانی کوردیدا ماندووبوون، چ ئەو کەسانەی کە بۆ خۆیان کاریان کردوە یان ئەو کەسانەی کە بە شێوەی کۆمەڵ وەک کۆڕە زمانەوانی یەکان.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەنگاوە پۆزەتیڤانەی کە نراون، لەهەمان کاتدا کەم وکووڕیان پێوە دیارە. ئەو کاتەی کە کتێبێک دەخوێنیتەوە هەست بەوە دەکەی کە زانیاری زاراوە لە چ ئاستێک دایە، کە ئەمەش کۆمەڵێک




هۆ وایان کردوە کە زاراوەی زانستی لە زمانی کوردیدا بەو شێویە بێت. بۆ وێنە نەبوونی دەوڵەت، کارکردی فەرهەنگی بێگانە، نەبوونی فەرهەنگێکی یەکگرتوو. ئەوانەی کە کاری ورگێرانی زمانی کوردی دەکەن و وشە زانستیەکان وەردەگێڕن، تووشی زۆر کێشە دەبنەوە کە ئەمەش کار دەکاتە سەر هێزو توانایان بۆ وەرگێران.

هەرچەند کە زمانی کوردی دەتوانێ بەرانبەر بە هەموو بوارەکانی زانستی بوەستێت و شان بەشانی زمانەکان پەل‌وپۆ باوێ لە پێشکەوتن و داهێناندا و دەتوانێ بەرامبەر بەهەر زاراوەیەکی زانستی، زاراوەیی کوردی دابنێت، بەڵام لێرەدا مەرج ئەوەیە بڵێین کە چۆن زاراوەی بۆ پێک دێنین. چونکە ئەو زاراوەی کە لە ڕێزماندا دابڕێژرێت زۆر بە قازانجترە لەوەی کە لە گۆترە بسەپێندرێ بە سەر زمانی کوردیدا و دوایی ببێتە هۆی بارێکی گران و ئالۆزی یەکی فکری بۆ سەر جیلی داهاتوو.

زمانی کوردی لەبەر ئەوەی زۆر نەهامەتی بەسەر هاتووەو لێکۆڵینەوە لەسەر زاراوەی زانستی کەم بووەو کراوە، ئەمەش ئەوە نیە کە هەموو هۆکارەکە کورد بۆخۆی بێ، بەڵکوو ژێردەستەیی وایی لێکردوە کە نەی‌توانیوە خزمەتی زمانەکەی خۆی بکات. زۆرداریو کۆنەپەرستی ئەو دەوڵەتانەی کە دەستیان بەسەر کوردستاندا گرتووە نەیان‌هێشتووە کە خزمەتی بووژانەوەی بکاو سەرەڕای ئەوەش هەوڵیان داوە کە کۆڕە زانستیەکان و بەکارهێنانیان لە ناو کورددا دوور بخەنەوە، بەڵام لێرەدا ئەوە ئەرکی پسپۆران و نووسەران و وەرگێرانی زاراوەی زانستی کوردی یە کە ماندوونەناسانە لەم بوارەدا کار بکەن بۆ ئەوەی ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە تا جیلی داهاتووش بتوانێ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو کێشانەی کە زاراوە زانستی یەکان ئێستا هەیانە، بکەن.

سەرچاوە: گۆڤاری بابان، ژمارە ١١



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# کــورتــە بــاســێــک لــەســەر حــافــز

ئا: نێعمەت مەلا

بێشک زۆرێک لە ئێمە شاعیرانی گەورەی کلاسیکی جیهان دەناسین و زۆربەشمان لەبەر دراوسێبوون لەگەڵ وڵاتانی وەک ئێران، تورکیە، سووریە و ئێراق زۆر یەک لە شاعیرە گەورەکانی ئەم وڵاتانە دەناسین.

لە وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران کە خاوەنی ئەدەبیاتێکی گەورەیە شاعیرانێکی وەک:

فیردەوسی، بابا تاهیری هەمەدانی، سەعدی، خەییام، نیزامی گەنجەوی، خاقانی شیروانی، وەحشی بافقی، مەولەوی... هتد، هەڵکەوتوون. بەڵام شاعیری بەناوبانگی وەک حافز ناکرێ بەو هەموو بەناوبانگییەی لەیاد بکرێ. شاعیری بەناوبانگی ئێران حافز کە لە ساڵی ٧٢٦ی کۆچی و لە شاری شیراز لەدایک بووە، یەکێک لە شاعیرە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان و ئێران بەتایبەتی کە باسێکی زۆر هەڵدەگرێ، هەوڵ دەدەم بەکورتی شتێک لەم بارەوە باس دەکەم.

ناوی حافز محەممەد و ناوبانگیشی شەمسەدینە و لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە. لەسەر ساڵی کۆچی دوایی ئەو زۆر شت وتراوە کە دەتوانین ساڵی ٧٩٢ی کۆچی باس بکەین.

هەروەک زۆربەی وێژەوانان، مێژوونووس و حافز دۆستەکان باسی لێوە دەکەن، حافز کوڕی بازرگانێکی بەناوبانگی ئیسفەهانی بووە کە لە شیراز ژیاوە و هەر لە سەرەتای ژیانی حافز، واتە هەرەتی منداڵی باوکی کۆچی دوایی دەکا. دایکی، محەممەد وەک قوتابییەک دەخاتە بەر دەستی نانەوایەک و لەویش فێری نووسین و خوێندنەوە دەبێت. لە سەرەتادا زۆربەی شێعرەکانی دەخرێتە بەر گاڵتەوگەپی خەڵک، بەڵام دواتر بە خوێندنەوەی زۆر شارەزایی باشتر لەم بارەوە پەیدا دەکا و دەگاتە ئاستێک کە کەس تاکوو ئەو کات پێی نەگەیشت بوو.

حافز زیاتر لە ٥٠٠ غەزەلی هۆنیوەتەوە کە تاکوو ئێستاش، بە بەناوبانگترین غەزەڵ لە ئێران و جیهان دادەنرێن.

هۆکاری سەرەکی ئەوە کە ناوی نراوە حافز بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قورعانی بە تەواوەتی لەبەر بووەو هەر لە بەر ئەوەش پێیان وتووە حافز.

غەزەلەکانی حافز بە چەندین زمانی گەورەی جیهان وەرگێڕدراون و لە سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم بەزۆربەی زمانەکانی ئورووپایی پاچڤە کراوە.

کوردیش لەم بارەوە بێ بەش نەبووە، بۆ نموونە دەتوانین باس لە کتێبی شەونم لە نووسینی مامۆستا حەقیقی بکەین و ئەو کەسایەتییە بەرزە ١٠٠ غەزەلی حافزی کردۆتە کوردی کە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٨٧دا چاپەمەنی کوردستان بە





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چاپدرانی ئەو غەزەلانە خزمەتێکی گەورەی بە ئەدەبیاتی کوردی کرد. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٨ بۆ جاری یەکەم کتێبی مەحرەمی ڕاز لە نووسینی خاتوو ئەکرەم عەنەبی کە شرۆڤەی غەزەلەکانی حافیزە، لە لایەن دەزگایی توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی لە سێ بەرگدا بڵاو دەکرێتەوەو خاتوو ئەکرەم بە باشی

هەندێک جار کاتێک یەکێک لە بەیتەکان دەڵێینەوە کە ئەم بەیتە عیرفانیە، بەڵام کە بەیتەکەیتر دەخوێنینەوە بەیتەکە بەشێوەیەکیتر دەبێتە عاشقانە،بۆیە کاتێک خوێنەر غەزەلی حافز دەخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە هەر بەیت لە شێعرەکانی لەگەڵ بەیتەکەیتر پێوەندییەکی قووڵیان هەیە و ئەو کەسانەش کە شارەزاییان

سنایی لە سەرەوە

| غەزەلی عارفانە | گرووپی تەلفیق | غەزەلی ئەویندارانە |
|---|---|---|
| خاقانی | ئۆحەدی | ئەنوەری |
| عەتتار | خواجو | زۆهیر |
| عەراقی | عیماد | جەمال |
| مەولەوی | سەلمان | کەماڵ |
| – | – | سەعدی |
| حافز | حافز | حافز |

غەزەلەکانی حافز شی دەکاتەوە. ئەگەر بمانهەوێ جەغزێک بۆ غەزەلی فارسی دابنێین دەتوانین ئاوا باس بکەین کە دوو بەش ساز دەبێت،

لە شێعرەکانی حافز نەبێت ناتوانن بە باشی لە شێعرەکانی ئەو تێبگەن یا خوود تام و چێژی لێوەرگرن. بەڵام لەبارەی فاڵی حافز کە زۆر جاران ئێمەش فاڵی پێدەگرینەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کتێبگەلێک هەن کە بە کتێبی فاڵی حافز ناسراون، بەڵام لە بنەڕەتدا دیوانی حافز بۆخۆی فاڵ نامەیەکە کە ئەو کتێبانەی دیکە لەڕووی ئەوەوە نووسراون و بە کەسانێکی شارەزا کە بە باشی لە مەبەستی حافز لەنێو غەزەلەکانی تێدەگەن، دەکرێ. شایانی باسە کە حافز جگە لە



ئەویش ئەوە کە حافز دەکەوێتە نێوان دوو جۆر لە غەزەلەوە کە ئەویش غەزەلی ئەویندارانە و غەزەلی عارفانەیە، کە بەم شێوەی لێ دێتەوە: هەروەک لە وێنەی سەرەوە دەبینین حافز لەهەر دووک شێوەدا لە نێوەڕاست دەردەکەوێت.

غەزەل چەندین چوارینەی هەبووە کە بەو حاڵەشەوە زۆر کەس باس لەوە دەکەن کە هی حافز نیە، بەڵام وێ دەچێ کە هۆنراوەی حافز بن.
هەموو ساڵێ لە ئێراندا ٢٠ی ڕەزبەر یادی ئەو شاعیرە گەورەیە دەکرێتەوەو لەو ڕۆژەدا بە سەدان حافز دۆست و

نووسەر و لێکۆڵەری گەورەی ئێران و جیهان لەسەر مەزارگەکەی لە شاری شیراز کۆ دەبنەوەو یادی دەکەن، دەوڵەتی ئێرانیش ئەو ڕێکەوتەی بە ڕۆژی یادکردنەوەلە حافز ناودێرکردوە.

ئەگەر بمانهەوێ غەزەلەکانی حافز لێک بدەینەوە واتە بزانین غەزەلەکانی زیاتر لە سەر چ کێشێک هەن، ئەوە دەبێ سەیری ئەو نموودارەی خوارەوە بکەین ئەوکات بۆمان دەردەکەوێ کە زۆربەی غەزەلەکانی لەسەر چ وەزنێکن:

لە کۆتاییدا ئەو بەیتە لە حافز دەهێنمەوە کە داستانەکەی بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە حافز دەبینێت گەلەکەی لەلایەن "ئەمیر موبارێز" بە ناوی دین زوڵم و زۆرییەکی زۆری لێ دەکرێ و دوایەش کە یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی "شا شوجاع" کە شۆڕشی لەهەمبەر دەکات و دوایە دێتە سەر کارەوە. شا شوجاع پیاوێکی ئەدەب دۆست دەبێت و لەگەڵ خەڵک زۆر باش دەبێ، بۆیە حافز ئەو بەیتانە بۆ ئەو دەنووسێ ماموستا حەقیقیش کردویەتی بە کوردی:
گەیی لە هاتیفی غەیبیم بەیانی مژدەی خۆش
کە دەوری شاهی شوجاعە و بە کەیفی بکە نۆش
بە سەر چوو ئەودەمی لاوان دەچوونە پێچ و پەنا
دڵان پڕی قسە بوون و زمان خری خامۆش.

هیوادارم بەم کورتەیە توانیبێتم دڵۆپێک لە دەریای حافزم بە ئێوە ناساند بێ.

سەرچاوەکان:
کتێبی شەونم، مامۆستا حەقیقی
کتێبی شێوازناسی شێعر لە نووسینی دوکتور سیرووس شەمیسا(فارسی)
سایتی ویکی پدیا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

## نقووم بوون:

# کورتە چیرۆکێک لە ئانتوان چیخۆف



وەرگێڕان لە فارسییەوە: شلێر مەحموودی

چیخۆف نووسەرێکی مرۆڤ دۆست، ئازادیخوازو ڕۆشنبیر بوو. چیرۆکەکانی، بیرۆکە پێشکەوتووەکانی ئەویان نیشان دەدا. ئەو زۆر بە توندی لەگەڵ گەندەڵیو درۆ، خۆ هەڵکێشان، شەرمەزاری، دەمساردی(منفی بافی)، بیرکورتی، سەبرو خۆڕاگری لەبەرامبەر زوڵمدا، ئازادی خوازی بەدرۆ و هەروەها چەندان سیفەتی دیکەی نەرێنی خەباتو بەربەرەکانی دەکردو کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی بەرەو داهاتوویەکی درەوشاوەو ژیانێکی کامەران پەلکێش دەکردو بۆ گەیشتن بە بنەماکانی پێشکەوتن بیروراگەلێکی بەرجەستەی بە خوێنەرانی خۆی دەگەیاند.

لە گەرمەی حەماڵیو بەتاڵ کردن لە شەقامێکی قەراغ ڕووبارێکی گەورەی کەشتیدا هەراو هەڵلایەک سازبوو، لەو جۆرە هەراو هەڵلایانەی کە بەزۆری لە نیوەڕۆیانی گەرمی هاویندا ساز دەبێ. فشە فشی کەشتییە هەڵمییەکانو ناڵە و خشە خشی بارهەڵگرانو جۆرەها جنێوی ناشیرینی دیکە دەبیستری.

هەوا پربوو لە بۆنی وشکە ماسیو ڕۆنی ڕەش، پەیکەرێکی کورتەباڵا بە ڕووخسارێکی زۆر خەمبار و ئاوساوەوە کە چاکەتێکی دڕاو و پانتۆڵێکی پینەکراوی لەبەردا بوو، بە کارگێری کۆمپانیای کەشتی ڕانی

"شچلکوپر" کە هەر لەوێ لە دەم ڕووبار لەسەر لێواری ئاوەکەدا دانیشتووەو چاوەڕوانی خاوەن بارە کە خەریکە نزیک دەبێتەوە. کڵاوێکی کۆن و دڕاوی لەسەرەو وا نیشان دەدا کە کاتی خۆی کڵاوی فەرمانبەرێکی دەوڵەت بووە. بۆین باغەکەشی لە یەخەکانی هاتۆتە دەر و بەسەر سینگیدا بەربۆتەوە، سڵاوێکی نیزامیانەی لێدەکا و بەدەنگێکی گیراوەوە بە کارگێرەکە دەڵێ:

... سڵاو بۆ جەنابی بازرگان! بەڕێزتان پێتان خۆش نیە کەسێک لەحاڵی نقووم بووندا ببینن؟ مەبەستم خنکیاگێکە. کارگێری کەشتی ڕانەکە دەڵێ:

ــــ کـــام خـــنـــکــاو؟

من خۆم لە ئاوەکە دەهاوێم و بەڕێزتان سەیری دیمەنی نقووم بوونی مرۆڤێک ـ لەڕاستیدا خنکاوێک لە گۆڕێ نیە، بەڵام من دەتوانم ڕۆڵی نقووم بوویەک بگێرم ـ بەهرەمەند دەبێ! ئەم دیمەنە بەر لەوەی خەمهێنەر بێ، بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیی و لایەنە پێکەنیناوییەکانی، گاڵتە جارییە. ئاغای بازرگان ئێستا ئیزن بفەرموون تا دەست بە شانۆکە بکەم.

ــــ من بـــازرگـــان نـــیم.

لەم ڕۆژگـــارەدا بازرگانانیش چوونە ناو بەرگی ڕۆشنبیرانەوە کە تەنانەت حەزرەتی نووحیش ناتوانێت پاک لە ... (ببوورن، دووبارەی دەکەمەوە، بە فەرانسەیی هەزارجار داوای لێبووردن دەکەم، لە پیس جیا بکاتەوە). ئێستا کە بەڕێزتان ڕۆشنبیرن، چ باشتر! ... لەزمانی یەکتر باشتر تێ دەگەین ... من نەجیم زادەم ... باوکم ئەفسەری سوپا بوو، بۆخۆشم بۆ فەرمانبەریەتی دەوڵەت پاڵێوراو بووم ... و ئێستا، حەزرەتی ئەجەل، من خزمەتکاری جیهانی هونەر، لە خزمەت دام ... لوور خۆی هاویشتە

ناو ئاوەکە و دیمەنێکی زیندووی نقووم بوویەک ...نا سوپاست دەکەم. لەگەڵ بەڕێزتان زۆر بەگران حەساوی ناکەم ... بە پۆستاڵەوە دوو ڕووبل و بێ پۆستاڵیش تەنیا ڕووبلێک ... ئەگەر نیگەرانی لایەنی ماڵییەکەی دەبێ هەر لە ئێستاوە خەیاڵتان ئاسوودە بکەم ...

ئەو هەموو جیاوازییە بۆ؟

بە فەرانسەیی: کەواتە (ئیزن دەفەرموون کاسبییەکەم) کەواتە بۆ ئەوەی پۆستاڵ قورسترین بەشی پۆشاکی مرۆڤ پێک دێنێ، وشک کردنەوەشی زۆر زەحمەتە، دەست پێبکەم؟

... نا گیانە، من بازرگان نیم. خۆشم لەم جۆرە شانۆ هەژێنەرانە نایەت.

ئم ... وای بۆ دەچم کە وێ دەچێ بەڕێزتان لە چەندوچوونی مەسەلەکە



ئاگاداری‌یەکی ئەوتۆتان نەبێ ... ئێوە وا بۆی دەچن کە من دەمهەوێ ئێوە دەعوەت کەم بۆ سەیرکردنی شانۆیەکی نەگونجاوی توندوتیژاوی، بەڵام باوەڕ بفەرموون ئەوەی چاوەڕوانتان دەکات شانۆیەکی پێکەنیناوی و گاڵتە جارییە ... شانۆکەی من دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێکەنین بهێنێتە سەر لێوانت ... وێنەی کەسێک کە جلوبەرگی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەبەر دایە و مەلە دەکا و لە گەڵ شەپۆلەکانی رووبارەکە دەست و پەنجەی نەرم دەکات، لە ڕاستیدا زۆر پێکەنیناوییە! لەگەڵ ئەوەی ... کەمێکیش پارەم دەست دەکەوێت .
ــ لە جیاتی ئەوەی ئەم شانۆیانە جێبەجێ بکەیت، بۆچی کارێکی باشتر ناکەیت؟
ـ دەفەرمووی کار؟... چ کارێک؟ کار لە شانی نەجیب زادەیەک بە بیانووی هۆگریم بە خواردنەوە کحولیەکان دریغیم لێ دەکەن ... گومان دەکەی مرۆڤ تاکوو واسیتەیەکی نەبێ، بتوانێ کار پەیدا بکا؟ لە لایەکیترەوە منیش بەهۆی پێگەی بنەماڵەکەم ناتوانم کارگەلێکی وەک کرێکاری و...هتد،بکەم.
ــ چارەسەری کێشەکەت ئەوەیە کە پێگەی بنەماڵەکەتان لە بیر بکەن. پەیکەرەکە بە فیزێکەوە سەر بەرز دەکاتەوەو بە تەوسەوە دەپرسێ؟
ـ وتت لە بیریی بکەم؟ شوێنێک کە تەنانەت هیچ باڵندەیەک بنەچەی خۆی لە بیر ناکات، لەو بڕوایە دایت کە نەجیب زادەیەکی وەکوو من پێگەی بنەماڵەکەی بدا بە چڵە پووشێک ... ئاغا! .... شانازی بە هەموو شتێکی خۆمەوە دەکەم ... لەگەڵ ئەوەی کە هەژار و شرپۆشم، بەڵام بێ ئەزموون.
ـ بەلامەوە سەیرە کە غرووروتان ڕێگا نەدات شانۆکە ئەنجام بدەی.
ـ بەڵام بە قسەکانی تاوان بارێک، بەرلەوەی ... بۆ ئەمە داوای لێبووردن دەکەم! بیرهێنانەوەی بەڕێزتان لە ڕاستیدا دەربڕی ڕاستییەکی تاڵە. وادیارە کەسێکی خوێندەواریت، بەرد بارانی بکەن، دەبێت گوێ ڕایەڵ بن... ڕاستە کە لە نێوان ئێمەدا کەسانێک پەیدا دەبن کە بەرزەخۆیی خۆیان دەخەنە ژێر پێ و بۆ بەخێرهێنانی مشتێک بازرگانی زوڵ و تەشقەڵەباز حازرن خەردەل بساونە سەرو سەکوتیان یان بۆ نموونە لە گەرماودا سەرو گوێلاکیان بە دوکەڵ ڕەش بکەن تاکوو لاسای شەیتان بکەنەوە، یان جلوبەرگی ئافرەتانە بکەنە بەر و هەزار جۆرە جرت و قرت و ئەداو ئەتوار دەرێنن ... من ڕەخنەم لەم جۆرە ئەداو ئەتوارانە هەیە! من بە هیچ نرخێک ڕازی نیم بەخاتری بەخێرهێنان و خۆشحاڵی کۆمەڵە بازرگانێک، خەرتەلە و تەنانەت شتی باشتریش

لەو بساومە سەرو سەکوتم، بەڵام بەجێهێنانی ڕۆڵی نقووم بوویەک بە ناشیرین و ناپەسەند نازانم... ئاو ماددەیەکی ڕەوان و پاکە، چوونە ناو ئاو، جەستە پاک دەکاتەوە، تا ... ڕێگا بدە بە پۆستاڵ، تەنیا ڕووپلێک ... پیس، زانستی پزیشکی بیر و ڕای من تەئکید دەکا ... بە هەر حاڵ لەگەڵ بەڕێزتان زۆر گران حەساوی ناکەم.
ــ نا گیانە پێویست ناکات .
ــــــــ بــــــــــــــــەڵام بـــــــۆ؟
ــ پێم گوتیت پێویست ناکا.
ـ خۆزگە دەت دیت چۆن ئاو قووت دەدەم و چۆن نقووم دەبم! ... ئەم سەراوسەری ڕووبارەکە بگەڕێی کەسێک پەیدا ناکەی کە بتوانێ وەک من نقووم بێ .... کاتێک خۆم بە مردوویی دەخەم، تەتانەت ئاغا دوکتورەکانیش دەکەونە شک و گومانەوە. زۆر باشە کاکە، لە جەنابتان تەنیا شەست کوپک(پارەی ڕووسی) وەردەگرم ئەوەش بەخاتری ئەوەی تا ئێستا سفتاحم نەکردووە ... مەحاڵە لەوانیتر لە سێ ڕووبل کەمتر وەرگرم، بەڵام لە قەڵافەتی جەنابتانەوە دیارە پیاوێکی باشن... من لە گەڵ بیرمەندانێکی وەکوو تۆ کەمتر حەساو دەکەم.
ــ تکایە لێم گەڕێن.
ـ بۆ خۆت دەزانی! ... هەرکەسە سەلاحی خۆی باشتر دەزانێ...
بەڵام دەترسم بە دە ڕووبلیش نەتوانی خنکانی مرۆڤێک ببینی.
دواتر کابرا، لە هەمان شوێنی قەراغ ڕووبارەکە،کەمێک دوورتر لە کارگێڕەکە دادەنیشێ و بە خاوەخاو و هێواشی گیرفانی کۆت و شاڵوارەکەی دەپشکنێ.
ــ ئەم... شەیتان بە نەعلەت بێ! توتنەکەم چی لێهات؟ پێم وابێ لە بارەندازەکە جێمهێشت بێ... لە گەڵ ئەفسەرێک دا جەڕوباسی سیاسییم بوو و لە کاتی توورەبووندا قوتووە جغارەکەم لەوێ لێ بەجێما ... جا دەزانیت ئەم ڕۆژانە لە ئینگلیستان باس باسی گۆڕانی کابینەیە ... خەڵکی قسەی سەیروسەمەرە دەکەن! حەزرەتی ئەجەل، سیگارت پێیە؟
ـ کەرگێڕەکە سیگارێکی دەداتێ. هەرلەو کاتدا بازرگانی خاوەن بارەکە ـ ئەو پیاوەی کە کارگێڕەکە چاوەڕوانی بوو ــ لە کەنار ڕووبارەکە دەردەکەوێ. کابرا زۆر

خێرا لە جێگاکەی ڕاست دەبێتەوە، سیگارەکەی لەنێو قۆڵی کۆتەکەی دا دەشارێتەوە، سلاوێکی عەسکەری دەکا و بەو دەنگە گیراوەیەوە دەڵێ:
ــ سلاو و ڕێزێکی زۆر بۆ حەزرەتی ئەجەل! سلاوم عەرز کردی.
کەرگێڕەکە ڕوودەکاتە بازرگان و دەڵێ:
ــ ئاخرەکەی هاتی؟ ماوەیەکە چاوەڕوانتم! لە نەبوونی تۆدا ئەو پیاوە بێ شەرم و دزێوە باوکمی دەرهێنا! بەو شانۆیانەی واز لەو سەرە کەچەڵەم نایەنێ و دەست بەردار نابێ. پێشنیار دەکا کە شەست کوپک وەرگرێ و ڕۆڵی کەسێکی نقووم بوو بگێڕێ.
ـ شەست کوپک؟ ... دەترسم لە بینێت بگیرێ ئابرا. نرخی ئەم جۆرە کارانە بیست و پێنج کوپکە ... دوێنێ سێ کەس بەیەکەوە نقووم بوون. شەست کوپک! لە سی کوپک زیاتر نادەم ... بۆ هەموو سەرنشینانی کەشتی¬یەکە تەنیا پەنجا کوپکیان وەرگرت.
کابرا دەکێشێ بە دەمی خۆیدا و بە تەوسەوە دەڵێ:
ـ سی کوپک؟ دەفەرمووی نرخی جارێک نقووم بوون؟! زۆر چەورە کاکە.
ــ واز بێنە تاقەتی تۆم نیە.
ـ سی کوپکم وەرگرتووە ... باشە ئەمڕۆ سفتاحم نەکردوە، دەنا .... داوای لێبووردن دەکەم بە کەس مەڵێن کە کابرا پێڵاوەکانی دادەکەنێ و ڕووی گرژ دەکا، بە فیزەوە چەناگەی هەڵتەکاند، ڕووەو ڕووبارەکە دەچێ و نەزانانە شیرجە لێدەدا .... دەنگی داکەوتنی تەنێکی قورس بۆ نێو ئاوەکە دەبیسترێ ... ماوەیەک دواتر کابرا لە نێو ئاوەکە دێتە دەرەوە، نەزانانە دەست و پێ لێدەداو هەوڵ دەدات قیافەیەکی سام هێنەر لە خۆی نیشان بدا ... بەڵام لە باتی سام، لە سەرمان دەلەرزێ.
کابرای بازرگان هاوار دەکا.
ـ نقووم بە نقووم بە! چەندە مەلە دەکەی؟ ... ئێستا ئێتر نقووم بە.
کابرا چاوێک دادەگرێ و خۆی دەکێشێتەوەو خۆی هەڵداوێتەوە ئاوەکە. هەموو شانۆکەی هەر ئەوەیە! دوای "نقووم بوون"، لە ڕووبارەکە دێتە دەرێ و سی کوپکی خۆی وەردەگرێ و بە تەڕو تلیسی و لەرزەوە ڕێگای خۆی لە مەودای قەراغی ڕووبارەکە دەگرێتە بەر.





کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

# مەرگ ... سمکۆ ئاگوشی



نووسینی: ئەحمەد قازی

ئەی خۆرەتاوی دەم بەیان
گزینگ بدە لەکەلی جوانی ئەم کەیوانە

ئەی جێژوانەکانی بەتاریکدا پۆشراوم

ئەوە ئەم شەو لەپێ دەشتی سینگتا لەبن دوو برۆی هیلالتا

وێنەیەک سازدەکەم، خۆشەویستی سالآنی ئەویندار نیشان بدا

حەسرەت و داخ و دەردو ناخۆشی ژیانم پێناسە بکەم

خۆشەویستم من هەر چەند داخی دەردم گرانە و چاوەڕێی مەرگەم

دونیا لە پێش چاوم دارستانێکی چڕو پڕو دڕندەو تاریکە

ئاخ خۆزگە پێناسەکانم بۆ خۆشەویستی تۆ نوسیبایە نەک بۆ مەرگ

چاوەکانم هەر دووکیان لێڵ و پڕ ئەسرینن، ڕۆژانی ژیانیان لێ بەدی ناکرێ
خۆشەویستم
دەڕۆم بەرەو شاری خەونەکانم

خۆشەویستم بەرەو ئەو شوێنەی کە بۆ هەتا هەتایە لە تاریکی‌دا دەژیم
دایە گیان دەزانم ئێستا ڕەنگ زەردو و لێو بەباری

خوشکە جوانکەم! دەزانم ڕەش پۆش و خەمباری

خوایە تۆ چەندە گەورەو مێهرەبانی، بۆ وا لێکمان دەکەی بەیەک جاری

خۆشەویستم ئاڵقەی بووکێنیمان هێشتا هەر زەردە، بەرەو ئارامگای تاریکیم دەبەن
تۆ خوا با تێر تێر پەنجەکانت بە خۆمەوە بگوشم، بەڵکوو زامەکانم سارێژ بن

نەخۆشخانەی نانەکەلی لە هەولێر
ئەم پەخشانە شیعرەم بۆ نەمر کاک سمکۆ ئاگوشی کە لە ڕێکەوتی ١١/١٢/١٣٨٤ بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد، هۆنیوەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زانستی

# دۆزینـــەوەی "مێـگـاڤـایـرۆس" لـــە ئـۆقـیـانـووس‌دا

و: خاڵی مێهران

ئەم ڤایرۆسە لەو ڕیکۆردەی پێشوو کە لە ساڵی ١٩٩٣دا دۆزرایەوە، گەورەترە.

دۆزینەوەی گەورەترین ڤایرۆسی جیهان لە ئاوەکانی شیلی دا بە زیاتر لە هەزار بۆهێڵەوە(ژن) بیرمەندانی تووشی سەرسووڕمان کرد. خەریتەی بۆماوەیی ئەم ڤایرۆسە بە ناوی "مێگاڤایرۆسی چیلێنسیس" شەش جار و نیو لە کۆدی "میمی ڤایرۆس"ی پێشوو کە لە ساڵی ١٩٩٢دا پەیدا بوو، گەورەترە. ئەم ڤایرۆسە نوێیە دە تا بیست جار لە ڤایرۆسە مام ناوەندی‌یەکان گەورەترە. ته قر یبه ن ئه ستو و ر یی ئەم وردیلانە حـــەوت لـەسـەر دە مـایـکـرۆنـە.

بـیـرمـەنـدان بە بڵاوکراوەی زانستی "پی. ئێن. ئێس"یان ڕاگەیاند کە وێ دەچێ ئەم ڤایرۆسە ئەو ئامیبانەی کە بە شێوەیەکی ئازاد لە دەریادا مەلەوەرن، تێوە دەگلێنێ.

ژان میشێل کلاوێری لە زانکۆی ئێکس‌مارسی لە شاری مارسی فەڕانسە ڕوونی کردەوە: "مێگاڤایرۆس لە هێندێک لە بەکتریەکان گەورەترە. بۆ دیتنی پێویست بە میکرۆسکۆپی ئەلیکترۆنی ناکا. دەکرێ بە میکرۆسکۆپێکی ئاساییش ببینین".

ڤـایـرۆسـەکـان بـە پێچەوانەی بەکتریەکان توانای زۆربوونیان نیە واتە ناتوانن خۆیان بەرهەم بێنەوە، بەڵکوو بۆ بەرهەم هێنانەوە دەبێ دزە بکەنە نێو خانەیەکی خانەخوێوە. مێگاڤایرۆسیش وەک میمی ڤایرۆس لە دەرەوەڕا پێکهاتەیەکی مەمیلەیی شێوەی هەیە کە وێ دەچێ ببێتە مژینی ئەو ئامیبانەی کە بەدووی گرتنی بەکتریگەلێکەوەن کە ڕواڵەتێکی هاوشێوەیان هەیە.

توێژینەوەی "دی. ئێن. ئەی" ئەم ڤایرۆسە گەورە دەری‌دەخا کە زیاتر لە هەزار بۆهێڵی هەیە و بە دوای چوونی بۆ خانەی خانەخوێ بۆ بەرهەم هێنان و زۆربوون کەڵکی لێ‌وەردەگرێ.

مێگاڤایرۆس لە ئاوەکانی لاس کرۆسێس لە بەشی نێوەڕاستی شیلی‌دا دۆزرایەوە. ئەمە بەشێک لەو ماددەیە بوو کە لە



توێژینەوەیەکی زیندەوەرناسانە لە ئۆقیانووس‌دا کۆکرانەوە.

پرۆفسۆر کلاوێری گوتی:

ـ ئەمە شێوەیەکی نوێیە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە ڤایرۆس ناسیەکان و، هەروەها لە درێژەدا وتی:

ـ تاکوو بەر لەمە ئێمە تەنیا بە دوای دۆزینەوەی ڤایرۆسەکانەوە بووین، چونکە دەبوونە هۆی نەخۆشی لە مرۆڤ، گیان‌لەبەران و گیاکان‌دا، بەڵام ئێستا لێکمان ناساندوە کە ڕەنگە بکرێ ناوی بنێین ڤایرۆس ناسی ژینگەیی و لە هەموو شوێنێک بە شوێن ڤایرۆسەکانەوەین. ئێمە دەچینە گۆلەکان، دەریاکان و ئۆقیانووس و ئاو لە گەڵ خۆمان هەڵ دەگرین و دەی پاڵێوین. هەوڵ دەدەین ویرووس لە هێلەک بدەین. بە شێوەیەکی گشتی هۆگرییەکی زیاتر بە نیسبەت ڤایرۆسی ئۆقیانووسەکانەوە هەیە، چونکە ئەوان کاریگەرییەکی زیاتریان لەسەر حەشیمەتی پلانکتۆنەکانەوە هەیە، چونکە ئەم بوونەوەرە میکرۆسکۆپیانە بنەمای زۆرێک لە زنجیرە خۆراکیەکانی دەریاکان پێک دێنن. هەروەها ڤایرۆسەکان قازانجێکی دیکەشیان لە بواری سووڕی ژیئۆکیمیاییەکانی زەوییەوە هەیە.

ئەو پلانکتۆنانەی کە بە هۆی ڤایرۆسی بوونەوە لەنێو دەچن دەخزێنە قووڵایی دەریاکانەوەو کەربۆنەکەیان دەکەوێتە داوەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی فارسی بی. بی. سی.





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەشت ڕێگای بەهێزکردنی زەین

وەرگێڕان لە فارسییەوە: ئاورینکۆ ـ فینلاند

١: دیالۆگ و قسەکردن:
کاتێک کە ئێوە لەگەڵ کەسێک قسە دەکەن، هەست بە ڕەزامەندی دەکەن. لێکۆڵینەوەیەک لە زانکۆی میشیگان سەبارەت بە هەمەچەشنە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی ئاخاوتن و کاریگەرییەکانی لەسەر مێشک ئەنجام دراوە. ئەم لێکۆڵینەوە دەری خستوە کە قسەکردنی نەرێنی هیچ قازانجێکی نیە. لە کاتێکدا کە ئەگەر دیالۆگێکی بەکەڵک بکرێ، وتووێژکەرەکان کارکردێکی بەڕێوەبەری و تێگەیشتنێکی باش وەدەست دێنن و ئەو کارکردانە هەر ئەو زەینەیە. لێکۆڵینەوەگەلێکی دیکە لەسەر دیالۆگی بەکەڵک و واتادار ئەنجام دراو لێکۆڵەرەوەکان بەو ئاکامە گەیشتن کە وتووێژکەرەکە زیاتر هەوڵ دەدا لە لایەنی بەرامبەر تێبگا و تەنانەت فکرو قسەکانی دواتریشی بخوێنێتەوە کە ئەو کارە دەبێتە هۆی دنەدانی بەشێک لە مێشک کە بەستراوەتەوە بە زەینەوە.

٢: نەبوونی دڵەڕاوکە:
ئایا تاکوو ئێستا بۆتان هاتۆتەپێش کە بچنە چێشتخانە و لە خۆتان بپرسن کە بۆچی من لێرەم و دەم هەویست چە کارێک بکەم؟ ئەوە یەکێک لە کێشە باوەکانی هۆشە کە لە دڵەڕاوکێ و دڵەتەپەوە سەرچاوە دەگرێ. کاتێک کە ئێوە دڵەڕاوکێتان هەیە، هۆرمۆنی کۆرتیزۆڵ لە مێشکدا بەرزدەبێتەوەو بیرگەی کورت خایەن لەنێو دەچێ. کەواتە مێشکتان واپەروەردە بکەن هەر کاتێک کە تووشی دڵەتەپە و تووڕەبوون هاتن، باشتر بجووڵێنەوە. هەربۆیە پشوودان و هەناسەهەڵکێشانی قووڵ دەبێتە هۆی دووربوونەوە لە دڵەتەپە و هێوربوونەوەی کەسەکە.

٣: فێربوونی زمانێکی دیکە:
لێکۆڵەرەوەکان بەو ئاکامە گەیشتوون کە فێربوونی زمانێکی دیکە کاریگەرییەکی بێوێنەی هەیە لەسەر بەهێزبوونی بیرو زەین. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە ئەو کەسانەی کە زیاتر بە دوو زمان قسە دەکەن(بۆ وێنە کوردی و فینلاندی)، کەمتر تووشی بێهێزبوونی بیرو زەین دەبن لە ماوەی ژیانیاندا. شایانی باسە هەر چەند ژمارەی ئەو زمانانەی کە کەسەکە قسەیان پێ دەکا زیاتر بێ، لاوازبوونی بیرو زەین کەمترە، بۆ وێنە ئەو کەسەی کە دەتوانێ بە چوار زمان یان زیاتر لە چوار زمانان قسە بکا، بە بەراورد لەگەڵ کەسێکی کە بە دوو زمان قسە دەکا، پێنج جار کەمتر کێشەی زەینی بۆ دێتەپێش. یان کەسێک کە بە سێ زمان قسە دەکا بە بەراورد لەگەڵ کەسێک کە بە دوو زمان قسە دەکا، سێ جار کەمتر تووشی کێشەکانی تێگەیشتن دەبێتەوە. کەواتە هەر لە ئێستاوە بڕیار بدەن زمانێکی دیکە فێربن هەتا زەینتان بەهێزتر بێ.

٤: خواردنەوەی ئاوی چەوەندەر:
ئاوی چەوەندەر زەین بەهێز دەکات. لە ئاوی چەوەندەردا نیترات هەیە کە لە لەشدا دەگۆڕێ بە نیتریت و هەروەها خێرایی خوێن لە لەشدا زیاد دەکا و ئۆکسیژێنی زیاتر بە لەش دەگەیەنێ. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە مرۆڤە شێت و بیرکولەکان یان ئەو کەسانەی کە ڕادەی تێگەیشتنیان زۆر بەهێز نیە، لە بەشێکی تایبەت لە مێشکیاندا ئۆکسیژێن نیە. نیترات دەزانێ کە کام بەش لە لەشدا زیاتر پێویستی بە گەڕانی خوێن و ئۆکسیژێنی زیاتر هەیە. کەواتە ئەم تیۆرییە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو خواردنانەی کە نیتراتی زۆریان تێدایە وەکوو: چەوەندەر، کەلەم، کەرەوس و سپێناخ دەتوانن فام و هۆش بەرنەسەرو ببنە هۆی بەهێزبوونی مێشک و زەین.

٥: خواردنە گیاییەکان:
خواردنە گیاییەکان خێرایی دابەزینی هۆش و بیر لە مرۆڤە بەساڵاچووەکاندا کەم دەکاتەوە، واتە پێشگیری لە دابەزینی بیرو زەین دەکا، بەگشتی کەسانێک کە زیاتر کەڵک لە سەوزی تازەو دانەوێڵە، ڕۆن زەیت و ماسی وەردەگرن، کەمتر تووشی دابەزینی هۆش و فام دەبنەوە.

٦: هەناسەگیران لە خەودا(آپنە خواب):
هەناسەگیران لە خەودا دەبێتە هۆی هەستانی کەسەکە لە نیوە شەودا. ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکەن، دەبێتە هۆی خەواڵوویی و لەبیرچوونەوە. مرۆڤە تووش بووەکان بە هەناسەگیران ئۆکسیژێنی تەواویان نیە و ئەم کارەش کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر تویژاڵی خۆڵەمێشی مێشک دادەنێ. زۆرترین کاریگەرییە نەرێنییەکانیش لە بەشی زەین دایە.

٧: نەخۆشی دڵ:
ئەگەر چەوری خوێن و پەستانی خوێنتان لەسەرێیە، جیا لە ئەگەری سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی دڵ، مێشکیشتان لەبەردەم مەترسی دایە. ئاکامی دە لێکۆڵینەوە لە ئەنجومەنی دەمارناسی لە ئەمریکا دەری خست ئەو کەسانەی کە لەبەردەم مەترسی نەخۆشی دڵ دان،کارکردی تێگەیشتنیان لاوازەو بە پێچەوانەشەوە ڕاستە.

٨: وەرزشی مێشک:
مێشکیش هەروەک ماسوولکەکان پێویستی بە وەرزشە. ئەگەر ئەنیشکی دەستی چەپتان بۆ ماوەی ٦ مانگ نەجووڵێنن، چی بۆ دەکەی؟ مێشکیش هەر ئاوایە. باشترین ڕێگا بۆ بەهێزبوونی زەین، کەڵک وەرگرتنی ڕۆژانەیەتی، بۆ وێنە ئەگەر بە مێشک سپاردنی ژمارە تەلەفوونەکانت بۆ دژوارە، بۆ لەبەرکردنیان کاتیان بۆ دانێ. پاش ماوەیەک دەبینی کە تەواوی ژمارە تەلەفوونەکانت لەبەرە.

سەرچاوە: ئینتێرنێت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کـــــارو چـــالاکـــی

## کـۆنـفـڕانـســی "نـــا بــۆ قــڕکــردنــی کــلــتـــووری"

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١٣٩٠/١٠/٣٠ی‌هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتی لاوان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مەنسوور



هەیئەتی یەکیەتیی لاوان

سەممار سکرتێری گشتیی یەکیەتی لاوان، سەیدجەلال سالحی سەرنووسەری گۆڤاری لاوان، وریا ڕەحمانی و ڕێبوار مەعرووف زادە ڕۆژنامەنووس، بەشداریان کرد لە کۆنفڕانسێکی ڕۆشەنبیری لەژێر ناوی "نا بۆ قڕکردنی کلتووری" کە لە لایەن گۆڤاری هاودەمەوە ڕێک خرابوو.

سەرەتا بە چەند وتەیەک لە لایەن دوکتور کارزان خانەقینی‌یەوە دەست بە کاری کۆنفڕانس کرا، دواتر وتاری گۆڤاری هاودەم لە باشووری کوردستانەوە پێشکەش کرا، بە دوای وی‌دا وتاری کەمپی مەخموور کە نوێنەرایەتی کوردستانی باکووریان دەکرد، پێشکەش کرا، دواتر لە لایەن خاتوو دلشا یووسف کە خاتوونێکی کوردستانی ڕۆژئاوابوو وتارێک خوێندرایەوە کە زیاتر لەسەر جلوبەرگ و نەریتی کوردان لە ڕۆژئاوا دوا، لەدوای ئەودا وتاری یەکیەتیی لاوان کە وەک ٢ پرۆژە ئامادە کرابوو لە لایەن هەر یەک لە بەڕێزان ڕێبوار مەعرووف زادە(بابەتەکەی پەیوەندیدار بوو بە ژینۆساید کردن) و وریا ڕەحمانی(باسەکەی لەمەڕ زمانی زگماکی) پێشکەش کران. دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە لایەن بەشداربووانی ئەم کۆنفڕانسەوە چەند پرۆژەو پێشنیارێکی‌تر هاتەبەر باس و چەندین پەیامی جۆراوجۆری تێدا خوێندرایەوە. دواتر لە لایەن لێژنەی ئامادەکار، لەسەر وتارەکان و پێشنیارەکان، هەیئەتێک پێکهات کە ئەم وتارو پێشنیارانە بکاتە پرۆژەیەکو بە گەڵاڵەکراوی بدرێتەوە وەزارەتــی ڕۆشـنبیریو لاوانی هەرێمی کوردستان.

ئـەم کۆنفڕانسە یەک ڕۆژەیە بە بەشداری لایەنە جۆراوجۆری حیزبی‌و دامەزراوە ناحکومیەکانەوە لە شاری سلێمانی لە هۆڵی سۆلیداریەتی ئەو شارە بەڕێوەچوو.

ئامانج لەو کۆنفڕانسە وشیارکردنەوەی تاکو کۆمەڵگا بوو لە بابەت بایەخدان بە کلتووری کوردو دوورکەوتنەوە لەو شتانە کە زیان بە کلتوورەکەمان دەگەیەنێ. ئەم کۆنفڕانسە کاتژمێر ٩ی‌بەیانی دەست بەکار بوو و کاتژمێر ٤/٣٠ی ئێوارە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی عێراق-کوردستان دەگەڵ کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان‌و ڕێکخراوی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ لە باشووری کوردستان سەردانی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان‌و ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد.**

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە کاتژمێر ١١، ڕێکەوتی ٢٤ی‌ڕێبەندانی ٢٧١١ی‌کوردی سەرۆکی فیدراسیۆنی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی عێراق‌ـکوردستان بەڕێز سۆران ڕەمەزان عەلی دەگەڵ کۆمەڵەی پەرەپێدانی تواناکانی لاوان کاک ئارام مستەفا ساڵح سکرتێرو هەریەک لە بەڕێزان ئیبراهیم فاخرخالید، هەژار ئەنوەر مەجیدو عادل خالید ئیسماعیل کارگێڕانی سکرتاریەتی ئەو ڕێکخراوەو زانا غەریب ڕەسووڵ بەرپرسی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مافی مرۆڤ سەردانی یەکیەتیی لاوان‌و ژنان‌و ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردو لە لایەن بەڕێزان نەسرین حەداد سکرتێری یەکیەتیی ژنان‌و ڕەحیم مەحموودی بەرپرسی ئەنجومەن‌و مەنسوور سەممارسکرتێری یەکیەتیی لاوان پێشوازیان لێ‌کرا.

سەرەتا هەیئەتی میوان باسیان لە ڕەوشی لاوان‌و ژنان لە ناوچەکەو هەرێمی کوردستان کردو داویان کرد ئەم یەکیەتیی و ئەنجومەنانەش ببنە بەشێک لە فیدراسیۆن کە دەبێتە فیدراسیۆنێکی نێونەتەوەیی‌و هەروەها جەخت لەسەر کاری هاوبەش و چاوپێکەوتنی هاوبەش دەگەڵ یەکتری کرایەوە.

دواتر لە لایەن بەڕێز ڕەحیم مەحموودی باسێکی لەسەر چۆنیەتی بەشداری ئەم ڕێکخراوانە لە نێو فیدراسیۆنەکەدا



سکرتاریای یەکیەتیی لاوان

کـردو لە بەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە کـردو هەروەها لە درێژەی قسەکانیشی‌دا باسێکی لەسەر ئیسلامی سیاسی‌و ئەرکەکانی بەردەم ئەم مەسەلەیە کرد. دواتر بەڕێز نەسرین حەداد لە قسەکانی‌دا ئاماژەی بە خەباتی مەدەنی‌و پێکهاتنی کۆمەڵ





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەدەنی کردو ئاورێکی لەو ئەگەرانەی کە بەرەورووی ئێران دەبنەوە دایەوەو ئاماژەی بەو گەمارۆ نێونەتەوەییانەی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ گەمارۆدانی کۆماری ئیسلامیی وەک فشارێکی کاریگەر بۆ پاشەکشەکردن بە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی هەڵیان هێناوەتەوە، کرد. دواتر مەنسوور سەممار سکرتێری یەکیەتیی لاوان ئاماژەی بە ڕۆڵی ڕێکخراوەکان لە گەشەسەندنی کۆمەڵگاداو چۆن ئەم ڕێکخراوانە دەبنە هۆی ئەوەی دیمۆکراسی زیاتر گەشە بکاو ئێمە چۆن وەک بناتێکی دیمۆکراتیک دەبینە گرووپی فشار بۆ سەر دەسەڵاتی سیاسی پێشکەش بە بەشداربووانی کرد، هەروەها بەڕێزیان لەسەر هاو هەڵوێستی نەتەوەیی دەگەڵ یەکتری بە نیسبەت کێشە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد باسێکی کورتی پێشکەش کرد.

لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنە دۆستانەیەدا تەئکید لەسەر هاوهەڵوێستی نەتەوەیی لەسەر کێشە نەتەوەییەکانو کاری هاوبەش دەگەڵ یەکترو بەردەوامی چاوپێکەوتن دەگەڵ یەکتر کرایەوە.

ئەم چاوپێکەوتنە دوای کاتژمێرێک کۆتایی پێهات.

● ● ●

**کۆنفرانسی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سوێس بە سەرکەوتنەوە کوتایی بە کارەکانی هێنا**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٢/١١ی زایینی کۆنفرانسی لاوان بە بەشداری ئەندامانی یەکیەتی لاوان و بە هاوکاری کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس دەستی بەکار کرد.

سەرەتای کۆنفرانسەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرا.

پاشان لە لایەن بەڕێز جەماڵ وەیسی ئەندامی جێگری کۆمیتەی بەڕیوەبەری گشتی، ڕاپۆرتی کارو چۆنیەتی کارەکانی کۆ نفرِ ا نس


کۆمیتەی لاوانی سویس

پێشکەشی بەشداربووان کرا. دواتر لە لایەن کاک حەسەن جەبارپوور بە کورتی ئاماژە بە مێژووی یەکیەتیی لاوان و کار و چالاکیەکانی یەکیەتیی لاوان لە سەرەتای دامەزرانیەوە تا ئێستا کراو ڕاپۆرتی کارو تێکۆشانی یەکیەتی لاوانی لە ناوخۆو دەرەوی وڵات پێشکەش بە بەشداربووان کرد. لە درێژەی کاری کۆنفرانسەکەدا بەشداربووان بیروڕای خۆیان هێنایە بەر باس و بە پێشنیارو تێبینی تایبەت لەسەر لاوان و چالاکتربوونی یەکیەتی

لاوان لە دەرەوەی وڵاتدا کۆنفرانسەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

لەو کۆنفرانسەدا سێ کەس بە ناوەکانی کانی حوسەینی، سەحەر ئیبراهیمیان، نەشمیل بەروەندی،



بۆ بەڕێوبردنی کارەکانی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵبژێردران، لە کۆتاییدا کانی حوسەینی بە بەرپرسی کۆمیتە دیاری کرا.

جێی خۆیەتی زۆر سپاسی کاک یاسین مەولوودی بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەگەڵ تێکرای بنەماڵەکانی ئەندامانی حیزب و کاک هێمن ئەحمەدی بکەین کە لە ماوەی پێش کۆنفرانس و ناو کۆنفرانسدا خەمخۆرانە یارمەتی لاوانیان داوە.

شایەنی باسە لە کۆتاییدا بە بەشداری بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆمیتەی سویس، تا درەنگانی شەو بە هەڵپەڕکێ و شادی کوتایی بە کاری کۆنفرانس لەو وڵاتەدا هات.

● ● ●


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆمیتەی دیانان

ڕۆژی پێنج‌شەممە ڕێکەوتی ٢٧١١/١١/٢٧ی‌کوردی هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوان پێک‌هاتوو لە بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان‌و سمکۆ عوسمانی جێگری بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان لە دیانان کۆبوونەوەیەکیان بۆ ئەندامانی کۆمیتەی دیانان پێک هێنا.
سەرەتا بەڕێز کاک ڕەحمەت ڕەنجبەر بەرپرسی کۆمیتەی لاوانی دیانان بەخێرهاتنی هەیئەتی میوانی کردو چەند تەوەری لەمەڕ چۆنیەتی کارەکانی کۆمیتەکە شی کردەوەو دواتر بەڕێز سامان فەقێ‌نەبی بەرپرسی کۆمیتەی دیانانی حدک بەخێرهێنانی ئەم هەیئەتەی کرد .
بەڕێز مەنسوور سەممار سەرەتا سپاسی هاتنی بەشداربووانی کردو دواتر باسی لەسەر بارودۆخی هەنووکەیی یەکیەتیی لاوان کردو کۆمەڵێک شیکاری لەسەر کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی داو لەو بارەوە چەند باسێکی پێشکەش کرد.
دوای ئەوە هەر کام لە ئەندامان بە نۆبەی خۆیان لەسەر بارودۆخی لاوان دوان و ڕەخنەو پێشنیارەکانیان خستە بەر باس و قسەکردن و هەر بە دوای ئەوەش‌دا مەنسوور سەممارو سمکۆ عوسمانی وڵامی ڕەخنەکانی بەشداربووانیان دایەوەو پێشنیارەکانیان بۆ هەڵسەنگاندن دەگەڵ کۆمیتەی بەڕێوەبەری هەڵگرت.



کۆمیتەی لاوانی دیانا

کارێکی دیکە کە مەبەستی ئەم سەردانە بوو تەرمیمی ئەم کۆمیتە بوو و دوای هەڵبژاردن ئەم کۆمیتەیەش بە سەرکەوتوویەوە ئەندامەکانی دیاری کران.
هەر لەو سەردانەدا سپاس و پێزانی لە بەڕێزان "خالید سێڵەکە" و "خاتوو ئامینە پوور سەعیدی" کرا کە لە ناوچەی دیانان زەحمەتێکی زۆریان دەگەڵ یەکیەتیی لاوان کێشاوە، بە هەرکام لە بەڕێزان سپاس‌نامەیەک پێسکەش کرا.

## کۆبونەوەی سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڵ ناوەندی ٣ی کوردستان و کۆمیتەی لاوانی گردەچاڵ



کۆمیتەی لاوانی گردەچاڵ

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧٠١١/١١/٢٨ی‌کوردی هەیئەتێک پێک‌هاتوو لە بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوان‌و سمکۆ عوسمانی جێگری تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان سەردانی کەمپی گردەچاڵیان کرد.
لە سەرەتای ئەم سەردانە بەڕێز مەنسوور سەممار دەگەڵ بەرپرس‌و ئەندامانی ناوەندی ٣ی کوردستان کۆبووەو چەند باسێکیان سەبارەت بە یەکیەتیی لاوان هێنایە بەرباس و لەسەر کارو چالاکیەکانی لاوان دوان ڕەخنەو کارەکانی لاوان هەڵسەنگێندران.
دواتر ئەو هەیئەتە کە مەبەستی سەرەکی ساغ کردنەوەی کۆمیتەی لاوان لە گردەچاڵ بوو، دەستی بە کاری خۆی کردو سەرەتای کۆبوونەوەکە لە لایەن کاک سەلاح خزری کرایەوەو بەخێرهاتنی هەیئەتی میوان کرا. دواتر بەڕێز مەنسوور سەممار دوای بەخێرهێنانی بەشداربووان چەند باسێکی لەسەر گرینگی کارو چالاکی لاوان‌و چۆنیەتی کار کردنی ئەندامان لەنێو ڕێکخراوداو گرنگی دامەزراندنی ڕێکخراوە هاوشێوەکانی یەکیەتی لاوانی کرد. دواتر ئەندامانی بەشدار ڕەخنەو پێشنیارەکانی خۆیان باس کردو لەمەڕ چالاکیەکانیان لەنێو ڕێکخراوی لاوان‌دا چەند پرسیار کرا کە دواتر لە لایەن مەنسوور سەممار و سمکۆ عوسمانی وڵام درانەوە.
لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا کۆمیتەی گردە چاڵ لە ڕێگای دەنگدان ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەم کۆمیتەیان هەڵبژاردو بە سەرکەوتووانە ئەم کۆبوونەوەیە کۆتایی پێ هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی www.rabari.org

**ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٧١١/١٢/٥ی کوردی هەیئەتێک پێکهاتوو لە بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و سمکۆ عوسمانی جێگری بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان‌و عەزیز عەزیزی ئەندامی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و فەرشاد موورادیان سەردانی کەمپی باریکەیان کرد**





کۆمیتەی لاوانی باریکە

لە سەرەتای ئەم سەردانەدا هەیئەتی پێکهاتوو دەگەڵ کۆمیتەی باریکەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێز کاک سەید حەمید سەعیدی بەرپرسی کۆمیتەی حدک لە کەمپی باریکە بەخێرهاتنی هەیئەتیی میوانی کرد. دواتر لەسەر بەشێک لە کێشەکانی لاوان لەم کەمپەو بەگشتی یەکیەتیی لاوان دوا و باسێکیشی لەسەر زەرفیەتی لاوان‌و کارو چالاکیەکانیان پێشکەش کردو ئاماژەی کرد کە ئەم دوو کۆمیتە واتە کۆمیتەی حدک و کۆمیتەی یەکیەتیی لاوان لەم کەمپەدا دەتوانن بەیەکەوە کارو چالاکی بکەن.

دواتر بەڕێز مەنسوور سەممار سپاسی میوانداریەتی کەمپی باریکەی کردو سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەم دوو کۆمیتەیە دواو باسی گرینگی ئەم پەیوەندییە کردو وتیشی کە بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارو چالاکیەکانی پێویستە کە بەرپرسانی کۆمیتەی حیزب لەم کەمپەیە زیاتر هاوکاریان بکەن و ئەزموونەکانیان بخەنە بەردەمی لاوان.

دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی یەکیەتیی لاوان لەم کەمپە گیرا کە مەبەست لەم کۆبوونەوەیەش تەرمیم کردنەوەی کۆمیتەی لاوان‌و هەروەها ڕەخنەو دیالۆگو پێشنیار بوو کە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیە لە لایەن مەنسوور سەممار سپاسی بەشداری بەشداربووانی کردو چەند باسێکی لەسەر وەزعیەتی گشتی لاوان و گرینگی ئەم توێژە لە نێو کۆمەڵگای ئەمڕۆی دنیا کردو وتیشی کە ئەگەر ئەم توێژە لە کۆمەڵگادا چالاک بێ کۆمەڵگاش بە گشتی چالاک دەبێتەوە، هەروا لە درێژەی باسەکەی‌دا وتی: کە توێژی لاوان پێویستە کە ئەزموونەکانی ڕابردووی بەساڵداچووەکانیان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکانیان کەڵک وەرگرن.

دواتر بەشداربووان ڕەخنەو پێشنیارەکانیان خستنە بەر باس‌و ئاماژەیان بە پێداویستیەکانی لاوان‌و زەرفیەت‌و ئیستعدادی لاوانی ئەم ناوچەیە کرد؛ لە دوای تەواوبوونی ئەم ڕەخنە و پێشنیارانە ئەو شتانەی کە پێویست بە وەڵام دانەوە بوون لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەمار و سمکۆ عوسمانی وەڵام درانەوە.

دوابەدوای ئەم باسانە دەست کرا بە تەرمیم کردنەوەی کۆمیتەکە و بە خۆشیەوە کۆمیتەکەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە بە سەرکوتوویی تەرمیم کرایەوە.

دواین کاری ئەم هەیئەتە ڕێز گرتن بوو لە بەڕێزان سەید حەمید سەعیدی و محەممەد ئەمینی کە لەو ناوچەیە زۆریان هاوکاری کۆمیتەی لاوانیان لە کەمپی باریکە کردوەو لە لایەن یەکیەتیی لاوان وەک ڕێز لێنان دیاریان پێشکەش کرا، هەروەها کۆمەڵێک دیاری وەرزشی لە لایەن یەکیەتیی لاوانەوە پێشکەش بە کۆمیتەی لاوانی باریکە کرا.

● ● ●



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





سەیرانی گشتی بۆ لاوان لە وڵاتی سویس

## پێکهێنانی سەیرانی گشتی بۆ لاوان لە وڵاتی سویس

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١٠ کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوڵاتی سویس، بە هاوکاری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، سەیرانێکی گشتی‌یان بۆ لاوان بە مەبەستی گەڕان و گەشتی بەکۆمەڵ و زیاتر یەکترناسین لەو وڵاتەدا وەڕێ خست.

بەخۆشی‌یەوە زۆربەی ئەندامانی لاوان لەو سەیرانەدا بەشداری چالاکانەیان کردو هاوکات دەگەڵ بەڕێوەبردنی کاتی خۆشی لەم سەیرانەدا چەند یاریەکی وەرزشی بەڕێوەچوو. شایەنی باسە لەو سەیرانهدا زۆرێک لە بنەماڵەکانی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبی بەشداری سەیرانەکەیان کردو لە شادی منداڵەکانیاندا بەشداریان کرد.

ئەم سەیرانە یەک ڕۆژەیە بە هەڵپەڕکێی گشتی کۆتایی پێ‌هات. لەم گەشتەدا هاوڕێ جەماڵ وەیسی ئەندامی جێگری کومیتەی بەڕێوەبەری گشتی هاوڕێ‌یەتی لاوانی دەکرد.

## یەکیەتی لاوان دەورەیەکی فێربوونی تەراحی گرافێکی کردەوە



یەکیەتیی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاری هاوڕێی خۆشەویست کاک ئەیوب شەهابی‌راد شارەزا لە کاری کۆمپیۆتردا دەورەیەکی تایبەتی کردەوە. لەم دەورەیەدا هەر یەک لە ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان، ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانیانی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ناوەندی منداڵپارێزی کوردستانو ڕۆژنامەی کوردستان کە پێشتر کەسی تایبەتیان بۆ بەشداری لەم دەورەیەدا بە یەکیەتی لاوان ناساندبوو، بەشداری دەورەکەیان کرد. ئەم دەورەیە ڕێکەوتی ١٣٩٠/١٠/١٧ی‌هەتاوی بە بەشداری سەرجەم دە کەس لە بنکەی یەکیەتی لاوان دەستی پێ‌کرد. وانەکانی ئەم دەورەیە لە چوار تەوەری سەرەکی‌دا لە لایەن بەڕێز ئەیوب شەهابی‌رادەوە گوترانەوە.

— جۆری کاغەز و ئەندازکانیان.
— ڕەنگ ناسی.
— بنەما سەرەکی‌یەکانی کارێکی گرافیکی.
— چۆنیەتی دارشتن و دیزاین.

کاتی بەڕێوەبردنی ئەم دەورەیە لە حەوتوودا ڕۆژێک بەردەوام بوو کە سەرجەم دە جەلەسەو بیست کاتژمێری خایاند. لە کۆتایی‌دا بەشداربووانی ئەم دەورەیە بە بەدەست هێنانی کۆمەڵێک زانیاری بەکەڵک و فێربوون لەسەر ئەم تەوەرانەی سەرەوەدا توانیان بە سەرکەوتنەوە دەورەکە تێ‌پەڕ بکەن.

# یازدەیەمین کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی کۆتایی پێ هات

ڕۆژی ١٩ی ڕەشەمەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ٩ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی یازدەیەمین کۆبوونەوەی ئاسایی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی یەکیەتی لاوان بە بەشداری سەرجەم ئەندامانی ئەسڵی، جێگرو ڕاوێژکارەکانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی ساعەتی ٩/٣٠ سەر لە بەیانی بە کاتی کوردستان دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

سەرەتا لە لایەن مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی یەکیەتی لاوانەوە ڕاپۆرتی کار پێشکەش بە بەشداربووان کراو باسێکی لەسەر کارو چالاکی یەکیەتیی لاوان لە چەند مانگی پێشوودا هێنایە بەر باس. بەڕێزیان لە نێوان قسەکانی دا ئاماژەی بە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ئێران کردو ڕۆڵی لاوان لە بەشداری نەکردن لەسەر سندووقەکانی دەنگدانی بە شتێکی باش زانیو لەم ڕووەوە بە ناوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتییەوە پێزانینی ئەم بایکۆتەی لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو بە تایبەتی لاوان کرد.

دواتر هاوڕێیانی بەشدار بە ڕەخنەو پێشنیاری تایبەت بۆ ئەم بەشە لە کارەکانی بەڕێوەبەری گشتی و هەڵسەنگاندنی ڕۆڵ و پێگەی یەکیەتیی لاوان لە نێوخۆو دەرەوەدا درێژەیان بە کارەکانی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیە دا. هەروەها کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بە سەرنجدان بە ئاکامەکانی هەڵبژاردن داواکاربوون کە دەبێ یەکیەتیی لاوان شێوەگەلێکی دیکە پەیامی بۆ لاوانی کوردستان هەبێو لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خەسارناسی ئەم هەڵبژاردنە بکرێ.

بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بۆ کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوان. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتبوو کە ئەم کۆمیتەیە هەموو هەوڵی خۆی داوە کە بە هاوکاری و هەماهەنگی ئۆرگانەکانی لاوان بە ڕێکوپێکی ئەرکەکانی بەردەم کۆنگرە بەڕێوە بباو هەر لەسەر پێشنیاری ئەم کۆمیتەیەدا ڕۆژ و کاتی گیرانی شەشەم کۆنگرەی لاوان وەک پێشنیار خرایە بەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی و کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بە هەڵسەنگاندنی ورد، ڕاپۆرتی ئەم بەشەی پەسەند کردو پێشنیاری کۆمیتەی ئامادەکاری بۆ کاتی کۆنگرە بە باش زانی و تەئید کرایەوە کە کۆنگرە لە چەند مانگی داهاتوودا دەبەسترێو بڕیارنامەیەک لە پەیوەندی لەسەر کۆنفرانسو کارەکانی پێش کۆنگرە پەسەند کرا بۆ ئەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە بەپشت ئەستوور بوون بە بڕیاراتی کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی درێژە بە کارەکانی خۆی بدات.

لە بەشێکی دیکەی ئەم کۆبوونەوە یەک ڕۆژەیەدا باسێک لەسەر دەستەی نوێنەرایەتی لاوان لە دەرەوەی وڵاتو ئەرکەکانی کراو هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەری گشتی لەسەر دەرەوەی وڵات ئەمە بوو کە ئەم بەشە گەورەیە لە نوێنەرایەتی ئێمە لە دەرەوەی وڵات دەبێ دەستی بۆ کارو بڕیارات ئاواڵەتر بێ بە نیسبەت ئۆرگانەکانی دیکەی لاوان، لەم ڕووەوە ئایین‌نامەیەکی پێشنیاری لە لایەن بەڕێوەبەری گشتییەوە پێشکەش بە دەستەی نوێنەرایەتی لاوان کراو دوای تاوتوێ کردن لە لایەن لاوانی دەرەوە بە هاوبیری هەیئەتی ئیجرایی بڕیاری پێویستی لەسەر دەدرێ.

هەروەها بەشێکی کۆبوونەوەکە تەرخان کرابوو بە هەڵسەنگاندنی یەکیەتی لاوان لە دەرەوە چەند پێشنیارو تێبینی لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی خرایە بەردەم کۆمیتەی بەڕێوەبەری گشتی بۆ هەڵسەنگاندنو خوێندنەوەی زیاتر لەسەر ئەم تەوەرە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ هات.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کۆبونەوەی بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی ڕیکخراوە سێنفی دیمۆکراتیکەکان لە گەڵ بەرپرسانی یەکیەتی لاوان



سەر لە بەیانی رۆژی ٥شەممە کاتژمیر٩:٣٠ پێش نیوەرۆ ریکە وتی ٢٠١١/١١/٢٩بەرێز نەسرین حەداد بەرپرسی بنیات لەگەڵ ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوە بەری گشتی یەکیەتی لاوان لە کوردستان کۆ بۆوە.

لەم کۆبوبەوەیەداسەرەتا مەنسوورسەممار سکرتێری گشتی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەخیر هاتنی خاتوو نەسرین حەدادی کرد وراپۆرتیکی کورتی لە کارۆتێکوشانی لاوان، لە سێ مانگی ڕابردوو دا پێشکەش کردو لە نیو قسەکانی دا بەرێزیان باسی کەم وکورپەکان هە روەها ئاستەنگەکانی بەردەم تێکۆشانی لاوانی باس کرد و لە کۆتایی دا باسی لەوەکرد بە هەوڵ وهیمەتی ئەندامانی بەڕیوە بەری گشتی و بەشدآریێ چالاکانەی ئەندامان دەتوانری یەکیەتی لاوان کاری باشتر وداهاتویەکی باشتری هەبیت.

لەو پەیوەندیەشدا بەرێز نەسرین حەداد باسی لە زەرورەتی کاری ڕێکخراوەیی کردوئەرکی هەر کام لە بەشەکانی نیو لاوانی بە باشی باس کرد ودەست نیشانی کرد لە کاری گروپی دانەزم لەکار دا گرینگی تایبەتی هەیە تەشکیلات و ئاموزشی لاوان دەبیبە بەرنامە ترو تۆکمەتر لە جاران ئەرک بەرێوە بەری.

دوای دوو کاتژمێر باس لەسەر بەهێزتر کردنی کاری لاوان لە نێوان ئەندامانی بەرێوە بەری گشتی ونەسرین حەداد بەرپرسی بنیات کۆتایی بە کۆبونەوەکەهات.

● ● ●

## سەردانی لاوان بە مەبەستی پیرۆزبایی لە بنکەی یەکیەتیی ژنان



رۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی١٣٩٠ ی هەتاوی بە بۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دیمۆکراتی کوردستان ، هەیئەتێکی یەکیەتیی لاوانی دیمۆکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێکهاتبوون لە بەرێزان: گزینگ نورانی، شلێر مە حمودی ،مریەم عەبدولی و شەونم هەمزەیی ئەندامانی کومیتەی بەرێوە بەری گشتی ،بە مەبەستی پیرۆزبایی لێ کردن سەردانی بنکەی بەرێوەبەری یەکیەتیی ژنان یان کرد ئەم هەیئەتە بەبۆنەی ٦٦ مین ساڵیادی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە چەپکە گوڵێکیان پیشکەش بە ژنان کردو هیوای سەربەرزی وسەرکەوتنیان لە کارەکانیاندا، بۆ بە ئاوات خواستن.

● ● ●





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## سەردانی هەیئەتێکی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە بنکەی یەکیەتیی لاوان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٧١١/١٢/١٣ی‌کوردی بەرامبەر بە ٢٠١٢/٣/٣ی‌زایینی هەیئەتێک پێک هاتوو لە بەڕێزان کاک مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی، کاک سەعید بێگزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، کاک حەسەن حاتەمی‌و کاک حەمەرەسووڵ کەریمی ئەندامانی جێگری کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەردانی بنکەی سکرتاریای یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردو لە لایەن مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی و سمکۆ عوسمانی جێگری تەشکیلاتی یەکیەتیی لاوان پێشوازیان لێ‌کرا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا لە لایەن بەڕێز مەنسوور سەممار بەخێرهاتنی هەیئەتی میوان کراو سپاسی وەڵامدانەوەی ئەم بەڕێزانە کرا بۆ ئەوەی بەدەم داواکاری یەکیەتیی لاوانەوە هاتوون. دواتر لە لایەن بەڕێز مەنسوور



سەممارەوە چەند باسێک لەسەر کێشەو گرفتەکانی لاوان لە نێوخۆو هەلەکانی بەردەمی لاوان بۆ بەرەوپێش‌چوونی زیاتری کارو چالاکیەکانی لاوان دواو باسی لە کۆنگرەی داهاتووی یەکیەتیی لاوان و ئەو کارو چالاکیانەی کە لەو ماوەیەدا قەرارە بکردرێن کرا، دواتر هەر لەم پەیوەندی‌یەدا داوای ڕێنوێنی زیاتری لە هەیئەتیی میوان کرا.

هەر لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا لە لایەن هەر کام لە بەڕێزان باسێکی لهسەر کارو چالاکیەکانی پێشووی لاوان هەتا ئێستایان کردو باسیان لە پەیوەندی نێوا یەکیەتیی لاوان‌و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ئێستادا کردو گوترا کە دەبێ ئەم پەیوەندی‌یە کە لە ئێستادا کۆمەڵێک کێشەی تێدا دەبیندرێ حەول بۆ باشترکردنی بکرێ‌و هەروەها لە نێو ئەم وتووێژەدا قسە لەسەر چۆنیەتی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەی داهاتووی یەکیەتیی لاوان کرا. لەم پێوەندیەش‌دا لەلایەن بەڕێزانەوە چەند پێشنیارو ڕێنوێنی‌یەک پێشکەش کراو هەروەها لە لایەن میوانانەوە بەڵێن درا کە بۆ باشترکردن‌و چارەسەری ئەم کێشانە حەولی خۆیان بدەن.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم کۆبوونەوەیە کاتژمێر ١١ی سەر لە بەیانی دەستی پێ‌کرد و زیاتر لە کاتژمێرێکی خایاند.

● ● ●

## دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان

دووهەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەژێر ناو و دروشمی «لە پێناو یەک گوتاریی نەتەوەیی لاوانی کورد» ڕۆژی پێنج‌شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی‌ڕەشەمەی ٢٧١١ی‌کوردی بەرانبەر بە ٢٠١٢/٣/١٥ی‌زایینی کاتژمێر ١١ی سەرلە بەیانی لە هەولێر، پێتەختی هەرێمی کوردستان دەستی بەکار کرد.

سەرەتای ئەم کۆنفرانسە لە لایەن بەڕێز نەوزاد هادی بەخێرهاتنی میوانان کراو خۆشحاڵی خۆیان لە هەمبەر گرتنی ئەم کۆنفرانسە دەربڕی‌و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ ئەم کۆنفرانسە خواست.

دواتر بەڕێز ئومێد خۆشناو سکرتێری یەکیەتی لاونی دێمۆکراتی کوردستان وەک یەکێک لە بەڕێوەبەران‌و ڕێکخەرانی ئەم جارەی کۆنفرانسی لاوانی هەر چوار پارچە، سەرەتا بەخێرهاتنی لاوان‌و میوانانی کردو دواتر باسی لە ڕۆڵو پێگەی لاوانی لە شۆڕشەکانی هەموو جیهان بەگشتی‌و شۆڕشەکانی گەلی کورد بە تایبەتی کردو ئەم ڕۆڵەی بەرز نرخاند، هەروەها لە درێژەی قسەکانی‌دا هیوای خواست کە کۆنفرانسی ٣ی لاوانی کورد لە بەشێکی دیکەی کوردستانی پارچە پارچە کراودا بگیرێ‌و لە لایەن لاوانەوە ئەو داخوازی‌یەی کرد کە حیزبەکانی کوردستان لەژێر هەر ناوێک کە دان، دەبێ لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەیی کێشەکانیان وەلا بنێن.

دواتر بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەخێرهاتنی هەموو میوانانی کردو هەروەها لە ساڵڕۆژی کیمیاباران کردنی هەڵەجەی شەهیددا سەرەخۆشی خۆی لە تەواوی گەلی کورد کردو گوتی: ئەم مانگە، مانگی قەدەری کوردەو زۆر تاڵی‌و خۆشی بە نسیب بووەو ئاواتی خواست کە هەر لەو مانگەدا گوێبیستی خۆشترین هەواڵ بین. دواتر بەڕیزیان لە درێژەی قسەکانی‌دا خۆشحاڵی خۆی لە گرتنی ئەم کۆنفرانسە دەربڕی‌و هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانسەکە خواست. بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بەوە کرد کە کورد هەر یەک نەتەوەیەو دەبێ لە لایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستانەوە دان بە مافەکانی کورد دابنرێ‌و هەموو کوردێکیش بۆ دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی خۆی، دەبێ هەوڵ بداو لاوانیش هەر لەم چوارچێوەو بە گوێرەی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکە لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەسەر حکومەتە دیکتاتۆرەکان‌دا هاتووە، پێویستە خۆیان ئامادە بکەن‌و دەبێ بە خەڵکی جیهان بسەلمێنن کە کورد کێ‌یەو بە کردەوەکانیان ئەو بیرۆکەی کە دوژمنانی گەل بە پێچەوانە بە دنیای ڕاگەیاندوە بسڕنەوەو ڕووخساری ڕاستو واقعی گەلی کورد بناسن‌و ئەو مافانەی کە هەموو گەلان‌و هەر تاکێک لە کۆمەڵگای پێشکەوتوودا هەیەتی، بیستێنن. هەروەها بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی‌دا ئاماژەی بە جۆرەکانی خەبات کردو وتی: ئەمڕۆ ڕۆژی خەباتی چەکداری نیەو دەبێ لاوان لە شێوازەکانی دیکەی خەبات کەڵک وەرگرن‌و بە چەکی زانست بەرانبەر بە دوژمنەکانی کورد ڕابوەستن‌و دەبێ ئەوان هەوڵ بدەن

کە یەکڕیزی نێوان کورد زیاتر پتەو بکەن. لە کۆتاییدا بەڕێزیان دیسان خۆشحاڵی خۆی لە گرتنی ئەم کۆنفرانسە دەربڕی‌و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانسەکە خواست.

دواتر سەعدی ئەحمەد پیرە پەیامی بەڕێز مام جەلالی خوێندەوە. لە پەیامەکەی بەڕێز مام جەلالدا سەرەتا بەخێرهاتنی هەموو میوانەکان کرابوو و دواتر لە لاوانی کورد کردبوو کە لە تێکۆشان‌و خەبات ماندوو نەبن‌و ئەو شۆڕشە نوێیەی کە لاوان وەرێیان خستووە دەبێ وابێ کە رووخساری راستەقینەی نەتەوەی کورد بە گشت جیهان دەربخاو ئاسۆی خەباتمان بۆ گەلانی هاوخەبات ببێتە نموونە، لە کۆتایی وتارەکەی بەڕێز مام جەلالدا هاتبوو کە بەڕێزیان زۆر خۆشحاڵە لەوەی کە لاوانی کورد ئاوا یەکڕیزن‌و هیوای سەرکەوتنی خواستبوو.

دوابەدوای پەیامی بەڕێز مام جەلال، بەڕێز دوکتۆر حەسەن جێگری سەرۆکی پەرلەمان، باسێکی کورتی لەسەر لاوان پێشکەش کردو لە دواییدا هیوات سەرکەوتنی بۆ کۆنفرانسەکە خواست.

دوای بەڕێز جێگری سەرۆکی پارلەمان، بەڕێز دوکتۆر کاوە مەسعوود، وەزیری رۆشنبیری‌و لاوان چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووان کردو وتی: دەبێ هەموومان لە پاراستنی دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان وشیار بین‌و رۆڵی لاوان لەم بەینەدا زۆر گرنگەو وتیشی کە پێگەی کورد لەناوچەدا زۆر هەستیارەو دەبێ داگیرکەرانی کوردستان ئیعتراف بەم قورساییە بکەن.

دوای ئەم بەشە لە بەرنامەکە نۆبە گەیشتە پێشکەش کردنی پەیامەکانی لاوانی هەموو کوردستان کە بەم تەرتیبە خوێندرانەوە:

١: هێمن حەمید، نوێنەری لاوانی باشوور.
٢: حەسەن تۆپئالان، نوێنەری لاوانی باکوور.
٣: فۆئاد خاکی بەیگی، نوێنەری لاوانی رۆژهەلات.
٤: دلشاد موراد، نوێنەری لاوانی رۆژئاوا.
٥: دوکتۆر محەممەد ئەحمەد بەرازی، نوێنەری لاوانی قەزاقستان * کوردستانی سوور *.

برووسکەکان: بەشێکی زۆر لە پارت‌و رێکخراوەکانی کوردستان لەهەر چوار پارچەی کوردستان پەیام و پیرۆزبایی خۆیان بۆ ئەم کۆنفرانسە ناردبوو و ئاواتی سەرکەوتنیان بۆ خواستبوو.

دوای ئەو بەشە گرووپی مۆسیقای ژیوار چەند پارچە مۆسیقی‌و گۆرانی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و کۆنفرانسەکەی زیاتر رازاندەوەو دوای ئەویش لاوانی قەزاقستان بە هەڵپەرکێی جوان کۆڕەکەیان رەنگین‌تر کرد.

لە دوای ئەم بەشانە کۆنفرانس کارەکانی خۆی بە رەسمی دەست پێکردو لە سەرەتادا هەیئەتی بەڕیوەبەری کۆنفرانس هەڵبژێردراو نوێنەرانی هەموو پارچەکانی تێدا بەشداربوون.

لەدوای ئەم بەشە گفتوگۆ لەسەر کارەکانی کۆنفرانس دەستی پێ‌کرد. هەر کام لە خوازیارنی بەشدار لە بەحسەکاندا پێشنیارەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

رۆژی دووهەمی کۆنگرە لە کاتژمێر ١٠/٣٠ دەست بەکاربوو کە بە پێشکەش کردنی چند بابەت‌و تەوەرێکی لەسەر مێژووی کوردستان‌و چۆنیەتی دابەش‌کران‌و شۆڕشەکانی کوردستان‌و سەرکردە کوردەکان تا ئەمڕۆ و هەروەها باسی ئەوە کە شەڕی دووهەمی جیهانی زەرو زیانێکی زۆری بۆ گەلی کورد لێکەوتەوەو دوای ئەوە باسی ئەو ئایدۆلۆژی‌و بیرۆکانی کە هاتوونەتە نێو شۆڕشی کوردو قازانج زەرەەکانی شرۆڤە کردن. لەبەشێکی ئەم باسەدا باسی ئەوەی کرد کە کوردستان زیاتر لە ٥٠٠ هەزار کیلۆمیترەو ئەمەش جێگای شەرمەزارییە بۆ دەوروبەری کوردستان کە هەتا ئێستا نەیان‌هێشتووە کوردستان سەربەخۆیی هەبێ.




لە کۆتایی قسەکانی بەڕێز دوکتۆر نەژدەت ئاماژەی بەوە کرد کە زۆربەی جیهان خوازیاری ئەوەن کە کێشەی کوردو کوردستان چارەسەر بکرێ‌و دەبێ لاوی کورد ئەم لەمپەرانە بشکێنێ‌و هەموو ئەو سیاسەتە چەپەڵانە بە خەباتی خۆی لەناو بەرێ‌و خۆیان بۆ بەهاری کوردان کە لە رۆژئاوای کوردستان دەستی پێ‌کردوە ئامادە بکەن‌و بۆ دروست کردنی کوردستانی گەورە زیاتر ماندوو ببن‌و کارو تێکۆشانی هاوبەش زیاتر بکەن‌و هیوای ئەوەی خواست کە هەموو لایەنەکان دەست لەنێو دەست زیاتر لە پێشوو بۆ کوردستان هەوڵ بدەن.

دواتر لە لایەن بەڕێز ئارام ئیبراهیم‌خاس ئەندامی چالاکی لاوان‌و بەشدار لە دووهەم کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی هەر چوار پارچەوە وتارێک لەژێر ناوی: «کاریگەری لاوان لە شۆڕشی رزگاری‌خوازی‌و دیاری کردنی مافی چارەی خۆنووسین لە کوردستان» پێشکەش کرا.

دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە رەوتی ئاسایی کۆنفرانسەکە بەردەوام بوو و هەر کام لە بەشداربووان بە پێشنیارو موناقشەی تایبەتەوە بەشداربوون. زۆرێک لە ئەندامان قسەی خۆیان لەسەر تەوەرەکانی دیاری کراو پێشکەش کرد.

دوای ئەوەی لە رۆژانی ١٦و ١٧-٣-٢٠١١ یەکەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی کورد لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان بەستراو بریار درابوو کە دووهەمین کۆنفرانس لە شاری هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان بگیرێ. بۆیە لە رۆژانی ١٥و ٢٠١٢/٣/١٧، دووهەمین کۆنفرانس لەژێر ناوی «لە پێناو یەکگوتاری نەتەوەیی لاوانی کورد» بە ئامادەبوونی بەڕێز «مەسعوود بارزانی» سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و بە بەشداربوونی لاوانی هەرچوار پارچەی کوردستان‌و لاوانی کوردی قەزاقستان‌و نوێنەرانی لاوانی دەرەوە بەڕێوەچوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوای سێ ڕۆژ گفتوگۆ کردنو دیراسەکردنی پرسە نەتەوەییەکانو کێشەکانی تایبەت بە لاوانو یەکخستنی یەکهەڵوێستیو یەکگووتاری نەتەوەیی لاوانی کورد، بەسوود وەرگرتن لەو گۆڕانکارییانەی کە ئێستا لە ناوچەکە لە ئارادان، لە ئاکامدا کۆنفرانس لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێک کەوتن:

١_ پێویستە لاوانی کورد ڕووبەڕووی ئەو مەترسیو هێرشانەببنەوەکەدەکرێتەسەرهەرچوارپارچەیکوردستان.

٢_ سیاسەتی تواندنەوەی زمانی شیرینی کوردی بە دیالێکتیکە جیاجیاکانەوە، شەرمەزار دەکەینو پارێزگاری لە زمانی کوردی دەکەین.

٣_ بانگەشەکردنی سەرجەم لایەنە سیاسییەکان بەبێ جیاوازی بیروڕاو ئایدۆلۆژیا بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە پێناوی بەدیهاتنی «یەکیەتی نەتەوەیی کورد».

٤_ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەر چوار پارچەی کوردستان، پێو یستە ڕێگەی ئاشتیو دیمۆکراتیو مەدەنیانە بگرینەبەر.

٥_ بۆ ئەوەی لاوانی کورد تێکۆشانی خۆیان پەتوتر بکەن، پێویستە فیدراسیۆنێکی لاوان دروست بکرێ.

٦_ داوا دەکەین هەموو زیندانیانی سیاسی لە تورکیاو سووریاو ئێران، کە بەهۆی کێشەی ڕەوای کوردەوە دەست بەسەر کراون، ئازاد بکرێنو لەناو ئەوانیشدا بەڕێز «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» سەرۆکی پەکەکە، هەروەها ئەو هەڤاڵانەی کە لە کۆنفرانسی یەکەم لە شاری ئامەد لە لێژنەی ئامادەکاری بوونو ئێستا لە زیندان دان، ئازاد بکرێن.

٧_ پێویستە ساڵانە کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی کوردو ڤێستیڤاڵی لاوانی کوردستان ئەنجام بدرێو سێیەمین کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی کوردستان لە ڕۆژئاوای کوردستان ساز بکرێ، ئەگەر بارودۆخەکە لەبار بوو.

٨_ پێویستە شەڕی «براکوژی» بە هەر پاساوێک دووبارە نەبێتەوەو هەر لایەنێک دووبارەی بکاتەوە، لە لایەن هەموو لایەنەکانەوە، شەرمەزار بکرێت.

٩_نەتەوەی کورد وەک هەموو نەتەوەکانیتری جیهان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە.

١٠_ پێویستە «ئەزموونی حوکمڕانی باشووری کوردستان» بەرەو پێشەوە بەرینو لە هەر چوار پارچەی کوردستان پشتگیریو پشتیوانی بکەینو بە دەستکەوتێکی نەتەوەیی سەیر بکرێت.

١١_ لەبەرامبەر سیاسەتی ژینۆسایدی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، هونەریو کولتووریدا، پێویستە گەلی کورد تێکۆشان بکاو، ئەو کارەساتانەی کە لە ڕابردووشدا بەسەر گەلەکەماندا هاتوون، شەرمەزار بکرێن.

١٢_ پێویستە لە بوارەکانی ڕۆشنبیریو وێژەییو هونەری، زمانی کوردی پێشبخرێو دەوڵەمەند بکرێت.

١٣_ لەبەرامبەر سیاسەتی تواندنەوەی زمانی شیرینی کورد بە شێوەزاری خۆی ئاخافتن بکاو هەوڵ بدرێت زمانێکی یەکگرتووی کوردی بێتە ئاراوە.

١٤_ لەبەرامبەر توندوتیژی دژ بە کچانی گەنجو هەموو ژنان بە بیانووی بەد ڕەوشتیو کرێنەوەی نامووس هەڵوێست دەگرینو لەم پێناوەدا تێکۆشان دەکەین.

١٥_ دەخوازین سەرجەم ناوەندەکانی نێودەوڵەتیو بڕیار بەدەستانی جیهان، پرۆسەی ئەنفالو کیمیابارانی باشووری کوردستان(هەڵەبجە) بە ژینۆساید بناسن و ڕۆژی « ١٦یمارس» بە ڕۆژی ژینۆسایدی جیهانی بناسرێت.

١٦_ کۆنفرانس پشتگیری خۆی بۆ لاوانی کورد بۆ شۆڕشی ئازادیخوازی ڕۆژئاوای کوردستان نیشاندداو پرۆتستۆی سیستمی حوکمو کارەکانی ڕێژیمەکەی بەشار ئەسەدو هاوکارانی دەکات.

١٧_ کۆنفرانس ئیدانەی تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران بۆ سنوورەکانی هەرێمی کوردستان دەکات.




١٨_ ئاڵای کوردستان، ئاڵای نەتەوەیی کوردەو پێویستەهەموولایەکڕێزیلێبگرێو لەسەرووی ئاڵای حیزبیەوە بێ.

١٩_ کۆنفرانس سیاسەتی توندوتیژیو تۆقاندن لە هەمبەر ڕۆشنبیرانو نووسەرانی کوردستان لە لایەن هەر لایەنێکەوە بێت، لەهەر چوار پارچەی کوردستان، پرۆتستۆ دەکات.

٢٠_ ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد وەک ڕۆژی نەتەوەیی کوردستان بناسێندرێت.

٢١_ سەرجەم ڕێکخراوەکانو ئەندامانی بەشدار لە کۆنفرانس، ڕاسپێردران کە تەواوی بڕیارەکانی کۆنفرانس ببێتە کردەی ڕۆژانەیان و بێتە جێبەجێ کردن.

جێگای ئاماژەیە کە:

لەم کۆنفرانسە ٣ ڕۆژەیەدا هەیئەتێک لە لایەن یەکیەتی لاوانی دیمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە پێک هاتبوو لە بەڕێزان مەنسوور سەممار سکرتێری گشتی، سمکۆ عوسمانی ئەندامی بەڕێوەبەری گشتیو ئارام ئیبراهیمخاس ئەندامی چالاک لە ناو ڕێکخراودا بەشدارییان لەم کۆنفرانسەدا کرد، هەروەها لەم چەند ڕۆژەدا ئەم هەیئەتە دەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی لاوان لە باکوور، باشوور، ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوپێکەوتنی ساز کرد.

• • •


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرەو کۆنگرەی ٦ی لاوان

سەرجەم ئەندامان و لایەنگران و دڵسۆزانی یەکیەتیی لاوان ئاگادار دەکەینەوە، کە بە ناردنی بابەت یان تێبینی لە سەر کۆنگرە بەم ئادرەسانەی خوارەوە پێوەندیمان پێوە بگرن:

www.mansur__samar@yahoo.com

www,kongra6@yahoo.com

لە گەڵ ڕێزی ئامادەکاری کۆنگرەی ٦ی یەکیەتیی لاوانی دێمۆکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان


## فایلی ژمارەی داهاتوو:

## شوناسی نەتەوەیی





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



مامۆستا هەژار موکریانی


# نامرادێک

لاوەکان، گەورە کچان، نازداران
دڵبەران، دڵتەڕەکان، دڵداران
دەمەڕۆن تاوێ بمێنن لێرە
فاتحایێکی بخوێنن خێرە
لەنێو ئەم گۆڕە هەژارە نێژراوە
زۆر لە ڕێی ئێوە جەفای کێشاوە
ژینی خۆی کردە فیدای خۆشی کورد
لە ڕێی ئازادی بە ناکامی مرد
توخودا کاتێ کە ئازادی‌و سەند
ڕەگەزی خوێن‌مژەکان‌و هەڵقەند
کیژو کوڕ هەرچی بە لاما لادا
پێم بڵێ‌و پایێ بە قەبرم دادا
ئەی هەژار بەسیەتی مردن هەستە
مۆژدە بێ مەوتەنەکەت سەربەستە

.....................................

هەر کوردم
بە دەربەدەری یان لە ماڵی خۆم
لە خاکی عەرەب، لە ئێران‌و ڕۆم
کۆک‌و پۆشتەبم، ڕووت‌و ڕەجاڵ بم
کۆشکم دە قات بێ، وێرانە ماڵ بم
ئازاو ڕزگار بم، شادان‌و خەندان
یان زنجیر لە مل، لە سووچی زیندان
ساغ بم، جحێڵ بم، بگرم گوێ سوانان
یان زارو نزار لە نەخۆش‌خانان
دانیشم لەسەر تەختی خونکاری
یان لە کۆڵانان بکەم هەژاری
کوردم‌و لە ڕێی کوردو کوردستان
سەر لە پێناوم گیان لەسەر دەستان
بە کوردی دەژیم، بە کوردی دەمرم
بە کوردی دەیدەم وەرامی قەبرم
بە کوردی دیسان زیندوو دەبمەوە
لەو دنیاش بۆ کورد تێ‌هەڵ دەچمەوە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



نووسەر و وەرگێڕی ناوداری کورد:
دوکتور ئیبراهیم یوونسی

LAWAN
The Organ Democratic Youth
Uonion of the Kurdistan
No: 45 March 2012

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org